# ئیلیتەکان و کۆمەڵگا

# ئیلیتەکان و کۆمەڵگا

نووسینی: تی. بی. باتامۆڕ

وەرگێڕانی: ناسر ئیبراهیم زادە

هەولێر - ٢٠٠٨

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

- **ئیلیتەکان و کۆمەڵگا**
- نووسینی: تی. بی. باتامۆڕ
- وەرگێڕانی: ناسر ئیبراهیم زادە
- نەخشەسازی ناوەوە: طـه حسین
- بەرگ: سەیوان
- ژمارەی سپاردن: (٩٦٤)
- نرخ: (٣٥٠٠) دینار
- چاپی یەکەم : ٢٠٠٨
- تیراژ: ٧٥٠ دانە
- چاپخانە: چاپخانەی خانی - دهۆك

**زنجیرەی کتێب (٢٦٩)**

هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیل: info@mukiryani.com

# ناوەڕۆک

**بەشی یەکەم**

ئێلیتەکان: لایەنی واتایی و لایەنی ئیدئۆلۆژیک ........ ٥

**بەشی دووهەم**

لە چینی دەسەڵاتدارەوە تا ئێلیتە دەسەڵاتدارەکان ........ ٢٩

**بەشی سێهەم**

سیاسەت، و جێگۆڕکێی ئێلیتەکان ........ ٥٩

**بەشی چوارەم**

ڕووناکبیران، کارگێڕان، و بروکراتەکان ........ ٨٧

**بەشی پێنجەم**

نەریت و مۆدێرنیزم: ئێلیتەکان لە وڵاتانی پەرەستێن دا ........ ١١٧

**بەشی شەشەم**

دێموکراسی، و فرەیی ئێلیتەکان ........ ١٣٩

**بەشی حەوتەم**

بەرامبەری یان ئێلیتیسم ........ ١٦١

**بەشی هەشتەم**

لە دەسپێکی هەزارەی سێهەمی زاییندا ........ ١٨٩

**بەشی کۆتایی**

پێشەکییەک لەسەر میتۆدەکانی لێکۆڵینەوەی ئەزموونکراو سەبارەت بە ئێلیتەکان ........ ٢١١

**فەرهەنگۆک** ........ ٢٣٩

**بیبلۆگرافی** ........ ٢٤٣

## سوپاسنامە

* ڕێز و سپاسی بێ کۆتایی بۆ بەرێز لوقمان کەریمی کە بە بێ هەوڵ و تێکۆشانی بەرێزی ئەو بەرهەمە نەدەهاتە دیی.

* ڕێز و سپاسیش بۆ بەڕێزان سیامەند، بەیانە، نیشتیمان و لاوێن کە ئەرکی تایپی ئەو بەرهەمەیان لە ئەستۆ بوو.

## نووسەر لە چەند دێڕێک دا

تامس بۆرتۆن باتامۆڕ Thomas Burton Bottomore نووسەری ئەو کتێبە کۆمەڵناسێکی بە ڕەچەڵەک هیندی ئینگلیسییە کە لە ساڵی ١٩٢٠ لە ناتینگهامی بریتانیا لە دایکبووە. لە ساڵی ١٩٥٢وە لە زانستگای لەندەن (خوێندنگەی ئابووری و زانستە سیاسییەکان)دا وتنەوەی دەرسی کۆمەڵناسی دەست پێ کرد. لە ساڵی ١٩٥٣ هەتا ساڵی ١٩٦٣ سەرنووسەری گۆڤاری Current Sociology بووە، و هەروەها لە ساڵی ١٩٥٣وە هەتا ساڵی ١٩٥٩ بەرپرسی "جڤاتی نێونەتەوەیی کۆمەڵناسی" بووە لە ساڵی ١٩٦٠وە سەرنووسەری بەشی ئینگلیسی گۆڤاری European Journal of Sociology (گۆڤارێکی سێ زمانەی ئینگلیسی، فەرانسەیی و ئەڵمانی) گرتۆتە ئەستۆ. لە نێوان ساڵەکانی ١٩٦٤ هەتا ١٩٦٧وە بەرپرسی بەشی زانستە سیاسییەکان، کۆمەڵناسی و مرۆڤ ناسی زانستگای سایمۆن فریزەرSimon Fraser بووە. لە ساڵی ١٩٦٨تیشەوە لە زانکۆی ساسکس Sussexی بریتانیادا دەرسی کۆمەڵناسی دەڵێتەوە. ئەو بابەتانەی مامۆستا باتامۆڕ ئۆگری پێیان هەبووە بریتین لە: بیرۆکە کۆمەڵایەتییەکان، مێژووی هزرە کۆمەڵناسییەکان، توێژبەندی کۆمەڵایەتی و کێشەگەلی کۆمەڵایەتی و سیاسی وڵاتانی لە کاتی گەشە سەندن، بە تایبەت هیندوستان کە لە ساڵی ١٩٥٩وە هەتا ١٩٦٠ دانیشتووی ئەو وڵاتە بووە و دەرسی وتۆتەوە. باتامۆڕ لە سەر هەر یەک لەو بابەتانە نووسراوی هەیە، ئەوەش نووسراوەکانی بە پێی ساڵی دەرچوونی کتێبەکانی:

Classes in Modern Society ( 1955, new edition 1966 ).



Karl Marx; - selected Writing in Sociology and social Philosophy (edited in collaboration with M. Rubel. 1956).

Sociology: A Guide to problems and Literature (1962).

Karl Marx: Eaely Writings (ed. in coll. with M. Rubel, 1963).

Elites and society (1964).

Crities of society - Radical Thought in North American (1966: new edition 1969).

Aspeets of History and class conseiousness ( 1971 ) .

Marxist sociology (1975).

Sociology as social criticism ( 1975 ).

Crisis and contention in sociology (1976).

Austro – Marxism (ed . in coll. with p. Goode . 1978).

A History of sociological Analysis (ed . in coll. with R. Nisber. 1978).

Political Sociology (1979).

Modern Interpretations of Mary (1981).

Dictionary of Marxist Thonght (ed., 1983).

Sociology and socialism (1984).

The Frankfurt school and critical Theory (1984).

# بەشی یەکەم

## ئێلیتەکان: لایەنی واتایی و لایەنی ئیدئۆلۆژیک

لە سەدەی حەڤدەی زایینی دا وشەی بژاردە "élite" بۆ پیاهەڵدانی کەلوپەلی باش و بەرِمێن بەکار دەبرا، پاشان هەر ئەو وشەیە بۆ گرووپە کۆمەڵایەتییە لەسەرترەکانی وەک یەکەکانی زەبری نیزامی یا خود خاوەن پلەوپایە بەرزترەکانی ئەریستۆکراسی دەکار دەهێندرا[1]. بە پێی نووسراوەی oxford English dictionary یەکەم جار وشەی بژاردە لە زمانی ئینگلیزیی دا لە ساڵی ١٨٢٣ و بۆ ئاماژە بە گرووپە کۆمەڵایەتییەکان کەڵکی لێ وەرگیراوە. بەڵام ئەم زاراوەیە لە نووسراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئوروپا دا هەتا کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم بە شێوەیەکی بەرچاو نەدەدیترا. لە بریتانیا و ئەمریکاش دا هەتا دەیەی ١٩٣٠ بەشێوەیەکی ئەوتۆ لە نووسراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دا کەڵکی لێ وەرنەدەگیرا، هەر لەو سەروبەندانە دا بوو کەوا چەمکی ئێلیت لە ڕێگەی تیۆرییەکانی کۆمەڵناسانەوە سەبارەت بە بژاردەکان و بە تایبەت لە نووسراوەکانی ویلفرێد و پارەتو[2]دا برەوی سەند.

پارەتو لە کتێبەکەی خۆی- *نامیلکەی کۆمەڵناسی گشتی*-[3] دا وشەی "ئێلیت"ی بە دوو شێوە پێناسە دەکرد. سەرەتا بەو پێناسە گشتییە دەست پێدەکات:

وای دانێین بە هەر یەکە لە چالاکییە مرۆیییەکان وەک تاقیکاری خوێندنگە نمرە دەدرێ کە پیشاندەری شیاوی ئەوان بێ. بۆ وێنە بە پارێزەرێکی باش



نمرەی ١٠، بە پارێزەرێکی کەوا کەس کاری پێ ناسپێرێ نمرەی ١، نمرەی٠یش بۆ گەمژەیەکی بە تەواو مانا. بۆ کەسێکی لە ڕێگەی باش یان خراپەوە بۆتە میلیۆنێر پوانی ١٠ دەدەین. بە کەسێکی بڕێ پارەی هەبێ نمرەی ٦ و بەوانەش وا سواڵ ناکەن پوانی ١،٠یش بۆ ئەو کەسانەی لە فەقیرخانەکان دەژین... بۆ سەرجەم چالاکییە مرۆڤییەکان هەر بەو شێوەیە دەجوڵێینەوە... بەم پێیە بۆ هەر کەسە نمرەیەک دادەنێن و لەو کەسانەی زۆرترین نمرەیان لە چالاکییەکەی خۆیان دا وەدەست هێناوە گرووپێک چێ دەکەین و بەو گرووپە دەڵێین بژاردە (ئێلیت)[4].

جگە لەوە پارەتو هیچ کەڵکێک لەو چەمکە وەرناگرێ. ئەو چەمکە کەوا تەنیا جەخت دەکاتە سەر نابەرامبەری بەهرە و ڕادەی توانایی مرۆڤەکان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی‌دا [دەتوانین بڵێین ئەوە] وەک خاڵی دەسپێک دەکار هاتووە بۆ واتە کردنەوەی "ئێلیتە دەسەڵاتدارەکان" کە بابەتی سەرەکی لیکۆڵینەوەکانی پارەتویە.

بۆ ئەو لێکۆڵینەوە تایبەتەی لە بەر دەستمان دایە، واتە تاوتوێی کێشەی بالانسی کۆمەڵایەتی، دابەش کردنی چینی ئێلیت بەدوو چینی لاوەکی بەکەڵک دەبێ: یەکیان ئێلیتی دەسەڵاتدار کەوا پێکهاتووە لە کەسانێک کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ڕۆڵی بەرچاویان لە حکوومەت کردن دا دەگێڕن* و دووهەمیان ئێلیتی بێ دەسەڵات پێکهاتوو لە ئێلیتەکانی تر... بەو پێیە لە ناو هەر کۆمەڵگایەک دا دوو توێژمان هەیە: ١/ توێژی خوارووتر یان نائێلیتەکان کە ئێستا کارمان بە کارتێکەری ئەوان لەناو حکوومەت دا نییە و ٢/ توێژی سەروتر یان ئێلیتەکان کەخۆی دوو بەشە A/ ئێلیتی دەسەڵاتدار و B/ ئێلیتی نادەسەڵاتدار**.

بە خوێندنەوەی نووسراوە سەرەتاییەکانی پارەتو بە سانایی دەتوانین تێبگەین کە وا چۆن گەیشتۆتە ئەو چەمکە. لە کتێبی خولی *ئابوری سیاسی*[5] (١٨٩٦-٧) دا باس لە سازکردنی شێوەی نۆڕماڵی دابەشینی سامان لە کۆمەڵگا دا دەکات. لە

کتێبی سیستێمە *سوسیالیستییەکان دا*[٦] (١٩٢٠) ئەو هزرە پەرە پێدەدا و ئاوها بەڵگە دێنێتەوە :یەکەم، بێتوو تاکەکانی کۆمەڵگا بە پێی ڕادەی هۆش، لێهاتوویی لە موسیقادا، لێهاتوویی لە بیرکاری دا، خوو و خدەی ئەخلاقی و...ریزبەندی بکەین، ئەوا بۆی هەیە شێوەی دابەشینەکە هەرهەمان شێوە دابەشینی سامان بێ؛ دووهەم، ئەگەر تاکەکانی کۆمەڵگا بە پێی ڕێژەی دەسەڵات یان کارتێکەری سیاسی و کۆمەڵایەتییان پۆلێنکاری بکەین، ئەوا دەردەکەوێ کەوا لە زۆربەی کۆمەڵگاکان دا جێگەی تاک لەو زنجیرە پلانە دا هەر هەمان ئەو شوێنەیە کەوا لە زنجیرەی پلەی سامان دا هەیانە.*** "چینەکانی ناسراو بە چینە سەرۆترەکان زۆربەی کات هەر هەمان ساماندارترین چینەکانی کۆمەڵن. ئەم چینانە نوێنەری گرووپێکی ئێلیت، یان "گرووپێکی ئەریستۆکرات"ن..."[٧]

بەڵام داڕشتەی ئەم پرسە لە کتێبی *زەین و کۆمەڵگا دا*[٨] تەواو پێچەوانەی ئەو شێوەیەیە کە تا ئێستا باسی لێوە کراوە؛ پارەتو لەو کتێبەدا تەواو باری سرنجی خۆی ناخاتە سەر شێوەی دابەشینی سفەتە دیاریکراوەکانی وەک (دەسەڵات و ڕێژەی کارتێکەری/ برشت)، بەڵکو لەم کتێبە دا پارەتو زۆرتر لە سەر لە بەر یەک ڕاوەستانی خاوەن دەسەڵاتەکان، واتە ئێلیتی دەسەڵاتدار لە لایەک و کۆمەڵانی خەڵک واتە ئەوانەیی هیچ دەسەڵاتێکیان نییە لە لایەکی ترەوە ڕادەوەستێ. بۆ ئەم باری سرنج گۆڕینەش پارەتو تا ڕادەیەک قەرزداری کارەکانی گائێتانۆ موسکایە. موسکا یەکەم کەس بوو کەوا لە نێوان "ئێلیتەکان" و کۆگەل دا- هەر چەند بەکەڵک وەرگرتن لە لێکدانەوەی جۆراوجۆر- جیاوازی بنەڕەتی دانا و تێکۆشا هەر لەسەر ئەم بنەمایەش زانستی سیاسی نوێ دابمەزرێنێ. موسکا ئاوا باس لە هزری سەرەکی خۆی دەکا:

"ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر ئەوەیە کە لە هەمووی ڕێکخراوە سیاسییەکان دا تاکێک بوونێکی ئەوەندە بەرچاوی هەیە کە تەنانەت کەسێکی زۆر نەزانیش ئەو بوونە هەست پێدەکا. لە هەمووی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دا- لە وڵاتانیَ کە کەمتر پەرەیان سەندوە و تەنانەت دەستیان بە پێگەی شارستانییەتیش ڕانەگەیشتوە ڕا بگرە هەتا پێشکەوتووترین و دەوڵەمەندترین



کۆمەڵگاکان- دوو چین زیاتر بەدی ناکرێ: چینێ کە بڕیار دەدا و چینێ کە بڕیارەکان جێبەجێ دەکا، چینی یەکەم، زۆربەی کات پێکهاتووە لە کەمترین تاکەکانی کۆمەڵ و دەسەڵاتی سیاسی لەدەستی خۆی دا ڕاگرتووە و لە هەمووی بەرهەمەکانی دەسەڵات کەڵک وەردەگرێ، چینی دووهەمیش کەوا زۆرترینی کۆمەڵ لە خۆ دەگرێ لەلایەن چینی یەکەمەوە هێندێ جار بەشێوەی یاسایی و زۆر جاریش بە شێوەی توونـدوتیژی و دیکتاتۆرییانە ئیدارە و کۆنترۆڵ دەکرێ ..."[٩]

موسکا دەسەڵاتی کەمینە بە سەر زۆرینە دا بە پێی دوو بنەما لێکدەداتەوە:

"...دەسەڵاتی کەمینەیەکی ڕێکخراو کە پێڕەوەی لە هاندەرێک دەکەن بە سەر زۆرینەیەکی ناڕێکخراودا، ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە. بەربەرەکانی تاکێکی سەر بە زۆرینەی خەڵک لەهەمبەر کەمینەیەکی ڕێکخراودا کارێکی نەگوونجاوە. هەر لەو کاتەدا کەمینە ڕاست هەر بەو هۆیە کە کەمینەیە، ڕێکخراوە. ڕاستیەکی دیکەش ئەوەیە کە تاکەکانی گرووپێکی کەمینە زۆربەی کات خاوەن تایبەتمەندییەکی راستەقینە یان رواڵەتی وا هەن کە لە لایەن خەڵکانێ کەوا لە ناویان دا دەژین زۆر بەڕێزەوە چاویان لێدەکرێ و زۆریش کاریگەر دەبێ".[١٠]

کەوا بوو موسکا و پارەتو هەردووکیان ئۆگریان بەو واتایە لە ئێلیتەکان هەبوو وەک بەڕێوەبەرانی ڕاستەوخۆی دەسەڵاتی سیاسی یان ئەو کەسانەی کە کارتێکەری بەر چاویان لە سەر بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی سیاسی دا هەیە. هەر لەهەمان کاتیش دا دانیان بەوەدا هێنا کە "ئێلیتی دەسەڵاتدار" یان "چینی سیاسی" خۆی لە گرووپ گەلێکی جیاوازی کۆمەلایەتی پێکهاتووە. بە باوەڕی پارەتو" توێژی سەرووتری کۆمەڵگا واتە ئێلیتەکان، لە ڕواڵەت دا بریتین لە گرووپ گەلێکی دیاریکراو کە جیاکردنەوەیان زۆربەی کات کارێکی حەستەمە و بە گرووپ گەلی ئەریستۆکرات دەناسرێن "و هەر لە درێژەی ئەم باسە دا ئاماژە دەکاتە سەر" ئەریستۆکراسییەکان و ئۆلیگارشییە نیزامی، ئایینی و

تیجارییەکان".[11] ماری کۆلابینسکا قوتابی پارەتو لە لێکۆڵینەوەیەک دا لەسەر ئێلیتەکانی فەرانسە زۆر ڕاشکاوانەتر ئاماژە دەکاتە سەر ئەم خاڵە[12]. کۆلابینسکا ڕاشکاوانەتر باس لە جووڵە و هەڵسووڕانی تاکەکان لە نێو گرووپە لاوەکییەکانی سەر بە ئێلیتە دەسەڵاتدارەکان دەکا و هەروەها باس لە کورتە مێژووی چوار جۆر لەم گرووپانە واتە ساماندااران، ئەریستۆکراتەکان، ئەریستۆکراتە چەکدارەکان و پیاوانی ئایینی دەکا. سەرەڕای وەی پارەتو زۆرتر جەخت دەکاتە سەر جیاوازی نێوان ئێلیتە دەسەڵاتدارەکان و نائێلیتەکان و، ئەوە موسکایە کە بە وردبینێکی زۆرترەوە پێکهاتەی ئێلیتەکان لە کۆمەڵگا دێموکراتیکە نوێیەکان دا لێک دەداتەوە. بۆ وێنە ئاماژە دەکاتە سەر" ڕێکخراوە حیزبییە جۆراوجۆرەکان کەوا چینی سیاسی لە ناویان دا دابەش دەبێ"[13]، کێشەی ئەم ڕێکخراوانە لە هەمبەر یەکتر دا زۆربەی کات لە سەر وەدەست هێنانی دەنگی زۆرتری چینە قەرەباڵغەکانە؛ موسکا لە جێگەیەکی تر دا وەبیردێنێتەوە کە:

> ناتوانین نکۆڵی لەوە بکەین کە سیستمێکی [حکومەتی] لەسەر بنەمای نوێنەرایەتی، ڕێگەیەک دەخاتە بەردەم زۆربەی هێزە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان بۆ بەشداری کردنیان لە دەسەڵاتی سیاسی دا و بەو پێیە ئەم کارە دەبێتە هۆی ڕاگرتنی پارسەنگی و بەرتەسک کردنەوەی کارتێکەری هێزە کۆمەڵایەتییەکانی تر و بەتایبەت بوروکراسی.[14]

لەم ڕستەیەی دوایی دا جیاوازێکی بەرچاو لە نێوان لێکدانەوەکانی پارەتو و موسکا لە سەر گۆڕانکاری سیستمە سیاسییەکان دا بەدی دەکرێ. پارەتو هەردەم جەخت دەکاتە سەر جیاوازی نێوان ئێلیتە دەسەڵاتدارەکان و کۆمەڵانی خەڵک و بە توندوتیژترین شێوە چەمکە نوێیەکانی "دێمۆکراسی"، "مرۆڤ دۆستی" و "پێشکەوتن" لێکدەداتەوە. هەرچی موسکاشە ناسینی زۆرتری تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی دێمۆکراسی نوێ دیاری دەکا و بە شێوەیەکی مەرجدار پشت ڕاستیان دەکاتەوە. ڕاستە کە موسکا لە یەکەم کتێبی دا دەڵێ: لە دێموکراسێکی پارلمانی دا "نوێنەر بە هۆی خەڵکەوە هەڵنابژێردرێ بەڵکو لە ڕاستی دا ئەوە نوێنەرە خەڵکی هاندەدا هەتا ئەو هەڵبژێرن یان... دۆستانی نوێنەر خەڵکانی تر دنەدەدەن هەتا کابرای نوێنەر هەڵبژێرن"[15]، بەڵام لە بەرهەمەکانی دواتری دا ئەمە قبووڵ دەکا کە: زۆرینە بۆی هەیە لە ڕێگەی نوێنەرانی خۆیەوە، کۆنتڕۆڵی دیاریکراوی بە سەر پلاتفۆرمی حکوومەت دا هەبێ. هەروەک "میزل" وەبیر دێنێتەوە[16]، موسکا تەنیا لە ڕەخنە لە مارکس دایە کە لە نێوان کۆمەڵانی خەڵک و کەمینەکان جیاوازی ڕاشکاوانە دادەنێ. ئەو زیاتر تیۆرییەکی وردبینانە و ئاڵۆز دەخاتەڕوو لەو تیۆرییە دا ئاماژە دەکاتە سەر ئەوە کە چینی سیاسی خۆی لە ژێر کارتێکەری زۆری "هێزە کۆمەڵایەتییە" جۆربەجۆرەکان دایە (دیارە هەر یەک لەو هێزانەش لە کۆمەڵ دا خاوەن بەرژەوەندی تایبەت و جۆراوجۆری خۆیانن) و هەروەها یەکێتی ئەخلاقی سەرجەم کۆمەڵیش لە حکوومەتی یاسا دا خۆی دەنوێنێ، بێ گوومان ئەویش کارتێکەری لە سەر چینی سیاسی دا هەیە و بە هۆی سەرجەم ئەو فاکتانە چینی سیاسی بەرتەسک دەکرێ. لە تیۆرییەکەی موسکا دا، گرووپێک ئێلیت تەنیا بە پاڵپشتی توندوتیژی و فریودانی خەڵک نییە کەوا حکوومەت دەکەن بەڵکو لە لایەکیشەوە "نوێنەری" بەرژەوەندی ئەو گرووپانەشە کە خاوەن گرنگی وکارتێکەرین لە کۆمەڵگا دا.

تۆخمێکی دیکەش لە بیرۆکەکەی موسکا دا بەدیدەکرێ  کە لە پلانە ساکارە سەرەتاییەکانی دا گۆڕان بەدیدێنێ. لە سەردەمی نوێ دا، ئێلیتەکان تەنیا ناکەونە سەرووی کۆمەڵگا بەڵکو ئێلیتەکان لەو سەردەمانەدا بەهۆی گرووپێک ئێلیتی لاوەکی، پێوەندایەتێکی نزیک دەگەڵ کۆمەڵگا ساز دەدەن. ئەم گرووپە ئێلیتە لاوەکییە کە بە "چینی مام ناوەندی نوێ" ناسراوە گرووپێکی گەورەترە کە پێکهاتووە لە فەرمانبەرانی دەوڵەت ، بەڕێوەبەران و کارگێرانی یەخە سپی، زانایان، ئەندازیاران، لێکۆڵەڕەوەکان و ڕووناکبیران. ئەم گرووپە تەنیا دابینکەری ئەندامە نوێیەکان بۆ گرووپی ئێلیت (بە واتە بەرتەسکەکەی چینی دەسەڵاتدار) نیە بەڵکو هەر ئەم گرووپە خۆی یەکێک لە ماکە سەرەکییەکانی حکوومەت و دەسەڵاتە لە نێو کۆمەڵگا دا. بە باوەڕی موسکا "سەقامگیری هەر ڕێکخراوەیەکی سیاسی پێوەندی بە ئاستی

مەعنەوییات، زانیاری و تێکۆشانی هەر ئەو توێژە دووهەمەی کۆمەڵگاوەیە "[17]. جا بۆیە نابەجێ نیە کە هەر وەک گرامشی بانگەشە بکەین:

"چینی سیاسی موسکا... مەتەڵێکە. مرۆڤ ناتوانێ بەڕاستی لە مەبەستی موسکا تێ بگا. لە بەر ئەوە کە چەمکێک کەوا باسی لێوە دەکا زۆر بگۆڕ و چیرە. جار هەیە مەبەستی چینی مام ناوەندییە، هێندێ کات مەبەستی زۆربەی ساماندارانە، هێندێ جاریش مەبەستی ئەو کەسانەیە کە خۆیان بە "خوێندەوار" دەزانن، برێ جاریش "کاربەڕێوەبەرانی سیاسی" مەبەستی موسکایە[18]".

دواتر گرامشی بە متمانەیەکی زۆرترەوە دەڵێ:

"چینی سیاسی موسکا شتێک نییە جگە لە ڕووناکبیرانی تاقمی دەسەڵاتدار. ئەو زاراوەی موسکا دەگەڵ چەمکی ئێلیتەکانی پارەتو نیزیکایەتێکی زۆریان هەیە، دیارە چەمکی ئێلیتەکانی پارەتوش هەوڵێک بوو بۆ لێکدانەوەی دیاردەی مێژوویی ڕووناکبیران و ڕۆڵیان لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی دا[19]".

بەم پێیە گەڵاڵەی چەمکی ئێلیتەکانی موسکا و پارەتو دوو وێنای هاوبەش لەخۆدەگرن: لە هەر کۆمەڵێک دا کەمینەیەک هەیە - و دەشبێ هەبێ— کە دەسەڵاتی بە سەر کۆمەڵگا دا هەیە. ئەو کەمینە یا بە دەربڕینێکیتر "چینی سیاسی" یان "ئێلیتە دەسەڵاتدارەکان" لەو کەسانەی پۆستە سەرکردایەتییە سیاسییەکانیان بەدەستەوەیە، و بە گشتی لەو کەسانەی ڕاستەوخۆ دەتوانن کار بکەنە سەر بڕیارە سیاسییەکان پیکدێن. کەمینەی ناوبراو بۆی هەیە لەسەردەمێکدا تووشی ئاڵ وگۆڕ بێ. جار هەیە بە شێوەی ئاسایی لە ڕێگەی وەرگرتنی ئەندام لە توێژەکانی خوارووی کۆمەڵگاوە تووشی جێگۆڕینەوە دەبێ، هێندێ کاتیش گرووپی کۆمەڵایەتی تازە خۆدەخزێننە نێو ئێلیتی دەسەڵاتدار و هەر ئەوەش دەبێتە هۆی جێ پێ لەق بوونیان، و شۆڕشیش یەکێکی تر لەو شێوانەیە دەتوانێ جێگۆڕکێ لەناو چینی دەسەڵاتدار و چینی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو پێک بێنێ. لە



شۆڕشدا "گرووپێک ئێلیتی دژبەر" جێگەی ئێلیتی سەقامگیربوو دەگرێتەوە. ئەو دیاردەیە کە بە نێوی " جێگۆڕکێی ئێلیتەکان" ناسراوە لە بەشی دواتر دا بە شێوەیەکی چڕوپڕتر باسی لێوەدەکەین. لێرە بەدواوە تێگەیشتنەکانی پارەتو و موسکا لێک دوور دەبنەوە، هەرچی پارەتویە زۆرتر جەخت دەکاتە سەر جیاوازی نێوان ئەوانەی حکوومەت دەکەن و ئەو کەسانەی حکوومەتیان بە سەردا دەکرێ. باوەڕیشی بەوە نییە سیستمێکی سیاسی دێموکراتیک لەمبارەوە جیاوازییەکی ئەوتۆی دەگەڵ ڕژیمە سیاسییەکانی تر دا هەبێ[20]. پارەتو بە کەڵک وەرگرتن لە هزری پاشەکەوتە نەگۆڕەکان یان پاشماوەکان (هەستەکان) کە بە شێوەیەکی بەربڵاو لە بەشە سەرەتاییەکانی کتێبی *نامیلکەی کۆمەڵناسی گشتی*[21]دا هێناوێتی، بۆ لێکدانەوەی کێشەی جێگۆڕکێی ئێلیتەکان زۆرتر هانا دەباتە بەر زاراوە دەروونناسییەکان. لە لایەکی ترەوە موسکا باس لەوە دەکا ئێلیتی دەسەڵاتدار یان بەشی سەروویی چینی سیاسی خۆی پێکهاتەیەکی یەکدەست و تەواو نییە، باس لەو تاقم و دەستە و هێزە کۆمەڵایەتییانە دەکا کە لە نێو گرووپی ئێلیت دا نوێنەریان هەیە. زانیارێیەکی زۆرتری سەبارەت بەکۆمەڵگای مودێڕن هەیە، لە مەڕ پێوەندی نێوان گرووپی ئێلیت و بەشەکانی تری کۆمەڵگا. ئەو پێوەندییە زۆر جار لە ڕێگەی "چینی مام ناوەندی مودێڕن" یان بەشی خوارووی چینی سیاسییەوە پێک دێ. موسکا هەروەها دان بە بوونی جیاوازی نێوان دێمۆکراسییە نوێیەکان و شێوەکانی تری کۆمەڵگا سیاسییەکان دا دەنێ و تا ڕادەیەکیش موکووڕە لە سەر ئەوەی کە پێوەندی نێوان کەمینەی دەسەڵاتدار و زۆرینەی دەسەڵاتبەر تەنیا دەسەڵاتی ڕووتی یەکەمی لەسەر دووهەمی نییە بەڵکوو جۆرێکە لە کردەوەی بەرامبەر. و لە ئاکام دا موسکا جێگۆڕکێی ئێلیتەکان بە شێوەی کۆمەڵناسانە و هەروەها دەروونناسانە لێکدەداتەوە، چونکە سەرهەڵدانی ئێلیتە نوێیەکان (یان کەسە نوێیەکان لە گروپی ئێلیت دا) تا ڕادەیەک بە هاریکاری لە مەسەلەی دەرکەوتنی ئەو دەستە لە هێزە کۆمەڵایەتییەکان کە نوێنەرایەتی بەرژەوەندی

گەلێکی نوێن لە کۆمەڵگادا (جا ئەو بەرژەوەندییانە دەتوانن تێکنۆلۆژی، ئابووری یان کولتووری بن) شیدەکاتەوە.[22]

لێکۆڵەرەوانی چەمکی ئێلیتەکان، بەتایبەت ئەوانەی لە دوای موسکا و پارەتو دا هاتوون، بە تایبەت لەباری سرنج دان بە کێشەی دەسەڵاتی سیاسی، ڕێڕەوی موسکا و پارەتو بەتایبەت موسکا بوون. یەکێک لەو کەسانە لاسوێڵە[23]. موسکا کارە سەرەتاییەکانی لاسوێڵی دیت و زۆری هان دا بۆ تێکۆشانی بە پێزتر و باشتر، پاشان لاسوێڵ لە دامەزراوەی هوور[24] دەستی کرد بە لێکۆڵینەوە بە تایبەت زۆربەی کاتی خۆی تەرخان کرد بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر ئێلیتە سیاسییەکان. لاسوێڵ ئێلیتی سیاسی وەها واتە دەکا:

> "لە کۆمەڵگایەکی سیاسی دا ئێلیتە سیاسییەکان هەر هەمان ئەو کەسانەن کەوا خاوەن دەسەڵاتن. ئەو تاقمە دەسەڵاتدارە بریتین لە ڕێبەرایەتی و ئەو پێکهاتە بەندییە کۆمەڵایەتییانەی کە لە ماوەیەکی دیاریکراودا، ڕێبەران بە جۆرێک هەڵقوڵاوی ناو ئەو تاقمە ن و لە هەمبەر ئەو تاقمەش دا بەرپرسیارن".[25]

ئەم هەڵێنجانەی لاسوێڵ لە دوو لایەنەوە دەگەڵ تێگەیشتنەکانی پارەتو و موسکا دا جیاوازی هەیە. یەکەم، لە بۆچوونەکەی لاسوێڵ دا گرووپە ئێلیتەکانی تر کە لەوانەیە هاوکات دەگەڵ کارتێکەری کۆمەڵایەتی بەرچاویان، کەمتر دەگەڵ دەسەڵات دا سەروکاریان هەبێ، جیادەکاتەوە. دووهەم، بیرۆکەی "پێکهاتە بە ندی کۆمەڵایەتییەکان" (پێکهاتوو لە چینە کۆمەڵایەتییەکان) کە لە راستی دا ئێلیتەکان لە دڵی ئەوانەوە هەڵدەقوڵێن، لە پلانەکەی لاسوێڵ دا بەدی دەکرێ بەڵام بە تایبەت لە تیۆرییەکەی پارەتو دا هیچ ئاماژەیەک بەوە نەکراوە. لە نووسراوەکانی ڕەیمۆن ئارۆنیش دا ئەو ئاڵوگۆڕە بەرچاوە[26]. ئارۆن هەرچەند زۆرتر ئۆگری چەمکی ئێلیتەکان بەواتای کەمایەتییەکی دەسەڵاتدار بوو بەڵام تێکۆشاوە پێوەندییەک لەنێوان ئێلیتەکان و چینە کۆمەڵایەتییەکان پێک بێنێ[27]. هەروەها ئارۆن جەخت دەکاتە سەر زۆرینەی



ئێلیتەکان لە کۆمەڵگای مودێرن دا و دواتریش دەپرژێتە سەر کارتێکەری کۆمەڵایەتی ئێلیتە فکرییەکانی، کەوا زۆرکات بەشێک نین لە سیسێمی دەسەڵاتی سیاسی.[28]

ئەو ئاڵوگۆڕ و ڕیفۆرمە نوێیانەی کە لە چەمکی ئێلیتەکان دا، هاتوونە دی وامان لێدەکەن بیر لە زاراوەیەک بکەینەوە بۆ جیاوازی دانان لە نێوان ئێلیتە جۆربەجۆرەکان دا.[29] لە ڕاستی دا ئێستا زاراوەی "ئێلیتەکان" زۆرتر بە گرووپە کارییەکان دەووترێ، بەتایبەت گرووپە شوغلییەکانی (بە هەر هۆیەک) لە کۆمەڵگا دا خاوەن پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەرزن. لەوە بەدواوە منیش ئێلیتەکان هەر بەو واتایە دەکار دێنم- هەڵبەت دواتر باس لە مەرجەکانی خۆم دەکەم- لێکۆڵینەوە لە سەر ئەم چەشنە لە ئێلیتەکان' لە چەند لایەنەوە بەکەڵکە. کاتێک دەمان هەوێ لە نێوان کۆمەڵگا جۆربەجۆرەکان دا جیاوازی دانێین و هەروەها بۆ شیکردنەوەی ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە سترۆکتووری کۆمەڵگا دا ڕوودەدەن پێویستە سەرنج بدرێتە قەوارەی ئێلیتەکان، ژمارەی ئێلیتە جۆربەجۆرەکان، پێوەندیان دەگەڵ یەکتر و هەروەها پێوەندیان دەگەڵ ئەو گرووپانەی خاوەن دەسەڵاتی سیاسیین، هەر بەو پێیە دەبێ پرسی کراوەیی یاخود داخراوی گرووپە ئێلیتەکان یان بە دەربرینێکیتر چۆنییەتی وەرگرتنی ئەندام و ڕادەی جووڵانەوەی گرووپە ئێلیتەکان لە ناو کۆمەڵگا دا لەبەرچاو بگرین. بێتو بڕیار وابێ زاراوەی گشتی "ئێلیت" بۆ گرووپە کارییەکان هەڵبژێرین، ئەوا ناتوانین بۆ کەمینەی دەسەڵاتدار بە سەر کۆمەڵێک دا ئەو واتایە دەکار بێنین چوونکە کەمینەی دەسەڵاتدار لە ڕاستی دا بەپێی ئەو واتایە گرووپێکی کاری نییە بەڵکو خاوەن ئاستێکی بەرزە لە گرنگی کۆمەڵایەتی دا. من لێرە دا بۆ سەرجەم ئەو گرووپانەی خاوەن دەسەڵات یان کارتێکەری سیاسین هەر لە هەمان زاراوەکەی موسکا واتە "چینی سیاسی" کەڵک وەردەگرم، و لە ناو جەرگەی چینی سیاسیش دا گرووپێکی چووکتر واتە ئێلیتە سیاسییەکان یان ئێلیتە دەسەڵاتدارەکان جیا دەکەمەوە کە ئەو گرووپانە لە کەسانێک پێک دێن کە لە هەر سەردەمێکی دیاریکراو دا دەسەڵاتی سیاسیان بەدەستە. بەو پێیە دیاریکردنی پانتایی گرووپی ئێلیتە سیاسییەکان کارێکی تا ڕادەیەک سانایە: ئەندامانی حکوومەت و ئۆفیسە بەرزەکان،

رێبەرانی نیزامی، لە هیندێک جێدا بنەماڵە خاوەن دەسەڵاتەکان کە سەربە ئەریستۆکراسییەک یان بنەماڵەی سەڵتەنەتین، و هەروەها رێبەرانی دامەزراوە ئابوورییە بەهێزەکان وەک پێکهاتەی گرووپی ئێلیتی سیاسی دێنە ئەژمار. دیاریکردنی سنوورە کانی چینی سیاسی کارێکی ساکار نییە: ئەو چینە هەروەک چۆن بێئەملاوئەولا ئێلیتە سیاسییەکان لەخۆ دەگرێ لەوانەشە ئێلیتی دژبەریش لەخۆ بگرێ. ئێلیتە دژبەرەکان پێکهاتوون لە رێبەرانی پارتە سیاسییە دوورە پەرێزکراوەکان، نوێنەرانی بەرژەوەندییەکان و چینە نوێیەکان (وەک رێبەرانی سەندیکا کرێکارییەکان)، گرووپە تیجارییەکان، و هەروەها رووناکبیرانێکی چالاک و هەڵسوور لە بۆارە سیاسییەکان دا. بەو پێیە چینی سیاسی هێندێک لەو گرووپانە لەخۆدەگرێ کە لەوانەیە بە پلەی جۆراوجۆر هاوکار، رکەبەر، یان دژبەری یەکتر بن.

موسکا و پارەتو چەمکی ئێلیتی سیاسیان وەک چەمکێکی سەرەکی بۆ زانستی کۆمەڵایەت ی نوێ دەخستەروو.[٣٠] بەڵام ئەو چەمکە لایەنێکی تریشی هەیە کە هەر لە نووسراوەکانی ئەوان دا بە روونی بەرچاو دەکەوێ، ئەویش ئەوەیە کە چەمکی ئێلیتی سیاسی بەشێکە لە بیروڕای سیاسی کە لە دژایەتی یان ڕەخنە لە دێمۆکراسی نوێ و بەتایبەت سوسیالیزم دا هاتۆتە ئاراوە[٣١].

کارڵ فریدریش[٣٢] وەبیردێنێتەوە کە قوتابخانەکانی سەدەی نۆزدەهەمی ئورووپا سەبارەت بە دەسەڵاتی گرووپێک ئێلیتی پێکهاتوو لە تاکەکانی سەرووتر دەگەڕێنەوە سەر فەلسەفەی قارەمانەکانی کارلایل[٣٣] و بۆچوونەکانی نیچە[٣٤] سەبارەت بە سوپێرمەن هەروەها لێکۆڵینەوەکانی موسکا، پارەتو و بۆرکهارت[٣٥]-"هەمووی ئەوانەش خۆیان لە دایک بووی ئەو کۆمەڵگایە بوون کەوا هێشتا برێک لە پاشماوەکانی سەردەمی فیئۆدالیان پێوە مابوو". سەرهەڵدانی ئەو قوتابخانە فکریانە نیشاندەری خەبات وتێکۆشانی بێوچان بۆ ژیاندنەوەی بیر و هزرە کەونارەکان لە مەڕ زنجیرە پلە کۆمەڵایەتییەکان و پێشگرتن لە بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی دێموکراتیک بوون[٣٦]. لوکاچ بەشێوەیەکی روونتر باسی شوێنی کۆمەڵایەتی ئەو قوتابخانانەی کردووە. باوەڕی وایە کۆمەڵناسان ڕاست لەو وڵاتانە دا باس لە رێبەرایەتی سیاسی



دەکەن کەوا نەیانتوانیوە دێموکراسێکی بورژوایی ڕاستەقینە دابمەزرێنن و کەسانی فێئۆدالی لەو کۆمەڵە دا دەسەڵاتێکی تایبەتیان هەبوو. لوکاچ چەمکی "کاریزمای"[٣٧] ماکس وێبر[٣٨] (لە ئەڵمانیا) و چەمکی "ئێلیتەکان" ی پارەتو(لە ئیتالیا) دا وەک وێنە و نوێنگەی ئەو دڵەڕاوکەیە دەزانێ[٣٩].

بە دوو شێوە دەتوانین باس لە ناکۆکی نێوان هەزری ئێلیتەکان و هەزری دێمۆکراسی بکەین: یەکەم، تیۆریە ئێلیتیستییەکان جەخت دەکەنە سەر نابەرامبەری تاکەکان کە ئەوە لەگەڵ ڕەوتی سەرەکی هەزری سیاسی دێمۆکراتیک کە باس لە بەرامبەری بنەڕەتی مرۆڤەکان دەکا لە دژایەتی دایە؛ و دووهەم، هێمای کەمینەیەکی دەسەڵاتدار، لەگەڵ تێئۆری دێمۆکراتیکی حکوومەتی زۆرینە لە دژایەتی دایە. بەڵام پێویست ناکا بە هیچ شێوەیەک ئەو دژایەتییە وەک چۆن لە ڕوانینی یەکەمەوە توندوتیژانە دەنوێنێ، بێ. کاتێک دێمۆکراسی وەک سیستمێکی سیاسی سەیر بکەین ئەوسا دەتوانین بە ساناییەوە بڵێین "*دەسەڵات لە ڕێگەی خەڵکەوە*" (واتە دەسەڵاتی ڕاستەقینەی زۆرینە) دە پراکتیک دا بە تەواوی ناگونجێ، و لەبنەڕەت ڕا گرنگی دێمۆکراسی سیاسی لەوە دایە دەرگاکانی دەسەڵات هەموو کات لە ڕووی تاکەکان دا ئاواڵە بێ و بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات لە ڕێگەی کێبەرکێوە بێ، و هەردەمیش دەسەڵاتداران لە هەمبەر ئەو کەسانەی هەڵیانبژاردوون بەرپرسیار بن. شۆمپیتر ئەو شێوە بۆچوونەی لە دێمۆکراسی لە وێبر قۆزتۆتەوە و ئێستاش بە شێوەیەکی بەربڵاو پەسەندکراوە. شۆمپیتر شێوازی دێمۆکراتیکی بەم شێوەیە پێناسە دەکرد:

"ئەو ڕێوشوێنە جێگیربووە کە لە بۆاری دانی بریاری سیاسی، کە لەودا تاکەکان لە ڕێگەی خەباتێکی ڕکەبەرانە بۆ وەدەست هێنانی دەنگی خەڵک، دەسەڵاتی بریاردان وەدەست دێنن"[٤٠].

کارڵ مانهایمیش کە سەرەتا لەو باوەڕە دا بوو بۆچوونەکانی تیۆریسیێنە ئێلیتیستییەکان جۆرێکە لە پاساوهێنانەوەی نابەجێ بۆ [ڕێبازی] "هەنگاوی ڕاستەوخۆ" و ڕێرەوی بێ شەرت ومەرج لە ڕێبەرایەتی دا[٤١]. [هەڵبەت] دواتر پێی وابوو ئەو تیۆرییانە دەگەڵ دیموکراسی دا کۆکن:

" فۆرم گرتنی سیاسەت لە پراکتیک دا لە دەست ئێلیتەکان دایە، بەڵام ئەوە بەو واتایە نییە کە کۆمەڵگا نادێموکراتیکە. چونکە بۆ دەستەبەرکردنی دیمۆکراسی هەر ئەوەندە بەسە ــ گەرچی تەواوی هاووڵاتیان لە بەشداریکردنی راستەوخۆ و بەردەوام لە حکوومەت بەربەست دەکرێن ــ کە لانیکەم لە مەودای زەمەنی دیاریکراودا ئەگەری دەربڕینی داخوازییەکانی خۆیان هەبێ. " [42].

تەنانەت دەکرێ بڵێین بێتوو دێمۆکراسی شتێکی سەرووتر لە سیستمێکی سیاسی بێ دیسانیش دەگەڵ دێمۆکراسی و تیۆری ئێلیتیستەکان دا دەگونجێ. بە هاسانی دەتوانرێ هزری بەرامبەری وەک "بەرامبەری دەرفەتەکان" لێک بدرێتەوە، چونکە بە باوەڕی هیندێک هزری بەرامبەری لە دێمۆکراسی دا وەک فۆڕمێک لە کۆمەڵگا دا رەچاوکراوە. لە هەل ومەرجێکی ئەوتۆدا کە دێمۆکراسی جۆرێکە لە کۆمەڵگا کە لەو دا گرووپە ئێلیتەکانی- ئابووری و فەرهەنگی و هەروەها رامیاری — لە بنەڕەت را گرووپ گەلێکی "کراوەن" و، ئەندامانی خۆیان لە توێژە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگا بە پێی لێهاتوویی تاکەکان هەڵدەبژێرن. ئەم تێگەیشتنە لە پێگە و شوێنی ئێلیتەکان لە کۆمەڵگایەکی دێموکراتیک دا، کەوا تیۆری جێگۆڕکێی ئێلیتەکانیش جەختی لەسەر دەکا بە ڕوونی لە نووسراوەکانی موسکا دا باسیان لێکراوە.

شایانی وتنە هەر دوو چەمکی سەروو- واتە چەمکی کێبەرکێ سیاسی و چەمکی بەرامبەری دەرفەتەکان دەتوانین وەک ئاکامە لاوەکییەکانی تیۆری ئابووری لیبراڵ واتە "دوور لە دەست تێوەردانی دەوڵەت" [43] بناسێنین. شۆمپیتر بە تەواوی ئاگاداری ئەو بابەتە بوو:

"چەمکی [کێبەرکێ بۆ بەدەستەوەگرتنی ڕێبەرایەتی سیاسی] هەروەک چەمکی کێبەرکێ ئابووری پڕ کێشە و زەحمەتە و بەراوردکردنی ئەو دوو چەمکە شتێکی بەکەڵکە ".[44]

هەر لە دوای شومپیتر نووسەرێکی تر زیاتر جەخت لە سەر ئەو پێوەندییە دەکا و دەنووسێ :



"... لە بنەڕەت دا تیۆری ئێلیتیستییەکان شتێک نین جگە لە دەربڕینی [هزری] دەست تێوەرنەدانی دەوڵەت لە کاروباری کۆمەڵایەتیدا. رێباز (آیین)ی بەرامبەری هەل و دەرفەتەکانی فێربوون تەنیا ڕوویەکن لە تیۆری ئیندیۆڤیدئالیسمی ئابووری و جەخت کردنی ئەو رێبازە لە سەر کێبەرکێ و "پێشکەوتن" [45].

کە وابوو تیۆرییە ئێلیتیستیەکانی پارەتو و موسکا (و تیۆری میراتگرەکانیان لە سەردەمی ئێمەدا) بە واتایەک دەگەڵ بیرۆکەی گشتی دێمۆکراسی دا هیچ ناکۆکییەک لە نێوانیان دا بەدی نەکراوە و ناشکرێ. لە ڕاستی دا دوژمنی سەرەکیی ئەوان سوسیالیزم بوو، بە تایبەت سوسیالیزمی مارکسیستی. هەروەک چۆن موسکا دەنووسێ:

"لەو جیهانەی ئێمەی تێدادەژین، تەنیا لە هەلومەرجێک دا دەتوانرێ پێش بە سوسیالیزم بگیرێ کە زانستێکی سیاسی ڕێئالیست بتوانێ ئەو شێوازە مێتافیزیکی و گەش بینانەی کە هەر ئێستا لە لێکدانەوە کۆمەڵایەتییەکان دا باون، بەتاڵ کاتەوە..."[46] .

موسکا، وێبر، میخێلز [47] لە ڕەوتی بەرەوپێش بردنی زانستی ڕیئالیستی دا دەستیان هەبوو مەبەستی سەرەکیشیان ئەوە بوو کە تیۆری مارکس لە مەڕ چینە کۆمەڵایەتییەکان لە دوو خاڵی سەرەکی دا بەتاڵ کەنەوە: یەکەم بە پێشاندانی جێگۆڕکێی بەردەوامی ئێلیتەکان کەوا لە زۆربەی کۆمەڵگاکان دا بە تایبەت لە کۆمەڵگا پیشەسازییە نوێیەکان کە دەبێتە بەربەست لە شکڵ گرتنی چینێکی دەسەڵاتداری بەردەوام و داخراو، ناڕاستی چەمکی مارکسیستی "چینی دەسەڵاتدار" دەربخەن و، دووهەم، ئەوە نیشان بدا کە چوونکە لە هەر کۆمەڵگایەک دا کەمایەتێک هەن کە لە کردەوە دا دەسەڵاتیان بە دەستە کەوابوو دەست وێراگەیشتن بە کۆمەڵگایەکی بێ چین شتێکی زۆر حەستەمە. هەر وەک میزل زۆر بە جوانی باسی کردووە:

لە ڕاستی دا "ئێلیت" بیرۆکەی تایبەت بە چینی مام ناوەندی بوو... پرۆلیتاریا (لە تیۆری مارکسیستیدا) دەبێ دوایین چینی

> کۆمەڵگا و مزگێنی دەری کۆمەڵگای بێ چین بێ. بەڵام بە پێچەوانەوە مێژووی هەمووی کۆمەڵگاکان چ لە ڕابردوو و چ لە داهاتوو مێژووی چینی دەسەڵاتدارە، بوونی چینێکی دەسەڵاتدار و بەو پێیەش بوونی چەوسانەوە بەشێکی بێ بڕانەوە لەو مێژووەن. دژایەتی تیۆری ئێلیتیستی لە هەمبەر سۆسیالیزم و بە تایبەت مارکسیزم بەو شێوەیەی کە لە دوایین دەیەی سەدەی نۆزدەهەم دا دەرکەوت، لە ڕاستی دا درێژبۆوەی ئەو ڕەوتەن"[٤٨].

تیۆرییە ئێلیتیستییەکانیش بە شێوەیەکی گشتی تر لە گەڵ تیۆرییە سوسیالیستییەکان لە دژایەتی کردن دان لە بەر ئەوەی لە جێگەی چەمکی چینێکی کە بە هۆی بوونی دەسەڵاتی ئابووری یاخود نیزامی دەتوانێ دەسەڵات بەدەستەوە بگرێ، چەمکی گرووپێکی ئێلیت دادەنێن کە لەودا بە هۆی بوونی لێهاتوویی و تایبەتمەندیی باشتری ئەندامانی دەسەڵات دەگرێتە دەست. هەروەک کۆلا بینسکا دەڵێ: "... ئەو هزرە سەرەکییەی لە ڕێگەی زاراوەی "ئێلیت" ەوە دەگوازرێتەوە هزرێکی لە سەرووترە [لە باری چۆنییەتێوە]..."[٤٩].

ئەو لێوردبوونەوانە بەو شێوەیە لە تۆخمە ئیدئۆلۆژیکییەکانی ناوئاخنی تیۆرییە ئێلیتیستییەکان پرس گەلی تر دێننە ئاراوە. هەروەک باسکرا ئاشت بوونەوەی هزری ئێلیتەکان دەگەڵ تیۆرییە کۆمەڵایەتییە دێمۆکراتیکەکان شتێکی گونجاوە. بەڵام یەکەم کەسانی ڕاڤەکەری تیۆرییە ئێلیتیستیەکان تا ئاستێکی زۆر ڕەخنەگر یان دووژمنی دێمۆکراسی بوون. (هەڵبەت موسکا پاش بینینی دەسەڵاتی فاشیستی ئیتالیا تا ڕادەیەکی زۆر بیروڕای گۆڕا و بوو بە لایەنگری لاپارێزی بەشێک لە لایەنەکانی حکوومەتی دێموکراتیک). ئەو دووژمنایەتییە لە هزری کەسانێکی وەک کارڵایل و نیچە کە لە جیاتی تیۆرییە سیاسییە زانستییەکان چوارچێوەی کارەکانیان زۆرتر ئوستوورە کۆمەڵایەتییەکان بووە، زۆر زەقترە. چۆن دەتوانین ئەو بابەتە لێکدەینەوە؟ یەکەم، لە ڕاستی دا زۆربەی بیرمەندانی سەدەی نۆزدەهەم دێمۆکراسییان وەک شێوەیەکی جیا و بەشێک لە پرۆسەی "سەرهەڵدانی کۆمەڵانی



خەڵک" کە بە پێی پێویستی بێئەملاوئەولا سوسیالیزمی لێدەکەوتەوە. کەواتە ئەوان بە ڕەخنەگرتن لە دێمۆکراسی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دژایەتی سوسیالیزمیان دەکرد. هەروەها دەبێ سرنج بدەین کە تیۆریسیینە ئێلیتیستەکان ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە لە هێنایەکایەی واتە نوێیەکانی دێمۆکراسی دا وەک واتەکەی شۆمپیتر کە دەکرێ وەک واتەگەلی کۆک دەگەڵ چەمکی ئێلیتەکان بێنە ئاراوە. ئەو ئاڵوگۆڕانە لە دنیای هزرە کۆمەڵایەتییەکان دا ڕاستەوخۆ کارتێکەری لە سەر تێگەیشتنە نوێیەکانی ئێمە لە چەمکەکانی دێمۆکراسی و هەروەها سوسیالیزم دا هەبووە کە دواتر لە بەشەکانی داهاتوو دا بە شێوەیەکی وردتر دێینەوە سەر ئەو باسە.

تایبەتمەندییەکی تری تیۆرییە ئێلیتیستییەکان، کەوا لە زۆربەی تیۆرییە کۆمەڵایەتییە تازەکان دا دووپات بۆتەوە، لایەنگریی دژە سوسیالیستییان پێوەدیارە. ئەو تیۆرییانە لە ڕاستی دا ڕەخنە لە بۆچوونی دیترمینیسمی مارکسیستەکان دەگرن کەچی خۆشیان بە شێوەیەکی تر دەکەونە نێو هەمان بازنەی دیترمینیستییەوە. قسەی سەرەکی تیۆریسیینە ئێلیتیستەکان تەنیا ئەوە نییە کەوا هەمووی ئەو کۆمەڵگا ناسراوانە دابەش کراونە سەردوو توێژ- کەمایەتییەکی دەسەڵاتدار و زۆرینەیەکی ژێر دەسەڵات. بەڵکو دەڵێن هەمووی کۆمەڵگاکان دەبێ بەو شێوەیە دابەش بکرێن. ئەو وتەیە هێندەی مارکسیزم، دیترمینیستانەیە لەبەر ئەوە مرۆڤەکان چ ناچار بە پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی بێ چین بن یان ڕێگەی سازکردنی وەها کۆمەڵگایەکیان پێنەدرێ، لە هەر دوو شێوە دا بە یەک ڕادە لە ئازادی بێ بەشن. بۆی هەیە زۆر کەس بڵێن ئەو دوو شێوە بۆچوونە لە یەک ناچن، لەبەر ئەوە تیۆریسیینە ئێلیتیستەکان تەنیا یەک شێوە لەو شیوازانەی سازبوونی کۆمەڵگای نەگونجاو دەبینن و وەلای دەنێن بەڵام لایەنەکانی تری ئەو بۆچوونەیان لا پەسەندە (و موسکا بانگەشەی دەکرد کە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان دا پێشبینی ئەو شتەی هیچ کات ڕوو نادا هەردەم ساناترە لەو پێشهاتەی بێگومان ڕوو دەدا)، لە کاتێک دا مارکسیستەکان پێش بینی دەکەن کە شێوەیەکی تایبەت لە کۆمەڵگا حەتمەن بەدی دێ. بەڵام لە لایەکی دیکەوە دەکرێ بڵێین تیۆریسیینە ئێلیتیستیەکان- بەتایبەت پارەتو- داواکاری گشتگیری و پێویستی

شێوەیەک لە کۆمەڵگای سیاسین و مارکسیستەکان نکۆڵی لە پرستیژ و جێبڕوایی جیهانی "یاسای ئێلیتەکان وکۆمەڵانی خەڵک" دەکەن و جەخت دەکەنە سەر ئازادیەکی هەراوتر بۆ مرۆڤ هەتا بتوانێ بە بیر و هزرێکی ئاواڵاترەوە بەرەو داهێنان و سازدانی شێوازەکانی تازەی کۆمەڵگا هەنگاو بنێ بەکورتی لە هەر دوو دەستە لەم تیۆرییانە دا توخمێک لە دیترمینیسمی کۆمەڵایەتی بەدی دەکرێ کە لەوانەیە بە شێوەیەکی نەرم و نیان یان توندوتیژتر جەختی لەسەر کرابێ.

مەبەستم لە باس کردنی ئەم پرسە لێرەدا تیشک خستنە سەر پێوەندی نێوان لایەنی تیۆری و لایەنی ئیدئۆلۆژیکی چەمکی ئێلیتەکانە. ئەم چەمکە ئاماژە دەکاتە سەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بەرچاو و هەر بۆیەش لە نێو ئەو تیۆرییانە دا خۆی دەبینێتەوە کە هەوڵیان شیکردنەوەی زیاتری ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکانە بەتایبەت ئاڵوگۆرە سیاسییەکان. هەر لەو کاتە دا ئەو چەمکە بە پێی ئەو چاخ و بارودۆخەی تێدا سەری هەڵداوە، دەبوونە خاوەن گرنگێکی ئیدئۆلۆژیک لە کێشەی نێوان لیبرالیزمی ئابووری و سوسیالیزم دا و لە چوارچێوەی ئەو تیۆرییانە دا بڵاو دەبوونەوە کە خاوەن ئامانج گەلی ئاشکرابوون. تەنانەت دوواتر و لە چاخی ئێمەشدا کە بە چاخی ئەوپەڕی ئیدئۆلۆژی دەناسرێ، چەمکی نێوبراو تەنیا وەک دیاردەیەکی زانستی سەیر ناکرێ. چونکە هەر چەمک و تیۆرییەکی کۆمەڵناسانە بە هۆی ئەو کارتێکەرییەی لە هزر و ژیان و ئاکاری مرۆڤەکان دا هەیەتی، خاوەن هێزێکی ئیدئۆلۆژیکە. هۆی ئەو کارتێکەرییە ئیدئۆلۆژیکە یان ئەوەیە کە چەمک و تیۆری نێوبراو ئاوسی ڕێباز(آیین)ێکی کۆمەڵایەتییە یان ئەوە کە ئەو چەمک و تیۆرییە- سەرەڕای دووربوونی لە هەر چەشنە کارتێکەرییەکی ئیدئۆلۆژیک-وێڕای لەبەر چاو نەگرتنی تایبەتمەندییەکانی تری ژیانی کۆمەڵایەتی، سرنجی تاکەکان بۆ لای تایبەتمەندییەکانی دیاریکراو ڕادەکێشێ و جەختیان لە سەر دەکا و بەو شێوەیە بە مرۆڤەکان دەسەلمێنێ هەتا بارودۆخ و داهاتووی گونجاوی خۆیان لە چوارچێوەی زنجیرەیەک لە چەمکە تایبەتەکان دا هەست پێ بکەن. هەر بۆیە بۆ ڕەخنەگرتن لە لایەنی ئیدئۆلۆژیکی چەمکێک یاخود تیۆرییەک پڕ بە پێستی نابێ ئەگەر تەنیا



پێوەندی نێوان ئەو چەمکە دەگەڵ ڕێبازێکی بەربڵاوتر لە مەر مرۆڤ و کۆمەڵگا دەست نیشانکەین و ئینجا ڕێبازێکی تری کۆمەڵایەتی لە دژی ئەوەی پێشوو بێنێتە ئاراوە. لایەنی گرنگتر ئەوەیە کە دەبێ بەربەستە زانستییەکانی چەمک و تیۆرییەکان نیشان بدرێ و چەمک و تیۆری نوێتر پێشکەش بکرێ کە بۆ پەسنی ئەو ڕاستیانەی لە ژیاندا دێنەئاراوە هەتا ڕاستی و کارلێهاتوویی زیاتریان هەبێ. لەمەو بە دواوە زۆرتر بە شێوەی لێکدانەوەی ڕەخنەگرانە لە هزری ئێلییتەکان درێژە بە باسەکە دەدەین و تەنیا لە کۆتایی کتێبەکە دا دەگەڕێینەوە سەر ئەو دەستە لە قوتابخانە کۆمەڵایەتییەکان کە ڕکەبەری یەکترن و لە نێوان تیۆرییە زانستییەکان دا بە شێوەیەکی ناتەواو باسیان لێوە کراوە.

## پەراوێزەکانی بەشی یەکەم

١. بڕوانە Dictionnaire de Trevous (1771) مانای سەرەتایی elite ی ئاوا هێناوە: "باشترین شتی بەرهەم هاتوو لە هەر جنسێک" هەر دوابەدوای ئەمە ئاماژە بەوە دەدا کەوا "ئەم وشەیە لە دووکانی بازرگانەکانەوە سەری هەڵدا...(گرووپی ئێلیتەکان؛ ئێلیتە نەجیبەکان)". وەرگیراو لە:

Renzo sereno, "The Anti_Aristotelianism of Gaetano moska and Its fate".

لە سەدەی شانزدەهەم بەپێی نووسراوەی

Edmond huguet, Dictionnaire de la languge francise du seizieme siecle.

وشەی elite تەنیا بەمانای choix (هەڵبژاردەیەک) هاتووە: faire elite بە مانای "هەڵبژاردن" بووە. سەبارەت بە دەکارهێنانی سەرەتایی ئەم چەمکە و بیرۆکەی élite ئەم نووسراوانە بخوێنەوە:

Hans p. Dreitzel, Elitebegriff und sozialstruktur

H.D.lasswell et al., thecomparative study of elites

ئەم هزرە کەوا کۆمەڵ دەبێ لە ژێر فەرمانی گرووپێک لە تاکەکانی تایبەت دا بێ بە شێوەیەکی زەق لە هزری ئەفلاتوونەوە سەرچاوەی گرتووە و پاشانیش لە ئایینی برەهمایی هیندییەکانیش دا هاتووە. ئایینی برەهمایی هیندییەکانیش چاوەدێر بوو بە سەر ئەو کاستانەی کەوا ڕێکخەری کۆمەڵگای کۆنی هیند بوون. تەنانەت دەکرێ بڵێین کاردانەوەی ئەو هزرە ئێستاش بە بیرۆکە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەرماوە، واتە لە زۆربەی ئایینزاکان دا هزری گرووپێک ئێلیت بەشێوەی



"هەڵبژاردەکانی خواوەند" هاتووە. دەتوانین شوێن پێی ئەو چەمکە کۆمەڵایەتی و سیاسییە نوێیە هەتا لایەنگری سەن سیمون saint _simon لە حکومەتی زانایان و خاوەن پیشەکان هەڵبگرین. بەڵام ئەم هزرە لە نووسراوەکانی سەن سیمۆن دا بە شێوەگەلی جۆراوجۆر خاو بۆتەوە بە تایبەت بەو دان پێداهێنانەی خۆی بە بوونی جیاوازییە چینایەتییەکان و ناکۆکی نێوان ساماندااران و هەژارەکان. (ئەوەش وایکرد کە لایەنگرانی سەن سیمۆن ئەو هزرە بە ئامانجی گەیشتن بە سوسیالیزم بەربڵاو بکەنەوە). لە فەلسەفەی پۆزەتیڤیستی ئاگۆست کۆنت دا تێکەڵاوێک لە لایەنی ئێلیتیستی و دەسەڵات پەرستانەی بیری سەن سیمۆن لە گەڵ بۆچوونەکانی دۆبۆنالد de bonald بەرچاو دەکەوێ. و ئەوە بەشێوەی ڕاستەوخۆ کارتێکەری لە سەر موسکا و پارەتو وەک داهێنەرانی بیری نوێی ئێلیت دا هەبووە.

*. قارەمانێکی شەترەنج بێ گومان ئەندامی گرووپێکی ئێلیتە بەڵام شک لەوەدا نیە کە تایبەتمەندییەکانی ئەو کەسە وەک قارەمانی شەترەنج ناتوانێ دەرگای چوونە ژووری گۆڕەپانی کارتێکەری سیاسی بۆ ئەو مسۆگەربکەن. بێتوو تایبەتمەندی تری بۆ گەیشتن بە دەسەڵات نەبێ ئەوا ناتوانێ وەک ئەندامی گرووپی ئێلیتی دەسەڵاتدار بێتە ژمار. دڵدارەکانی پاشا دیکتاتۆرەکان بە هۆی جوانی یا خود تایبەتمەندییەکانی زەقی زەێنی بەشێک لە گرووپی ئێلیت هاتوونە ژمار بەڵام تەنیا کەسانێکی کەم لە ناو ئەوانیش دا بە هۆی هەبوونی تایبەتمەندیی گونجاو بۆ کاروباری سیاسی دەتوانن لە دەسەڵات دا ڕۆڵ بگێڕن. گرووپی ئێلێتی دەسەڵاتدار پێک دێن لەو کەسانەی پۆست و مەقامی بەرچاوی سیاسی باشی وەک وەزیر، سێناتۆر، نوێنەری پارڵمان، سەرۆکی دادگا، فەرماندەری نیزامی، ژێنراڵ یان هەبێ. لە هەمبەر دا کەسانێک هەن کە بە بێ بوونی هیچ یەک لەو تایبەتمەندیانە توانیویانە جێگەی خۆیان لە دەسەڵات دا بکەنەوە":

Parwto, The mind society, III, pp. 1422-3

**. ماری کۆلابینسکا گرووپی ئێلیتی ئاوا دابەش کردووە: "ئێمە تا ئێستا گرووپە جۆراوجۆرەکانی پێکهێنەری ئێلیتمان ژماردووە. دەتوانین ئەوان بە شێوەگەلی تریش دابەش کەین. بۆ ئەم لێکۆڵینەوە تایبەتەی خۆم پێم باشترە ئێلیتەکان بکەمە دوو بەشەوە: یەکەم، بەشێک کە بە ناوی M ناودێریان دەکەم پێکهاتوون لەو کەسانەی لە دەسەڵات و دەوڵەت دا ڕۆڵیان هەیە و

دەتوانین بڵێین چینی دەسەڵاتدارن، دووهەم، بەشێکی دیکە بە ناوی N ناودێر دەکەم کە پێکدێن لە پاشماوەی ئێلیتەکان کاتێک بەشی M لە سەرجەمی ئێلیتەکان کەم بکەینەوە":

Kolabinska, la circulation des elites en France, p. 6.

2. vilfredo pareto

3.treatise on General sociology(1915-19)

4. pareto, The mind and society III , pp. 1422-3.

5. cours d,economie politique

6. les systèmes socialistes

7. pareto , les systems socialiste ,vol, I , p. 28

8. The Mind and society.

9. Mosca,The Ruling class,p. 50

10. Ibid, p. 53.

11. Pareto, The *Mind and society, III*, PP.1429-30.

12. kolabinska, la circulation des elits en France.

13. Mosca, *The ruling class,* p. 411.

14. Ibid., p. 258.

15. Moska, Sulla Teorrica dei gorerni e sul gorerno parlamentare: studi storici e sociali, pp. 250- 1.

16.Meisel, *The Myth of Ruling class.*

17. Mosca, *The Ruling class,* p. 404.

18. Antonio Gramsci, la class politica in Quaderni del carcere, vol. 4 (Milan: Einaudi, 1964), p.140.

19. Antoni Gramsci, ‘ Per una storia degli intelletuali, ‘ in Quaderni del carcere, vol. 2 ( Milan: Einaudi, 1964 ), p. 4 n 1.



بەو حاڵەش بروانනە بیروڕای ئاڵبرتوونی کە باوەڕی وایە سەرەڕای وەی کە لە لێکدانەوەکانی موسکا دا تۆخمە زانستییەکان تێکەڵ بەهاندەرە ئیدئۆلۆژیکییەکان کراوە بەڵام ئەو هزرەش لە سەردەمی خوێ دا دەتوانین بڵێین یەکدەستێکی بەرچاوی هەبووە و دەتوانێ ببێتە "کەرەسەیەکی بەهێز بۆ پتەوترکردنی لێکدانەوەی مارکسیستی لە مەر کێشە سیاسییەکان، پێکهاتە سیاسییەکان و هەروەها مێژووی سیاسی".

Albertoni, Mosca and the Theory of Elitism, pp. 34-6.

٢٠. جگە لەوە بۆی هەیە ئێلیتە دەسەڵاتدارەکانی کە لە ژێر کارتێکەری هەستە دێموکراتیکەکان دان، لە بەڕێوەبردنی دەسەڵات دا تووشی دڵەڕاوکێ و نالێهاتوویی بن. وەک زۆربەی بوارەکان، لێرەدا زانستی پارەتوش دەگەڵ بنەمای بۆچوونە سیاسییەکەی دا دەکەونە ناکۆکییەوە. لە سیستمێکی دێموکراتیک دا دیسانیش بە ناچار گرووپێکی دەسەڵاتدار هەیە، بەڵام پارەتو دژایەتی دێمۆکراسی دەکا، هەروەک بڵێی دێمۆکراسی مەترسێکی جیدییە بۆ سەر ئەو گرووپە ئێلیتیە.

21. Pareto, A Treatise on general sociology, chaps 6-8.

٢٢. ئەوە بەراورد کەن دەگەڵ بیروڕای میزل"... هێزە کۆمەڵایەتییەکانی موسکا وەک چینەکانی مارکس ڕەنگدانەوەی تەواوی ئاڵوگۆڕە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی ژیارێکی لە کاتی گۆڕانیان پێوەدیارە. دەگەڵ هەر نیازێکی نوێ، هێزی کۆمەڵایەتی تازە بۆ وڵامدانەوەی ئەو پێویستییە نوێیانە لە دایک دەبن و داوای بەشی خۆیان لە دەسەڵات دا دەکەن.

Meisel, *The Myth of the Ruling class,* P. 303

23. H.D.lasswell

24. Hoover Institute

25.Lasswell, in H. D. Lasswell, D. Lerner and C. E. Rothwell, The comparative study of Elites.

26. Raymond Aron ‘’social structure and the Ruling class’’, and ‘’class social, classe politique, classe dirigeante.’’

٢٧. "پرسی سازدانی تێکەڵاوییەک لە کۆمەڵناسی "چینایەتی" و کۆمەڵناسی "ئێلیتیستی"... دەکرێ وەرگێڕینە سەر ئەو پرسیارە: چ پێوەندایەتییەک لە نێوان جۆراوجۆری گرووپ گەلە کۆمەڵایەتییەکان و زنجیرە پلەی سیاسی لە کۆمەڵگا نوێیەکان دا هەیە؟

28. Raymond.Aron, The opium of the Intellectuals.

٢٩. ڕەیمۆن ئارۆنیش ئەو بابەتە لە وتاری ژێرەوە دا پێشنییار دەکا و منیش تا ڕادەیەک ڕێرەوی ئەو هزرە دەکەم.

Aron, "classe sociale, class politique, class dirigeante".

٣٠. موسکا و پارەتو جەختیان دەکردە سەر تایبەتمەندیی ئابژێکتیو و زانستییانەی لێکۆڵینەوەکانیان کە هەڵبەت لە کتێبی خوارەوودا لێهاتوویی ئەوان بە ڕوانینێکی شیاو هەڵسەنگێندراوە.

James Burnham, The Machiavellians

٣١. ڕەخنەگری ڕێبازەکان و جووڵانەوە سوسیالیستییەکان تایبەتمەندێکی بەرچاوی کتێبی میخێلز Robert Michels, political parties ـە کە دواتر زیاتر باسی لێوە دەکەین.

32. C. J. Friedrich

33. T. Carlyle

34. F.Nietzsche

35. J.Burckhardt

36. Carl j.Freidrich, The new Image of the common Man.

37. Charisma

38. Max Weber

39. G.lukacs, The Destruction of Reason.

40. J. A. Schumpeter, capitalism, Socialism and democracy.

41. Karl Mannheim, Ideology and utopia .119.

42. Karl Mannheim, Essays on the sociology of culture, part ,p.179

43. .laissez-faire

44. Schumpeter,capitalis,Socialism and Democracy,p.271



45. Raymond Williams, Culture and Society, p.236.

46. Moska, The Ruling class, p.327.

47. R.Michels

48. Meisel, The Myth of the Ruling class, p.10.

49. kolabinska, la circulation des elits en France, p.5.

"نادێل"یش لە وتاری ژێروو دا جەخت دەکاتە سەر "سەروەریی کۆمەڵایەتی" وەک تایبەتمەندییەکی جوێکەرەوەی گرووپێک ئێلیت، بۆ ئەوەی سرنج بداتە لایەنی ئیدئۆلۆژیکی ناوئاخنی ئەو چەمکە:

S.F.Nadel,’ The concept of social Elites’’.

# بەشی دووەم

## لە چینی دەسەڵاتدارەوە تا ئیلیتە دەسەڵاتدارەکان

هەروەک بینیمان ئۆگری موسکا و پارەتو بۆ سازدانی زانستێکی سیاسی نوێ، بە هاندەری بەرهەڵستکاری لەگەڵ سوسیالیزم بە تایبەت دەگەڵ تیۆری کۆمەڵایەتی مارکس دا، سەری هەڵدابوو، تیۆرییەک کە هێزی فکری و متمانە بەخۆیەکی بەرچاوی دابووە جووڵانەوەی روو لەگەشەی کرێکاران . بەڵام داخوا زانستی نوێی ئەو دوو بیرمەندە، کە جیمز بێرنهایم ناوی ناون "ڕێرەوانی ماکیاولی[1] "سەروەری هەیە بە سەر تیۆرییەکەی مارکس دا سەبارەت بە چینە کۆمەڵایەتی و کێشمەکێشە چینایەتیەکان دا؟

تیۆرییەکەی مارکس دەتوانرێ بە شێوەیەکی کورت لە چوارچێوەی ڕستەکانی ژێرەوە دا بخرێتەڕوو:

١. لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکان بەم لاوە، لە هەر کۆمەڵگایەک دا، دەتوانرێ دوو گرووپ لە خەڵک دیاری بکرێن: A – چینێکی دەسەڵاتدار و B – یەک یان چەند چینی ژێردەست.

٢. دەبێ پێگەی زاڵی چینی دەسەڵاتدار لە ڕێگەی خاوەندارێتی ئەو چینە بە سەر ئامرازە سەرەکییەکانی بەرهەم هێنانی ئابوورییەوە راقە بکرێ. بەڵام باڵادەستی سیاسی ئەوان لە ڕێگەی کۆنترۆڵ کردنێکەوە پتەوتر دەبێ کە ئەم چینە بە سەر هێزی نیزامی و ئافراندنی هزرەکان دا هەیەتی.



٣. کێشمەکێشی بەردەوام لە نێوان چینی دەسەڵاتدار و چین یان چینە ژێردەستەکان لە ئارادایە کە چۆنیەتی و ڕەهەندەکەی زۆرتر لە ژێر کاریگەری گەشەی هێزە بەرهەم هێنەرەکان دایە واتە لە ژێر کاریگەری ئاڵوگۆڕە تێکنۆلۆژیکییەکان.

٤. لە کۆمەڵگا کاپیتالیستییەنوێیەکان دا، کێشمەکێشی چینایەتی بە زەقترین شێوە خۆ دەنوێنێ، لەبەر ئەوە یەکەم لەو جۆرە کۆمەڵگایانە دا جیاوازی بەرژەوەندییە ئابوورییەکان بە شێوەیەکی روون و ئاشکرا و دوور لە هەر چەشنە لێڵی و ناڕوونییەک کە لە پێوەندییە کەسێنییەکانی وەک پێوەندییەکانی کۆمەڵگای فێئۆدالییەوە دەردەکەوتن، بەرچاودەکەوێ، و دووهەم گەشەی کاپیتالیستی لە ڕێگەی کەڵەکەبوونی بێ هاوتای سامان و نەداری لە دوو جەمسەری کۆمەڵگا دا و، وەلانرانی بەرەبەرەی توێژە کۆمەڵایەتییە مام ناوەندییەکان، دەبێتە هۆی پۆلاریزەبوونی بنچینەیی تری چینەکان، لە بەراوردکردن دەگەڵ هەر جۆرە کۆمەڵگایەکیتر دا.

٥. کێشمەکێشی چینایەتی لە کۆمەڵگای کاپیتالیست دا بە سەرکەوتنی چینی کرێکار کۆتایی پێدێ و بە دوای ئەو سەرکەوتنەش دا، کۆمەڵگای بێ چینی سوسیالیستی دێتەکایەوە. هۆکارگەلێک بۆ چاوەڕوانی سەرهەڵدانی وەها کۆمەڵگایەک دەخرێنەڕوو.

١. ویستی کاپیتالیستی نوێ، بۆ هێنانەکایەی چینێکی کرێکاری یەکدەست و وەک یەک کە ئەگەری دابەشبوونی کۆمەڵایەتی نوێ لە ناویدا لە دوا ڕۆژدا بوونی نییە.

٢. خەباتی چینایەتی کرێکاران، خۆی هاریکاری و هەستی هاوپێوەندی لێدەکەوێتەوە و ئەو هەستە بە هۆی ئەو گرووپە لە ڕێبازە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیانەی لە جووڵانەوەی شۆڕشگێر کەوتوونەوە و لە هزری مارکسیش دا هەن هێز وەردەگرێ.

٣. کاپیتالیزم پێش مەرجە ماددی و فەرهەنگییەکانی کۆمەڵگایەکی بێ چین دابین دەکات: پێش مەرجە مادییەکان لە ڕێگەی هێزی زۆری بەرهەم هێنانی خۆیەوە کە پێداویستە سەرەکییەکانی سەرجەم تاکەکان بەجێدێنێ و لە توندی و گوژمی هەوڵدان بۆ مانەوەی ماددی کەم دەکاتەوە، و پێش مەرجە فەرهەنگییەکانیش لە ڕێگەی زاڵ بوون بە سەر "نەزانی ژیانی لادێیی"، گەشە پێدانی خوێندەواری،

بڵاوکردنەوەی تێگەیشتنی زانستی و، تێوەگلاندنی کۆمەڵانی خەڵک لە ژیانی سیاسیدا [لەرێگەی گەیشتن بەکۆمەڵێکی بێ چین خۆشتر دەکات].

تیۆری مارکس یەک لە هەمە لاگرترین و رێک وپێک ترینی تیۆرییەکان بوو کە تا ئەوسا لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان دا سەری هەڵدابوو و بە ئاوڕدانەوەیەک لە ڕابردوو شتێکی سەیر نییە کە ئەو تیۆرییە زیاتر لە سەدەیەک ئەوها خۆی سەپاندە سەر هزرە کۆمەڵایەتییەکان و کاری کردۆتە سەر گەشەی جووڵانەوەی کرێکاری. لە لایەکی ترەوە سەیر نییە کە بوێری و بەربڵاوی گشتاندنەکانی ئەم تیۆرییە و هەروەها ئەو قوتابخانە شۆڕشگێڕییەی لە سەر بنەمای ئەو گشتاندنانە دامەزراوە، زۆرترین رەخنەی لێ گیراوە. ئەو رەخنانە لە لایەنی جۆراوجۆرەوە هاتوونە ئاراوە. لە لایەکەوە، راڤەی ئابووری مێژوو وەک تیۆرییەکی تاک هۆیی کە بەتەواوی ناتوانێ باس لە ئاڵۆزی ئاڵوگۆرەکانی مێژوو بکا کەوتۆتە بەر پەلامار. موسکا و پارەتو هەردووکیان بە هەمان شێوەی ماکس وێبر بەڵگە دێننەوە.[*] بەڵام ئەوان لە درێژەی باسەکەدا، تیۆرییەکەی مارکسیان بە شێوەیەکی پاساوهەڵنەگر بەربڵاوتر دەکردەوە. مارکس هیچ کات نەی دەووت کە سەرجەم ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان دەتوانرێ لە رێگەی هۆکارە ئابوورییەکانەوە لێک بدرێنەوە. مارکس تەنیا داوای ئەوە بوو کە چەشنە سەرەکییەکانی کۆمەڵگا، بە تایبەت لە چوارچێوەی ژیاری ئوروپادا دەتوانرێ بە پێی سیستەمە ئابووریەکانیان لێک جیا کرێنەوە و هەروەها دەتوانرێ ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییە سەرەکییەکان لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر بە باشترین شێوە لە رێگەی ئەو ئاڵوگۆڕانەوە بخەینە ڕوو. [ئەو ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییە سەرەکییانەی] کە لە بواری چالاکییە ئابوورییەکانەوە دێنەدی دەبنە هۆی بەدیهاتنی گرووپ گەلێکی نوێی کۆمەڵایەتی بە بەرژەوەندی نوێوە.

بۆ ڕەخنەیەکی جیددیتر لە تیۆری مارکس دەبێ پێشان بدرێ کە یەک یان چەند جۆر لە جۆرە سەرەکییەکانی کۆمەڵگا کە مارکس دیاری کردوون لە رێگەی کاریگەری هۆکاری نائابوورییەوە هاتوونەدی، سەقامگیربوون، یان ئەوەتا لێک بڵاوبوون. بۆ وێنە، ئەوە هەر ئەو شتەیە کە شومپیتر لە کاتی جەخت کردن لە سەر دژواربوونی خستنەرووی سەرهەڵدانی فێئودالیزمی ئوروپایی بە پێی هۆکاری ئابووری رووت و



هەروەها جەخت کردن لە سەر ویستی بنیاتە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ڕاگرتنی چوارچێوەی خۆیان لە بارودۆخی ناجێگیری ئابوورییەکان دا لەبەر چاوێتی:

پێکهاتەکان، چەشنەکان و، لێ تێگەیشتنە کۆمەڵایەتییەکان پارەگەلێکن بە سانایی ناتوێنەوە؛ هەر کە فۆڕمیان گرت رەنگە بۆ چەندین سەدە دەوام بێنن. و چونکە پێکهاتە و جۆرە جیاوازەکان پلەگەلی جیاواز لە بواری توانایی مانەوە لە خۆیان پێشاندەدەن، هەر بۆیە هەردەم کرداری گرووپی و نەتەوەیی لە پراکتیک دا، جیاوازە لەو شتە کە لە فۆڕمە باڵادەستەکانی ڕەوتی بەرهەمهێنان هەڵدێنجرێ. هەر چەند ئەم پرسە تەواو گشتگرە بەڵام روونترین بەڵگەی راستی ئەو دەتوانرێ لە جێگەیەک دا بەدیبکرێ کە پێکهاتە یەکی زۆر بەردەوام لە وڵاتێکەوە دەگوازرێتەوە بۆ وڵاتێکی تر بە شێوەیەکی یەک جێ. بابەتێکی تری پێوەندیدار بەم پرسەوە خاوەن گرنگییەکی ئەوتۆ نییە. سەرهەڵدانی زەوییداری فیئۆدالی لە سەردەمی دەسەڵاتدارێتی پاشایی فرانکەکان لە سەدەی شەشەم و حەوتەمی زایینی دا لە بەرچاو بگرن. ئەو پێشهاتە بێگومان گرنگترین ڕووداوێک بوو کە فۆڕمی دایە پێکهاتەی کۆمەڵگا لە درێژەی چەندین قۆناغ دا و هەروەها کاریگەری هەبوو لە سەر هەلومەرجی بەرهەم هێنان، وەک پێداویستییەکان و تێکنۆلۆژی. بەڵام ساناترین شرۆڤە [بۆ ئەو دیاردەیە] دەبێ لە کردەوەی هەمان رێبەرایەتی سیستەمێک دا بدۆزینەوە کە لە پێش دا کەڵەکەکرا بوو لە تاک گەل و بنەماڵە گەلێک کە (دەگەڵ پاراستنی فۆنکسیۆنی نیزامی دا) پاش دەست بە سەرداگرتنی یەکجارەکی وڵاتە نوێیەکان بوون بەزەوییدارانی فیئۆدال.[٢]

شرۆڤەی سەرهەڵدانی کۆمەڵگای فیئودالی لە ئورووپا و شوێنەکانی تردا بۆ تیۆری مارکسیستی دژوارە، لەبەر ئەوەی هەرچەندە دەتوانین وابیر بکەینەوە ئەو جۆرە کۆمەڵگایانە وەک ئاکامی ڕاستەوخۆ تێکەڵاوی دوو نەریتی سەرۆکایەتی سیستمێک

لەگەڵ زەوییداری گەورە لە کۆمەڵەکی چەقبەستووی لادێییدا بێ (و ئەو بۆچوونە بە تەواویش لە چوارچێوەی شرۆڤەی ئابووری مێژوو بەدەر نییە) دەگەڵ ئەوەش دا کۆمەڵگای فیئۆدالی زۆرتر وەک دیاردەگەلێکی سیاسی دەخرێنەروو کە لە وڵام بە نایەکدەستی (نەبوونی یەکگرتوویی) ئیمپراتۆرگەلی ناوەندی دا سەریان هەڵداوە.

هەر لەم راستایەدا ڕەخنەیەکی سەرەکیتر لە تیۆری مارکس، ڕەخنە و سازبوونی شک لەمەڕ راڤەی ئابووری ئاخێزگەکانی کاپیتالیستی نوێ دایە. مارکس بە بەربڵاوترین شێوە لێکۆڵینەوەی کردووە لە مەر گۆاستنەوە لە کۆمەڵی فیئۆدالییەوە بۆ کۆمەڵگای کاپیتالیستی و خۆشی لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە بەڵگەی سەلمێنەری دەستەبەر کردووە بۆ داکۆکی کردن لە تیۆرییەکەی. بەناوبانگترین وێنەی ئەو جۆرە ڕەخنانە تێکۆشانی ماکس وێبر لە کتێبی *ئەخلاقی پرۆتستان و ورەی کاپیتالیستی* دایە.[٣] وێبر لەو نووسراوەیەیدا بەدوای سەلماندنی ئەو بابەتەیەوە کە رسکان و گەشەی کاپیتالیزمی نوێ جگە لە ئاڵوگۆڕە ئابوورییەکان و پێکهاتنی چینێکی نوێ کە مارکس بە پێویستی دەزانی، پێویستی بە ئاڵوگۆڕێکی ڕادیکاڵ لە تێگەیشتنی تاکەکان سەبارەت بە کار و کەڵەکەبوونی سامان بووە و ئەوەش هەمان شتە کە ئایینی پرۆتستان بەدیهێناوە. وێبر ئاڵوگۆڕێکی زۆری لە بەڵگەکانی دا پێک هێنا – بۆ وێنە لەگەڵ ئەوەدا بوو کە ئایینزاکانی پرۆتستان زۆرتر لەلایەن هەمان ئەو گرووپە کۆمەڵایەتیانەوە وەردەگیرا کە لە پێشترەوە سەرقاڵی چالاکی گەلی ئابووری بە شێوەی کاپیتالیستی بوون – دەگەڵ ئەوەش دا، باسەکەی وەک چالاکییەک بۆ پووچەڵکردنەوەی تیۆرییەکەی مارکس خۆدەنوێنێ، لەبەر ئەوە وێبر نایسەلمێنێ کە گۆڕان لە فیئودالیسمەوە بۆ کاپیتالیزم تەنیا یان زۆرتر لە رێگەی هۆکاری ئابوورییەوە هاتبێتەدی. بەڵام داخوا باوەری وێبر راستە؟ ئەم تیۆرییە لە چەند لایەنەوە ڕەخنەی لێ گیراوە: یەکەم تیۆرییەکەی ئەو لە بواری ئەو وێنەیەی کە لە ڕەوشتی پرۆتستان و پێوەندیی پرۆتستانتیسم لەگەڵ بنیاتە ئابوورییە کاپیتالیستییەکان دەیخاتە ڕوو لە ڕوانگەی مێژوویەوە هەڵەیە و، لەوانەش گرنگتر ئەوە کە تیۆرییەکەی نێوبراو شیکردنەوەیەکی سەربەخۆیانە بۆ سەرهەڵدانی کاپیتالیزم ناخاتەروو. بۆ ئەو مەبەستە وێبر نە تەنیا دەبوو پێشان بدا کە ڕەوشتی



پرۆتستان تۆخمێکی دیارە لە فۆرم گرتنی تێگەیشتنە ئابوورییە نوێیەکان دا، بەڵکو هەروەها دەبوو بیسەلمێنێ کە هیچ کام لە بیرۆکەکانی تر کە لە ناوەندە بوورژوازییەکان دا لە حاڵی وەدیهاتن دا بوون نەیان دەتوانی کارتێکەرییەکی وەهایان هەبێ و هەربۆیەش ڕووداوی مێژوویی چاکسازی مەسیحییەت بۆ بەدیهێنانی کاپیتالیزم گرنگییەکی بنەڕەتی هەبووە. لەو ساڵانەی دوایی دا بەرەبەرە تیۆرییەکەی وێبر لە ژێر ئەو ناوە کە زۆرتر لە تیۆری مارکس جەخت دەکاتە سەر گرنگی رۆڵی ئیدئۆلۆژییەکان لە تووند کردن یان هێورکردنەوەی ئاڵوگۆڕە کۆمەلایەتییەکان بەخۆ بە خاکەڕاییەکی زیاترەوە هەڵسەنگێندراوە.[٤] (ئەوە لە کاتێک دایە کە مارکس، یوتالیتاریانیسم وەک ئیدئۆلۆژی بوورژوازی راڤە کردووە). ئیمڕۆ لەوانەیە زۆرتر بتوانین قامک لەسەر گرنگی ئیدئۆلۆژییەکان لە ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دا دانێین، لەبەر ئەوە لەلایەک دەستکەوتەکانی مارکسیمان وەک ئیدئۆلۆژییەک تاقی کردۆتەوە کە هەم ڕۆڵێکی گرنگی لە پیشەسازی بوونی خێرای یەکێتی سۆڤیەت دا هەبووە و هەمیش لە گێڕانەوە (روایت) ستالینیستیەکەشی دا کە کۆمەڵگایەکی تۆتالیتری لێکەوتۆتەوە، و لەلایەکی ترەوە شایەتی کاریگەری کولکەرەوەی باوەڕە سوننەتییەکان لە هیندێک لە وڵاتە بەرلەپیشەسازییەکانەوە بووین.

بایەخی چەمکی چینی مارکس بە راستی و دروستی تیۆرییە کۆمەڵایەتییە گشتییەکەی ئەوەوە بەستراوەتەوە؛ ئەگەر تیۆری نێوبراو پرستیژێکی گشتگری جیهانی نەبێ ئەوسا دەکرێ وایدانێین کە چینێکی دەسەڵاتدار بە هەمان ڕادە کە لەوانەیە لە دایکبووی خاوەنداریێتی ئامرازەکانی بەرهەم هێنان بێ دەتوانێ لە دەسەڵاتی نیزامی، یان لەو دوایانەدا لە دەسەڵاتی حیزبێکی سیاسی دا ریشەی هەبێ. بەڵام دیسانیش دەکرێ لەو بڕوایە دابی کە پەتەوبوونی چینێکی دەسەڵاتدار پێویستی بە خڕبوونەوەی جۆرە جیاوازەکانی دەسەڵاتە – وەک ئابووری، نیزامی و سیاسی – و لە پراکتیکیش دا لە زۆربەی کۆمەڵگاکان دا فۆرم گرتنی ئەو چینە بە وەدەست خستنی دەسەڵاتی ئابوورییەوە دەستی پێکردووە. بەڵام ئەم وتەیە پرسێکی ڕادیکاڵتر سەبارەت بە بیرۆکەی بوونی چینی دەسەڵاتدار دێنێتە ئاراوە: تۆ بڵێی لە هەموو کۆمەڵگاکان دا جگە لە کۆمەلگا سەرەتاییەکان وەها کۆکردنەوەی دەسەڵاتێک

بێتەدی و بە هۆی ئەوەوە چینێکی دەسەڵاتدار پێک بێ؟ هەر لێرەدا دەبێ وەبیر بێنینەوە کە جۆرە جیاوازەکانی کۆمەڵگا، لە گەڵ مۆدێلی مارکس لە کۆمەڵگایەک دا کە بە ئاشکرا لە نێوان چینێکی دەسەڵاتدار و چینەکانی ژێردەست دا دابەشکراوە بەیەک ڕادە لەگەڵ یەک نایەنەوە. لەوانەیە باشترین وێنە، فێئۆدالیسمی ئورووپایی بێ. لایەنێکی دیاری فێئۆدالیسمی ئورووپایی دەسەڵاتی چینێکی شەرکەر[٥] بوو کە خاوەندارێتی زەوی، هێزی نیزامی و ئۆتۆرییتەی سیاسی بە شێوەیەکی ئەرخەیان لەدەست دابوو و لەلایەن کڵیسەیەکی بەهێزیشەوە پاڵپشتی ئیدئۆلۆژیکی لێدەکرا. بەڵام تەنانەت لەو بوارەش دا دەبێ چەند مەرجی لێ زیاد کرێ. بیرۆکەی بوونی چینێکی دەسەڵاتداری یەکدەست، لەگەڵ نەبوونی ناوەندارێتی دەسەڵاتی سیاسی کە لایەنی دیاری کۆمەڵگای فێئۆدالییە جیاوازی هەیە و، لە قۆناخێک دا کە ئەم نەبوونی ناوەندارێتییە – وەک لە سیستەمە پاشاییە سەرەرۆیەکان – لەناوچوو کۆمەڵگا ئورووپاییەکانیتر بە مانای تەواوی وشە لە ژێر دەسەڵاتدارێتی ئەریستۆکراسییەکی شەرکەر دانەبوون. دەگەڵ ئەوەش دا، ئەریستۆکراسی ڕژیمی کۆن[٦] [لە فەرانسادا] بەراستی لە شێوەیەکی ئیدەئالی چینێکی دەسەڵاتدار نزیک دەبێتەوە.

وێنەیەکی تر کە لە زۆر ڕووەوە، بە باشی دەگەڵ مۆدێلەکەی مارکس یەک دەگرێتەوە، بورژوازی سەردەمی سەرەتای کاپیتالیزمە. گەشەی بورژوازی وەک چینێکی کۆمەڵایەتی گرنگ بە باشی دەکرێ لەسەر بنەمای ئاڵوگۆڕە ئابوورییەکان شیبکرێتەوە. سەرهەڵدانی ئەو چینە لە بواری ئابووری دا، بە وەدەست خستنی پێگەکانی دەسەڵات و متمانە لە کۆمەڵگادا – واتە لە سیاسەت، حکومەت، هێزە چەکدارەکان و سیستەمی فێرکردن و ڕاهێنان – هاورێ بوو. ئەو دەست بەسەر داگرتنەی دەسەڵات لە بیاڤە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا لە درێژەی ڕەوتێکی دووردرێژ و ئاڵۆزدا هاتە ئاراوە کە لە هەر کام لە وڵاتانی ئورووپایی دا تایبەتمەندی تایبەتی خۆی هەبوو. مۆدێلی مارکسیش ئابسترەیەک بوو لە ڕاستێتی ئاڵۆزی مێژوویی کە لەسەر بنەمای ئەزموونەکانی شۆڕشی فەرانسا – واتە توندوتیژترین دیارکەوتنی ئیدئۆلۆژی و سیاسی سەرهەڵدانی چینێکی نوێ – و ئەزموونەکانی شۆڕشی پیشەسازی ئینگلیز ڕادەوەستا.



دەگەڵ ئەوەش دا، مۆدێلی ڕووداوەکان بە ڕاستی دەگەڵ پلانەکەی مارکس دا بە تەواوی کۆکن. لە بریتانیادا یاسای ڕیفۆڕمی هەڵبژاردن لە ساڵی ١٨٣٢دا هێزی سیاسی دایە بورژوازی و ئەوەش، ئەگەریش تا ماوەیەکی زۆر نەبووە هۆی ئاڵوگۆڕ لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی پارڵمان و کابینەکان دا.[٧] بەڵام ئاڵوگۆڕێکی لە تایبەتمەندی یاسادانان دا هێنایە کایەوە؛ ڕێفۆڕمی سیستەمی پیشە دەوڵەتییەکان لە دوای ساڵانی ١٨٥٥وە ڕێگەی لە بەردەم ئەو تاکانەی لە بەشەکانی سەرووی چینی مام ناوەندی دا بوون و خۆازیاری پلەبەرزترین پۆستەکانی بەڕێوەبەرایەتی بوون کردەوە[٨]، و پەرەسەندنی قوتابخانە تایبەتییەکان هەلی نوێ بۆ مناڵانی بنەماڵە تازە بەسەرداکەوتووەکانی پیشەسازی و تیجاری ڕەخساند تا بۆ پۆستە هەڵبژاردەکان پەروەردە بکرێن. بە پێی شیتەڵکاری مارکس، بورژوازی لە لایەن پسپۆڕانی ئابووری سیاسی و فیلسووفە یوتالیتاریانەکانەوە پاڵپشتی ئیدئۆلۆژیکی بەهێزی هەبوو.

دەگەڵ ئەوەش دا، لەڕواڵەت دا بوورژوازی وەک چینێکی دەسەڵاتدار، لە بەراورد دەگەڵ ئەریستۆکراسی فێئۆدالی دا، لە هێندێ بواردا یەکریزی و یەکدەستی کەمترە. ئەو چینە لە پراکتیک دا دەسەڵاتی نیزامی، سیاسی و ئابووری لە دەستی تاقمێک لە تاکەکان دا کۆناکاتەوە و هەربۆیەش ئەگەری پێکدادان لە نێوان بەرژەوەندی گرووپە جیاوازەکان کە (بەوتەی مارکس) نوێنەری بوورژوازین دێتە ئاراوە. ئەوساکە، کۆمەڵگای کاپیتالیستی لە کۆمەڵگای فێئۆدالی کراوەتر و دینامیک ترە و بەتایبەت لەبواری ئیدئۆلۆژییەوە هاوکات دەگەڵ گەشەی پیشە فکرییە باوەکان، ئەگەری سەرهەڵدانی ڕێبازی بەرهەڵستکاریش لە ئارادایە. مارکس چاوەڕووانی دەکرد هاوکات دەگەڵ گەشەی کاپیتالیستی، دوو چینی سەرەکی ــ واتە بوورژوازی و چینی کریکاری پیشەیی ــ پۆلاریزەتر بن و دەسەڵاتی بوورژوازی زەقتر و دژوارتر بێ. بەڵام لە کۆمەڵگای کاپیتالیستی پێشکەوتوودا وەها شتێک نەهاتە ئاراوە: بوارە جیاوازەکانی دەسەڵات، زیاتر لێک دابڕان و سەرچاوەکانی دەسەڵات فرەتر و هەمەجۆرتر بوون؛ لە بەریەک ڕاوەستان و ناکۆکی نێوان "دوو چینی گەورە"ی باسکراو لەلایەن مارکسەوە لەڕێگەی گەشەی چینە مام ناوەندییە نوێیەکان و هەروەها بە هۆی فرەچەشنی زۆر ئاڵۆزی پیشەکان و پێگە کۆمەڵایەتییەکان کەم

کراوەتەوە و، لانیکەم لە ١٩٤٥ بەولاوە دەسەڵاتی سیاسی لەسەریەک نەرمتر بۆتەوە و لە تایبەتمەندییە سەرکوتکەرەکەی کەمبۆتەوە.

تۆخمێکی گرنگ لەو ئاڵوگۆڕەدا، هاتنەکایەی بەکاوەخۆی مافی دەنگدانی گشتی بووە بۆ ئەو تاکانەی گەیشتبوونە تەمەنی یاسایی لە درێژەی سەدەی بیستەم دا کە ئەمەش لەبنەڕەت دا دەبێتە هۆی جیاوازی لە نێوان دەسەڵاتی ئابووری و دەسەڵاتی سیاسی. خودی مارکس باوەڕی وابوو کە وەدەست هێنانی مافی دەنگدانی گشتی هەنگاوێکی شۆڕشگێڕانە دەبێ و دەسەڵاتی سیاسی دەداتە دەستی چینی کرێکارەوە. بەو پێیە هەرچەند پێوەندارێتی نێوان دەسەڵاتی سیاسی و دەسەڵاتی ئابووری سەبارەت بە کۆمەڵگای فیئۆدالی، یان سەبارەت بە کاپیتالیزمی سەرەتایی کە بەهرەمەندبوون لە مافی سیاسی بۆ سامانداران بەرتەسک دەکرد بە سانایی دەکرێ بسەلمێنن. بەڵام لەمەڕ دێموکراسییە کاپیتالیستییە نوێیەکانەوە، ئەو کارە وا بە سانایی رێی تێناچێ و لەبەر ئەوە چەمکی چینێکی دەسەڵاتداری لێک جیا و خۆژێنەر، لێرەدا لەق و لێڵ دەبێ.

هۆکارێکی گرنگیتر، گەشەی دەوڵەتی خۆش بژێوییە لە ساڵانی دوای شەڕی دووهەمی جیهانی و، دەستێوەردانی زۆری دەوڵەتی دێموکراتیک لە رێکخستنی ژیانی ئابووری دا بووە کە جاروبار بە تایبەت لە ڕۆژئاوای ئورووپادا __ واتە لە رێگەی ستاندنی ماڵیاتی بەرزەڕوو (تصاعدی)، پەرەگرتنی خاوەنداریتی گشتی، و جێگیرکردنی ئاستێک لە پلاندارێژی ئابووری رەنگ و بۆنی "سوسیالیستی تری" لێکەوتۆتەوە. بەڵام دەگەڵ هەموو ئەو ئاڵوگۆڕانەش دا دەکرێ بەڵگە بێنینەوە کە چینی کاپیتالیست هێشتاش دەسەڵاتی ئابووری و سیاسی بەرچاوی هەیە و بگرە لە زۆر بواردا دەسەڵاتی لە چاو نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەم دا زیادی کردووە: لەبواری ئابووری دا لەرێگەی کۆکرانەوەی زۆری سەرمایە لە دەست کۆمپانیا گەورەکان دا و، لەبواری سیاسیش دا لەرێگەی گەشەی چینە مامناوەندییەکان و کەم کردنەوەی ژمارەی تاکەکان و بڕشتی چینی کرێکاری سوننەتییەوە.

بەکورتی ئەوانە هیندێک لەو گرفتە سەرەکییانەن کە لە چەمکی چینی دەسەڵاتداری مارکس دا بەدیدەکرێن. بایەخی ئەم تیۆرییە لەوەدایە کە بۆ لێکدانەوەی



سەرچاوەکانی دەسەڵاتی سیاسی و دەرخستنی ئاڵوگۆڕە سەرەکییەکان لە رژیمی سیاسی دا هەوڵێکی بەرچاو دەنوێنێ. مارکس بە پاڵپشتی ئەم چەمکە یەکەم توانی بیرۆکەیەک کە هەردەم لە زەینی خەڵک دا و لە تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکان دا دەهاتەئاراوە، واتە ئەم بیرۆکەیە کە دابەشکاری کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە گرووپێکی دەسەڵاتدار و چەوسێنەر لە لایەک و گرووپە ژێردەست و چەوساوەکان لەلایەکیترەوە کە یەکێک لە تایبەتمەندییە پێکهاتەیی و سەرەکییەکانی ئەو کۆمەڵگایانەیە[9] بەشێوەیەکی وردتر دەربڕێ؛ دووهەم بە گرێدان و تێکەڵکردنی زۆرێک لە ڕاستییە ئابووری، سیاسی و فەرهەنگییەکان کە پێشتر بێ پێوەندی دەگەڵ یەکتر دەهاتنە بەرچاو، توانی شیتەڵکاری ئەو دابەشکارییە بەدەستەوە بدا؛ و سێهەم لە سەربنەمای بیرۆکەی سەرهەڵدان و داکەوتنی چینەکانەوە توانی هۆی ئەو ئاڵوگۆڕانە کە لە ستروکتووری کۆمەڵگا دا ڕوودەدەن تێبگا. هەروەک بینیمان چەمکی "ئێلیتە دەسەڵاتدارەکان" تارادەیەک بەو مەبەستە هاتەبەرباس کە نەگونجاوبوونی پێکهاتنی کۆمەڵگایەکی بێ چین پێشان بدا، بەڵام مەبەستێکی تر لە خستنەڕووی چەمکی ناوبراو زاڵبوونە بەسەر هەمان ئەو ئاستەنگە تیۆریکانەی کە لەسەرەوە دا باسمان کردن. بەتایبەت لە تیۆری ئێلیتە دەسەڵاتدارەکان دا پێویست بە سەلماندنی ئەو بابەتە ناکا کە چینێکی تایبەت کە بەپێی پێگەی ئابووری خۆیەوە واتەدەکرێ بەراستی دەست دا دەگرێ بەسەر هەموو بیاڤە کۆمەڵایەتییەکان دا؛ بەڵام ڕاست هەر بەو هۆیە هیچ هەوڵێک بۆ دەرخستنی ئەو دیاردانەی چەمکی ئێلیتە دەسەڵاتدارەکان هیمایان بۆ دەکا ناکرێ. بەپێی باوەڕی موسکا و پارەتو، گرووپی ئێلیتی دەسەڵاتدار تاک گەلێک لەخۆدەگرێ کە پێگە ناسراوەکانی دەسەڵاتی سیاسیان لە کۆمەڵگا دا داگیرکردوە. بەو پێیە کاتێک دەپرسین چ کەسێک لە کۆمەڵگایەکی تایبەت دا دەسەڵاتی هەیە؟ وڵام ئەوەیە کە ئەو تاکانەی دەسەڵاتیان هەیە، واتە ئەوانە وا پێگەیەکی دیاریکراویان بۆخۆیان داگیر کردووە. ئەو وڵامە بە هیچ جۆر ڕوونکەرەوە نییە. لەبەر ئەوە پێمان ناڵێ کە ئەو تاکە تایبەتانە چۆن پێگەکانی دەسەڵات داگیردەکەن. یان تەنانەت دەتوانن ڕێونکەربن و وەها شتێک کاتێک دێتەئاراوە کە بۆ وێنە کەسانێک کە بەڕواڵەت لە سیستەمی رواڵەتی حکوومەت دا، دەسەڵاتیان بە

دەستەوەیە لە راستیدا ڕێرەوی دەسەڵاتی تاک یان گرووپ گەلێکی ترن کە لە دەرەوەی ئەو سیستەمەوەن. بیرۆکەی ئێلیتە دەسەڵاتدارەکان پاڵپشتییەکی ئەوتۆ لە روونکردنەوەی گۆڕانکارییە سیاسییەکان ناکا. تیۆری جێگۆڕکێی ئێلیتەکانی پارەتو کە لەبەشی داهاتوودا باسی لێوەدەکەین لەسەر بنەمای زنجیرە ئیدیعایەک سەبارەت بە تایبەتمەندیگەلی دەروونناسانەی تاکەکان راوەستاوە؛ بەڵام ئەو ئیدیعایانە گرفتگەلێکی زۆریان هێناوەتە ئاراوە و تەنانەت لە نووسراوەکانی پارەتوش دا بە تاقی نەکراوەیی دەمێننەوە. لەلایەکی ترەوە، موسکا لە بابەت کێشەگەلی پێوەندیدار بە ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان ناچار دەبێ چەمکی "هێزە کۆمەڵایەتییەکان" (واتە گرووپە دەست ڕۆیشتوە گرینگەکانی کۆمەڵگا) وەک سەرچاوەی ئێلیتە نوێیەکان بخاتە ناو باسەکەوە و هەروەک میزل دەریبریوە ئەو بابەتە [موسکا] بەشێوەیەکی ناخۆش لە مارکس نزیک دەکاتەوە".[10]

ئاستەنگییە شاراوەکانی ناو چەمکی ئێلیتە دەسەڵاتدارەکان بەروونترین شێوە دەکرێ لە کتێبی *ئێلیتەکانی دەسەڵات*[11] لە نووسینی سی رایت میلز بەدی بکرێ. لەو بەرهەمەدا لەلایەک کاریگەریی مارکس و لەلایەکی تریشەوە کاریگەریی موسکا و پارەتو بەرچاو دەکەوێ. میلز باس لەوە دەکا کە بۆچی زاراوەی "ئێلیتە دەسەلاتدارەکان"ی لە سەرووی زاراوەی "چینی دەسەڵاتدار"ەوە داناوە:

"چینی دەسەڵاتدار" دەستەواژەیەکی ناجۆرە، "چین" زاراوەیەکی ئابوورییە و "حکوومەت" زاراوەیەکی سیاسی. بەوپێیە، دەستەواژەی "چینی دەسەڵاتدار"، لەم تیۆرییەدا جێدەگرێ کە چینی ئابووری لە بواری سیاسیەوە دەسەڵات بەرێوە ببات. لەوانەیە ئەو تیۆرییە لابڕە لە ساتەوەختی جیاوازدا راست یان ناراست بێ، بەڵام پێم خۆش نییە وەها تیۆرییەکی ساکار لەچوارچێوەی زاراوەگەلێک دا دەربڕین کە بۆ پێناسەکردنی پرسیارەکانی خۆمان کەڵکیان لێوەردەگرین. ئێمە دەخوازین تیۆرییەکان بەروونی و بەکەڵک وەرگرتن لەزاراوەگەلی وردتر و خاوەن واتای سەرراست دەربڕین. بەتایبەت دەستەواژەی "چینی دەسەڵاتدار" لە بواری ناوەرۆکە سیاسیە باوەکانی خۆی، دیسیپلینی سیاسی و کاربەرێوەبەرانی لەخۆبەرێوەبردن تەواو بێبەش دەکا و، لەمەڕ هێزی چەکداریش دا شیکردنەوەوەیەک بەدەستەوە نادا... بەباوەڕی ئێمە وەها ڕوانگەیەکی ساکار لە "هۆکاری ئابووری" دەبێ بەشێوەیەکی لێزانانە بە "هۆکارێ سیاسی " و " هۆکاری نیزامی" کامڵ بکرێن. هەروەها باوەڕمان هەیە کە تۆخمە سەروترەکانی هەرکام لەو سێ بوارە، ئیمڕۆ زۆرتر تارادەیەکی بەرچاو خاوەنی خۆبەرێوەبەریە و تەنیا لەریگەی هاوپەیمانییەتی ئاڵۆزترەوە، بڕیارە گرنگەکان دەدرێن و دەگەنە ئەنجام."[12]

شێوەی میلز لە واتەکردنی ئێلیتەکانی دەسەڵات زۆر وەک شێوەکەی پارەتو لەواتەکردنی "ئێلیتە دسەڵاتدارەکان" دەچێ. [میلز] دەلێ: "دەتوانین ئێلیتەکانی دەسەڵات بەپێی ئامرازەکانی دەسەڵات و وەک ئەو کەسانەی کە پۆستە سەرەکییەکانی فەرماندەریان لە دەست دایە واتەبکەین".[13] بەڵام شیتەڵکارییەکی کە لە دوای ئەو واتەکردنەوە دێ هیندێ تایبەتمەندی لەخۆدەگرێ کە جێی رەزامەندی نیە. یەکەم میلز سێ گرووپ ئێلیتی سەرەکی لە وڵاتە یەکگرتووەکان دا دیاری دەکا- سەرۆکی کۆمپانیاکان، رێبەرە سیاسییەکان و فەرماندەرە نیزامییەکان- و هەڵبەت ناچارە لە درێژەدا، لێکۆلینەوە بکا کە داخوا ئەو سێ گرووپە دەگەڵ یەکتر گرووپێک ئێلیتی دەسەڵات پێک دێنن یان نا، و ئەگەر وڵام ئەرێنییە چ شتێک ئەوان لێک گرێدەدا. وڵامێک کە لەوانەیە بەو پرسیارانە بدرێتەوە ئەوەیە کە بڵێن ئەو سێ گرووپە لەراستی دا گرووپێکی یەکدەست پێک دێنن لەبەر ئەوە ئەوان نوێنەری چینێکی سەرووترن کە لە ئاکام دا دەبێ وەک چینێکی دەسەڵاتدار بێنە ژمار. میلز هەرچەندە جەخت دەخاتە سەر ئەو خاڵە کە زۆربەی ئەندامانی ئەو سێ گرووپە ئێلیتە لەراستی دا لەچینێکی سەرووتری ناسراوی کۆمەڵگاوە هەستاون بەڵام لەسەرەتادا دەڵێ کە ئەم پرسە کە داخوا هەر ئەو چینە کە لە رێگەی ڕەهەندەکانی ئەو گرووپە ئێلیتانەوە دەسەڵات بەرێوە دەبا یان نا وەڵام ناداتەوە. و کاتێکیش لە رستە کورتەکانی ناوبراودا، دەگەڕێتەوە سەر ئەو پرسە، تەنیا مەبەستی رەدکردنەوەی بیرۆکەی مارکسیستی

سەبارەت بە چینی دەسەڵاتدارە. بەکورتی میلز هیچکات بەجیددی باس لەم پرسە ناکا و ئەوەش ناتەواوێکی سەرسووڕهێنەر لەو بوارە تایبەتەی کە ناوبراو تاوتوێی دەکا و هەروەها لە سەرجەم بیرۆکەکانی دا. میلز بەر لەوە نکۆڵی لە بوونی کۆنترۆڵی ئێلیتەکانی دەسەڵات لەلایەن خەڵکەوە و لەرێگەی هەڵبژاردن و ئامرازەکانی ترەوە بکا، جەخت دەکاتە سەر یەکگرتوویی گرووپی ئێلیت و هەروەها هاوچەشنی ئاخێزگە کۆمەڵایەتییەکانیان کە هەمووی ئەوانەش هێمایەکن بۆ پتەوتر بوونی چینێکی دەسەڵاتدار. فۆرمۆڵێکی کە میلز [بەکردەوە] بەدەستیەوە دەدا روون و وڵامدەرەوە نییە. فۆرمۆلەکەی میلز هێمایەکە بۆ "رێکهاتنەوەی دژواری دەسەڵاتی ئابووری و سیاسی" رێکهاتنەوەیەکی کە میلز خەریکە تا زۆرتر لەرێگەی ئەو گوشارانەی لە وێککەوتنە نێونەتەوەییەکانی کە ئامریکا سەرقاڵیان بوو بخاتە ڕوو.

ئەم پرسانە لەو ڕەخنانەی کە لە موسکا و پارەتوش کراون بەردەوام هاتوونەتە ئاراوە. بۆ وێنە، کارڵ فریدریش باوەڕی وایە کە یەک لە گوماناویترین بەشەکانی سەرجەم تیۆرییە ئێلیتیستیەکان بە راستەقینە زانینی ئەم گریمانەیەیە کە خاوەن دەسەڵاتەکان بەراستی گرووپێکی یەکدەست پێک دێنن:

به سەرنجدان بە ئاڵوگۆڕە بەردەوامەکانی پێکهاتەی گرووپی زۆرینە لە هەلومەرجێکی وەک هەلومەرجی زاڵ بە سەر دێموکراسییە کارامەکان دا، ناکرێ بوترێ کە ئەوانەی رۆڵە بەرچاوەکانی حکومەتی دەگێڕن، گرووپێکی یەکدەست پێک دێنن.[١٤]

ئەو ڕوانگەیە لەمەڕ [بارودۆخی] ئێلیتەکان لە دێموکراسییەنوییەکان دا، پێشوازییەکی بەربڵاوی لێ کراوە و لەئاکامی لێکۆڵینەوەیەک دا لەمەڕ توێژی سەرووتری کۆمەڵگای ئینگلیز ڕاشکاوانە باسکراوە:

...دەسەڵاتداران هیچکات یەکگرتوو و تێک تەنراو نین. ئەوان زۆرتر دەکەونە ناو تاقمێک بازنەی یەکتربڕەوە تاوەکوو بکەونە چەقی زنجیرە بازنەیەکی هاوناوەندەوە. هەر یەکە و زۆرتر دەفکری خوو و ڕەوشت و تایبەتمەندییە پڕۆفیشناڵ و پسپۆرییە تایبەتییەکانی خۆیاندان و پێوەندیان بەخەڵکانی ترەوە کەمترە... [دەسەڵاتداران]



نەک تەنیا رێکخراوێکی یەکدەست نین، بەڵکو کۆڕێکی پێکهاتوون لە زنجیرە ڕێکخراوەیەک کە پێوەندییەکانیان دەگەڵ یەکتر لەرزۆکە. وێککەوتن و بالانسی نێوان ئەو بازنە جیاوازانە، باشترین پارێزەری دێموکراسین. هیچ تاکێک ناتوانێ بە تەنیایی لە ناوەند دا جێگیر بێ لەبەرئەوە کە [لەبنەمادا] ناوەندێک لە ئارادا نییە.[١٥]

میلز ئەم تیۆرییە باوە لیبڕاڵانەی خۆی کە بەشێوەی خوارەوە کورتی کردۆتەوە رەتدەکاتەوە:

ئێلیتەکان نەتەنیا هەموو کارێکیان لە دەست نایە بەڵکو ئەگەری ئەوە هەیە کە زۆر لێک بڵاوبن و هەروەها هیچ جۆرە یەکگرتویەکیان بۆ سازدانی هێزێکی مێژوویی نییە... خاوەن پێگە ڕواڵەتیەکانی دەسەڵات وەها لە ژێر گوشاری گرووپەکانی تری ئێلیت دان یان لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە وەک هەڵبژێر و لەرێگەی بڕگە یاساییەکانەوە، دوور دەخرێنەوە کە هەرچەند لەوانەیە چین گەلێکی سەرووتر بوونیان هەبێ بەڵام هیچ چینێکی دەسەڵاتدار بوونی نییە؛ هەرچەند لەوانەیە پیاوانی بەهێز هەبن بەڵام ئێلیتە دەسەڵاتدارەکان بوونیان نییە؛ هەرچەند لەوانەیە سیستەمێکی توێژبەندیکراو هەبێ بەڵام ئەو سیستەمە خاوەن هیچ سەرۆک (راس)ێکی کاریگەر نییە.[١٦]

هەر وەک بینیمان میلز لە سەرئەوە پێدا داگرێ کە سێ گرووپی ئێلیتی سەرەکی __ واتە ئابووری، سیاسی و نیزامی _ لەراستی دا گرووپێکی یەکدەست پێک دێنن. میلز بە سەلماندنی یەکسان بوونی ئاخێزگەکەیان، پێوەندی نزیکی کەسێنی و بنەماڵەیی لە نێوان تاکەکانی نێو ئەو گرووپە ئێلیتە جیاوازانە و، دان و ستان (مبادلە)ی بەردەوامی کەسەکانی نێوان ئەو سێ بیاڤە، بەرگریی لە روانگەی خۆی دەکا. بەڵام لەبەر ئەوە خۆ لەو ئاکامەوە دەبوێرێ کە گرووپی ئاماژە پێکراو گرووپێکی دەسەڵاتدارە هەر بۆیە ناتوانێ جگە لە باسکردنی بابەتەکان، شیتەڵکارێکی سەلمێنەر بۆ هاوپێوەندی ئێلیتەکانی دەسەڵات بخاتە ڕوو. لەلایەکی دیکەوە، ئەو بە وەلانانی بیرۆکەی بوونی چینێکی دەسەڵاتدار، ناکۆکی چینەکانیش وەلادەنێ و بەو پێیە دەکەوێتە دۆخێکی رەش بینانە لە لێکدانەوەی کۆمەڵگای ئەمریکادا.

ناوەرۆکی ڕاستەقینەی کتێبەکەی بەو شێوەیەیە: یەکەم، گۆڕینی کۆمەڵگایەک کە لەودا ژمارەیەکی زۆر لە گرووپە بچووک و خودمووختارەکان رۆڵێکی کاریگەریان هەیە لە دانی بریارە سیاسیەکاندا، بۆکۆمەڵگایەکی کۆگائاسا (Mass society) کە لەودا ئێلیتەکانی دەسەڵات سەبارەت بە سەرجەم بابەتە گرنگەکان بڕیار دەدەن و کۆمەڵانی خەڵک بە سەرقاڵ کردن، فریو و دووروویی بێدەنگ دەکەن و، دووهەم، گەندەڵی خودی ئێلیتەکانی دەسەڵات کە ئەو پێی وایە لە بارودۆخێک دا ئەم دیاردەیە سەرهەڵدەدا کە لەودا، گرووپی نێوبراو سەبارەت بەو بڕیارانەی دەیاندا لە هەمبەر خەڵکانی رێکخراودا وەڵامدەر نییە و وەدەست هێنانی سامان بەرزترین بایەخی کۆمەڵایەتییە. هەرچەندە شرۆڤەکردنەکەی میلز لە بابەت ئاڵوگۆڕە مێژووییەکان دا بە راستی هیندێک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی سیاسەت لە دونیای نوێ دا _ وەک دەست رۆیشتوویی سیاسی روو لە گەشەی فەرماندەرە نیزامییەکان _ روون دەکاتەوە بەڵام شرۆڤەیەکی رەشبینانەیە، لەبەر ئەوەی بۆ دەرچوون لەو بارودۆخەی کە لە پێش دا شیدەکاتەوە و پاشانیش سەرکۆنەی کردووە رێگە چارەیەک ناخاتەڕوو. لە رواڵەت دا میلزیش هەروەک پارەتو و موسکا باوەڕی وایە کە بێتوو بە چاوێکی کراوەوە بڕوانینە کۆمەڵگا نوێیەکان بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو کۆمەڵگایانە سەرەڕای دێموکراتیک بوونی یاسا بنەرەتییەکانیان، لەراستی دا لە ژێر دەسەڵاتی گرووپێک ئێلیت دان، و پاشان لێی زیاد دەکا کە تەنانەت لە کۆمەڵگایەکی وەک ولایەیەکگرتۆکانیش دا — واتە کۆمەڵگایەکی بەری لە سیستەمێکی فێئۆدالی، دەگەڵ بەرامبەری بەرچاوی هاوولآتیان لە بواری ئابووری و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی، و بەهرەمەند لە ئایدیۆلۆژییەکی بە توندی دیمۆکراتیک _ کە بە شێوەیەکی زۆر باش لە سەر ئاخێزگەکانی خۆی سەقامگیر بووە، ڕەوتی ڕووداوەکان، گرووپێک ئێلیتی دەسەڵاتداری هێناوەتە ئاراوە کە بەشێوەیەکی بێوێنە بەدەسەڵات و بێبەری لە بەرپرسایەتین. میلز دەگەڵ ڕێرەوانی تری ماکیاولی تەنیا لەو بارەیەوە جیاوازی هەیە کە ئەو بارودۆخەی ئەوان پەسندیان کردووە یان لەڕووی ناچارییەوە قبووڵیان کردوە، ئیدانە دەکا.

دوو چەمکی "چینی دەسەڵاتدار" و "ئێلیتە دەسەڵاتدارەکان" بۆ شیکردنەوە و روونکردنەوەی ڕووداوە سیاسییەکان کەڵکیان لێوەردەگیرێ و هەر بۆیە بایەخی ئەوان



دەبێ بە پێوانەی ئەو پاڵپشتییە بنرخێنن کە بە خستنەڕووی وڵامە بەجێیەکان لە ئاست پرسیارە گرینگەکان سەبارەت بە سیستەمە سیاسییەکان دەیکەن. داخوا دەسەڵاتدارانی کۆمەڵگا گرووپێکی کۆمەڵایەتی پێک دێنن؟ داخوا ئەو گرووپە، گرووپێکی یەکدەستە یان لێک بڵاوە؟ گرووپێکی کراوەیە یان داخراوە؟ ئەندامانی چۆن هەڵدەبژێردرێن؟ بنەمای دەسەڵاتیان چییە؟ داخوا ئەو دەسەڵاتە، بێ سنوورە یان لە رێگەی دەسەڵاتی گرووپەکانی دیکەی نێو کۆمەڵگاوە سنووردار دەکرێ؟ داخوا لە نێوان کۆمەڵگاکان لەو بوارانەدا جیاوازی گرنگ و سیستەماتیک هەیە یان نا، و ئەگەر هەیە چۆن دەبێ شیبکرێنەوە؟

دوو چەمکی نێوبراو لەو رووەوە وک یەک دەچن کە وەک یەکێک لە گرنگترین راستییەکانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، جەخت دەکەنە سەر دابەشینی [کۆمەڵگا] بە سەر دوو چینی دەسەڵاتداران و دەسەڵاتبەران دا.[١٧] بەڵام هەر یەکەو، دابەشکاری نێوبراو بەشێوەیەکی جیاواز لەوەی تر دەردەبرێ: چەمکی "ئێلیتە دەسەڵاتدارەکان" کەمایەتێیەکی رێکخراو و دەسەڵاتدار لەهەمبەر زۆرینەیەکی نارێکخراو واتە کۆمەڵانی خەڵک دا دادەنێ، لەکاتێک دا چەمکی "چینی دەسەڵاتدار" چینێکی باڵادەست لە هەمبەر چینە ژێردەستەکان دا دادەنێ کە لەوانەیە ڕێکخراو بن یان رێکخراوگەلێک پێک بێنن. لە سەربنەمای ئەم چەمکە جیاوازانەوە، شێوەی تێگەیشتن لە پێوەندییەکانی نێوان دەسەڵاتداران و دەسەڵاتبەرانیش دا جیاواز دەبێ. لە تیۆری مارکسیستی دا کە لە چەمکی چینی دەسەڵاتدار کەڵک وەرگیراوە ئەو هێزە سەرەکییەی دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە ستروکتووری کۆمەڵایەتی دا کێشمەکێشی نێوان چینەکانە، بەڵام لە تیۆری ئێلیتیستیەکان دا ـ لەگەڵ ئەو راستییەش دا کە پارەتو زۆر ستایشی چەمکی خەباتی چینایەتی مارکس دەکا و "بە تەواوی بەراستی" دەزانێ[١٨] _ پێوەندی نێوان کەمایەتی رێکخراو و زۆرینەی نارێکخراو _ ناچالاکتر دێتە بەرچاو هەروەها ئەو تیۆرییانە، یان لەبنەمادا گرنگی نادەنە مەسەلەی ڕوونکردنەوەی سەرهەڵدان و داکەوتنی گرووپە ئێلیتە دەسەڵاتدارەکان، یان ئەوە کە بە راستەقینە دانانی لەناو چوونی یەک لەدوایەکی ئێلیتەکانی (پارەتو) یان بە هێنانە کایەی بیرۆکەی سەرهەڵدانی "هێزە کۆمەڵایەتییە" نوێیەکان لە ناو کۆمەڵانی خەڵکدا

(موسکا) دەپرژێنە سەر باسکردن لەو بارەیەوە و ئەم بابەتەش بیرۆکەکەی ئەوان لە مارکسیزم نزیک دەکاتەوە.

ناکۆکییەکی تری نێوان ئەو دوو چەمکە لەو بەستێنە دایە کە هەرکام تا چ رادەیەک مەجالی شرۆڤەی یەکریزی کەمایەتی دەسەڵاتدار دەستەبەر دەکا. "ئێلیتە دەسەڵاتدارەکان" کە وەک خاوەنانی پۆستە فەرماندەرییەکانی کۆمەڵگایەک پێناسە دەکرێن، تەنیا وەک گرووپێکی یەکدەست لەبەرچاو دەگیرێن مەگەر ئەوە کە تێبینییەکانی تری وەک ئەندامەتیان لە چینێکی ساماندارا، یان ئاخێزگەی بنەماڵەیی ئەریستۆکراتیانەی ئەوان بێنینە ناو [تیۆرییە] کەوە (ئەوەش هەمان کارە کە موسکا بەردەوام و پارەتوش جاروبار ئەنجامی دەدا) بەڵام "چینی دەسەڵاتدار" کە وەک چینی خاوەن ئامرازە سەرەکییەکانی بەرهەم هێنانی ئابووری لە کۆمەڵگا دا پێناسە دەکرێن بەراستی گرووپێکی کۆمەڵایەتی یەکدەستن، سەرەتا لەو رووەوە کە ئەندامانی بەرژەوەندی ئابووری دیاریکراوی هاوبەشیان هەیە و لەوەش گرنگتر، لەبەرئەوە ئەو چینە بەردەوام لەگەڵ چینەکانی تری کۆمەڵگا دا دە ناکۆکی دایە و بە هۆی ئەو ناکۆکییەوە، بەردەوام خودئاگایی و هاوپێوەندییان بەهێز دەبێ. پاشانیش ئەو چەمکە بەشێوەیەکی وردتر پایە و بناغەی پێگەی کەمایەتی دەسەڵاتدار، واتە دەسەڵاتی ئابووری ئەو دەردەبرێ، لەکاتێک دا چەمکی "ئێلیتە دەسەڵاتدارەکان"_ جگە لە خستنە ناوەوەی هیندێک لە تۆخمەکانی تیۆری چینایەتی مارکسیزم — لەمەڕ بنەمای دەسەڵاتی ئێلیتەکانەوە شیتەڵکارییەکی ئەوتۆ بەدەستەوە نادا. میلز لە لێکدانەوەی "ئێلیتە دەسەڵاتدارەکان "دا تێدەکۆشێ پێگەی دەسەڵاتی سێ گرووپ ئێلیتی سەرەکی بەشێوەیەکی جیا لەیەک روون بکاتەوە _ لەمەر بەڕێوەبەرە تیجارییەکان لەسەر بنەمای گەورەیی قەوارە و ئاڵۆزی کۆمپانیا تیجارییەکان، سەبارەت بە فەرماندرە نیزامییەکان لەسەر بنەمای رادە و خەرجی روو لەگەشەی چەکوچۆلی شەڕ کە ئەمە خۆی بە تێکنۆلۆژی و هەلومەرجی نێونەتەوەییەوە بەستراوەتەوە و، لەمەر رێبەرە سیاسیە نەتەوەییەکانیش لەسەر بنەمای داکەوتنی ئەنجومەنە یاسادانەرەکان، دارشتنی سیاسەتە خۆجێییەکان، و رێکخراوە خۆبەخشەکان _ بەڵام لەمەر یەکگرتوویی گرووپی ئێلیتی دەسەلات وەک تەنیا



گرووپێک و بنەمای دەسەلاتی ئەو شیکردنەوەیەک ناخاتە روو. ئەوە کە بۆ تەنیا یەک گرووپ ئێلیتی دەسەڵات بوونی هەیە و نەک بۆ وێنە سێیان؟

سەروەری چەمکی "چینی دەسەڵاتدار" لەوەوەیە کە بەکەڵکە، و بۆ دارشتنی تیۆرییەکان بەبایەخە. هەڵبەت لەسەرەتادا ئاماژەم کردە سەر هیندێک لە ئاستەنگییەکانی بەردەم ئەو چەمکە و هەنووکە دەبێ بزانین داخوا دەتوانرێ بەسەر ئەو کەموکوڕییانەدا زاڵ بین یان نا. لەو نێوەدا دەبێ یەکەم، ڕوانگەی مارکسیستی لەمەر چەمکی چینی دەسەڵاتدار وەک شرۆڤەی دیاردەیەکی راستەقینە کە لە سەرجەم کۆمەڵگاکان دا بەشێوەیەکی گشتی و یەکسان دەبینرێ لەبەرچاو نەگرین و بە پێچەوانەوە دەبێ وەک "وێنەیەکی ئیدەئالی" (بەو واتایەی ماکس وێبر کەڵکی لە زاراوەی نێوبراو وەرگرتووە)[١٩] یان وەک مودێلێکی تێئۆریک لەبەرچاوبگرین کە جێی پێداچوونەوە و سەنگ وسووکی هەیە. لە وەها کاتێک دا بۆمان هەیە پرسیار بکەین داخوا پێوەندییەکانی ناو کۆمەڵگایەکی تایبەت تا چ رادەیەک لە وێنەی ئیدەئالی چینی دەسەڵاتدار/ چینە ژێر دەستەکان نزیک دەبێتەوە. بەو پێیە دەکرێ بەشێوەیەکی باش وەک ئامرازێک بۆ هزر و لێکۆڵینەوە کەڵک لەو چەمکە وەرگرین. لەو شێوەیەدا بە ئاشکرا بەدیدەکرێ کە بیرۆکەی "چینێکی دەسەڵاتدار" لە لێکۆڵینەوەی بارودۆخێکی مێژوویی تایبەتەوە _ واتە کۆتایی فیئودالیزم و دەسپێکی کاپیتالیزمی نوێوە_ سەرچاوەی گرتووە[٢٠] و کەوا بوو دەتوانین تاوتوێی ئەوە بکەین کە بارودۆخەکانی تر بە هۆی نەبوون یان لاوازبوونی فۆڕم گرتنی چینەکان، کاریگەری هۆکارەکانی تر جگە لە خاوەنداریێتی سامان لە هاتنە دي چینەکان و، کۆنتاکتی نێوان فۆڕمە جیاوازەکانی دەسەڵات، تا چ رادەیەک و لە چ لایەنێکەوە جیاوازیان هەیە دەگەڵ ئەو وێنە ئیدەئالییە.

دوو بارودۆخ هەن کە جیاوازیان دەگەڵ وێنەی ئیدەئالی چینێکی دەسەڵاتدار بەرروونی دیارە، یەکیان بارودۆخێکە کە دەگەڵبوونی "چینێکی سەرووتر" _ واتە گرووپیکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو کە بەشێکی زۆری دارایی کۆمەڵگای بۆخۆی بڕداوە و بەشێکی زۆر و ناهاورێژەش لە داهاتی نەتەوەیی دەرژێتە گیرفانی ئەوانەوە، و لەسەر بنەمای ئەو بەرژەوەندییە ئابووریانە، فەرهەنگ و شێوە ژیانی جیاوازی پێکهێناوە _

ئەو چینە دەسەڵاتی سیاسی زۆر و بێ رکابەری لەناو کۆمەڵگا دا نییە، واتە ناتوانێ بە سانایی مافی داراییەکانی خۆی بپارێزێ و بە بێدەست تێوەردان لە بەرەیەکەوە بیانگوازێتەوە بۆ بەرەیەکی تر. زۆربەی چاودێران وەها بارودۆخێکیان بەتایبەت لە دێموکراسییە نوێیەکاندا دەست نیشان کردووە. هەروەک پێشتر وەبیرمان هێناوە لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا، لە نێوان خاوەندارێتی چینێکی بچووکی سەرووی کۆمەڵگا بە سەر سامان و سەرچاوەکانی بەرهەم هێنان، و هێزی سیاسی کۆمەڵانی خەڵک بەپاڵپشتی مافی هەڵبژاردن، ناکۆکییەکی شاراوە لە ئارادایە. هەروەک کاتی خۆی دوتوکویل نووسی: "ناتەباییەکی زۆر هەیە لە نێوان ئەوەکە خەڵکانێک هەژار و نەدار بن و لەهەمان کاتیش دا دەسەڵاتیان بە دەستەوە بێ".

بۆ دیاریکردنی ئەوە کە لە وەها بارودۆخێک دا "چینێکی دەسەڵاتدار" بوونی هەیە یان نا. سەرەتا دەبێ لێکۆڵینەوە بکرێ لەسەر ئاستی سەرکەوتوویی چینی سەرووتر سەبارەت بە درێژەپێدان بە خاوەندارێتی خۆی بەسەر سامانەکان دا. لەلایەکی دیکەوە دەبێ وەبیر بێنینەوە کە لە وڵاتە دێموکراتیکەکان دا لە سەدەی ئێستادا مەرجی جۆراوجۆر بۆ کەڵک وەرگرتن لە داراییە تایبەتەکان دانراوە و ئەگەری ئەوە هەیە کە بە هۆی ماڵیات وەرگرتنی بەرزەوە، و هەروەها گەشەی داراییە گشتی و ئەو خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییانەی لە ژێر سەرپەرشتی بەرێوەبەرایەتی هەموانی دان، نابەرامبەری نێوان سامان و داهات تارادەیەک کەم کرابێتەوە. بەڵام لە لایەکی تر دەبێ وەبیر بێنینەوە کە داکشانی ئاستی سامانی تایبەتی چینی سەروو بەشێوەیەکی نەرم و زۆر بەکاوەخۆ هاتۆتەدی و دابەشینی دووبارەی داهاتەکان لەرێگەی ماڵیات وەرگرتنەوە پێشکەوتنێکی بەرچاوی نەبووە.

لە ئینگلیز و وێڵزدا لەسەدا یەکی دانیشتوانی سەرووی ئەو کۆمەڵگایە لە ساڵی ١٩٢٣ دا ٦٠/٩% داهاتی نەتەوەیی، و لەساڵی ١٩٧٢ دا بڕی ٣١/٧% داهاتی نەتەوەیان لە چەنگ دابووە؛ ١٠% دانیشتوانی خوارووی ئەو دوو وڵاتە لە ساڵی ١٩٢٣دا ٨٩/١% داهاتی نەتەوەیی و لە ساڵی ١٩٧٢ دا بڕی ٧٠/٤% ئەویان خاوەندارێتی دەکرد. ئەوە لەکاتێک دایە کە ٨٠% دانیشتوانی خوارووی ئەو وڵاتانە لە ساڵی ١٩٢٣دا تەنیا ٥/٨% داهاتی نەتەوەیەیی و لە ساڵی ١٩٧٢ دا ١٥/١%داهاتی



نەتەوەیان لەدەست دا بوو.[21] خەملاندنەکانی دواتر بۆ وڵاتانی ئەندامی پاشایی یەکگرتوو (uk) دەریدەخەن کە لە دوای ساڵی ١٩٧٤وە تا کۆتای دەیەی ١٩٧٠ دابەشینی سامان گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە".[22] دابەشینی داهات لە بەریتانیادا دەگەڵ "وەرگرتنی ماڵیاتی بەرزەڕووش"دا تەنانەت لەوەش بەکاوەخۆتر ئاڵوگۆڕی بەخۆوە بینیوە: لەنێوان ساڵانی ١٩٤٩ و ٩_١٩٧٨دا بەشی داهاتی ١٠% دانیشتوانی سەرووی کۆمەڵگا (پاش دەرهاویشتنی مالیات) لە ٢٧/١% تەنیا دابەزیوە بۆ ٢٣/٤%. ئەوە لە کاتێک دابوو کە بەشی داهاتی ٥٠% خوارووی دانیشتوانی کۆمەڵگا بەشێوەیەکی سەرسووڕهێنەر دابەزیوە و لە٢٦/٥% وە گەیشتۆتە ٢٦/٢%.[23] سەرەرای ئەوانە، لە درێژەی دەیەی ١٩٨٠دا ئەو ڕەوتە تەواو پێچەوانە بۆوە و خەملاندنەکان باس لە نابەرامبەری بەرچاوی نێوان سامان و داهات دەکەن. لە زۆربەی دێموکراسییە کاپیتالیستیەکانی تریش دا دۆخەکە هەر بەهەمان شێوەیە (هەرچەندە ئەنجام دانی بەراوردکردنە نێونەتەوەییەکان حەستەمە) بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە کە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپایی بە پێچەوانەی بەریتانیا گەشەی بەرچاوی نابەرامبەریان لە هەشتاکان دا بەخۆوە بینیبێ.

بەڵام لەسەریەک ئاشکرایە کە چینی سەرووتر (بالاتر) توانیویەتی لە هەمبەر ئەو هێرشانەی کراوەتە سەر بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی بەربەرەکانی بکا و لە بواری هەبوونی هێزی پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانییەوە، لە سەدەی ئێستادا پێگەکانی خۆی وەک چینێکی دەسەڵاتدار پاراستوە __ هەرچەندە ئەو کارە بۆ چینی سەرووتری وڵاتانێکی وەک سوێد و ئوتریش تارادەیەک حەستەمتر بووە. بەو پێیە دەبێ بەچاوێکی گومانەوە سەیری ئەو ڕوانگەیە بکەین کە پەرەگرتنی مافی دەنگدان بۆ کۆمەڵانی خەڵک دەتوانێ بەسانایی و بەشێوەیەکی کاریگەر دەسەڵاتێکی خەڵکی لێبکەوێتەوە__ یان لە راستی دا لەو ماوە کورتەی کە لە تەمەنی دێموکراسییە نوێیەکان تێپەریوە وەها دەسەڵاتێکی هێنابێتە ئاراوە__ و دەسەڵاتی چینێکی دەسەڵاتدار بە هێوری بنکۆڵ کات و لەناوی بەرێ. لە رواڵەت دا ئەوەی تا ئێستا لە وڵاتانی دێموکراتیک دا هاتۆتە ئاراوە زۆرتر داکەوتنی ڕادیکالیزمی چینی کرێکار بووە نەک کەم بوونەوەی دەسەڵاتی چینی سەروو (بالا).

دووهەم بارودۆخێک کە دەگەڵ ئەو مۆدێلە (چینی دەسەڵاتدار/ چینە ژێردەستەکان) جیاوازی هەیە بارودۆخێکە کە لەودا گرووپی دەسەڵاتدار، چینێکی بە مانای تەواو مارکسیستی نییە. وێنەیەک لەو بارودۆخە، کۆمەڵەکانی وەک چینی سەردەمانی دەسەڵاتی "زاناکان"[٢٤] یان هیندي سەردەمانی دەسەڵاتی بێرەهمەنەکان کە لەوان دا توێژێکی رووناکبیر یان برۆکراتەکان، دەسەڵاتی سەروویان لەدەست دابوو. وێنەیەکی تریش دەبێ لە وڵاتانی کۆمۆنیستی پێشوودا بدۆزینەوە کە لەوان دا دەسەڵات لەدەست رێبەرانی حیزبێکی سیاسی دا چڕ ببۆوە. بەڵام لەو جۆرە بوارانەدا دەبێ بە وردی لێکۆڵینەوە بکرێ کە بە چ وردبینێیەکەوە دەتوانرێ لە نێوان توێژی دەسەڵاتدار و چینی دەسەڵاتدارەوە جیاوازی دانرێ. بێرەهمەنە هێندییەکان هەر لەو سەردەمانەدا کە زۆرترین دەسەڵاتیان لەدەست دابوو لەهەمان کاتیش دا بەشێک لە زەویدارەگەورەکان بوون، و لەسەردەمانی ئیمپراتۆری و فێئۆدالی مێژووی هیندیش دا دەگەڵ کاستەکانی پێکهاتوو لە شەرکەرە زەویدارەکان دا یەکگرتوویەکی پتەویان هەبوو. جاروبار خۆیان، دەستیان دەدایە بنیات نانی بنەماڵەکانی دەسەڵاتدار یان ئەریستۆکرات. هەروەها لەرواڵەت دا جاروبار جموجۆڵێک لە لایەن تاک و بنەماڵەکانی دوو کاستی بێرەهمەن و کشاتریا[٢٥] (شەرکەرەکان) دەهاتە ئاراوە کە لە بنەماکانی بیروبۆچوونی پێوەندیدار بەداخراوبوونی کاستەکان لەناو دەقە کۆنەکان دا هیچ ئاماژەیەکیان پێ نەکراوە.

لەوڵاتی چینی سەردەمانی فێئۆدالیش دا "زاناکانیان" لە بنەماڵە زەویدارە گەورەکان هەڵدەبژارد و دواتر زۆربەیان لە بنەماڵە ساماندارەکانەوە هەڵدەستان.[٢٦] بەو پێیە زاناکان هەردەم دەگەڵ چینێکی سەرووتردا لە پێوەندییەکی نزیک دابوون. دەگەڵ ئەوەشدا، دەسەڵاتی ئەو گرووپەی کە پێکهاتووە لە رووناکبیران و بەرێوەبەران لایەنێکی ئابووری گرنگی تریشی هەیە کەوا سەرنجی کارڵ ویتفۆگێلی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە.[٢٧] یەک لە ئامرازە سەرەکییەکانی بەرهەم هێنان لە چین و هێند (و هێندێک لە کۆمەڵگا کەونارەکان)[٢٨]دا سیستەمی ئاودێری بوو. و زانایان و بێرەهمەنەکان بەبێ لەبەردەست دابوونی خاوەندارێتی ئەو ئامرازە کە بەرهەم هێنانی کشتوکاڵی بەوەوە بەسترابۆوە کۆنترۆلی تەواویان بەسەر کەڵک وەرگرتن لەو دا هەبوو. لە ئاکام دا ئەوان جگە لە



خاوەندارێتی زەوی، دەسەڵاتێکی ئابووری بنەرەتی تریشیان هەبوو کە بە باوەڕی ویتفۆگێل پاڵپشتی سەرەکی دەسەڵاتی سیاسی ئەوان بوو.

دەگەڵ هەمووی ئەوانەش دا جیاوازی هەیە لە نێوان ئەو جۆرە توێژە کۆمەڵایەتیانە و ئەو چینە دەسەڵاتدارەی کە دەسەڵاتی خۆی راستەوخۆ لەسەر بنەمای خاوەندارێتی یاسایی سامان دادەمەزرێنێ. لەوانەیە هەروەک ماکس وێبر بەڵگەی دەهێنایەوە، خاوەندارێتی ئامرازەکانی بەرێوەبەرایەتی، وەک بنەمای دەسەڵاتی سیاسی، ئالترناتیڤێک بێ بۆ خاوەندارێتی ئامرازەکانی بەرهەم هێنانی ئابووری. لەوانەیە ئەو جیاوازییە لە وڵاتانی کۆمۆنیستی رۆژهەڵاتی ئوروپادا ئاشکراتر بوو بێ. لەو وڵاتانەدا خاوەندارێتی ئامرازە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنان نەبوون یان زۆر کەم بوون و گەورەکاربەدەستانی دەوڵەت و حیزبی دەسەڵاتدار بە شێوەیەکی کاریگەر ئابووریان کۆنترۆڵ دەکرد. ویتفۆگێل لێزانانە تێکۆشاوە ئەو شێوە دەسەڵاتە سیاسییە وەک وتەزای گشتی "سەرەرۆیی رۆژهەڵات" پێشان بدا، بەڵام بە باوەڕی من جیاوازییەکانی ئەو دووە ــ واتە بوونی خاوەندارێتی تایبەتی زەوی و سەرچاوەکانی تر و، هەروەها بوونی پێوەندی نزیک لەنێوان کاربەدەستە فەرمییەکان و چینە ساماندارەکان لەبوارێکدا، و لەبوارێکی تریش دا تایبەتمەندییە دیاریکراوەکانی حکومەتی حیزبێکی سیاسی کە دەسەڵاتی بۆخۆی پاوان کردووە ــ هێندە بەرچاوە کە ئەم هەوڵەش ناتوانێ سەرکەوتوانە بێ. بە باوەڕی من سیستەمی سیاسی وڵاتە کۆمۆنیستەکان بە نموونەیەکی پەتی " گرووپێکی ئێلیتی دەسەڵاتدار" نزیک دەبۆوە، واتە گرووپێک کە بە پاڵپشتی یان بە بێ بەرهەڵستکاری چینە تایبەتەکانی خەڵک هاتۆتە سەرکار. هۆکاری مانەوەی ئەو گرووپە لە دەسەڵاتدا زۆرتر دەگەرێتەوە بۆ ئەوە کە کەمایەتێکی رێکخراو لەهەمبەر زۆرینەیەکی نارێکخراودا ریزیان بەستوە.[٢٩] بەڵام سەبارەت بە چین یان هیندی کەونار، ئێمە دەگەڵ سیستەمێک رووبەروو دەبینەوە کە هاوکات تایبەتمەندییەکانی چینێکی دەسەڵاتدار و گرووپێکی ئێلیتی دەسەڵاتی یەکجێ لەخۆگرتووە.

توخمێکی تریش سەبارەت بە پێگەی چینی دەسەڵاتدار هەیە کە پێشتر ئاماژەمان پێداو ئێستا دەبێ پێوەندیی ئەو تۆخمە دەگەڵ ئەو بارودۆخانە لێکدەینەوە کە شک

لەبوونی وەها چینێک لەناویان دا هەیە. لەوەڕا کە دەسەلاتی چینێکی دەسەڵاتدار دەرئەنجامی خاوەندارێتی ئەو چینە بەسەر سامان دایەو، چوونکە بە سانایی دەتوانێ ئەو سامانە لە بەرەیەکەوە بگوازێتەوە بۆ بەرەیەکی دیکە لەبەر ئەوە ئەو چینە خاوەن تایبەتمەندی بەردەوام و هەتاسەرە. چینی دەسەڵاتدار لە گرووپێک بنەماڵە پێکهاتووە کە بە هۆی گواستنەوەی سامانی بنەماڵەیی، بەدرێژایی مێژوو وەک تۆخمەکانی پێکهێنەری ئەو چینە لەجێی خۆیان دا دەمێننەوە. پێکهاتەی ئەو چینە بەو شێوەیە نییە کە بڵێی ئاڵوگۆڕ بەخۆیەوە نابینێ لەبەر ئەوە کە لەوانەیە بنەماکەگەلی نوێ تێکەڵی ئەو چینە بن و بنەماڵە کۆنەکان نشستیان بەسەردا دێ. بەڵام بەشی هەرەزۆری ئەندامانی لە بەرەیەکەوە بۆ بەرەیەکی تر بەردەوام دەمێننەوە. تەنیا کاتێک ئاڵوگۆڕێکی خێرا لەسەرجەم سیستەمی بەرهەم هێنان و خاوەندارێتی سامانەکان دا رووبدا ئەوسا پێکهاتەی چینی دەسەڵاتداریش بەشێوەیەکی بەرچاو ئاڵوگۆڕ بەخۆوە دەبینێ و لەو کاتەدا دەکرێ باس لە وەلانرانی چینێکی دەسەڵاتدار بەدەست چینێکی ترەوە بکەین. دەگەڵ ئەوەش دا، ئەگەر لە کۆمەڵێکی تایبەت یان شێوەیەکی تایبەت لە کۆمەڵگاکان، جموجۆڵی تاک و بنەماڵەکان لە نێوان توێژاڵە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵ وەها بەردەوام و زۆر بێ کە هیچ گرووپێک لەو بنەماڵانە نەتوانێ لە هیچ سەردەمێک دا، سەروەری ئابووری و سیاسی خۆی بپارێزێ ئەوسا دەبێ بڵێین لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا، چینێکی دەسەڵاتدار بوونی نییە. لەراستی دا هەر ئەو "جێگۆڕکێی ئێلیتەکان" (بەپێی زاراوەگەلی تێئۆریسێنە ئێلیتستیەکان)، یان (بە زمانی لێکۆڵینەوە کۆمەڵناسییە نوێیەکان) "جموجۆڵی کۆمەڵایەتی" Social Mebility کە هێندێک لە نووسەران _ پاش مافی دەنگدانی گشتی _ وەک دووهەمین تایبەتمەندی کۆمەڵگا پێشکەوتووە پیشەییەکان باسی لێوە دەکەن، ئیددیعای بوونی چینێکی دەسەڵاتدار لەو کۆمەڵگایانەدا رەد دەکاتەوە یان لانیکەم بۆ ئەم ئیددیعایە مەرجی تووند دادەنێ. بەو پێیە دەگەێنە ڕوانگەیەک کە بۆ وێنە لەلایەن کارڵ مانهایمەوە دارێژراوە.[٣٠] لەو ڕوانگەیەدا، گەشەی کۆمەڵگا پیشەییەکان بە باشی پیشاندەری جموجۆڵێکە لە سیستەمێکی چینایەتیەوە بۆ سیستەمێکی ئێلیتەکان؛ لە زنجیرە پلەیەکی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای میرات



وەرگرتنەوە بۆ جۆرێکی تر کە لەسەر بنەمای لێهاتوویی و سەرکەوتنە. بە باوەڕی من لەبەر یەک راوەستانی دوو چەمکی "چینی دەسەڵاتدار" و "ئێلیتە سیاسییەکان" پێشاندەدا کە لەنێوان ئەو دوو چەمکەدا دژایەتی هەیە هەرچەندە ئەو دووە لە لایەنێکەوە وەک تۆخمەکانی ئەو تیۆرییە بەربڵاوانەی کە ژیانی سیاسی و بەتایبەت هەل و دەرفەتەکانی دوارۆژی رێکخراوێکی سیاسی بەشێوازی زۆر لێک جیا شرۆڤە دەکەن بەڵام لەلایەنێکی ترەوە ئەو دوو چەمکە تەواوکەری یەکترن و ئاماژە دەکەنە سەر سیستەمە سیاسییە جۆربەجۆرەکان یان لایەنە جۆربەجۆرەکانی سیستەمێکی سیاسی. بە پاڵپشتی ئەو چەمکانە دەتوانین سێ گرووپ لە کۆمەڵگاکان لێک جیا کەینەوە: ئەو کۆمەڵگایانەی چینێکی دەسەڵاتدار تێیدا حکومەت دەکا و لەهەمان کاتیشدا گرووپ گەلێکی ئێلیتیش هەن کە نوێنەری لایەنە تایبەتەکانی بەرژەوەندییەکانی چینی دەسەڵاتدارن؛ ئەو کۆمەڵگایانەی چینی دەسەڵاتدار بوونی نییە بەڵام گرووپێک ئێلیتی سیاسی هەن کە دەسەڵاتیان لەسەر بنەمای کۆنترۆلی کاروباری بەرێوەبەرایەتی یان هێزی چەکدارییە نەک خاوەندارێتی و میرات وەرگرتن؛ و کۆمەڵگایەک کە پڕە لە گرووپی ئێلیت بەڵام لە ناویاندا گرووپیکی رێکخراو و یەکدەست پیکهاتوو لە تاک و بنەماڵە دەسەڵاتدارەکان بەدی ناکرێ. بۆ سازدانی ئەو پۆلێنبەندییە دەبێ جێگۆڕکێی ئێلیتەکان، پێوەندی نێوان ئێلیتەکان و چینەکان، و رێگەکانی فۆڕم گرتنی گرووپە ئێلیتەکان و چینەنوێیەکان بەشێوەیەکی وردتر لێکبدرێنەوە، تاوتوێی ئەمانەش لە بەشی داهاتوودا دەکەین.

## پەراوێزەکانی بەشی دووهەم

1. James Burnham, The Machiavellians: Defenders of Freedom.

* . لە مەر رەخنەکانی پارەتو سەبارەت بە مارکس، ریمۆن ئارۆن دەنووسێ: "بەڵام مارکس، بەباوەری پارەتو، لە دوو بابەت دا تووشی هەڵە هاتووە، یەکەم ئەوە کە ئەگەر خەباتی چینایەتی تەنیا لە ژێر کاریگەری ئابووریی دا وێنا بکەین، واتە بە هۆی ئەو ناکۆکییانەی لە خاوەندارێتی ئامرازەکانی بەرهەم هێنان دەکەونەوە، پێوابوونی ئێمە پێوابوونێکی هەڵەیە لە بەر ئەوە کە خاوەندارێتی دەوڵەت و هێزە نیزامییەکانیش بە هەمان ڕادە دەتوانن سەرچاوەی ناکۆکی نێوان ئێلیتەکان و کۆمەڵانی خەڵک بن. ئەو بابەتە لە لاپەرەیەکی کتێبی *سیستەمە سوسیالیستەکان* دا زۆر ڕوونە: "زۆربەی کەسان وادەنوێنن کە ئەگەر ئامرازێک بۆ لە ناو بردنی "ناکۆکی کار و سەرمایە" بێتە ئاراوە ئەوسا کێشەی چینایەتیش بن بڕ دەبێ. ئەو پێوابوونە، تایبەت بەو کەسانەیە کە بە هەڵە لە ڕواڵەت و ناخی بابەت دەگەن. خەباتی چینەکان یەکێک لە شێوەکانی خەباتە بۆ ژیان، و ئەوەی پێی دەووترێ "ناکۆکی کار دەگەڵ سەرمایە" یەکێک لە شێوەکانی خەباتی چینایەتییە. لە سەدەکانی ناوەراست دا وای بۆ دەچوون کە بێتوو ناکۆکییە ئایینیەکان لەناو بچن کۆمەڵ لەوپەری هێمنی و ئاسایش دا دەژی. ئەو ناکۆکییە ئایینیانە یەک لە شێوەکانی خەباتی چینایەتی بوون؛ ناکۆکییە ئایینیەکان، لانی کەم تا ڕادەیەک لەناو چوون، بەڵام ناکۆکییە سوسیالیستیەکان جێگەی ئەوانیان گرتەوە. وایدانێن سیستەمی کۆمۆنیستی بێتە ئاراوە و ئیتر



"سەرمایە" یەک نەبێ. روونە کە ئیتر سەرمایە دەگەڵ کاردا ناکەونە ناکۆکییەوە. بەڵام ئەو جۆرە خەباتی چینایەتییە لەناو دەچێ، لەکاتێک دا شێوەکانی تری خەباتی چینایەتی جێگەی ئەو دەگرنەوە. ناکۆکی گەلێکی نوێ لەنێوان کرێکارانی جۆراوجۆری دەوڵەتی سوسیالیستی لە نێوان "ڕووناکبیران" و "نارووناکبیران" لە نێوان سیاسەتوانە جۆراوجۆرەکان، لە نێوان ئەو گرووپەی دوایی و ڕێرەوانیان، لە نێوان مودێڕنیستەکان و کۆنەپارێزەکان، سەرهەڵدەدەن، تۆ بڵێی بەراستی کەسانێک هەبن وابیر بکەنەوە کە بەهەڵاتنی سەردەمی سوسیالیزم، سەرچاوەی نوژەن بوونەوە کۆمەڵایەتییەکان وشک دەبێ؟ و بیروهزری مرۆڤ پلانی نوێی لێ هەڵناکڕێ، و نییەت نابێتە هۆی ئەوە کە هێندێ کەس برێ لەو پلانانە، بە هیوای وەدەست هێنانی پۆستێکی سەرووتر لە کۆمەڵگادا، قبووڵ کەن؟" (*سیستەمە سوسیالیستەکان*، بەرگی٢، لاپەرەکانی٤٦٧_٤٦٨)، هەڵەی دووهەمی مارکس ئەوە بوو کەوای بۆدەچوو کە خەباتی چینایەتی ئێستا، لەبنەمادا دەگەڵ خەباتی چینایەتی سەدەکانی رابردوودا جیاوازی هەیە و سەرکەوتنی پرۆلیتاریا کۆتایی خەباتە چینایەتیەکانی لێدەکەوێتەوە. خەباتی چینایەتی سەردەمانی ئێستا، وەک خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریا و بوورژوازی، ئاکامەکەی نابێتە دیکتاتۆری پرۆلیتاریا بەڵکو دەسەڵاتی ئەو کەسانەی لێدەکەوێتەوە کە بە ناوی چینی پرۆلیتاریاوە قسە دەکەن واتە دەسەڵاتی کەمایەتییەکی هەڵبژارتە کە وەک سەرجەم ئێلیتانی پێشوو یا داهاتووی مێژوو دەبن. بە باوەڕی پارەتو، بۆچوون یان هیوای ئەوە کە خەباتی کەمایەتییەکان بۆ وەدەست هێنانی دەسەڵات دەتوانێ کرداری مێژووی کۆنی کۆمەڵگاکان بگۆرێ و دۆخێکی تەواو جیاواز بێنێتە ئاراوە، بۆچوونێکی پووچە. "لە سەردەمی ئێمەدا، سوسیالیستەکان بەباشی تێگەیشتوون کە شۆرشی کۆتایی سەدەی هەژدە تەنیا بوورژوازی لە جێگەی ئێلیتەکانی رابردوو داناوە. سوسیالیستەکان تەنانەت لە مەر زووڵم و زۆری ئەربابانی نوێ دا تووشی زێدە ڕۆیی بوون، بەڵام ئەوان پێیان وایە کە ئێلیتە سیاسییە نوێیەکان دەتوانن زۆر باشتر لە ئێلیتەکانی پێشوو بەڵێنەکانی خۆیان بێننە دیی. لەو لاشەوە، هەمووی شۆرشگێران، یەک لە دوای یەک، دەڵێن کە شۆرشی رابردوو لە ئاکام دا تەنیا فریودانی خەڵکی لێ کەوتۆتەوە، تەنیا شۆرشێک کە ئەوان لە بەرچاویانە شۆرشێکی راستەقینەیە. لە مانیفیستی کۆمۆنیستی ١٨٤٨ دا دەخوێنینەوە کە" سەرجەم جووڵانەوە مێژوویەکان هەتا ڕۆژی ئیمڕۆ، جووڵانەوەگەلی کەمایەتی لە بەرژەوەندی کەمایەتییەکان دابوون [ لە کاتێک دا] جووڵانەوەی

پرۆلیتاریایی جوولانەوەیەکی خۆرسکی زۆرینە لە بەرژەوەندی زۆرینە دایە"، بەداخەوە، ئەو شۆرشە راستەقینەیەی کە دەبێ بەختەوەری بۆ مرۆڤ بە دیاری بێنێ، تراویلکەیە کە هیچ کات رووی راست بەخۆیەوە نابینێ و ئەو شۆرشە وەک سەردەمی زێرینی هەزارەکانە کە هەمووان هەردەم چاوەڕوانی بوون. وەها شۆرشێک لە ئاسۆی دواڕۆژێکی تەم ومژاویی دا ونە و، هیچکات لە دەست رێرەوان و لایەنگرانی دا نییە، تەنانەت ئەو چرکە ساتانەش کە پێیان وایە لە ژێر ئیرادەی ئەوان دایە." (سیستەمە سوسیالیستییەکان، بەرگی١، لاپەرەکانی ٦٢_٦٠) بروانە: ریمۆن ئارۆن، (*مراحل اساسی اندیشه درجامعه شناسی*، متن کامل، ترجمەی باقر پرهام، صص، ٥٠٠_٤٩٨)

2. Schumpeter, *Capitalism, Socialism and Democracy,* pp. 12-13.

3. Max Weber, *The Protestant Ethic and the spirit of capitalism.*

٤. بەتایبەت سەیری باسەکەی مارشاڵ بکەن:

G.Marshall, In search of the spirit of capitalism.

ویبر لە کتێبی دوایی خۆی دا *مێژووی ئابووری گشتی* شرۆڤەیەکی بەربلاوتر لە پێش مەرجەکانی گەشەی کاپیتالیزم دەکا و لەودا جەخت دەکاتە سەر عەقڵانی بوونی ژیانی ئابووری و تەنیا ئاماژەیەکی کورت دەکاتە کاریگەریی ئەخلاقی پرۆتستان.

Max weber,Genral Economic History, part 4

٥. بروانە:

Marc Block, Feudal society,vol II.Book III,chap.I

6. ancien régime

٧. بروانە:

W.L.Guttsman, The Brithish political Elit, chap.3, “The changing socil structure of the British political elite: 1868-1955".

٨. بروانە:

J.Donald Kingsley, Representative Bureaucracy, Especially chap.,” Middle class Reform: The Triumph of Plutocracy".



گینگزلی دەگاتە ئەو ئەنجامە کە "چینە مام ناوەندییەکان لە ساڵانی ١٨٧٠ دا رژیمی پێشوویان بە تەواوی لە هەموو بەرەکان دا تێک شکاندبوو [بەڵام] بەهرە سەرەکییەکانی بە پۆستە بەرزترەکانی ئەو چینانە گەیشتبوو. لە مەجلیسی عەوام دا، بازرگانە ساماندارەکان، بانکداران و خاوەن پیشەکان لەجێگەی زەویداران دانیشتبوون و زۆر زوو ئەوانیان لە کابینە وەلانا. لە خزمەتگوزارییە دەوڵەتییەکانیش دا تا رادەیەک ئەو ئاڵوگۆڕانە هاتبوونە دی. گەیشتن بە پۆستە سەرووترەکان، ئیتر پێوەندی بە دەست رۆیشتوویی ئەریستۆکراسیانەوە بوو. کلیلی کردنەوەی دەرگاکان خوێندنی پر خەرج بوو کە... تایبەتمەندی پلۆتۆکراسییانەی بە سیستەمە نوێیەکە دەبەخشی".

Ibid,p.79

12. Stanislaw ossowski, class structure in the social consciousness, chap.2.

13. Meisel, The Myth of the Ruling class.

14. C.Wrigt Mills, The Power Elite.

15. Mills, The Power Elite, P.277.

16. Ibid., p.23.

17. Friedrich, The New Image of the common Man, pp.259_60.

18. Anthony Sampson, Anatomy of Britain, p.624.

لێکۆڵینەوەیەکی گشتگر کە بەم زووانە سەبارەت بە ئینگلیز کراوە دەرئەنجامی زۆرجیاوازی لێ کەوتۆتەوە کە کورتییەکەی وەهایە "کاتێک دەتوانی باس لە بوونی چینێکی دەسەڵاتدار بکەی کەچینێکی کاپیتالیستیش دەسەڵاتی سیاسی هەبێ و لەبواری سیاسیشەوە دەسەڵات بەرێوەببا. ئەوهاش پێویستی بەوە هەیە کە بلوکێکی دەسەڵاتدار لە ژێر دەسەڵاتدارێتی چینێکی کاپیتالیست دا بوونی هەبێ، گرووپێکی ئێلیتی دەسەڵات لەناو ئەو بلوکی دەسەڵاتەوە ئەندام وەرگرێ، چینی کاپیتالیستیش نوێنەرانێکی زۆری لەناو گرووپی ئێلیتی دەسەڵاتدا هەبێ و میکانیزم گەلێک بۆ مسۆگەرکردنی هەڵسوکەوتی دەوڵەت لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی چینی کاپیتالیست و بەرهەم هێنانەوەی سەرمایە لەئارادا بێ. لەو لێکۆڵینەوەدا پێشاندەدەین کە ئینگلیز بەو واتایە هێشتاش خاوەن چینێکی دەسەڵاتدارە."

John Scott, who Rules Britain? p.174

لـه مـەڕ کۆمـەڵگـا کاپیتالیـستیە نوێیـەکانیـشدا دەکـرێ هـەر بـەهـەمـان شـێوە شـرۆڤە و بەڵگەهێنانەوەمان هەبێ.

19. Mills, The power Elite, pp.16-17.

٢٠. "لە ڕوانگەی توێژینەوەی زانستییەوە، لەسەرتری ڕاستەقینەی چەمکی چینـی دەسـەڵاتـدار یان سیاسی لەو ڕاستیەوە سەرچاوە دەگرێ کە سترۆکتووری جیـاوازی چینـە دەسـەڵاتـدارەکـان لـە دیـاریکردنی شـێوازی سیاسـی و هـەروەهـا ئاسـتی شارسـتانییەتـی نـەتـەوە جۆربـەجـۆرەکـان دا گرنگییەکی تەواوی هەیە". Mosca, The Ruling class,p.51.

21. Pareto, Les systémes socialistes, vol, II, p.405.

٢٢. وێنەیەکی ئیدەئالی "هێنـدێک لـە پێـوەنـدی و ڕووداوەکـانی ژیـانی مێژوویـی لـە کۆگایـەک (مجموعە)دا کۆدەکاتەوە کە وەک سیـستەمێـک سـەیـر دەکـردرێ کـە لـەنـاو خـۆی دا کۆکـە. ئـەو کۆمەڵەیە وەک یۆتوپیایەکە کە لەرێگەی جەختی کردنی شیکاریانەی هێندێ توخمی راسـتەقینـەوە بەرهەم هاتوە... وێنـەی ئیـدەئـالی هـیچ کـات گریمانـەیـەک نییـە بـەڵکـو رێنیـشاندەری دارشـتنی گریمانەکانە. وەسفێکی راستییەکان نییە بەڵکو مـەبـەسـت تـەنیـا دەسـتەبـەرکردنـی ئامرازگـەلێکـە بۆدەربرینی ئاشکرای وەها وەسف کردنێک... وێنەیەکـی ئیـدەئـالی کاتێـک دێتـەدی کـە یـەک یـان چەند روانگە یەک لایەنانە چرکرابنەوە سەریەک و هەروەها بە تێکەڵکردنـی هێنـدێکی زۆرتـری ئـەو دیاردە ئابژێکتیڤانە کە لێکدابراون، یانیش لێک بڵاون، یان کەم تـا کورتێـک ئامـادەن یـان جاروبـار لەبـەرچـاو نـین کـە لـەسـەربنـەمـای ئـەو روانگانـەوە کـە یـەک لایانانـە و جـەخـت کـراون، لـە نـاو چێکراو(ساختە)ێکی شیکاریانەی یەکدەستەوە رێزیان بەستووە":

Max weber,’’objectivity in social science and social policy’’, in weber the Methodogy of the social seience, p.90.

٢٣. هەروەک چۆن کرووچە لەمەڕ سەرجەم بیرۆکـەی ماتریـالیزمی مێژوویـیـەوە بـاوەڕی وابـوو: "روانگـەی ماتریالیـست بـەرهـەمـی شـیکاری دیـاردەیـەکـی کۆمـەڵایـەتـی دیـاریکراو بـوو نـەک لێکۆڵینەوەیەکی ئابسترە لەمەڕ هۆکارەکانی ژیانی مێژوویی":

B.Croce, Historical Materialism and theEconomics of Karl Marx, p.17.

24. C.pond,’’wealth and the two nations’’, p.11.



25. Ibid, p. 13.

26. C.playford and C. pond,’’The right to be unequal: ine quality in incomes’’, p. 39.

هەر وەها بڕوانە لێکۆڵینەوەیەکی کۆنتری تیتموس کە لەودا وەها ئەنجامێک وەردەگرێ :"دەبـێ بـە نەرمی مامڵە دەگەڵ ئەو بابەتەبکرێ کەوا دەکرێ سەرجەم ئەو هێزانەی داهێنەری بەرامبەرین و لەساڵی ١٩٣٨دا لە بریتانیادا چالاک بـوون بگـەیـەنینـە ئاسـتی "یاسـایەکـی سرووشـتی" و بـە دوارۆژیـشی دا بگشتێنین. هەروەک نیشانمان دا زۆرتری ئەو هێزانە بوونیان هەیـە کـە خـاوەن ریـشەیـەکـی پتـەون لـە سـترۆکتووری کۆمـەڵـدا و لـەلایـەن زۆربـەی هۆکـارە بنیـاتی و بـەگـرێ وگۆڵـە زاتییـەکـانی ئابوورییـە کەڵانەکانەوە پالپشتی دەکرێن کە بە پێچـەوانـەی [هێـزە داهێنـەرە بـەرامبـەرییـەکـان دا] هـەڵسوکەوت دەکەن. هیندێک لەو هۆکارانەی خـاوەن گرنگـی زۆرتـرن، دەگـەڵ دابـەشـینی دەسـەڵات پێـوەندییـەکـی نزیکتریان هەیە، و خاڵی کاریگەری درێژخایەنیان لەخۆ گرتووە__ بۆ وێنە دانی پارە بەبێ گەراندنـەوە و بەڵێن(ودیعە)ەکان __ وەک هۆکـاری شـاراوەی چڕکـەرەوەی نابـەرامبـەرییـەکـان هـەڵسوکەوت دەکـەن. هەنووکە ئامارگەلی پێوەندیدار بە داهاتی ئەو هۆکارانە ناپێورێن و ئامـارەکـانی پێـوەندیـدار بـە سـامانی تاکەکانیشەوە تەنیـا بـەشـێوەی لاوەکـی(لـە پـەراوێـزدا) دەنـرخێنن. دەگـەڵ ئـەوەش دا، هینـدێک لـە لێکۆلینەوەکان وریایی دەدەن کە نابەرامبەرییەکانی داهاتەکان لە ساڵی ١٩٤٩وە ڕوو لـە هـەڵکشان بوونە و لە هەمان کاتیش دا خاوەندارێتی سـامان کـە لـە بریتانیـادا زۆر لـە وڵاتـە یـەکگرتـووەکـان چڕترە ئەگەری ئەوە هەیە لە ساڵانی دوایی دا نابەرامبەری زۆرتـریش بـەخـۆوە ببینـێ و لـە بـواری سامانی بنەماڵەوە نابەرامبەری بەشێوەیەکی زەقتر گەشەی ستاندوە".

Richard M. titmuss, Income Distribution and social change, p. 189.

27. literati

28. Kshatriya

٢٩. بڕوانە لاپەڕەکانی بەشی پێنجەمی ئەو کتێبە.

30. Karl wittfogel,oriental Despotism

٣١. بڕوانە:

.Julian H.steward et al.,Irrigation civilizations:A comparative study

٣٢. بۆ شرۆڤەی بەربڵاوتری ئەو بابەتە بڕوانە:

Bottomor,classes ln Modern society,chaps.3

33. Karl Mannheim, Man and society, part II, chap.II.

# بەشی سێهەم

## سیاسەت، و جێگۆڕکێی ئێلیتەکان

"مێژوو گۆڕستانی ئەریستوکراسییەکانە"[1]. پارەتو لە چوارچێوەی ئەو دەستەواژە پڕ نێوەرۆکە دا، یەکێک لە بیرۆکە سەرەکییەکانی تیۆرییە سیاسییەکەی واتە "جێگۆڕکێی ئیلێتەکانی" داڕشتووە. بەڵام لێکدانەوەی ئەو دیاردەیە لە نوسراوە سەرەکییەکەی دا بە قەرای شێوازی نووسینەکەی سەرنج ڕاکێش نییە. دوو کێشەی سەرەکی هەن کە دەبێ بپرژێینە سەریان: یەکەم، ئەوە کە داخوا "جێگۆڕکێی ئێلیتەکان" ئاماژە دەکاتە سەر پڕۆسەی جێگۆڕکێی تاکەکان لە نێوان ئێلیتەکان و نائیلیتەکان دا یان ئەو ڕەوتەی لەو دا گرووپێک ئێلیت بەهۆی گرووپێکی ترەوە وەلادەنرێ؟ دەتوانین هەر دووکی ئەو چەمکانە لە بەرهەمەکانی پارەتو دا بدۆزینەوە، هەڵبەت بیرۆکەی یەکەم زاڵترە. بۆ وێنە، لە باسکردنی لە ناوچوون و نوێبوونەوەی ئەریستۆکراتەکان دا دەڵێ: "چینی دەسەڵاتدار نە تەنیا لە بواری ڕادەی تاکەکانەوە خۆیدا نۆژەن دەکرێتەوە، بەڵکوو لە وەش گرینگتر، بەهۆی ئەو بنەماڵانەی لە چینەکانی خوارووتری کومەڵەوە سەرهەڵدەدەن لەبواری چۆنێتیشەوە گیانێکی تازەی بەبەردا دەکرێتەوە..."[2] پارەتو زۆرجار بەکەڵک وەرگرتن هەر لەو دەستەواژەیە واتا "جێگۆڕکێی تاکەکان لە نێوان دوو تویێژ دا (ئێلیتەکان و نائیلیتەکان)"[3] ئاماژە دەکاتە سەر ئەم دیاردەیە: "لە تویێژی سەروتری کۆمەڵگا دا، دەستەی دووهەمی



پاشەکەوتە بەردەوامەکان یان پاشماوەکان وردە وردە بەرەو لاوازی دەچن تا جارێکی تر لەلایەن ئەو شەپولانەی لە تویێژی خوارووتری کۆمەڵگاوە هەڵدەستن بەهێز بکرێن"[4]. لە هەمان کاتدا پارەتو ئاماژە دەکاتە سەر جورێکی تری جووڵانەوە (تحرک)ی کۆمەڵایەتی کە بۆ پاراستنی باڵانسی کۆمەڵگا گرنگییەکی تایبەتی هەیە، واتە سەرهەڵدان و بە دەسەڵات گەیشتنی گرووپگەلی ئێلیتی نوێ. پارەتو لەڕواڵەت دا ئەو جۆرە جووڵانەوە کۆمەڵایەتییە بە جێگۆڕکێی ناتەواوی ئێلیتەکان هەڵبەت بە واتای یەکەمەوە گرێ دەدا، بەڵام ئاشکرایە کە پارەتو ئەوە وەک لایەنێکی چەمکی گشتی جێگۆڕکێی ئێلیتەکان دێنێتە ژمار. پارەتو لە کتێبی *سیستێمە سوسیالیستەکان* دا دەنووسێ:

> هێور بوونەوەی ئەو جێگۆڕکێیەی [تاکەکان] لەوانەیە ببێتە هۆی زوربوونی بەرچاوی تۆخمە گەندەڵەکان لەناو ئەو گرووپانەی هێشتا دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە، و لەلایەکی ترەوە دەتوانێ ببێتە هۆی زۆربوونی تۆخمە باشەکان لە ناو چینەکانی خوارووتری کۆمەڵگا دا. لەو جۆرە بوارانە دا باڵانسی کۆمەڵایەتی لەرزۆک دەبێ... و بە بچوکترین زەبر لە ناودەچێ. شکست هێنان لە شەڕێک دا یان سەرهەڵدانی شورشێک، ئاڵوگۆڕی کوتوپڕی لێدەکەوێتەوە، گرووپێک ئێلیتی نوێ دێنێتە سەرکار و باڵانسێکی نوێ جێگیر دەکا...".[5]

ماری کۆلابینسکا، یەکێک لەقوتابیانی پارەتو لە نوسراوەیەک دا لە ژێر ناوی *جێگۆڕکێی ئێلیتەکان لە فەرانسە دا*[6] کە کەوتەبەر سەرنجی پارەتووش جۆرە جیاوازەکانی جێگۆڕکێی ئێلیتەکانی بەشێوەیەکی وردتر دیاری کردووە. کۆلابینسکا سێ جۆر جێگۆڕکێ لێک جیادەکاتەوە. یەکەم، جێگۆڕکێیەک کە لە نێوان دەستە جۆربەجۆرەکانی گرووپی ئێلیتی دەسەڵاتدار دا دێتەئاراوە. دووهەم، جێگۆڕکێیەک لەنێوان گرووپی ئێلیت و جەماوەری خەڵک دا کە دەتوانێ بە یەک لەو دوو شێوازانە بێ؛ A) لەوانەیە تاکگەلێک لە تۆێژەکانی خوارووتر، بتوانن بچنە ناو گرووپی ئێلیتی دەسەڵاتدار، یان B) لەوانەیە تاکگەلێک لە تۆێژەکانی خوارووتر، گرووپگەلێک ئێلیتی

نوی پێک بێنن و پاشان دەگەڵ گرووپی ئێلیتی دەسەڵاتدار لەسەر بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات بکەونە خەبات و ململانێ. بەشی سەرەکی نووسراوەکەی کۆلابینسکا تایبەتە بە لێکولینەوە لە سەر ئەو دوو ڕەوتە لە کۆمەڵگای فەرانسە لە نێوان سەدەکانی یازدە و هەژدەدا کە هەڵبەت دواتر باس لە دەسکەوتەکانی کۆلابینسکا دەکەم.

مەسەلەی دووهەم لەمەڕ شروڤەکەی پارەتو لە جێگۆڕکێی ئێلیتەکان پێوەندی هەیە بە روونکارییەکەی پارەتو سەبارەت بەو دیاردەیەوە. وا وێدەچێ پارەتو جاروبار گرووپە ئێلیتەکان وەک نوێنەری بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و، جێگۆڕکێی ئێلیتەکان بەهۆی هەرەس هێنانی بەرژەوەندییە سەقامگرتوەکان و سەرهەڵدانی بەرژەوەندییە نوێیەکان بێنێتە ژمار. بەو پێیە پارەتو باوەڕی وایە کە "جگە لە هیندێ هەڵکەوتە کەوا شیاوی سەرنجدان نین، لە سەرەتا دا، ئەریستۆکراتەکان و ئۆلیگارشییە نیزامی، ئایینی و تیجارییەکان زۆربەی بەشەکان یان جاروبار سەرجەم گرووپی ئێلیتی دەسەڵاتداریان پێک دێنا"[7] پارەتو لە باسی سەرهەڵدانی گرووپە ئێلیتە نوێیەکان دا لە جێگەیەکی تردا وەبیر دێنێتەوە کە کرێکارانی پیشەسازی لە بریتانیا دا لەسەر بنەمای یەکێتییە کرێکارییەکان دا گرووپێک ئێلیتیان پێکهێناوە.[8] ئەو شێوە دەربڕینە بە شێوەیەکی ڕاشکاوانەتر لە لایەن کۆلابینسکاوە خراوەتە ڕوو. کۆلابینسکا وەک وێنەگەلێک لە سەرهەڵدانی گرووپە ئێلیتە نوێیەکان لە خوولە جیاوازەکانی مێژووی فەرانسەدا، چینە تیجارییەکان، چینە پیشەسازییەکان، بورژوازی، پارێزەران و پسپۆرانی کاروباری ماڵی ناودەبا.

بەڵام ڕوونە کە پارەتو زۆرتر جێگۆڕکێی ئێلیتەکان لە لایەک بە پێی گۆڕانی تایبەتمەندییە سایکۆلۆژیکییەکانی ئەندامانی گرووپی ئێلیت، و لەلایەکیتریشەوە لەسەربنەمای ئاڵوگۆڕی تایبەتمەندییە دەروونییەکانی توێژەکانی خوارووتری [کۆمەڵ]، یان هەروەک خۆی دەڵێ لە ڕێگەی ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە پاشەکەوتە بەردەوامەکانی ناوئاخنی ئەو دوو توێژە [واتە ئێلیت و نائێلیت] دێنەدی دەردەبڕێ. پارەتو دەڵێ ئەریستۆکراتەکان تەنیا لە بواری ڕادەی تاکەکانییەوە نییە کە تووشی هەرەسهێنان دێ:

"ئەریستۆکراتەکان لەبواری چۆنایەتیشەوە تووشی هەرەس هێنان دەبن، بەو واتایە کە ئازایەتی خۆیان لە دەستدەدەن و ئاستی ڕێژەیی پاشکەوتە بەردەوامەکان کە ئەوان بۆ وەدەست هێنانی دەسەڵات و پاراستنی بەهێز دەکا، کەم دەبێتەوە. چینی دەسەڵاتدار لە ڕێگەی ئەو بنەماڵانەی لە چینەکانی خوارووترەوە هەڵدەستن دووبارە سازدەدرێنەوە".[9]

لە باس لە جێگۆڕکێی سەرجەم گرووپەکانیش دا پارەتو باوەڕی وایە کە شۆڕشەکان لە ڕێگەی کەڵەکەبوونی کەسانی گەندەڵەوە لە توێژەکانی سەرووتری کۆمەڵگا دا و هەروەها زیادبوونی کەسانی لێهاتوو لە توێژەکانی خوارووتر دا دێنەدی.[10] بۆ نرخاندنی بۆچوونی باسکراو پێویستە بە کورتی بپرژێینە سەر مەبەستی پارەتو لە زارەوەی، "پاشەکەوتە بەردەوامەکان" یان "پاشماوەکان". پارەتو باسەکەی بە جیاوازی دانان لە نێوان کردەوە لۆژیکی و نالۆژیکییەکان (یان بە واتایەکی باشتر "بەجێ" و "نابەجێ")ی مرۆڤەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەست پێدەکا: کردەوە لۆژیکییەکان ئەوانەن وا ئامانجێکیان هەڵبژاردووە کە ئەگەری وەدەست هێنانی زۆرە و لە ئامرازگەلێکیش کەڵک وەردەگرن کە بۆوەدەست هێنانی ئەو ئامانجانە شیاون؛ کردەوە نالۆژیکییەکان بەو دەستە لە کردەوەکان دەوترێ کە یان لەبنەڕەتدا ئامانجێکیان نییە، یان سەرنجیان رووەو ئەو ئامانجانەیە کە ئەگەری دەست کەوتنیان کەمەو، یانیش ئەو ئامرازانەی بۆ وەدەست هێنانی ئامانجەکان کەڵکیان لێ وەردەگرن نەشیاون. پارەتو لەو بڕوایە دایە بەشی هەرە زۆری کردەوەکانی مرۆڤ نالۆژیکین[11] و لە درێژە دا دەپرژێتە سەر لێکۆلینەوە لە مەڕ ئەوە کەوا ئەو هێزانە چین لە پشتەوەی کردەوە نالۆژیکییەکان دا هەن و ئەو کردەوانە چۆن چۆنی _ لەزۆربەی بواردا _ وەک کردەوە گەلێکی لۆژیکی خۆدەنوێنن. پارەتو ئەو هێزانە لە شەش جۆرە پاشەکەوتە بەردەوامەکان یان "پاشماوەکاندا" دەبینێتەوە، کە وەهای ناودێر کردوون: A) پاشماوەکانی تێکەڵاو، B) پاشماوەکانی کۆوەبوون (تجمع) و بەردەوامی، C) پاشماوەکانی کۆمەڵایەتی بوون، D) پاشماوەکانی دەربڕینی

هەستەکان، J) پاشماوەکانی یەکگرتوویی تاک و بەربەخۆگرتن، H) پاشماوەکانی سێکس. پارەتو لە ژێر سەردێڕی "وەرگێراوەکان" باس لە ڕێگە لۆژیکییەکانی خۆنواندنی ئەو کردەوانە دەکا کە ئەو پاشماوانە دەیانوروژێنن[١٢] کە دەگەڵ چەمکی "ئیدئۆلۆژییەکان"، لە تیۆری مارکس دا زۆر وەک یەک دەچن. پارەتو پێناسەیەکی ورد لە پاشەکەوتە بەردەوامەکان بەدەستەوە نادا و لە وەسف کردنی ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان دا بە کەمتەرخەمییەوە بەکاریان دەبا.[١٣] پارەتو لە بەشی کۆتایی کتێبی نامیلکەی کۆمەڵناسی گشتی[١٤] دا، کاتێک بەشێوەیەکی چڕوپڕتر دەپرژێتە سەر مەسەلەی جێگۆڕکێی ئێلیتەکان و بالانسی کۆمەڵایەتی تەنیا لە دوو دەستەی سەرەتایی پاشماوەکان کەڵک وەردەگرێ. پارەتو دەڵێ: حکومەتی ئێلیتە دەسەڵاتدارەکان دەتوانێ یەک لەو دوو شێوەیەی خوارەرە لە خۆبگرێ: ئەو حکومەتە دەتوانێ لە ڕێگەی فێلەبازییەوە (بالادەستی پاشماوەکانی تێکەلاو) یان لە ڕێگەی زۆرەوە (بالادەستی پاشماوەکانی کۆوەبوون و بەردەوامی) بەردەوام بێ. بەو پێیە پاشماوەکانی جۆری یەکەم و دووهەم وەک زاراوەگەلێک دێنە ئەژمار کە دەکرێ سەرجەم بۆچوون (تلقیات)ە سیاسییەکان لە ناو ئەوان دا پۆلێن بکرێن. بەشی هەرەزۆری باسەکەی پارەتو لەمەڕ ژیانی سیاسیشدا هەولدانێکە بۆ جێکردنەوەی زانیارییە گولبژێرکراوەکانی مێژوویی کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان لە ناو ئەو پلانەدا. دابەشینی نێوبراو بەتایبەت لە چاو ئەو بینا گەورەی پارەتو لە بەشە سەرەتاییەکانی کتێبەکەی دا لە چەمکەکان دایمەزراندووە دابەشینێکی زۆر ساکارە و پێشاندەری هێزێکی داهێنانی بەرچاو نییە. دوو جۆرە ئێلیتەکانی پارەتو _کە خۆی بە "پیاوانی مەترسی" و "ئیجارە دارەکان" ناویان دەبا_ و لە ژێر هێزی هاندەری پاشماوەکانی یەکەم ودووهەم دان، وێکچوویەکی زۆریان دەگەڵ "شێرەکان" و "ڕێوییەکانی" ماکیاولی دا هەیە، بەلام هەڵبەت بە جلێکی زانستی ترەوە رازاونەوە. جێگەی شکە کە ئەو زاراوانە، زاراوەگەلێکی زانستییانەتر بن، چونکە هەرچەندە سەرانسەری کتێبەکەی پارەتو خشڵ و دیمەنی بەرچاوی شێوەی زانستی پێوە دیارە، بەلام بۆ چەسپاندنی بوونی دوو جۆرە کەسایەتی کە دیاریکەری تایبەتمەندییەکانی ئەو دوو جۆرە ئێلیتانە بن یان بۆ وەسف کردنی وردی ئەوان لە چوارچێوەی زاراوەگەلی



سایکۆلۆژیانە، و یانیش بۆ پێشاندانی ئەو بابەتە کە جۆرێکیتری کەسایەتی سیاسی بوونی نییە هەوڵێکی کەم یان دەکرێ بڵێین هیچ هەوڵێک نەدراوە. تەنانەت ئەگەر بوونی جۆرەکانی کەسایەتی و گرنگی ئەوان لە ژیانی سیاسیش دا قبوول بکەین دیسان دەبێ نیشان بدەین ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە زەین و هەست، لە هزر و هەستەکانی ئەندامانی گرووپی ئێلیت دا دێنەدی پێوەندیان بە ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە نییە و سەربەخۆ دێنەدی و بە نۆرەی خۆیان دەبنە هۆی جێگۆڕکێی ئێلیتەکان. پارەتو بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە گرنگە هیچ هەنگاوێک نانێ، لە جیاتیان چەند وێنەی مێژوویی لە هەرەسهێنانی ئێلیتەکان دێنێتەوە و تەنیا ئیددیعا دەکا کە لە "پاشماوەکانی" ئەواندا هێندێک ئاڵوگۆر هاتوونەدی.

لێکۆلینەوەکەی پارەتو لەمەڕ سەرهەڵدان و هەرەس هێنانی ئێلیتەکانیش هەر بەو ڕادەیە ناتەواو و هیوابڕە. پارەتو بۆ کۆکردنەوەی هەمووی ئەو میناکانەی لەبەر دەست دان (تەنانەت لە خوولە سنووردارەکاندا) و هەروەها بۆ چەسپاندنی یاسامەندییەکانی ناو جێگۆڕکێی ئێلیتەکان دا کە لە وانەیە بتوانرێ ئەوانە بۆ ئاڵوگۆڕی هەستەکان بگەڕێندرێنێتەوە هیچ هەنگاوێک نانێ و تەنیا بە شێوەی بەڵگەنەویست وادەزانێ کە دەکرێ ئەو پرسە بە شێوەیەکی سەربەخۆش بسەلمێنرێ. پارەتو بۆ داکۆکی کردن لە بەڵگەکانی خۆی تەنیا هیندێک وێنەی مێژوویی دێنێتەوە کە زۆرتر لە سیاسەتی هاوچەرخی ئیتالیا و مێژووی ڕۆمی کەونارەوە وەرگیراون.

لە کۆتایی دا ماوەتەوە بڵێین کە پارەتو بۆ چارەسەری مەسەلەی شێوەی پێوەندییەکانی ئەو دوو چەشنە لە جێگۆڕکێی ئێلیتەکان _ واتە چوونەسەر و هاتنەخواری تاکەکان و، سەرهەڵدان و داکەوتنی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان _ ڕێگا چارەیەک بەدەستەوە نادا. بەکورتی، پارەتو لە سەر ئەو باوەڕەیە کە بێتو دەرگای گرووپی ئێلیتی دەسەڵاتدار بە ڕووی تاکە لەسەرترەکانی توێژەکانی خواروو دا تا ڕادەیەک ئاوالا بێ ئەو گرووپە شانسێکی زۆرتری بۆ مانەوە دەبێ[١٥] و بەپێچەوانەوە وەلانرانی گرووپێکی ئێلیت بە هۆی گرووپێکی تر دەتوانێ بە هۆی تێکەڵ پێکەڵی لە ڕەوتی جێگۆڕکێی تاکەکان دا بێ. بەو پێیە پارەتو دەڵێ کە:

> شۆرشەکان بەم هۆیەوە دێنەدی کە لەناو توێژەکانی سەرووی کۆمەڵگادا، هێندێ لە کەسە گەندەڵەکان کە ئیتر لە پاشماوەی بەجێ و شیاو بۆ حکوومەت کردن بەهرەمەند نین یان لە دەکارهێنانی توندوتیژی خۆدەپارێزن ڕوو لەزیاد بوون دا دەبن جا چ بە هۆی هێوربوونەوەی جێگۆڕکێی چینەکان بێ یان بەهۆی هۆکاری ترەوە و، لە هەمان کات دا لە توێژەکانی خوارووتری کۆمەڵگا دا، کەسانێک بە چلۆنایەتی باشترەوە کە خاوەن پاشماوەی شیاو و بەجێن بۆ بەرێوەبردنی ئەرکەکانی حکومەت و لە دەکارهێنانی توندوتیژیش ناسڵەمێنەوە سەرهەڵدەدەن.[١٦]

بەڵام گەڕان بۆ دۆزینەوەی بەڵگە [لە نوسراوەکانی پارەتو] بۆ پشت ڕاست کردنەوەی ئەو بابەتە کارێکی بێ کەڵک دەبێ (چ ئەو بەڵگانەی دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری شۆڕشەکان بن و چ ئەو بەڵگانەی دەرئەنجامی بەراوردکردنی ئەو کۆمەڵگایانە بێ کە لە بواری ڕادەی جێگۆڕکێی تاکەکان لە نێوان ئێلیتەکان و نائێلیتەکانەوە دەگەڵ یەکتر جیاوازی گرنگیان هەیە).

کۆکردنەوەی زانیارییەکان بۆ ئەو جۆرە بەراوردکردنانە بەڕاستی [کارێکی] حەستەمە بەڵام هیندێک وێنەی مێژوویی هەن کە بە ڕواڵەت بە یەکجاری جێبڕوایی (اعتبار) یاسا گشتییەکەی پارەتو ڕەد دەکەنەوە. یەک لەو وێنانە کۆمەڵگای هیندە؛ کۆمەڵگایەکی کە لە درێژەی ڕۆژگار دا سیستەمێکی توێژبەندی تا بڵێی ویشک و نەگۆڕی بووە و تا ئەو جێیەی ئێمە ئاگادارین خاوەن جووڵانێکی تا ڕادەیەک کەم لە نێوان تاکەکانی توێژەکانی خوارووی کۆمەڵ بۆ ناو گرووپی ئێلیت بووە دەگەڵ ئەوەش دا تا ئەو دوایانە تەنیا چەند جووڵانەوەیەکی شۆڕشگێری بەخۆوە بینیوە کە لە هیچ کامیان دا وەلانرانی گرووپێکی ئێلیت بەهۆی گرووپێکی تری لێنەکەوتۆتەوە. تەنانەت ئەگەر ئەو بابەتەش بسەلمێنین کە گەڕان بۆ دۆزینەوەی پێوەندییەک لە نێوان ڕادەی دینامیزمی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگا نوییە ڕۆژئاواییەکان دا و زاڵ بوونی هەست و چالاکییە شۆڕشگێرییەکان، بێ قازانج نییە دیسانیش ناتوانین سەرهەڵدان و هەرەس هێنانی ئێلیتەکان _ چ دەرئەنجامی



ئاڵوگۆرە شۆڕشگێرییەکان بن یان بە شێوەی گۆڕانکاری هەنگاو بە هەنگاو _ تەنیا بەپێی سنووردارێتییەکانی سەر ڕێگای گەیشتنی تاکەکان بۆ ناو گرووپی ئێلیت شرۆڤە بکەین. [بۆ ئەو مەبەستە] پێویستە هیندێک لەو "هۆکارانەیتر"یش کە پارەتو ئاماژەی پێداون بەڵام تاوتوێی نەکردون بدەینە بەرتوێژینەوە.

ئامانجی کاری ماری کۆلابینسکا سەبارەت بە ئێلیتەکانی فەرانسە[١٧] سەلماندنی ڕاستی تیۆرییەکەی پارەتو بوو لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی وردتری ڕەوتی جێگۆڕکێی ئێلیتەکان لە یەک کۆمەڵگادا دا، بەڵام لە ڕاستی دا ئەو بەرهەمەش، نەیتوانی بەڵگەی ئەزموونکراوی سەلمێنەرتر لەوەی پارەتو لە گەشتەکەی بۆ ناو مێژوو دا کۆی کردبووە بەدەستەوە بدا چوونکە ئەویش هەر بەو شێوەیە تەنیا هیندێک بەڵگەی مێژوویی دێنێتەوە. کۆلابینسکا بۆ هەر یەک لە سەردەمەکانی مێژووی فەرانسا کە لێکۆڵینەوەی لە سەر کردووە وێنەگەلێکی لە سەرهەڵدان و هەرەس هێنانی ئەو تاک یان بنەماڵە تایبەتانە هێناوەتەوە. هەرچەندە لێکۆلینەوەکەی ڕوونی دەکاتەوە کە هیندێک لە تاکەکان توانیویانە لە درێژەی ئەو سەردەمانەدا دا پلەی کۆمەڵایەتی خۆیان لە کۆمەڵگای فەرانسە دا بگۆڕن (و کێ نکۆڵی لەو مەسەلەیە کردووە؟) بەڵام لەمەڕ ڕادەی ئەو جۆرە جێگۆڕکێیانە دا هیچ شرۆڤەیەک ناکا، و هەروەها بواری سازدانی پێوەندی لە نێوان ڕادەی جێگۆڕکێ و ئاڵوگۆڕە گرنگەکانی سیستەمی ئابووری یان سیاسی دابین ناکا. کۆلابینسکا تەنیا لە باس لە دوایین قۆناغی لێکۆڵینەوەکەی دا (٨٩-١٧١٥) بەڵگەگەلێک لەباری چەندایەتییەوە سەبارەت بە بوونی نوێنەرانی توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵ لە ناو گرووپە ئێلیتەکان دا دێنێتەوە؛ بەڵام لەوێش دا ئەو بابەتانەی کۆی کردۆتەوە زۆر کەمن و شیکردنەوەکەی بەشێوەیەکە کە لە بابەت گرنگی بابەتە کۆکراوەکان دا شک و گومان لای مرۆڤ ساز دەکا. بۆ وێنە لەجێگەیەک دا[١٨] وەبیردێنێتەوە کە لەساڵی ١٧٨٧ دا یەک لە سەر پێنجی ئەفسەرە پلەبەرزەکانی هێزی سوارە، سەر بە چینی ئەریستۆکراتی ناونیشانداری Titled nobility [فەرانسە] نەبوون و تەنانەت هیندێکیان پێشگری ئەریستۆکراتی deیان لە ناو ناوەکانیان دا نەبوو و ئەوەش وەک بەڵگەی پێدزکەی جەماوەر بۆ ناو گرووپی

نیزامی دێنێتەوە، بەڵام ڕاست لە بەشی دواتر دا دەنووسێ کە گرووپە ئێلیتەکانی فەرانسە، بۆ وێنە گرووپی ئێلیتی نیزامی لە ساڵەکانی پێش شۆڕشیش دا، پاوان کراوتربوون و لە زمان نووسەرێکی ترەوە دەگێڕێتەوە کە نەبوونی پێشگری ئەریستۆکراتی de هیچ کات نابێتە هۆی ئەوەکە تاک لە بنەماڵەیەکی نائەریستۆکرات دا لە دایک بووبێ.[١٩] جگەلەوەش دەبێ وەبیر بێنینەوە کە چوونکە کۆلابینسکا لێکۆڵینەوەکەی بەر لە چاپی کتێبی *نامیلکەی کۆمەڵناسی گشتی* پارەتو دا ئەنجام داوە ناکرێ چاوەڕوانیمان هەبێ کە باس لە دۆزینەوەی پێوەندی نێوان بەخت و شانسی ئەو تاکانەی لیکۆڵینەوەی لە سەر کردوون دەگەڵ "پاشماوە"کانیان دا بکا، و کەواتە شرۆڤەی کۆلابینسکا لەمەڕ ئەو ئاڵوگۆڕانە زۆرتر بەپێی گەشەی بەرژەوەندییە ئابوورییە نوێیەکانەوە دەخرێتە ڕوو.

نووسەرانی تریش سەبارەت بە دیاردەی ئێلیتەکان لێکۆڵینەوەیان کردووە کە دەتوانین بۆ وەدەست هێنانی ڕوونکردنەوە ئالترناتیڤەکان لە بابەت چۆنییەتی و هۆی ڕوودانی ئەو دیاردەیە، کەڵکیان لێوەرگرین. موسکا ئەو دیاردەیە لە یەکەم کتێبیدا لە چوارچێوەی ئەو دەستەواژانەی خوارەوە دا شیدەکاتەوە:

> کاتێک توانای فەرماندەری و دەکارهێنانی کۆنترۆڵی سیاسی تەنیا لە پاوانی دەسەڵاتدارانی یاسایی نەبێ بەڵکو بە ڕادەی پێویست لە ناو خەڵکیش دا برەوی پەیدا کردبێ؛ و هەروەها کاتێک لە دەرەوەی چینی دەسەڵاتدار دا، چینێکی تر فۆڕمی گرتبێ کە دەگەڵ بوونی سەلاحییەتی بەشداربوون لە ئەرکەکانی حکومەت دا، خۆی بێبەش لە دەسەڵات ببینێ ــ لەم کاتەدا، حکومەتی نێوبراو بۆتە لەمپەرێک لەسەر ڕێگەی هێزێکی سەرەکی و دەبێ بە جۆرێک لە جۆرەکان لە ناوبچێ.[٢٠]

هەر ئەو بیرۆکەیە جارێکیتر لە کتێبی *تۆخمەکانی زانستی سیاسی* موسکادا کۆکراوەتەوە:

> لە ناخی چینەکانی خوارووترەوە هەرچۆنیک بێ، چینێکی دەسەڵاتداری تر، واتە کەمایەتییەکی ڕێبەرایەتیکەر فۆڕم دەگرێ، ئەو چینە نوێیە، زۆربەی کات دوژمنی ئەو چینەیە کەوا دەسەڵاتی یاسایی بەدەستەوەیە.[٢١]



موسکا هەروەها پشت ڕاستی دەکاتەوە کە جگە لەو جۆرە جێگۆڕکێیە کە پێویستی بە خەبات لە نێوان ئێلیتەکان و هەروەها وەلانرانی گرووپی ئێلیتی کۆن بەدەست گرووپێک ئێلیتی نوێیەوە جۆرێکیتری جێگۆڕکێی ئێلیتیش هەیە کە لەڕەوتی ئەو دا، گرووپی ئێلیتی هەنووکەیی، لە ڕێگەی چوونە ناوەوەی هیندێک لە تاکەکانی سەربە چینەکانی خوارووتری کۆمەڵگا بۆ ناو ئەو گرووپە دەبووژێتەوە. موسکا لە سانایی یان دژواری ڕێژەیی چوونەناو گرووپی ئێلیت لە بەستێنە جۆراوجۆرەکانی مێژوویی دا دەکۆڵێتەوە و لەو بابەتەوە، دەچێتە ناو باسی لێکجیاکردنەوەی کۆمەڵگای دینامیک لە کۆمەڵگای نادینامیک لەسەربنەمای پلەی کراوەیی گرووپی ئێلیت. موسکا بەپێچەوانەی پارەتو، سرنج دەداتە ڕادەی بەرچاوی جووڵەی تاکەکان لە نێوان ئاستە جیاجیاکانی کۆمەڵ دا وەک تایبەتمەندییەکی زەقی کۆمەڵگا دێموکراتیکە نوێیەکان و هەڵبەت لەو بارەیەوە تووشی زیادەڕۆی دەبێ. لە کۆمەڵگا ئوروپاییە نوێیەکان دا.

> ڕیزەکانی چینە دەسەڵاتدارەکان بە کراوەی هێشتراونەتەوە. ئەو ئاستەنگ و بەربەستانەی ڕێگربوون لە گەیشتنی تاکەکانی چینەکانی خواروو بۆ ناو چینەکانی سەرووتر یان لە ناوبران یان کەم بوونەوە. گۆڕانی دەوڵەتی سەرەڕۆییخوازی کۆن و [لەدایک بوونی] دەوڵەتی نوێ لە سەربنەمای نوێنەرایەتی، تا ڕادەیەک هەلی بەشداری بۆ هەموو هێزە سیاسییەکان و هەروەها بۆ بایەخە کۆمەڵایەتییەکان لە بەڕێوەبەری کۆمەڵگا دا رەخساندووە.[٢٢]

دەگەڵ ئەوەش دا، گرنگترین تایبەتمەندی لە باسەکەی موسکا سەبارەت بە جێگۆڕکێی ئێلیتەکان دەبێ لە جۆری ڕوونکردنەوەی ئەو بۆ ئەو دیاردەیەدا بدۆزینەوە. موسکا جاروبار ئاماژە دەکاتە سەر ڕووناکبیران و چۆنییەتییە ڕەوشتییەکانی ئەندامانی گرووپی ئێلیت بەڵام بە پێچەوانەی پارەتو، موسکا گرنگی سەرەکی ناداتە ئەو تایبەتمەندییە سایکۆلۆژیکییانە. یەکەم، بە باوەڕی موسکا ئەو جۆرە تایبەتمەندییە تاکەکەسییانە زۆرتر لە هەلومەرج و بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرچاوەیان گرتوە:

ئازایەتی لە شەڕ دا، چاونەترسی لە هەڵمەت بردن دا، بەردەوامی لە خۆراگری دا، ئەو جۆرە بابەتانە چۆنیەتی گەلێکن کە سەردەمانێکە و بە چەندان جار وەک تایبەتمەندی پاوانکراوی چینەکانی سەرووتر باسیان لێوەکراوە. بێگومان لە کاتێکەوە بۆ کاتێکیتر لەو لایەنانەوە جیاوازی گەلی سروشتی یان __ ئەگەر بکرێ بڵێین __ جۆوهەری بەربڵاو هەیە، بەڵام نەریتەکان و کاریگەرییەکانی دەورروپشت زۆرتر لە هەر هۆکارێکیتر لە هەر گرووپێکی گەورەی مرۆڤەکان دا دەبێتەهۆی چوونە سەر، یان هاتنەخوار، یانیش مامناوەندی مانەوەی ئەو جۆرە تایبەتمەندییانە.[٢٣]

دووهەم، موسکا لە ڕوونکردنەوەی سەرهەڵدان و هەرەس هێنانی گرووپە ئێلیتەکاندا بە دەگمەن ئاماژەدەکاتە تایبەتمەندییە تاکەکەسییەکان و دیاردەی نێوبراو لە سەر بنەمای بیچم گرتنی بەرژەوەندی و ئامانجە نوێیەکانەوە لە کۆمەڵگایەک دا و هەروەها لە سەر بنەمای دەرکەوتنی کێشە نوێیەکانەوە ڕوون دەکاتەوە.

ئەوەی دەبیندرێ ئەوەیە کە دەگەڵ دەرکەوتنی ئاڵوگۆر لە باڵانسی هێزە سیاسییەکان دا واتە هەر کە هەست بەو نیازە کرا کە توانای جیاواز لە توانا کۆنەکان، لە بەڕێوەبەرایەتی دەوڵەتدا دیاربکەون، و بەو پێیە کاتێک توانا کۆنەکان تا ڕادەیەک گرنگایەتی خۆیان لە دەست دا یان لە دابەشینیان دا ئاڵوگۆڕێک پێک بێ، لەو کاتە دا ستروکتۆری چینی دەسەڵاتداریش گۆڕانکاری بەسەر دا دێ. بێتوو سەرچاوەی سامانێکی نوێ لە کۆمەڵگایەک دا بێتەدی، یان گرنگی پراکتیکی زانست گەشە بستێنێ، یانیش ئایینیکی کۆن لە گرشە بکەوێ یان دینێکی نوێ لە دایک بێ، بێتوو ڕەوتێکی نوێ لە بیرۆکەکان پەرەبستێنێ، لە وەها بارودۆخێک دا هاوکات دەگەڵ ئەوە، جێگۆڕکێ گەلێکی قووڵیش لە چینە دەسەڵاتدارەکان دا دێنەدی.[٢٤]

هەروەک میزل وەبیردێنێتەوە ئەو جۆرە بەڵگەهێنانەوانە، موسکا لە بیرۆکە مارکسیستییەکان نزیک دەکاتەوە. موسکا خۆشی ئاگاداری ئەو مەترسییە بوو و هەر بۆیەش تێدەکۆشا بە پێداگرتن لەسەر بەربەستەکانی شرۆڤەی ئابووری مێژوو و



هەروەها جەخت کردن لە سەر کاریگەری هزرە ڕەوشتی و ئایینەکان لە ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دا، تیۆرییەکەی خۆی لە تیۆرییەکەی مارکس جیاکاتەوە. لە ڕاستی دا هەڵوێستی موسکا لەمەڕ ئەو کێشەیە جیاوازێکی ئەوتۆی دەگەڵ هەڵوێستی ماکس وێبر دا نییە، هەڵوێستی ماکس وێبر لەسەر بنەمای ڕەدکردنەوەی هەر چەشنە شرۆڤەیەکی پاوانکراو و تەنیا ئابووری لە مێژوودا بوو، بەڵام موسکا کەمتر لە وێبر دان بە کاریگەریی هزری مارکس لە بیرۆکەکەی دا دەنێ.

دوو نووسەری تریش بە شێوەیەکی تەواو سەربەخۆ لەمەڕ پرسی جێگۆڕکێی ئێلیتەکان دا لێکۆڵینەوەیان کردووە کە لێرە دا کورتەیەک لە ڕوانگەکانیان دەخەینەڕوو. هێنری پیرەنە مێژوونووسی بێلژیکی لە وتارێکدا لە ژێر ناوی "سەردەمەکانی مێژووی کۆمەڵایەتی کاپیتالیزم"[٢٥] دا ئەو گریمانە دەخاتەڕوو کە هەر سەردەمێکی لێکجیا لە گۆڕانکاری کاپیتالیزم[٢٦] بە باڵادەستی چینێکی جیاواز لە کاپیتالیستەکان دیاری دەکرێ.

دەگەڵ هەر ئاڵوگۆڕێک لە پەرەسەندنی ئابووری دا، لێک پسانێک لە بەردەوام بوونی دا دەردەکەوێ. ئەو کاپیتالیستانەی تا ئەوکات چالاک بوون ئیتر نەیاندەتوانی دەگەڵ بارودۆخ و ئەو هەلومەرجەی لە ڕێگەی پێداویستە نوێیەکانەوە هاتبوونەدی و دابین کردنیان پێویستی بە ئامرازگەلی نوێوە هەبوو خۆڕێکخەن. کاپیتالیستەکان دەست لەخەبات دەکێشنەوە و دەبنە ئەریستۆکراتێک و بەشداری کردنیان لە بەڕێوەبەرایەتی ئەرکەکان دا ئەو دوو شێوازە لە خۆدەگرێ: A) یان هیچ کات بەشداری لە بەڕێوەبردنی ئەرکەکاندا ناکەن B) یانیش بەشداری کردنیان بەشێوەیەکی پەسیڤ و لە ڕێگەی دابین کردنی سامانەوە دەبێ. لە جێگەی ئەوان دا پیاوانێکی نوێ، ئازا، و بەجەرگ سەرهەڵدەدەن کە لە هەمبەر ڕەشەبای ئاڵوگۆڕ دا خۆڕادەگرن...

پیرەنە چوار قۆناغی سەرەکی دیاری دەکا کە لە هەرکام لەوان دا وەها ئاڵوگۆڕگەلێک هاتوونەدی: سەرهەڵدانی تاجرەشارییەکان لە سەدەی یازدەهەم دا،

پەرەسەندنی تیجارەتی نێونەتەوەیی لە سەدەی سێزدەهەم دا، پەیدابوونی شارەنوێیەکانی پیشەسازی و بەرهەم هێنان لە سەدەی شازدە دا، و لە ئاکام دا، شۆڕشی پیشەسازی سەدەی هەژدە. پیرەنە هەوڵ دەدا پێشان دا کە لە هەرکام لەو شوێنانە دا، تاکگەلی نوێ سەربە چینەکانی خوارووتری کۆمەڵگا هەڵدەستن و ڕێبەرایەتی چالاکییە ئابوورییەکان بەدەستەوە دەگرن.

شومپیتێریش لە وتارێک دا لەسەر چینە کۆمەڵایەتییەکان بیروبۆچوونەکانی تا ڕادەیەک وەک بۆچوونەکانی پیرەنە دەچن.[٢٧] شومپیتێر لە بەشە جیاجیاکانی وتارەکەی دا کە تایبەتە بە "سەرهەڵدان و هەرەس هێنانی بنەماڵەکان لە چینێکدا"، و "تێپەڕاندنی هێڵە چینایەتییەکان" و "سەرهەڵدان و هەرەس هێنانی گشت چینەکان" بەشێوەیەکی زۆر ئاشکرا جۆرە جیاجیاکانی جێگۆڕکێ لێک جیادەکاتەوە. یەک لە بەبایەخترین تایبەتمەندییەکانی لێکۆڵینەوەکەی شومپیتێر ئەوەیە کە لە جێگۆڕکێی ئێلیتەکان دا، هۆکارە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکان بەیەکەوە لە بەرچاودەگرێ. بە باوەڕی شومپیتێر لە جووڵانەوەی بنەماڵەکان لە ناو چینەکان دا، پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی _ جیا لەهۆکاری شانس _ هەم لەژێر کاریگەری وزە و هۆشی خواپێداوی تاک دایە و هەمیش لەژێر کاریگەری بارودۆخ و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی وەک ئاواڵەبوونی چینەسەرووترەکان، و بوونی دەرفەتی پێنانە ناو گۆڕەپانی چالاکییە نوێیەکان دایە. بەوپێیە لە سەرهەڵدان و هەرەس هێنانی گشت چینەکانیش دا دەبێ قورسایی چۆنییەتییەکانی [کەسێنی] تاکەکان لەبەرچاوبگرین بەڵام ڕۆڵی گرنگتر ئەو دەستە لە ئاڵوگۆڕە ستروکتوورییەکان دەیگێڕن کە کارتێکەریان لەسەر فۆنکسیۆن (کارویژە)ی گرووپە جۆراوجۆرەکان دا هەیە:

> ...جێگەی هەر چینێک لە ستروکتووری نەتەوییدا، لە لایەک بەستراوەتەوە بە گرینگایەتییەی کە دەدرێتە پاڵ فۆنکسیۆنەکەی و لە لایەکی تریشەوە بە ئاستی سەرکەوتنی چینی نێوبراوە لە بەجێهێنانی فۆنکسیۆنەکانی دا بەستراوەتەوە.[٢٨]

شومپیتێر ئەو پرۆسەیە بەلێکۆڵینەوە لەمەڕ سەرهەڵدانی ئەریستۆکراسییەکی شەڕکەر لە ئەڵماندا و هەرەسهێنانی دواتری ئەو ئەریستۆکراسییە لە کۆتای سەدەی



چاردە دا کە بە هۆی گەشەی سیستەمێکی ئۆفیسی نەتەوەیی، و میراتی بوونی داهاتی زەوییەکانەوە هاتەدی وێنادەکا. هۆکارە سەرەکییەکانی ئەو هەرەس هێنانە دەبێ لە کەم بوونەوەی گرنگی کۆمەڵایەتی فۆنکسیۆنی شەڕی تاکەکەسی _ واتە داماڵینی دۆخی نیزامی لە کۆمەڵگا دا _ و هەروەها لەو دەستە لە ئاڵوگۆڕە ئابوورییەکان دا بدۆزینەوە کە گونجاوی هەلومەرج و پلەوپایەی زەویدارێتی بوون.[٢٩]

ئامانجی گشت ئەو لێکۆڵینەوانەی باسیان لێوەکراوە کە یان لە ڕێگەی دۆزینەوەی هۆکارەکانی ئاڵوگۆڕی کاربەرێوەبەرانی بنیاتە فەرمییەکانی دەسەڵات یانیش بە ڕوانینێکی بەربڵاوتر، لە ڕێگەی شرۆڤەی هەڵکشان داکشانی دەسەڵات یان تەشەنەی گرووپ گەلێکی تایبەت لە کۆمەڵگا دا، یارمەتییەک بە تێگەیشتنی گۆڕانکارییە سیاسییەکان بکرێ. بەڵام تا چ ڕادەیەک ئەو نووسەرانە لە بواری فۆڕماسیۆنی کێشەکان دا و خستنەڕووی بەڵگەکان بۆ پشت ڕاستکردنەوەی دەرئەنجامەکانیان سەرکەوتوو بوونە؟ لەنێوان بۆچوونی پارەتو و بۆچوونی موسکا، پیرەنە یانیش شۆمپیتێر دا جیاوازییەکی زۆر لە ئارادایە. سرنجی پارەتو زۆرتر بەلای جێگۆڕکێی تاکەکان لە نێوان گرووپی ئێلیت و گرووپی نائێلیت دایە و ئەو کەڵکەڵەیەش ڕاستەوخۆ لەوەوە سەرچاوەدەگرێ کە پارەتو "باڵانسی کۆمەڵایەتی" Social Equilibrium وەک بابەتی سەرەکی لێکۆڵینەوەکەی خۆی هەڵبژاردووە. پارەتو وەک فانکشنالیستە نوێیەکان _ کە وەک نەوەکانی زانستی و ئیدئۆلۆژیکی پارەتو دێنە ئەژمار _ تاوتوێی ئەو دەستە لە هۆکارەکان دەکا کە کۆمەڵگایەکی تایبەت یان شێوازێکی تایبەت لە کۆمەڵگا لەسەر پێ ڕادەگرن، و دیسانیش هەروەک ئەوان هەر جۆرە لێکۆڵینەوەیەک لەمەڕ جیاوازییە بەرچاوەکانی نێوان جۆرەکانی کۆمەڵگا یان لەمەڕ هۆکارەکانی ئاڵوگۆڕ لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەلگایەکی تر ناڕاشکاوانە لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکەی خۆی دا وەلادەنێ. لەو وێنەیە دا کە پارەتو لە مێژووی کێشاوەتەوە هیچ جۆرە ئاڵوگۆڕێکی ڕاستەقینە لە ستروکتووری کۆمەڵایەتی دا نایەتەدی. ئەوەی هەیە تەنیا خولانەوە لە دەوری بازنەیەکی بێ بڕانەوەدایە کە لەو ڕەوتەدا گرووپێک ئێلیتی لە کاتی سەرەمەرگ، یان لە ڕێگەی وەرگرتنی ئەندامانی

نویێ لە توێژەکانی خوارووی کۆمەلگاوە دەژێتەوە یانیش لە ڕێگەی گرووپێک ئێلیتی نوێیوە لەناودەچێ. ئەم گرووپە ئێلیتە نوێیە هەر لەو تۆخمانە [توێژەکانی خواروو] پێکهاتووە کە لە گەیشتنی بەتاک بۆ ناو گرووپی ئێلیتی سەقامگرتوو بێ بەش کراون. کۆی ئەو جموجۆڵانە، ئاڵوگۆڕێک لە چوارچێوەی کۆمەلگادا پێک ناهێنن. لەبەرئەوە لە واتە ئابسترەکەی پارەتودا، چوارچێوەی کۆمەلگا هەر ئەو دەسەڵاتی کەمایەتییە بەسەر زۆرینەدا. لە ڕوانگەی پارەتووە بە هیچ شێوەیەک باس لەو پرسیارە ناکرێ کە داخوا لە پێکهاتە و ڕوانگە فەرهەنگییەکانی گرووپی ئێلیت، یان لە پێوەندیەکانی نێوان گرووپی ئێلیت و کۆمەڵانی خەڵک دا ئاڵوگۆڕی مێژووی دێنەدی یان نا. پارەتو لەهەر شوێنێک دەگاتە ئەو پرسانە، پاشەکشە دەکا و جەخت لەوە دەکاتەوە کە ناوئاخنی لێکۆڵینەوە سەرەکییەکەی مەسەلەیەکی گشتی، ئابسترە و نامێژووی هەلومەرجی باڵانسی کۆمەڵایەتییە.

بەپێچەوانەوە، موسکا، و پیرەنە و هەروەها شومپیتێریش دەگەڵ هەمووی ئەو ناکۆکیانەی هەیانە لە چەند لایەنەوە دەگەڵ یەکتر هاوبیرن. یەکەم، سەرجەمیان باوەڕیان بەوە هەیە کە لەوانەیە بە هۆی ئاڵوگۆڕی ئابووری یان فەرهەنگی لە کۆمەڵگایەک دا، گرووپ گەلی کۆمەڵایەتی نوێ پێک بێن. دووهەم، [ئەو بابەتە] پشت ڕاست دەکەنەوە کە لەوانەیە گرووپەکانی نێوبراو، بەهۆی ئەوە کە جۆری چالاکییەکانیان گرنگایەتی سەرەکی بۆ سەرجەم کۆمەڵگا لێدەبێتەوە دەست ڕۆیشتوویی کۆمەڵایەتی خۆیان بەرنەسەرێ، و هەروەها باوەریشیان هەیە کە لەوانەیە ئەو چالاکییانە لەکاتی خۆی دا ببنە هۆی ئاڵوگۆڕگەلێک لە سیستێمی سیاسی و سەرجەم ستروکتووری کۆمەڵایەتیدا. سرنجی ئەوان [موسکا، پیرەنە وشومپیتێر] بۆ سەرهەڵدان و هەرەسهێنانی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان، بە تایبەت گرووپگەلێک کە لە ڕێگەی فۆنکسیۆنە ئابوورییەکانیانەوە دیاری دەکرێن، بەڵگەن بۆ کارتێکەری بیرۆکەی چینەکانی مارکس لەسەر بیروباوەڕی ئەوان دا. هەر ئەو کارتێکەرییە [جارێکیتر] لەو ڕاستییەوە دەردەکەوێ کە ئەوان [واتە موسکا، پیرەنە وشومپیتێر] بۆ ئەو جۆرە گرووپانە، وشەی "چین" وەپێش زاراوەی "گرووپی ئێلیت" دەخەن و بەو پێیە مۆدێلێکیان لە کۆمەڵگا خستۆتەڕوو کە لەو دا ئاڵۆزی و ئاڵوگۆڕهەڵگری مێژوویی



ستروکتووری چینایەتی، زۆر بەرچاوترە لە دابەشینی گشتی و نەگۆڕی کۆمەڵگا لە نێوان گرووپی ئێلیتی دەسەڵاتدار و جەماوەردا. تەنیا لە نووسراوەکانی موسکا دایە کە جیاوازی دووهەم دەخرێتەڕوو و هەروەک پێشتر پێشانمان دا موسکاش لە ڕەوتی باس لە سیستێمە سیاسییەکانی کۆمەڵگا نوێیەکان دا، تا ڕادەیەکی زۆر ئەو جیاوازییە لەبەرچاوناگرێ. مەبەست ئەوە نییە کە هیچکام لەو نووسەرانە لە باسی جموجۆڵی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان دا، سەرنجیان نەداوەتە جێگۆڕکێی تاکەکان لە نێوان گرووپە ئێلیتەکان (یان چینی سەرووتر) و توێژەکانی خوارووتری کۆمەڵگاوە هەروەک بینیمان، شومپیتێر جیاوازێکی زۆر ورد لە نێوان ئەو جۆرە جیاوازیانەی جێگۆڕکێ دا دادەنێ و موسکاش بە شێوەیەک کە کەمتر بەرچاوە هەر ئەو کارە دەکا. تەنیا پیرەنەیە کە لەو بوارە تایبەتەدا، سرنجی بە فۆڕم گرتنی چینە نوێیەکانەوە دەبەستێتەوە بەڵام لەو بوارەشەوە سەرجەمیان بە شێوەیەکی دیاریکراو دەگەڵ پارەتودا جیاوازیان هەیە. لەبەرئەوەی (هەروەک چۆن لە نووسراوەکانی شومپیتێر دا بە شێوەیەکی تایبەت ئاشکرایە) ئەوان جێگۆڕکێی تاکەکان و بنەماڵەکان لە ناو سیستێمی چینایەتی دا زۆرتر بە پاڵپشتی تایبەتمەندییەکانی ستروکتووری چینایەتیەوە شرۆڤە دەکەن نەک لەسەر بنەمای جیاوازی تاکەکان لە بواری توانا و تایبەتمەندییەکانیانەوە. بەرچاوترین تایبەتمەندی ئەو تێگەیشتنە لە جێگۆڕکێی ئێلیتەکان ئەوەیە کە لانیکەم لە بواری شارستانییەتی ڕۆژئاوادا، ئاڵوگۆڕێکی ڕاستەقینە لە سرووشتی ئێلیتەکان و هەروەها لە پێوەندی ئەوان دەگەڵ خەڵکانیتری ناو کۆمەڵگا دا لەبەرچاودەگرێ و پەسەندی ئەوەش دەکا کە ئاڵوگۆڕی تێکنۆلۆژی و فەرهەنگی گشتی، فۆڕمگەلی جۆربەجۆر لە ستروکتووری چینایەتی و دەسەڵاتی سیاسی بەدیدێنێ. ئەو تایبەتمەندییە لەو خاڵانەوە سەرچاوەدەگرن کە من تا ئێستا باسم لێوە کردون.

هەرچەند لە بەرهەمەکانی موسکا، پیرەنە و هەروەها شوپیتێردا لە چاو نووسراوەکانی پارەتو دەکرێ شرۆڤەی یەکدەست تر و تێبینی پاساوئاساتر سەبارەت بە جێگۆڕکێی ئێلیتەکان بدۆزینەوە بەڵام ئەو شیکارییانەش لە هیندێ لایەنەوە

ناتەواون. یەک لە ئاشکراترین ناتەواوییەکانیان نەبوونی شێوەی شیاوی لێکۆڵینەوەیە. سەلماندنی بوون یان نەبوونی پێوەندییەکی نەگۆڕ لە نێوان رادەی جێگۆڕکێی تاکەکان و گرووپەکان لە کۆمەڵگادا، و هەروەها ڕادەی ئاڵوگۆر لە سیستێمە ئابووری، سیاسی و فەرهەنگییەکان دا، بە پاڵپشتی هیچ کام لەو شیکارییانە نایەتە ئەنجام: یەکەم، لەو ڕووەوە کە ئەو لێکۆڵینەوانە هیچ جۆرە بەراوردکردنێکی سیستێماتیک لە نێوان کۆمەڵگاکان دا ناخەنە ڕوو و دووهەم بەهۆی ئەوە کە هیچ جۆرە نرخاندنێکی ورد لەمەڕ ئەو دیاردەیەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر کردووە بەدەستەوە نادەن. پارەتو، موسکا، کۆلابینسکا، هەروەها پیرەنە و شومپیتێر سەرجەمیان بەسەرکەوتوویەوە پێشانیان داوە ([کە هەڵبەت] سەلماندنی ئەو خاڵە زۆریش حەستەم نییە) کە هیندێ لە تاکەکان، جێگەی چینایەتیان دەگۆڕن یان لە نێوان گرووپی ئێلیت و نائێلیت دا دەهات و چۆ دان. شێوەی ئەوان لەو کارەدا زۆرتر خستنەڕووی وێنەگەلێک لەو تاکانەیە کە لە زنجیرە پلەکانی کۆمەڵایەتی دا پێشکەوتوونە. بەڵام بەوپێیە ئەو خاڵە گرنگە ڕوون نابێتەوە کە چ ڕێژەیەک لە گرووپی ئێلیت یان چینی سەرووتر، ریشەیان لە توێژەکانی خوارووتری کۆمەڵگا دایە، و چ ڕێژەیەک لە تاکەکانی سەر بە توێژەکانی خوارووتر توانیویانە بگەنە ئەو گرووپە.

لە ڕواڵەت دا ئەو شێوە وێناکردنە مێژووییە لە زۆربەی بوارەکان دا، بەرزبوونی رادەی جێگۆڕکێ لە کۆمەڵگایەک دا پێشان دەدا. بۆ وێنە ویلیام میلر باسی لەوە کردووە کە چوونکە پسپۆرانی مێژوو پرژاونەتە سەر لایەنێک لە ئەندام وەرگرتنی گرووپی ئێلیت لە خوولی ئەو دواییانەی مێژووی ئەمریکادا هەربۆیە لەمەڕ ڕێژەی ڕێبەرە تیجارییەکانی هەڵقولاو لە ناو توێژەکانی خوارووتری ئەو کۆمەڵگایەدا زۆر زێدەڕۆیان کردووە.

> لە پڕاکتیک دا سەرجەم ئەو گشتگیری (تعمیم)انەی کە بنەمای ئەو مۆدێلە [واتە ئەندام وەرگرتنی ئێلیتی تیجاری] پێکدێنن لەسەر بنچینەی هیندێک لە ژیان نامەکانی سەردەمی "بارۆنە دزەکانن"[٣٠]... بەڵام لێکۆڵینەوەی ژیانی ڕێبەرە تیجارییەکان... بۆ دۆزینەوەی ریشە دەرەکییەکان یان ریشە کرێکارییەکان [لە ناویاندا] تا ڕادەیەک



> کارێکی لەخۆڕایە و ڕادەی منالانی هەژار و قوتابخانە نەدیوی وەرزێڕان لەناو ئەو جۆرە ڕێبەرانە دا زۆر نییە.[٣١]

ڕوونە کە ئەندازەگرتنی وردی ڕادەی جێگۆڕکێی تاکەکان لە نێوان گرووپی ئێلیت و گرووپی نائیلیت دا (کە بەشێک لە شیکاری کۆمەڵناسانی نوێ لەژێرناوی "بزاڤی کۆمەڵایەتی" social mobility پێک دێنێ) تەنانەت لە کۆمەڵگاکانی ئێمرۆش دا دەگەڵ تەنگوچەڵەمەی گەورە بەرەوڕوویە. لە بەرهەمێکی تری س. ام. میلر دا لەمەڕ تاوتوێی بەراوردکاری بزاڤی کۆمەڵایەتی دا[٣٢] وهەروەها لە لێکۆڵینەوەیەکی تر لە نووسینی هیت دا[٣٣] ئاماژەکراوەتە سەرهیندێک لەو ئاستەنگییانە: ئەگەر کێشەگەلی گشتی [کردەوەی] ئەندازەگرتنیش بخەینە لاوە دیسانیش کێشەگەلێکی تایبەت هەن کە لە جیاوازییەکانی رادەی گرووپە ئێلیتەکان لە کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان دا و هەروەها لە جیاوازی ستروکتووری چینایەتی ئەو کۆمەڵگایانەی کە ڕێژەیەکی جیاواز لە حەشیمەتەکەیان سەرقاڵی کاری وەرزێڕی یان پیشەسازی و هەروەها کاری دەستی یان کاری نادەستین.

دەرئەنجامێکی کە لە ئاکامی لەبەرچاوگرتنی ئەو کێشانە دەکەوێتەوە ئەوەیە کە دانانی جیاوازییەکی ساکار لە نێوان گرووپی ئێلیت و نائێلیت دا، هەروەک ئەوەی پارەتو خستوویەتییەڕوو، شتێکی ناتەواو و بەکەموکوڕییە، چوونکە تا کاتێک زانیاریمان سەبارەت بە ئەندازە و ستروکتووری گرووپی ئێلیت و هەروەها لە بابەت ستروکتووری چینایەتی گشتی کۆمەڵگایەکی تایبەت دا نەبێ، ناتوانین هیچ جۆرە نرخاندنێک لەبواری ڕێژەی جووڵەی تاکەکانی بەشەکانی تری کۆمەڵگا بۆ ناو گرووپی ئێلیت بەدەستەوە بدەین. دەگەڵ ئەوەش دا، لە کاتی لێکۆڵینەوەی جێگۆڕکێی ئێلیتەکان لە کۆمەڵگا هاوچەرخەکان دا لانیکەم ئەو دەرفەتە هەیە کە زۆربەی زانیارییە پێویستەکان لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی نموونە [ئامارییە] نەتەوەییەکان یان لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەیەکی وردتری گرووپە ئێلیتە تایبەتەکانەوە کۆ کەینەوە. کاتێک دەچینەوە سەر لێکۆڵینەوە مێژووییەکان لەمەڕ جێگۆڕکێی ئێلیتەکان، کۆکردنەوەی زانیاری خۆی کێشیەکی ترە کەوا نووسەرە سەرەتاییەکان کەمتر بەشێوەیەکی جیددی پرژاونەتە

سەری. نەبوونی زانیاری لە سەردەمانی ئێستا دا بێ گومان تا ڕادەیەک بەهۆی نەبوونی ئۆگری گشت مێژوونووسانە بۆ ئەو جۆرە لێکۆڵینەوە چەندایەتیانە و هەروەها بەهۆی ساوابوونی ئەوجۆرە لە مێژووی کۆمەڵایەتی دایە کە دەبێ سەرنج بداتە ئەو پرسانە. هەروەک ویلیام میلر لە نووسراوەیەکی دا کە پێشتر باسمان لێوە کرد گووتوویەتی:

> لە بنەڕەت دا پسپۆڕانی مێژوو کە تا ئەو ڕادەیە سەرنجیان داوەتە چالاکییەکانی چینە دەسەڵاتدارەکان دەبوایە یەکەم کەسانێک بووبان کە لێکۆڵینەوەی سیستێماتیکی پرسەکانی پێوەندیدار بە وەرگرتنی ئەندام و هەروەها قۆناغی ژیانی ئێلیتەکانیان بکردبایە. ئەو پرسە، بەتایبەت لە وڵاتێکی وەک وڵاتەیەکگرتووەکان دا سەرنج ڕاکێشە کە خاوەنی هیچ جۆرە سیستمێکی فەرمی کاست یان هیچ جۆرە زنجیرە پلەیەکی میراتی Hiereditary_Hierarch لەسەر بنەمای یاسایی نەبووە. بەڵام زۆربەی مێژوونووسانی ئەمریکایی شانیان نەداوەتە بەر ئەو ئەرکە.[٣٤]

لێکۆڵینەوەکانی میلر لەمەڕ گرووپی ئێلیتی تیجاری و لێکۆڵینەوەیەکی نوێ لەمەڕ زانایانی چین[٣٥] و هەروەها ئەو لێکۆڵینەوەی لەمەڕ ئێلیتە سیاسیەکانی وڵاتە جیاجیاکان دا کراون[٣٦] سەرجەم پێشاندەدەن کەوا دەکرێ زانیارییە مێژوویییەکانی پێویست لە هیندێ بواردا بدۆزێنەوە، بەڵام بۆ زۆرێک لە وڵات و سەردەمەکان دیاریکردنی وردی ڕادەی جموجۆڵێک کە بۆ ناوەوە و دەرەوەی گرووپی ئێلیت دا هەبووە هەر وا نەشیاو دەمێننەوە.

تەنانەت ئەگەر زانیارێکی تا ڕادەیەک وردیش لەمەڕ جێگۆڕکێی ئێلیتەکان لە بەشێکی زۆری کۆمەڵگاکاندا لەبەردەست دابایە دیسانیش دەبوو بۆ سەلماندنی پێوەندیی نێوان ئەو جێگۆڕکێیە و سەرجەم دیاردەکانی تری کۆمەڵایەتیدا، بەراوردێکی سیستێماتیک و هەمەلایەنەمان لە نێوان کۆمەڵگاکان دا کردبا ئەوەش ئەو شتەیە کە هیچ کام لە نووسەرە سەرەتاییەکان کە لە بارەی گرووپە ئێلیتەکان دا خەریکی نووسین بوون هیچ هەنگاوێکیان بۆ نەناوە. پارەتو لەسەر ئەو باوەڕەیە کە جێگۆڕکێی تاکەکان لەنێوان گرووپی ئێلیت و نائێلیت دا دیاردەیەکی چەق بەستو و



سیستێماتیکە. بەڵام تۆبلێی وابی؟ داخوا هیچ جۆرە جیاوازییەکی سەرەکی نییە سەبارەت بە ڕێژەی جێگۆڕکی لە نێوان کۆمەڵگاکان دا؟ ئەگەر هەیە هۆکاری ئەو جیاوازییانە و هەروەها کارتێکەریان لە بواری سیاسی دا چییە؟ موسکا و ئەوانیتر باوەڕیان وایە کە ڕێژەی جێگۆڕکێی لە کۆمەڵگا نوێیەکان دا زۆر لە سەرێ دایە و بەوتەی موسکا "دەوڵەتە نوێیەکان کە لەسەر بنەمای نوێنەرایەتی دامەزراون هەلی بەشداریان لە بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵگا دا بۆ سەرجەم هێزە سیاسییەکان و هەروەها بۆ سەرجەم بایەخە کۆمەڵایەتییەکان ڕەخساندوە"[٣٧]. بەڵام ئەو لێکۆڵینەوانەی تا ئێستا شیمان کردنەوە بە تەواوی ئەو ڕوانگەیە پشت ڕاست ناکەنەوە. دەگەڵ ئەوەش دا لەوانەیە کۆمەڵگا پیشەسازییە نوێیەکان لە زۆربەی جۆرەکانی تری کۆمەڵگاکان زۆر دینامیک تربن. پرسیارێکی تر کە دەکرێ بخرێتەڕوو دەگەڕێتەوە سەر پێوەندی نێوان جموجۆڵی تاکەکان و سەرهەڵدان و هەرەس هێنانی گرووپە ئێلیتەکان یان چینەکان. داخوا هەروەک پارەتو بەڵگە دێنێتەوە شۆڕشەکان بە ڕاستی کاتێک دێنەدی کە ڕێژەی جێگۆڕکێی تاکەکان زۆر لە خوارەوە بێ؟ ئەو پرسیارانە نیشاندەری کۆمەڵێک مەسەلەن کە بێ شک ناتوانین لەسەر بنەمای زانستی ئێستا چارەسەریان بکەین و نووسەرە سەرەتاییەکانیش هەرچەند لە ڕواڵەت دا شێوەیەکی ڕوون کردنەوەیان هەیە بەڵام لەڕاستی دا تەنیا ئەم مەسەلانەیان هێناوەتە گۆڕێ.

هەروەک دیتمان پارەتو سەرنجی زۆرتر خستۆتە سەر جموجۆڵی تاکەکان لە ڕەوتی جێگۆڕکێی ئێلیتەکان دا. بە باوەڕی من نووسەرانی تر کە زۆر بە دوور و درێژی پرژاونەتە سەر جموجۆڵی گرووپەکان __ واتە سەرهەڵدان و هەرەسهێنانی گرووپە ئێلیتەکان __ لەچاو ئەو هەنگاوەی مارکس کە زۆر بەر لە وان ناوێتی بۆ دۆزینەوەی هۆیەکانی ڕیشەکانی چینە کۆمەڵایەتییەکان و ئاڵوگۆڕەکانیان، ڕێگەیەکی زۆرتریان نەبڕیوە. لە ڕاستی دا بە باوەڕی سەرجەم نووسەرانی نێوبراو ئەوەی لە هەموان زۆرتر گرنگایەتی هەیە سەرهەڵدانی بەرژەوەندییە نوێیەکان لە کۆمەڵگا دایە. "هێزە کۆمەڵایەتییەکان" social forcesی موسکا زۆر وەک "بەرژەوەندییە چینایەتییەکانی" مارکس دەچێ؛ پیرەنە بە تەواوی ڕووی لە سەرهەڵدانی گرووپە نوێیە کاپیتالیستییەکانە؛ و شومپیتێر زۆرتر لە

چوارچێوەی زاراوەگەلی ئابووری دا، دەپرژێتە سەر ڕوونکردنەوەی هەرەس هێنانی ئەریستوکراسییەکی چەکدار. خاڵی جیاوازی نێوانیان دەگەڵ مارکسیزم لە دوو جێگە دایە: یەکەم لە باسێکی شرۆڤەکراوتر دا کە ئەوان سەبارەت بە گەشەی گرووپە لاوەکییەکان دەیخەنە ڕوو _ وەک گرووپە نوێیە پیشەییەکان _ و دووهەم، خۆپاراستنیان لە هەر جۆرە باسێک لەمەڕ کۆمەڵگایەکی بێ چینی بەهێز (بالقوە) کە مارکس لە ناخی کاپیتالیزمی نوێ دا دیاری کردووە. هەرچەند موسکا زۆر جەخت دەکاتە سەر کارتێکەری هۆکارە فەرهەنگی و ئایینیەکان لەبەدیهاتنی "هێزە کۆمەڵایەتییە" نوێیەکان، بەڵام بۆ پشت ڕاست کردنەوەی وتەکەی لەسەر ئەوە کە جاری وایە ئەو هۆکارانە گرنگییەکی بنەڕەتیان هەیە لە سازدانی ئاڵوگۆڕ لە ستروکتووری کۆمەڵگا دا ناپرژێنە سەر خستنەڕوو یان لێکۆڵینەوەیەکی وردی وێنە مێژووییەکان. شومپیتێر لە یەکێک لە نووسراوەکانی دواتری دا[38] دەپرژێتە سەرباس کردن لەو دەستە لە ئاڵوگۆڕە فەرهەنگییانە کە پاڵپشتی هەرەس هێنانی کاپیتالیزم دەکەن. بەڵام شومپیتێریش ئەو ئاڵوگۆڕانە لە چاو ئاڵوگۆڕەکانی سیستێمی ئابووری دا، زۆرتر وەک هۆکارگەلی پلە دوو دێنێتە ژمار.

بەتایبەت پرسێک لە ئارادایە کە هیچ کام لەو نووسەرانە تەنانەت نەیان توانیوە بە وردبینیەکی بەڕادەی مارکسیش بپرژێنە سەری ئەویش مەسەلەی سرووشت و هۆکارگەلی گۆڕانکارییە شۆڕشگێڕییەکان لە کۆمەڵگا دایە. دەبێ ئەم پرسە لە چوارچێوەی زاراوەگەلی بەربڵاوتردا دەربېرین لە [چاو] ئەوانەی کە مارکس _ لەباس لە شۆڕشەکانی سەدەی نۆزدە دا _ دەکاریان دێنێ. لە ڕەوتی سەرهەڵدان و هەرەسهێنانی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان دا دەتوانین دوو قۆناخ دیاری کەین: قۆناخی یەکەم کە لەودا تاکەکانی سەر بە توێژێکی کۆمەڵایەتی نوێ بە هێوری و جاری واشە لە ڕێگەی هاوپەیمانی دەگەڵ ئەندامانی گرووپی ئێلیتی سەقامگرتوو، دەستیان دەگاتە پێگەکانی دەسەڵات، و قۆناخێکی تر کە لە ڕەوتی ئەودا لە نێوان گرووپێکی کۆمەڵایەتی لە کاتی سەرهەڵدان دا و دەسەڵاتدارانی سەقامگیری کۆمەڵگا ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژانە دێتەئاراوە. یەک لە ئامانجگەلی لێکۆڵینەوە سیاسییەکان، دۆزینەوی هەرچی زۆرتری هەلومەرج و هۆکارگەلی ئەو جۆرە جیاوازیانەی جێگۆڕکێی گرووپە کۆمەڵایەتییەکانە. پارەتو بە هیچ جۆرێک ناپرژێتە سەر ئەو پرسە و دیتنەکانیشی سەبارەت بە



شۆڕشەکان، لێک بڵاو و بێ پێوەندین. لەلایەکی ترەوە موسکا بەشێکی تەواوی کتێبەکەی تەرخان دەکا بۆ بابەتی شۆڕش[39]، بەڵام ئەو بەشە کە یەک لە بێ هیواکەرترین بەشەکانی کتێبەکەیەتی جگە لە شیکردنەوەی وەسف ئاسای هیندێ لە قۆناغە شۆڕشگێڕییەکان شتێکی ئەوتۆ نییە.

دەگەڵ ئەو هەمووە زانیارییە زۆرانەی سەدەی شۆڕشگێڕی ئێمە دەستەبەری کردووە دیسان ناتوانین بڵێین پاش مارکس نووسراوەکانی کۆمەڵناسانی تر یارمەتێکی ئەوتۆیان بە ڕوونکردنەوەی ئاڵوگۆڕە ڕادیکاڵەکان کردووە. بێ شک یەکێک لە گشتگرترین و سیستماتیک ترین باسەکان سەبارەت بەم پرسانە، باسێکە کە کرین برینتۆن لە کتێبەکەی دا خستویەتە ڕوو[40]. برینتۆن وەک هەلومەرجی شیاو بۆ گۆڕانکاری شۆڕشگێرانە ئەو بابەتانە دەست نیشان دەکا: گەشەی ئابووری کۆمەڵگا، دوژمنایەتی توندی چینایەتی، دابڕانی ڕووناکبیران لە چینی دەسەڵاتدار، ناکارامەیی دەزگای حکوومەت و، هەروەها چینێکی دەسەڵاتدار کە لێهاتوویی سیاسی نییە. ئەو هەلومەرجە، دەگەڵ ئەوەی مارکس دەستبەجێ و بە تایبەت لە نووسراوە سەرەتاییەکانیدا خستوویەتە ڕوو جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە جگە لەو لایەنەوە نەبێ کە برینتۆن زۆر کەمتر سەرنجی داوەتە مەسەلەی فۆرم گرتنی چینی شۆڕشگێر. بەڵام ئەو هەلومەرجە وەک چوارچێوەیەک بۆ بەئەنجام گەیاندنی لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری زۆر جددیتر باسی لێکراوە. دەکرێ بە کەڵک بوونی ئەو چوارچێوە چەمکییە لە ڕێگەی دەکارهێنانی لەمەڕ شۆڕشەکانی سەدەی بیستەم دا ببینین؛ ئەو شۆڕشانەی کە زۆرتر لەو وڵاتانە دا هاتوونەتەئاراوە کە لە بواری پیشەسازییەوە دواکەوتوو بوون و تا ڕادەیەکی زۆریش ئەو تایبەتمەندیانەیان تێدا بووە کە برینتۆن دیاریکردبوون: دوژمنایەتی توندی چینایەتی بەهۆی ناکۆکی زۆر لە نێوان سامانداران و هەژارەکان دا، وفادارنەبوونی ڕووناکبیرانی کاریگەریی وەرگرتوو لە بیرۆکە ڕۆژئاواییەکان و زۆرتر مارکسیزم بە دەسەڵاتدارانی کۆمەڵگا و، نالێهاتوویی گرووپە دەسەڵاتدارە سوننەتییەکان لە نەپرژانە سەر کێشە ئابوورییەکان و لە کۆتایی دا کاریگەری کۆمەڵگا پێشکەوتۆکان.

یەک لەو بابەتانەی بە ڕوونی لەو نووسراوانەی بەو دوایانە لەمەڕ شۆڕشەکان نووسراون بەرچاوەدەکەوێ و پشت ڕاستکەری تیۆری مارکسە ئەوەیە کە ناتوانرێ لەسەر بنەمای چالاکی گرووپە ئێلیتە گچکەکان شۆڕشە نوێیەکان ڕوونکرێنەوە. شۆڕشە نوێیەکان لە ڕێگەی هەنگاوە گشتییەکانی چینێک یان بەرەیەک لە چینەکان بەدیهاتوونە؛ بەڵام پێویستە ڕۆڵی ئەو چینانە لە چوارچێوەیەکی بەربڵاوتر دا لەبەرچاو بگرین تا سرنج بداتە سەر بەستێنی نێونەتەوەیی شۆڕش ــ بەتایبەت هاوپێوەندیی نێوان شەڕ و شۆڕش ــ و هەروەها سەربەخۆیی شاراوە (بالقوە)ی ستروکتوورەکانی دەوڵەت کە سکاچپۆل[41] جەختی لەسەر کردووە. بێگومان هەریەک لە چینەکان ڕێبەرانێکیان هەیە بەڵام فۆرمگرتنی هەر گرووپێکی ئێلیتی لە ڕێبەران، بەهۆی فۆرمگرتن و گەشەی چینی ڕوولەگەشە و تا ڕادەیەک وێڕای ئەو دەبێ. گرووپی ئێلیتی ڕێبەران، چینی نێوبراو پێک ناهێنێ و تانانەت بە تەنیایی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێریش دروست ناکا. بەباوەڕی من لەمەڕ ئاڵوگۆڕەکانی هێورتریش کە لە جێگەی گرووپەکان دا لە پێپلیکانەکانی دەسەڵات دا دێنە دی هەر ئەو بابەتە ڕاستە. بە هۆی ئاڵوگۆڕی پێگەی گرووپە تا ڕادەیەک گەورەکان لە کۆمەڵگا دایە کە گرووپە ئێلیتە نوێیەکان دەتوانن پێک بێن و لە ماوەی خولێکی زەمانی دا، لەڕێگەی زۆرەوە پشکێک لە دەسەڵاتی سیاسی لە دەسەڵاتدارانی سەقامگرتووی کۆمەڵگا وەربگرن.

لەڕەوتی لێکۆڵینەوەی جێگۆڕکێی گرووپەکان دا و هەروەهاش لە ڕەوتی لێکدانەوەی جێگۆڕکێی تاکەکان دا ناچارین بە سەر زۆر تەنگوچەڵەمەی سەر ڕێگەی کۆکردنەوەی زانیاری دا زاڵ بین. ئەو دوو جۆرە لێکۆڵینەوانە لایەنی هاوبەشیان هەیە و پرسگەلێکی وەک یەک دەخەنە ڕوو چوونکە لەوانەیە بۆ ڕوونکردنەوەی فۆرم گرتنی گرووپە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان یان هەرەسهێنانی گرووپە کۆنەکان، پێویست بێ شوێن پێی جووڵەی تاکەکان هەڵگرین. هەڵبەت لە زۆربەی بوارەکان دا، دۆزینەوەی بەڵگەکان بۆ سەرهەڵدان و هەرەسهێنانی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان ساکارترە، چوونکە ئەگەری ئەوە هەیە کە بوون و چالاکییەکانی ئەو گرووپانە لە تێکستە یاساییەکان یان لە ڕووداوە نووسراوەکانی هاوچەرخییان دا تۆمار کرابن؛ دە نەبوونی ئەوانەش دا دەکرێ ئەو بابەتانە لە ڕێگەی ئەو زانیاریانەی سەبارەت بە بنیاتەکانی تری کۆمەلایەتی دا هەن



وەک سیستێمی بەکرێدانی زەوییەکان، خاوەندارێتی کەلوپەل و ڕێکخراوی ئایینی یان نیزامییەوە هەڵێنجین. بەڵام سەیری هەر لایەنێکی جێگۆڕکێی ئێلیتەکان بکەین دەتوانین مەعریفە (معرفت)ی مێژوویی سەبارەت بەو دیاردەیە (کە خۆی دەتوانێ زۆر بەربڵاو بێ) لە ڕێگەی ئەو لێکۆڵینەوانەی لە بابەت جووڵانەوە کۆمەڵایەتییەکانی سەدەی بیستەمەوە کراون تەواوکەین. هەڵبەت وەها لێکۆڵینەوەگەلێک سەرووتر بوونە لە دەسەڵاتی ئەو نووسەرە سەرەتایانەی لەمەڕ ئێلیتەکان دا نووسیویانە. لە درێژەی چل ساڵی رابردوو دا، جێگۆڕکێی ئێلیتەکان لە کۆمەڵگا پیشەسازییەکان دا بابەتی بەشێکی زۆری لێکۆڵینەوەکان بووە و بەتازەیش لەو وڵاتانە دا کە بە وڵاتانی لە کاتی پەرەسەندن دا بە ناوبانگن سرنج دەدرێتە ئەو بابەتە. بە چاوخشاندنەوەیەک بەسەر ئەو بەڵگانەی سەبارەت بە جۆرەکانی کۆمەڵگا (کە من لە دوو بەشی داهاتو دا ئەو کارە دەکەم) دا کۆکراونەوە دەتوانین هیندێک گشتگیری بخەینەڕوو کە لەچاو ئەو گشت بێژیانەی لێرەدا خرانە بەر ڕەخنە پاڵپشتێکی شیاوتریان هەبێ.

# پەراوێزەکانی بەشی سێیەم

1. pareto A Treatise on General Sociology, p.130

"ئەریستۆکراتەکان تا سەر نامێننەوە. هۆکارەکانی هەرچییەک بن مشتومڕ هەڵگرنین کە پاش تێپەربوونی چەند ساتێک تەمەنیان بەسەر دەچێ. مێژوو گۆڕستانی ئەریستۆکراسییەکانە".

2. Pareto, A Treatise on General sociology .130.

ئەو بیرۆکەیە تا ڕادەیەکیش لە چوارچێوەی هەر ئەو ڕستانەدا لە کتێبە کۆنەکەی دا واتە سیستێمە سوسیالیستەکانیش دا باس کراوە :

Pareto, les sestémes socialistes, pp. 28-30

3. Pareto, A Treatise on general sociology, p. 1427.

4. Ibid.

5. Pareto, les systèmes socialistes, vol.1,p. 30.

6. la circulation des élites en France.

7. .v. Pareto, The Mind and society, III, p.1430.

8. v.pareto, les systèmes socialistes, pp.32_3.

9. Pareto, A Treatise on General sociology, p.1430.

10. V.Pareto, The Mind and society, III, p.1431.

١١. بە پێی بۆچوونی پارەتو بوارە سەرەکییەکانی کردەوەی لۆژیکی بریتین لە بواری ئابووری (یان تیجارەت) و بواری زانستی. پارەتو سەبارەت بە ئاوەزمەندێتی کردەوەی [مرۆڤ] لەو بوارانەدا بە تایبەت لە بواری ئابووری دا زێدەڕوویی دەکا و بە پێچەوانەوە پلەی عاقڵانەبوونی شێوازەکانی تری کردەوەی کۆمەڵایەتی، وەک سیاسەت کەمتر لەڕادەی خۆی لەبەرچاو دەگرێ.

12. Pareto, A trestise on General sociologie, chaps, 9_10.



١٢. چەمکی "پاشەکەوتە بەردەوامەکان" یان "پاشماوەکان" بە تێر و تەسەلی لەلایەن موریس گینزبێرگەوە لە وتارێک دا لە ژێر ناوی "کۆمەڵناسی پارەتو"دا ڕەخنەی لێگیراوە. ئەو نووسەرە لێلی و ناتەواوی بیرۆکەکانی پارەتو لەمەڕ ئەو بابەتە بە تەواوی ئاشکرا دەکا. بڕوانە:

Morris Ginsberg, "The sociology of pareto"

14. Pareto, A treatise on General sociology, chaps 12_13.

١٥. بەراوردی بکەن دەگەڵ ئەو وتەیەی کۆلابینسکا کە "بە گشتی ئەو گرووپە ئێلیتانەی کە کەسانێک لە دەرەوەی خۆیان وەردەگرن زۆرتر دەمێننەوە لەچاو ئەو گرووپانەی وەها کەسانێک وەلادەنێن".

Kolabinska, la Circulation des élites en France, P.9.

16. Pareto, A Treatise on General sociology, P.1431.

17. Kolabinska, la Circulation des élites en France.

18. kolabniska, la Circulation des élites en France.P.93.

19. Ibid, P.104.

20. Moska ,Sulla Teorica dei governi e governo Parlemantare,pp. 30- 1 .

21. Moska, Elementi di Scienza Politica, P.116.

22. Moska, The Ruling class, P.474.

23. Ibid, p. 64.

24. Ibid, p. 65.

25. H. Pirenne, “les périodes de I’histoire sociale du capitalisme” Bulletin de I’ Académie royale de Belgique , mai ,1914.

وەرگێڕاوێکی ئینگلیزی ئەو وتارە کە زۆرێک لە پەراوێزەکانی لێدەرهاویشتراوە لەو بڵاوکراوەیە دا چاپ کراوە:؛

H. Pirenne,” periodes in the social history of capitalism” American historical Review April’ 1914.

٢٦. ئەو بابەتە کە پیرەنە پیشەکانی ئەو ئاڵوگۆڕەی لە سەردەمانێکی زۆر کۆن دا واتە لە سەدەی یازدە دا دۆزیوەتەوە لەو باسەی ئێستای ئێمە دا کارتێکەری نییە.

27. J. A. SchumPeter, “social classes in an ethnically hamegeneaus environment.”

28. Ibid., p.180.

٢٩. بۆ چاوپێکەوتن بە باسێکی ڕەخنەگرانە لەمەڕ سەرجەم تیۆری چینەکانی شومپیتێر بڕوانە:

T. Bottomore, Between Marginalism and Marxism: The Economic sociology of J .A Schumpeter.

٣٠. ئەو نازناوە لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدە دا لە وڵاتە یەکگرتووەکان دا بەو کاپیتالیستانە دەوترا کە لە ڕێگەی دزەکردن لە دەزگای دەوڵەت و کەڵک وەرگرتنی بەربڵاو لە بەرژەوەندییە نەتەوەییە سرووشتییەکان و هەروەها دانی حەقدەستی کەم بە کرێکاران پارەیان وەسەریەک نابوو.

31. William Miller, (ed)," Men in Business: Essays on the Historical Role of the Entrepreneur", PP.319, 321.

شیکارێکی بەراوردکاریش لەمەڕ ئەندام وەرگرتنی ئێلیتەکان ئەو ڕوانگەیە پشت ڕاست دەکاتەوە. دەرئەنجامی ئەو شیکارییە وەهایە کە لە هیچ کام لەو چوارده وڵاتەی دەستمان بە زانیارییەکانیان ڕادەگا هیچ جۆرە بزووتنێک لە توێژەکانی بەستراوە بە کاری دەستییەوە بۆ ناو ئاستە سەرووترەکان بەدی ناکرێ. بڕوانە:

S. M. Miller, "comparative social mobility".

32. Miller, "comparative Social mobility".

33. A. Heath, Social Mobility.

34. W. Miller, (ed), Men in Business, p.309.

35. Robert M. Marsh, The Mandarins: The Circulation of Elites in china, 1600_1900.

٣٦. بە تایبەت بڕوانە بۆ: Guttsman ,The British political Elite;

و هەروەها بۆ ئەو لێکۆڵینەوەیەی لەمەڕ نوێنەرانی پارلمانی فەرانسا دا لە نووسراوەی خوارەوە دا.

Dwaine Marvick (ed.) Political Decision _ Makers.

37. Mosca, The Ruling class, P. 474.

38. Schumpeter, Capitalism, Socialism and Democracy.

39. Moscas, The Ruling class, chap.8.

40. C. Brinton, *The Anatomy of Revolution.*

41. T. Skocpol, *States and Social Revolutions.*

# بەشی چوارەم

## ڕووناکبیران، کارگێڕان، و بروکراتەکان

لە نێوان ئەو گرووپە کۆمەڵایەتییانەی کە لە ڕەوتی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسییە گەورەکانی سەدەی بیستەم دا سەروەری (برتری)ان وەدەست هێناوە، سێ گرووپی ئێلیت وەبەرچاو دەکەون. ئەو سێ گرووپە بریتین لە ڕووناکبیران، کارگێڕان (مدیران)ی پیشەکان و کاربەدەستانی پایەبەرزی حکوومەتی. زۆربەی کات ئەو گرووپانە وەک میراتگرانی فۆنکسیۆنی یەکەمین چینە دەسەڵاتدارەکان دێنەژمار و هەروەها هۆکاری سەرەکی پێکهێنانی شێوازە نوێیەکانی کۆمەڵگاشن. بەڵام داخوا بە ڕاستی ئەو گرووپانە تا چ ڕادەیەک ڕۆڵیان لە بەدیهێنانی ئاڵوگۆڕەکاندا هەبووە؟ ئەوان تا چەندە بەرهەمی ئاڵوگۆڕە ڕادیکاڵەکانی تری نێو کۆمەڵگا و، یان نوێنەری بەرژەوەندی [چینەکانی] دەسەڵاتدارترن؟ سەرەتا دەبێ وەبیربێنینەوە کە ڕەپاڵدانی تەشەنە (نفوذ)ێکی وەها بەرچاوی کۆمەڵایەتی بەو گرووپانە، لە پلەی یەکەم دا دەرئەنجامی قبووڵ کردنی تیۆری گشتی ئێلیتەکانە و پاشانیش ڕاستەوخۆ لەو ڕەخنانەوە سەرچاوە دەگرن کە ئەو تیۆرییە لە مارکسیزمیان دەگرێ. چونکە لە ڕوانگەی مارکسیزمەوە، گرینگترین ڕاستی مێژووی ئەو دوایانەی ڕۆژئاوا سەرهەڵدانی چینی کرێکار وەک هێزێکی کۆمەڵایەتی نوێیە. بەڵام ئەو پاساوانەی بۆ سەرهەڵدانی ڕووناکبیران، کارگێڕ (مدیر) یان بروکراتەکان دەیان هێننەوە هەموویان دەگەڵ ڕوانگەی



باسکراودا ناکۆکییان هەیە و هەوڵدەدەن وا نیشان بدەن کە ئاکامی ئاڵوگۆڕەکانی کاپیتالیزم دەبێتە جۆرێک لە ناچینایەتی بوونی شێوەی ئەندام وەرگرتنی ئێلیتەکان (واتە جێگۆڕکێی کەم تا زۆری تاکەکان لە نێوان ئاستە جیاوازەکانی پرستیژ (اعتبار) و دەسەڵات دا)، بەڵام لە هەمان کاتیشدا جیاوازی نێوان گرووپی ئێلتیی دەسەڵاتدار و کۆمەڵانی خەڵک هەر وا لە سەر جێی خۆیەتی (واتە کۆمەڵگایەکی بێ چینی لێناکەوێتەوە). کەواتە پێویستە بۆ لێکۆڵینەوە لە سەرهەڵدانی گرووپە ئێلیتەکان سەرەتا سەرنج بدەینە شێوەی پێوەندایەتیان دەگەڵ چینە سەرەکییەکانی کۆمەڵ و هەروەها ئەو گۆڕانکارییانەی لە سیستەمی چینایەتی وڵاتانی کاپیتالیستیدا پێکیان هێناوە، پاشانیش دەبێ بزانین ڕۆڵیان لە کۆمەڵگای کۆمۆنیستیدا بەو شێوەیەی پێشتر لەرۆژهەڵاتی ئوروپا دا هەیان بووە، چییە.

لەو سێ گرووپەدا، واتەکردنەوەی ڕووناکبیران و دیاریکردنی دزە (نفوذ)ی کۆمەڵایەتیان لە هەموویان حەستەمترە. دەکرێ کارەکە بە جیاوازیدانان لەنێوان "ڕووناکبیران" Intellectual و "خوێندەوارەکان" Intelligentsiaدا دەست پێبکەین. زاراوەی دووهەم یەکەم جار لە سەدەی نۆزدەهەم و لە رووسییە دا بۆ ئەو کەسانەی خوێندنی باڵایان تەواو کردبوو و بڕوانامەی پیشەی زانستیان وەدەست هێنابوو، دەکار دەهات. پاشان، هێندێ لە نووسەران بازنەی ئەو زاراوەیان بەربڵاوتر کرد و زۆربەی ئەو کەسانەی پیشەی دەستیان نەدەکرد لە ناو ئەو بازنەیەدا گونجاند. لەم واتایە دا، زاراوەی باسکراو دەگەڵ دەستەواژەی "چینی مام ناوەندی نوێ"دا هاوتان، کە لە ناو ئەو زاراوە دا دەتوانین جیاوازی دانێین لە نێوان توێژەکانی سەرووتر، پێکهاتوو لەو کەسانەی هەڵدەستن بە ئیش و کاری زانستی، تکنیکی و بەڕێوەبەرایەتی ئاستی باڵا، و توێژی خوارووـ پێکهاتوو لەو کەسانەی هەڵدەستن بە ئیش و کاری ئۆفیسی و بەڕێوەبەرایەتی (اجرایی). لە لایەکی ترەوە، واباوە ڕووناکبیران پێکهاتوو لە گرووپی بچووک لەو تاکانە دەزانن کە وا لە ئافراندن، گواستنەوە، و ڕەخنەگری بەرهەمە فەرهەنگی و هرزەکاندا ڕۆڵی ڕاستەوخۆ دەگێڕن. ئەوەش نووسەران، هونەرمەندان، بیرمەندان، فیلسووفان، زانایانی ئایینی، تێئۆریسییەنە کۆمەڵایەتی و ڕاڤیارە سیاسییەکان لەخۆ دەگرێ. دیاریکردنی وردی سنوورەکانی ئەو گرووپە لەوانەیە دژوار بێ و توێژەکانی خوارووتری دەگەڵ پیشەکانی چینی مام ناوەندی وەک مامۆستا و ژوورنالیست

تێکەڵکێش دەبن بەڵام تایبەتمەندییەکەی واتە پێوەندی راستەوخۆ دەگەڵ فەرهەنگی کۆمەڵگایەک، تارادەیەکی بەرچاو ئاشکرایە.

ڕووناکبیران بەشێوەیەک لە شێوەکان لە هەموو کۆمەڵگاکاندا بەدی دەکرێن- لە کۆمەڵگا بێ نووسراوەکاندا، لە فۆڕمی جادووگەران، قەشە، گۆڤەندگێڕ، سەربردەنوس و... دەردەکەون و لەکۆمەڵگا خاوەن نووسراوەکاندا بەشێوەی فیلسووف، نووسەر، مامۆستا، زانا، کارگێرانی پایەبەرزی دەوڵەتی، پارێزەری ماف، و... دەردەکەون- بەڵام فۆنکسیۆن (کارویژە) و گرنگی کۆمەڵایەتیان تا ئاستێکی بەرچاو پێکەوە جیاوازی هەیە. لە هێندێ کۆمەڵگادا، رووناکبیران زۆرتر وەک گروپێک ئێلیتی دەسەڵاتدار دێنە بەرچاو. لە وڵاتی چین دا "زانایان" literati سەردەمانێکی دووردرێژ، توێژێکی دەسەڵاتداری لەو جۆرەیان پێک دێنا کە بە باوەری ماکس وێبر سەرهەڵدانی ئەوان پێوەندی هەبوو بەو خوولە فێرکاریانەی بۆ تاکە ئاساییەکان لە بەرچاو گیرابوون[1]. ئەو توێژە، گروپێکی میراتی بەجێ ماو یان داخراو نەبوو لەبەرئەوەی چوونە ژوورەوە بۆ ناو ئەو گرووپە لە رێگەی تاقیکاری کێبەرکێی گشتییەوە مسۆگەر دەبوو، بەڵام لە پراکتیکدا، ئەندامانی ئەو گرووپە لە سەردەمانی فێئۆدالیدا، زۆرتر لە بنەماڵە گرنگە فێئۆدالەکان، و پاشان لە تووێژە کۆمەڵایەتیەکانی سەرووتر، (پێکهاتوو لە بەشێکی بەرچاو لە بنەماڵەی کاربەدەستانی فەرمی) دابین دەکران. سەرەرای ئەوە، لێکۆڵینەوەیەکی ئاماری ورد لەمەڕ "زانایان" literati لە ساڵەکانی نێوان 1600-1900 دەریدەخەن کە 30%یان لە بنەماڵەی خەڵکانی ئاساییـن، واتە لە توێژی کۆمەڵایەتی خوارووتری ئێلیتەکانەوە بە ئەندام وەرگیراون؛ هەڵبەت شک لەوەدا نییە کە هێندێکیان سەر بە بنەماڵە دەوڵەمەندەکان بوون[2]. لە وڵاتی هیندیشدا بارودۆخێکی ئەوتۆ هەبووە، بەو واتەیە کە برەهمەنەکان، توێژێکی دەسەڵاتداریان لە کۆمەڵدا پێک دێنا؛ بەڵام جیاوازی گرنگیشی دەگەڵ چین دا هەیە لەبەرئەوە برەهمەنەکان کاستێکی بە میرات گەیشتوو بوون و ڕاهێنانەکەشیان زۆرتر ئایینی بوو نەک وێژەیی. لەلایەکی ترەوە لە کۆمەڵگای فێئۆدالی ئوروپادا قەشەکان باڵادەستێکی ئەوتۆیان نەبوو تەنیا دوای هەرەس هێنانی فێئۆدالیسم بوو کە رووناکبیران هێورهێور توانیان رۆڵی کۆمەڵایەتی گرنگتر بگێرن.

زۆرتر زانکۆ ئوروپاییەکانی سەدەکانی ناوین وەک چاوگەی سەرهەڵدانی روناکبیرانی نوێ دەزانن[3]. گەشەی زانکۆکان دەگەڵ پەرەسەندنی فێرکارییە مرۆڤ



دۆستییەکان، بوونە هۆی فۆڕم گرتنی گرووپێکی رووناکبیری، بەڵام ئەو توێژە کاستێکی ئایینی نەبوو، و ئەندامەکانیشی لە شوێنە جیاوازەکانی کۆمەڵەوە دابین دەکران و سەربەخۆیەکی رێژەییشیان لە چینە دەسەڵاتدارەکان و ئایینە دەسەڵاتدارەکانی کۆمەڵگای فێئۆدالی دا هەبوو. هزرڤانەکانی سەردەمی رۆشنگەری، لەدایک بووی ئەو توێژە رووناکبیرە بوون و بەتایبەت لەفەرانسەدا رووناکبیران لەرێگەی دژایەتی چینی دەسەڵاتدار و، کڵێسەی بەستراوە بە رژیمی کۆن، خۆیان وەک رەخنەگرانی کۆمەڵگا ناساند. ڕووناکبیرانی نوێ زۆرتر هەر بەو تایبەتمەندییە ڕەخنەگرانەیەوە دەناسرێن[4]. لە زۆربەی نووسراوەکاندا و بەتایبەتی لەچوارچێوەی ئەو ڕەخنانەی کە تیۆری شۆرشی پرۆلیتاریی مارکس وەرگێراوە، جەخت کراوەتە سەر رۆڵی روناکبیران لە جووڵانەوە شۆڕشگێرەکاندا و سەرجەم جووڵانەوەی کرێکاری، وەهەروەها لەو دوویانەشدا لەجووڵانەوە رزگاریخوازە نەتەوەییەکاندا. یەکێک لەسەرەکیترین نووسەران کە وەها راڤەیەکیان لە دزە (نفوذ)ی رووناکبیران خستە بەرچاو، شۆرشگێرێکی لەهێستانی (پۆلۆنی) بوو بە ناوی واکلاوماچاژێسکی کە لە هێندێ لە کتێبەکانیدا بەتایبەت لە کتێبی *کرێکاری ڕووناکبیر*(١٩٠٥)[5]دا ئەو تیۆرییەیەی هێنایە ئاراوە کە جووڵانەوەی سوسیالیستی لە کردەوەدا دەربری ئیدئۆلۆژی ڕووناکبیرانی نارازییە و دەرئەنجامی سەرکەوتنی ئەو جووڵانەوەیە کۆمەڵگایەکی بێ چین نییە، بەڵکوو دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی چینێکی دەسەڵاتداری نوێ  لە روناکبیران. لەو کۆمەڵگایەی کە ماچاژێسکی بە "کاپیتالیزمی دەوڵەتی" ناودێری دەکا ئەو چینە نوێیە دەگەڵ چینی مام ناوەندیدا یەکتر دەگرن. خودی ماچاژێسکی لەمەڕ دوارۆژی سوسیالیزمدا تەواو رەش بین نەبوو و وای بیردەکردەوە کە لەرێگەی رێفۆرمی گشتی فێرکردن و بارهێنان، باڵادەستی روناکبیران کەم دەبێتەوە و لەئاکامدا کۆمەڵگایەکی بێ چین دێتە ئاراوە. بەڵام سەرجەم کارەکانی ماچاژێسکی سرنجێکی ئەوتۆیان پێ نەدرا و تەنیا بیرۆکەی رووناکبیرە شۆرشگێرەکانی زۆرتر لە لایان دژبەرانی سوسیالیزمەوە، واتە یەکەم جار لە لایان ماکس نوماد و دواتریش لە لایان هاڕۆڵدلاسوێڵ وە خۆاسترایەوە. لاسوێڵ ڕوانگەیەکی خستە ڕوو کە بە شێوەیەکی بەربڵاو وەرگیرا. لاسوێڵ دەیگوت زۆربەی شۆڕشەکانی

سەدەی بیستەم لە لایەن ئەو روناکبیرانەوە رێبەرایەتی کراون کە توانیان لە ژێر ئالآی سوسیالیزمدا، خۆیان بگەێننە  دەسەلآت.

تێگەیینی هیندێ لە نووسەرانی تر لە سەر رۆڵی رووناکبیران بە شێوەیەکی زۆر جیاواز بووە. پێشتر بینیمان کە مووسکا رووناکبیرانی وەک گرووپێکی تا رادەیەک سەربەخۆ هێنا ژمار کە لە نێوان بورژوازی و پرولێتاریادا وێستاون و دەتوانن پێکهێنەری کاکڵی گرووپێکی نوێی ئێلیت و  لێهاتووتر بن. ناوبراو لە دوا لاپەرەکانی کتێبی *تیۆری دەسەڵات و دەسەڵاتی پارلمانیدا* بەو شێوە باس لە ویست و هیواکانی دەکا:

بێتوو چینیکی کۆمەلایەتی هەبێ و ئامادەش بێ تەنانەت بۆ ماوەیەکی کەمیش، بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆی وەلانێ و بتوانێ بە ئازادییەکی پێویست  قازانجی گشتی  لەبەرچاو بگرێ، بێ گومان ئەو چینە، هەر هەمان چینە کەوا لە رێگەی فێرکارییە  فکرییە سەختەکانی خۆیەوە، خاوەنی توخمە شیاوەکانە بۆ رەسەنایەتی رەوشت (اصالت منش)، ئاسۆ بەرینە فکرییەکان و، هەروەها توانا بەربڵاوەکانی ئەو چینە و هەر تەنیا ئەو چینەیە کە ئازادانە، بەرژەوەندیی ئێستای دەکاتە قوربانی دوورخستنەوەی شەری دوارۆژ[6].

لە دوای چەندین دەیە، کارڵ مانهایم چەمکێکی هێنائاراوە کە زۆر لەو بۆچونە دەچوو. ئەو لە "کۆمەڵەی سەربەخۆی روناکبیران"دا تویژێکی تارادەیەک بێ چینی بەدیدەکرد کە ئەندامانی لە بوارێکی زۆر گشتگیرتری  ژیانی کۆمەلایەتییەوە دابین کرابوون، هەر لە رێگەی ئەو فێرکارییانەی خۆشیانەوە لێک گرێدرابوون و سەرجەم گرووپە کۆمەلایەتیەکانی پێکهێنەری کۆمەڵیان لەخۆدەگرت[7]. بەپێ بۆچوونی مانهایم، روناکبیران بە هۆی بوونی ئەو تایبەتمەندیانەوە، توانایی وەدەست خستنی روانگەیەکی تا رادەیەک تەواو و ئابژێکیڤیان لە کۆمەڵگای خۆیان بەتایبەتی لە گرووپە خاوەن بەرژەوەندییە جۆراوجۆرەکان هەیە و دەشتوانن بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە رەوتی بەرەو پێش بردنی بەرژەوەندی گشتی تری کۆمەڵگادا هەنگاو بنێن.

هەردووکی ئەو راڤانە بەشێک لە راستی لەخۆدەگرن. رووناکبیران لە شێوە جیاوازەکانی جووڵانەوە رادیکاڵ و شۆرشگێرییەکاندا، هەر لە سەرەتای سەدەی هەژدەوە تا ئێستا کە لە دژی کاپیتالیستەکان، کۆلۆنیالیستەکان، و دیکتاتۆرە نیزامی



و سیاسیەکاندا سەریان هەڵداوە، بەشداریێکی بەرچاویان هەبووە. ئەوەشی دەگەڵ بێ لە هێندێ هەلومەرجدا  بەشداری ئەو جووڵانەوانە بوون کەوا بۆ پالێشتی لە کاپیتالیزم و تەنانەت دیکتاتۆرەکان سەریان هەڵداوە. بەڵام جگە لە تیۆرییەک کە رووناکبیران بە گرووپی ئێلیت دەزانێ کەوا لەژێر دروشمی هەڵخەڵەتێنەری سوسیالیزم و کۆمەڵگای بێ چیندا، بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات تێدەکۆشن ئۆگری رووناکبیران بەرەو جووڵانەوەی سوسیالیستی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا بەشێوەگەلی تریش دەکرێ بخەینەروو. جووڵانەوەی کرێکاری لە کۆمەڵگای رۆژئاوادا، جووڵانەوەیەکی تێکەڵ بە ناڕەزایەتیدەربڕینی ساکار نەبوو. بەپێچەوانەی شۆرشە پرژوبڵاوەکانی کۆیلەکان و وەرزێران کە دەیانتوانی هیوا و ئامانجەکانی خۆیان زۆرتر لە چوارچێوەی ئیدە(Idée) ئایینەکانی بەردەست دا دەرببرن، ئەو جووڵانەوە کرێکارییە کەم تا زۆر لە سەرەتاوە تیۆرییەیەکی کۆمەلایەتی لەخۆ دەگرت کە لەدارشتە وەستایانەکەیدا، رووناکبیران هەردەبوو رۆلێکی گرنگیان هەبێ. رووناکبیران لەو روووەوە دەبوونە هۆگری جولانەوەی سۆسیالیستی کە لەودا پێگەیەکی پر سەروەری بۆ خۆیان دەستەبەرکەن و تا رادەیەکیش شێوەیەکی ئیدەئالی لە رێکخراوی کۆمەلایەتی کە خاوەنی هێندێ لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ژیانی رووناکبیری– وەک عەقلانییەت، بێ لایەنی و ئۆگری بۆ سازدانی دونیایەکی تر — بوو، وەدەست بخەن. هۆکارێکی تر لە [رووکردنی رووناکبیران بەرەو جووڵانەوەی سوسیالیستی] کە گرنگی لە هۆکاری یەکەم زیاترە و کەمتر نەبووە ئاخێزگەی کۆمەلایەتی رووناکبیران بوو. لە زۆربەی کۆمەڵگا نوێیەکاندا، زانکۆکان و سەرجەم پیشە فکرییەکان یەکێک لە رێگە سەرەکییەکانی هەڵکشانی تاکی لێهاتووی توێژی خوارەوە بووە، بۆ پلەوپۆستە سەرووترەکانی کۆمەڵگا. لە ئاکامدا، پێکهاتەی کۆمەلایەتی گرووپی ئێلیتی رووناکبیر زۆرتر جیاوازییەکی بەرچاویان دەگەڵ ریزبەندی کۆمەلایەتی گرووپی ئێلیتەکانی تردا هەبووە و هەردەم ئەگەری ئەوە هەبووە کە زۆرێک لە رووناکبیران لەگەڵ جووڵانەوەی چینی کرێکار– لانی کەم لە هێندێ قۆناغدا– کەون .

ئەو روانگەیە دەڵێ گرووپی ئێلیتی رووناکبیران، لەجێی ئەوەی بەرژەوەندیی پیشەی تایبەتی خۆیان هەبێ یان گرووپێکی کۆمەلایەتی سەربەخۆ و سەربەست پێک بێنن، دەگەڵ چینە سەرەکییەکانی کۆمەڵدا یەک دەگرن یان وەفاداری خۆیان بۆ

ئەوانیش دووپات دەکەنەوە. روانگەی دووهەم لەسەر ئەو باوەرەیە رووناکبیران لەراستیدا گرووپێکن کە دەتوانن روانگەیەکی بابەتییانە (عینی) لە کۆمەڵگا وەدەست بخەن و توانای ئەوەیان هەیە هەردەم پاریزەری بەرژەوەندیی گشتی سەرجەم کۆمەڵگا بن. ئەو روانگەیە گرووپی ئێلیتی رووناکبیران لەسەرووی هەموو چینەکاندا جێ دەکاتەوە و لەهەمان کاتیشدا نکۆلی لە ئەگەری ئەوەی رووناکبیران بەرژەوەندییەکی گرووپی دەست نیشانکراو و تایبەتیان هەبێ دەکا .

بەڵام هیچ کام لەو راڤانە ناتوانن پڕ بە پێستی ئەو جۆراوجۆری و ناجێگیرییەی بارودۆخی رووناکبیران لە کۆمەڵگا نوێیەکاندا بن. یەکەم لەناو وڵاتانی پیشەسازی ئوروپا و ئەمریکای باکووردا، ناکۆکیی گرنگی نەتەوەیی لەئارادایە. هەروەک ریمۆن ئارۆن لەکتێبی *ئەفیوونی ڕووناکبیران*[8] دا دەنوسێ روناکبیرانی فەرانسا لە چاو روناکبیرانی بریتانیا و ئەڵمان یان وڵاتەیەکگرتوەکاندا خاوەنی پرستیژ(اعتبار)ی کۆمەڵایەتی سەرووترن، کەمتر تێکەڵاوی لایەنی ئیداری و پراکتیکی ژیانی سیاسی بوون، و بەشێوەیەکی توندڕۆیانەتر رەخنە لە کۆمەڵگای خۆیان دەگرن. لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ئەندامانی پارڵمانی فەرانسا لەساڵەکانی نێوان ١٨٧١ تا ١٩٥٨ دەریدەخەن کە نیوەی زۆرتری ٦٠٠٠ پارڵمانتاری خولی نێوبراو بەواتای گشتی روناکبیر بوون — واتە نووسەر، مامۆستای زانکۆ، پارێزەر، رۆژنامەوان، بیرمەند، ئەندازیار، مامۆستای دواناوەندی ـ و دواتر دەگاتە ئەو ئەنجامە:

> لە فەرانسادا لانیکەم ئەوە رووناکبیران بوون کەوا لە پارڵمانی کۆماری چوارەمدا وەک پارڵمانی کۆماری سێهەم پەرەیان بە مشتومڕی سیاسی دەدا. ئەوانە زۆرتر تیۆریسیەنە سازان هەڵنەگر(مصالحه ناپذیر)ەکان بوون. "خاوەن مێشکێک بوون کە بە سانایی رێکدەخرا" بەو واتایەی ئامادەبوون کە کەم تا زۆر بەراستی و درووستیەوە بپڕژێنە سەر خستنەڕووی ئابسترەی پرسەکان و بە لێهاتوویشەوە شرۆڤە و لێکیبدەنەوە. بەڵام ئەو ئامادەییەش بەو واتایە بوو کە ئەوان زۆرتر رێگەچارەی دوور لە راستیان دەخستە روو، یان لە خاڵی زۆر بچووک ورد دەبوونەوە و بابەتە سەرەکییەکانیان لە بیردەکرد، یان بەهۆی پێکهاتنی پرسە



> ناراستەکان، و خۆش کردنی ناکۆکییەکانی ناوخۆیان، بەبێ هیچ قازانجێک مشتومڕەکانی پارڵمانیان ئاڵۆز و درێژ دەکردەوە[9].

شتێکی بەکەڵک دەبێ کە بە تاوتوێی گەورەپیاوانی فەرانسایی کە ناویان لە کتێبی *لارووسی* بچووک[10]دا تۆمار کراوە، ئاستی گەورەیی و هەڵکەوتەیی رووناکبیران بەواتای تەواوی خۆی- واتە نووسەران، هونەرمەندان و لێکۆلەرەوەکان — لەم پێرستەدا دەست نیشان بکەین و ببینین کە پرستیژی کۆمەڵایەتییان چەندە بەرز نرخێندراوە. رووناکبیران لە درێژایی سەدەکاندا بە دابین کردنی زیاتر لە نیوەی ئەندامانی ئەو لیستە گەورەترین گرووپیان پێک دێنا و تا دوای سەدەی نۆزدەهەمیش (واتە کۆتایی ئەو قۆناغەی لێکۆڵینەوەکەی تێدا کراوە) سەروەری (برتری)ان بەردەوام روو لە زیادبوون بوو[11]. روناکبیرانی بریتانیا لە چاو روناکبیرانی فەرانسا خاوەن بایەخ (اعتبار)ی کۆمەڵایەتی نەبوون و سەرەرای ئەوەش چ بە هۆی نەبوونی ئەندامەتیان لە پارڵماندا و چ بە هۆی نەبوونی چالاکی بەکۆمەڵیان لە بواری هزر و رەخنەگری کۆمەڵگاوە، سەروەرییەکی ئەوتۆیان لە ژیانی سیاسیدا نەبوو. تەنیا جاروبار نەبێ گرووپ گەلێک لە رووناکبیران، سەرنجی کۆمەڵانی خەڵکیان تارادەیەکی بەرچاو بۆ لای خۆیان راکێشاوە یان بەرواڵەت خاوەن دەست رۆیشتوویی (نفوذ) سیاسی راستەوخۆ بوون: وێنە بەرچاوەکانی ئەو تاقمە لە سەدەونیوی رابردوودا ئەمانە بوون فیلسووفەکانی یوتالیتاریانیست، سوسیالیستە مەسیحییەکان، فابیانە سەرەتاییەکان، رووناکبیرانی پێوەندیدار بە کلوپی کتێبی چەپ و رێکخراوە دژەفاشیستییەکانی دەیەی ١٩٣٠، گرووپ گەلی جیاوازی یەکگرتوو دەگەڵ جووڵانەوە رادیکاڵەکانی کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٦٠ و، دەیەی ١٩٨٠ شدا بەتایبەت گرووپە رووناکبیرە راست رەوەکان لە رێکخراوەکانی وەک ئەنیستیتۆی ئادام سمیت[12]دا.

ئەو دیاردەیەی دوایی تایبەتمەندییەکی گرنگی تری گرووپی ئێلیتی رووناکبیران، لە زۆربەی وڵاتەکان و لە زۆربەی کاتدا روونەدەکاتەوە: ڕووناکبیران، یەک لەو گرووپە ئێلیتانەن کە کەمتر وێکچوویی و یەکریزیان پێوەدیارە و لە پرسە فەرهەنگی و سیاسییەکان دا، بیروباوەری زۆر جۆراوجۆر دەردەبرن. رووناکبیران بە تەواوی هۆگریی بەرەی چەپ نەبوون و ناشبن، و بۆی هەیە لە بەشێکی بەرچاوی سەدەی بیستەمدا

زۆربەیان لە وڵاتانی ئورووپای ڕۆژئاوا و وڵاتە یەکگرتووەکان دا بەلای بەرەی ڕاستدا شکابنەوە. بەڵگەیەکی زۆر هەن کەوا پێشان دەدەن بۆچوونە سیاسیەکانی ڕووناکبیران بە توندی لەژێر کاریگەری ڕیشە چینایەتییەکانیان دایە. بۆوێنە لە فەرانسەدا جیاوازییەکی ئاشکرا بەر چاو دەکەوێ لە نێوان خوێندکارانی قوتابخانەی ئازادی زانستە سیاسییەکان[١٣] کە هەموویان لە چینی سەرووتر بوون، و بۆچوونەکانیشیان بە توندی ڕاست ڕەوانە بوون، و لەگەڵ خوێندکارانی قوتابخانەی پەروەردەی مامۆستا[١٤] دا کە زۆربەیان سەر بە چینی مام ناوەندی، چینی کرێکار، یان وەرزێران بوون و بۆچوونەکانیشیان زۆرتر چەپ ڕەوانە بوون. بەڵام بە هیچ شێوەیەک روون نییە کە ڕووناکبیران بەپێی سروشتی چالاکییەکانیان و هەروەها شێوەی ژیانیان کەمتر لە گرووپە ئێلیتەکانی تر لەژێرکاریگەری ریشە چینایەتیەکانیاندا بن. لە بواری بۆچوونە کۆمەلایەتیەکانی رووناکبیرانیشدا، هەڵکشان و داکشانی گرنگی مێژوویی هاتوونە ئاراوە کە دەرئەنجامی ئەو ئاڵوگۆرە گشتییانەن کەوا لە کۆمەڵگا دا پێکهاتوون. لە دەیەی ١٩٣٠ دا زۆربەی ڕووناکبیرانی بەرچاوی ئورووپا لایەنگریان لە باڵی چەپ دەکرد، بەڵام لە دەیەی ١٩٥٠ دا جووڵانەوەیەکی بەرچاو بەلای باڵی ڕاستدا هاتەدی و دوای بووژانەوەی بیرۆکە چەپ ڕەوەکان لە دەیەی ١٩٦٠ دا جارێکی تر هزرە دەستە ڕاستیەکانی ١٩٨٠ باڵادەست دەبنەوە. دەکرێ هۆکارەکانی گۆڕانە یەک لەدوا یەکەکان لە بۆچوونی ڕووناکبیراندا لە سەربنەمای ئاڵوگۆری هەلومەرجی کۆمەڵایەتی _ سیاسی، لەسەربنەمای هەڵکشان و داکشانی ئەستێرەی بەختی چینەکان و ڕژێمە جۆربەجۆرەکان، یان لەسەربنەمای ئاڵوگۆری سرووشتی گرووپی ئێلیتی ڕووناکبیر ڕوون کەینەوە؛ بەڵام بە هۆی هەرکام لەو هۆکارانەوە بێ وادیتە بەرچاو کە ئەو ڕاژان (نوسان)ە تایبەتمەندییەکی ڕێکوپێکی ژیانی ڕووناکبیری و فەرهەنگی بێ.

لەو پێوەندییەدا دەبێ سەرنج بدەینە دوو تایبەتمەندیی مێژووی ئەو دوایانەی ڕووناکبیران لە کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا. هاوهەنگاو دەگەڵ بەر بڵاوبوونەوەی خۆیندنی باڵا و گەشەی پیشەکانی زانستی، تکنیکی، و پیشەیی، ڕادە و جۆراوجۆری نێوخۆی تۆیژی ڕووناکبیران، بە تایبەت لە تۆیژەکانی خۆارووتری کۆمەڵگادا چۆتەسەرێ. لە هەمان کاتدا ئاڵوگۆرێکیش لەمەڕ گرنگی ڕێژەیی گرووپگەلی جۆراوجۆری ناوئاخنی گرووپی ئێلیتی رووناکبیری هاتوونە ئاراوە: جۆرێک لە



پسپۆران لەچاو شرۆڤەکەرانی وێژەیی و فەلسەفی بیرۆکە گشتییە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکاندا باڵادەستیان وەدەست هێناوە. دەکرێ گرنگی کۆمەڵایەتی روو لەگەشەی زانایانی زانستە سروشتیەکان بە روونی لە ڕێگەی ڕادەی سرنجی سەرجەم خەڵک بۆ چالاکی و پێداویستیەکانیان و هەروەها لە ڕێگەی ئەو جەخت کردنەوەی کە لەسەر ڕۆڵی ئەوان لە فۆڕم دانی سیاسەتی گشتی و بە شێوەیەکی گشتی تر لە هەڵبژاردنی نوێی "زانستی _ تێکنۆلۆژیک"دا، دەردەکەوێ، بەدی بکرێ. لەوانەشە هەر بە هۆی ئەو ئاڵوگۆرانەوە بێ کەوا رووناکبیران زۆرتر بە زمانیکی نەرم و نیانتر ڕەخنە لە گشت کۆمەڵگا دەگرن و زۆرتر ئۆگریان بە چارەسەری کێشە کورت خایەن و تایبەتەکانە کە هەڵقوڵای چالاکییە ئاڵۆزەکانی کۆمەڵگا پیشەسازییەکانی خۆیانن. بەو واتەیە، درزەکردنی رووناکبیران لە یەکێک لەو لایەنانەی موسکا چاوەڕوانی دەکرد، چۆتەسەرێ. بەڵام تێوەگلانی روو لە زیادبوونی رووناکبیران بەو ئەرکانەی سنووردارن و پیویستیان بە پسپۆری هەیە دەبێتە هۆی ئەوە رووناکبیران کەمتر خاوەنی ئەو تایبەتمەندیانە بن کە بۆ بوون بە گرووپی ئێلیتی دەسەڵاتدار پێویستن، چوونکە ئەوان هیچ جۆرە ڕێکخراوە یان ئیدئۆلۆژییەکی دیاری کراویان نییە.

دووهەم گرووپ کە وەک گرووپێکی دەسەڵاتداری شاراوە (بالقوه) جێی سەرنج بووە، گرووپی کارگێڕانی پیشەکان بووە. سەردەمانێک بوو زۆرتر لە ژێر کاریگەری تیۆری شۆرشی کارگێڕانی جیمز بێرنهام[١٥]، سەرهەڵدانی کارگێڕان لە کۆمەڵگای نوێیدا دەکەوتە ناوەندی باس وخواسەکانی کۆمەڵناسانەوە. بیرۆکەی سەرەکیی ئەو تیۆرییە زۆر پێشتر لەلایەن "وێبلێن"ەوە هاتبوە ئاراوە[١٦]. وێبلێن وەهای بەڵگە دەهێناوە کە کاپیتالیزم (واتە ئەو سیستەمە بەرهەم هێنەرەی زۆرتر لەلایەن خاوەن دارانی ئامرازی بەرهەم هێنانەوە بەرێوەدەچێ) بەهۆی ئەو کەڵک لێوەر گرتنە ناکارامەیەی لەسەرچاوە پیشەسازییەکانەوە وەری دەگرێ ناتوانێ بەردەوام بمێنێتەوە. بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەگەڵ ئەو ڕوانگەیەی مارکس دا نەبوو کە کاپیتالیزم بەدەستی چینی کرێکار دەروخێ و لە ئاکامدا کۆمەڵگایەکی بێ چین دێتە ئاراوە. وێبلێن پێی وابوو دژایەتی سەرەکی دەگەڵ پیشەسازی کاپیتالیستیانە لەلایەن پسپۆرانی تێکنۆلۆژی _ واتە "ئەندازیاران" وەیە کە فۆنکسیۆنی پیشەسازییە

نوێیەکان پێوەندی بە ئیش کردنی ئەوانەوە هەیە، _ و بە بۆچوونی وێبلێن توانای دەست پێشخەری لە دەستی ئەوان دایە.

[پسپۆرانی تێکنۆلۆژی] بە پێی هەلومەرجی باو، پارێزەی خۆش بژیویی (رفاه) ماددی کۆمەڵگان، هەڵبەت تا پێش لەوە، لە پراکتیکدا وەک پارێزەر و دابین کەری داهاتی ئازاد بۆ چینەکانی سەروو کاریان کردووە. ئێستا وەک بەڕێوەبەر و بەرپرسی سیستەمی پیشەسازی دێنە ئەژمار و لەو ڕێگەیەشەوە بەرەو پارێزەرانی خۆش بژیوی ماددی کۆمەڵگا ڕێگە دەبڕن. ئەوان بە هێوری زانیاری چینایەتی وەدەست دێنن و ئیتر تا ئەو رادەیە لە ژێر هاندەری بەرژەوەندییە تیجارییەکان دا نین کە وەک گرووپە خاوەن مافە تایبەتییەکانی وەک سەندیکاداران و ڕێبەرانی سەندیکا کرێکارییەکانیان لێ بێ. لە هەمان کاتدا بە پێچەوانەی کرێکارانی خاوەن سەندیکا، بە هۆی رادە و پرشووبڵاوی چالاکییەکانیان نەگەیشتوونە ئەنجامێکی بەکەڵک، ئەو گرووپە لە پسپۆرانی تێکنۆلۆژی لە باری ژمارەوە و هەروەها بە هۆی روانگەی سرشتی خۆیانەوە گرووپێکی یەکدەست و یەکریز پێک دێنن[١٧] .

تیۆرییەکەی بێرنهام لە راستیدا هەروەک ئەوە دەچێ بەڵام بە شێوەیەکی مامۆستایانەتر دەربڕاوە. بە باوەڕی بێرنهام ئیمە لە قۆناخی تێپەڕین لە شێوەیەک لە کۆمەڵگا بەرەو شێوەیەکی تر داین: لە کۆمەڵگای کاپیتالیستییەوە (واتە کۆمەڵگایەکی کە تایبەتمەندییە هەرە بەرچاوەکانی بریتین لە شێوەیەکی تایبەت لە بەرهەم هێنان، باڵادەستی خاوەن پیشەسازییەکان و بانکداران و، هەروەها سیستەمی بیروباوەری یان ئیدئۆلۆژییە تایبەتەکان) بۆ شێوازێک لە کۆمەڵگا کە خۆی ناوی دەنێ "کۆمەڵگای بەڕێوەبەرایەتی[١٨]". بێرنهام بەر لە شرۆڤەی رەوتی تێپەڕین بەرەو ئەو کۆمەڵگایە _ واتە "شۆرشی بەڕێوەبەرەکان" دەپڕژێتە سەر تیۆرییەکی سەرەکی تر کە سەبارەت بە هەرەسهێنانی کاپیتالیزمەوە خراوەتە روو، واتە تیۆري مارکسیستی شۆرشی پرۆڵتاریا. ڕەخنەکانی بێرنهام لە راستای هەر ئەو هێڵانەدان کەوا هەردەم گوتراونەتەوە: یەکەم شۆرشی ڕووسییە سەرەتای کۆمەڵکایەگی سوسیالیستی نەبووە و دووهەم لە زۆربەی



وڵاتە پێشکەوتووە پیشەسازییەکاندا هیچ شۆرشێکی پرۆڵیتاریایی ڕووی نەداوە و لەو جێگەیانەش کە هەوڵی بۆدراوە (وەک ئەڵمان لە ساڵی 1918 دا) سەرکەوتنی وەدەست نەهێناوە. سەرەتا لە تیۆرییەکەی بێرنهام دا پێویستە کارگێڕان دیاری بکرێن و دواتریش ئەو بابەتە بسەلمێندرێ کە ئەو گرووپەی دیاری کراوە دەبێتە گرووپێکی ئێلیتی دەسەڵاتدار لە کۆمەڵگادا. بێرنهام دوو گرووپی سەرەکی لە نێو کارگێڕان دا دیاری دەکا: A. زانایان و پسپۆرانی کاروباری تێکنۆلۆژیک، B. کارگێڕان (مدیران) و ڕێکخەرانی رەوتی بەرهەم هێنان. گرووپی دووهەم بە تەواو مانا کارگێڕن لە وانەشە زۆر جار زۆربەیان خاوەن تایبەتمەندی زانستی و تکنیکی بن بەڵام بێرنهام ئەوانە لە گرووپی "ئەندازیاران"ی وێبلێن جیادەکاتەوە. لە راستیدا ئەوان کارگێڕان (مدیران) یان کاربەدەستانی پلەبەرزی بەرێوەبەرایەتی بنکە تیجارییەکانن. لێکدانەوەی بێرنهام لەمەڕ پێگەی ئەو دەستە لە کۆمەڵگادا تارادەیەکی زۆر گرێدراوی سەلماندنی ئەو بابەتەیە کە لە کۆمەڵگا پیشەسازییە نوێیەکاندا لەنێوان خاوەنداریێتی و کۆنترۆڵی پیشەکان جیاوازییەکی سەرەکی بەدیهاتوە. بیرۆکەی وەها جیاوازییەک بۆ لێکۆڵەرانی کۆمەڵگا لە سەدەی نۆزدەهەمدا (یەک لەوان مارکس کە دەرئەنجامەکانی گەشەی کۆمپانیا "سەهامییەکانی تەزامونی" دەدی) شتێکی نوێ نەبوو، بەڵام هەڵبەت دەگەڵ سەرهەڵدانی کۆمپانیا زەبەلاحە نوێیەکاندا گرنگایەتی ئەویش بەرەو سەر هەڵکشاوە. یەکەم جار باربێرل و مینز بە شێوەیەکی سیستماتیک لەمەڕ ئەو کۆمپانیانەدا لێکۆڵینەوەیان کردووە[١٩] . بەڵگە هێنانەوەی بێرنهام وەهایە کە دەڵێ پێشتر دەسەڵاتی ئابووری لە دەست ساماندارەکانی پیشەکاندا بوو کەچی ئێستا کەوتۆتە دەستی کارگێڕان و لەو ڕێگەیەشەوە، توانای فۆرم دانی سەرجەم سیستمی کۆمەڵایەتی وەدەست هێناوە. تیۆرییەکەی بێرنهام نەتەنیا پێویستی بەوەیە کارگێڕان، گرووپێکی کۆمەڵایەتی جیاوازبن بەڵکو دەبێ گرووپێکی یەکدەستیش پێک بێنن کە لە رەوتی تێکۆشان بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات لە بەرژەوەندییەکانی گرووپەکەیان ئاگادار بن. بێرنهام لە داکۆکی کردن لە تیۆرییەکەی دا تێدەکۆشی وا پیشاندا ئیدئۆلۆژی ئیندیۆڤیدیالیستی کاپیتالیزم هێورهێور جێگەی خۆی دەداتە ئیدئۆلۆژییەکی بەڕێوەبەرێتیخواز Managerialist Ideology بێرنهام بۆ پشت راستکردنەوەی ئەو خاڵەی دوایی ئەزموونی دەوڵەتی کۆرپۆراتیستی فاشیستی ئاڵمان و ئیتالیا و هەروەها

ئەزموونی رژیمی کۆمۆنیستی لە یەکێتی سۆڤیەتدا (کە هیچ کامیان تا سەر دەوامیان نەهێنا) و هەروەها قەوارەی بەرتەنگی بەرنامەدارێژی دەوڵەتی لە هێندێ وڵاتی کاپیتالیستی لە رۆژئاوادا بە بەڵگە دێنێتەوە.

ڕەخنەکانی دواتر دەریان خستوە وێنای سەرەکی لەمەڕ جیاکردنەوەی خاوەندارێتی و کۆنترۆڵی [پیشەسازییەکان] لە کۆمەڵگای پیشەسازی نوێدا، لانی زۆر نیوەی راستییەکانە. لە نێوان خاوەنداران و بەڕێوەبەری پیشەسازییەکاندا لە چەند لایەنەوە پێوەندییەکی نزیک لە ئارادایە. یەکەم، بەڕێوەبەرە پایەبەرزەکان زۆربەی کات هەرهەمان خاوەندارانن، بەو واتایە خاوەنی بەشێکی بەرچاوی پشکی کۆمپانیاکانی خۆیانن هەرچەندە لەوانەیە پشکەکان، بەرفرە و پرش و بڵاو بن بەڵام ئەوە دەبێتە هۆی ئەوە کۆنترۆڵی سیاسەتەکانی کۆمپانیا بۆ هێندێک لە پشکدارە گەورەکان ساکارتر بێ[20]. دووهەم، تەنانەت ئەو کاتانەش کەوا کارگێڕان بەشێک نین لە پشکدارانی گەورەی کۆمپانیاکانی خۆیان، زۆربەی کات سامانداران. هەروەک چۆن میلز لە کتێبی *ئێلیتەکانی دەسەڵاتدا* وەبیر دێنێتەوە "بەرێوەبەران (مجریان)ی سەرەکی و تاکەکانی زۆر ساماندار دوو گرووپی تەواو لێک جیاوازن؛ هەردووکیان لە باری سامان و مافە تایبەتییەکاندا لە دنیایەکی هاوبەشدان، کە تا رادەیەکی زۆر تێکەڵاو بوون"[21]. سێهەم، بەڕێوەبەرەکان زۆرتر لە توێژەکانی سەرووی کۆمەڵگاوە سەریان هەڵداوە. بە پێی باوەری میلز، لە وڵاتە یەکگرتوەکاندا "کارگێڕانی پایەبەرز لە سالانی 1950 دا ئەو گووندنیشنانە نەبوون کە لە شاردا سەرکەوتنیان وەدەست هێنابێ" هەروەها لە گرووپی کۆچەران یان منالی کۆچەرانیش نەبوون. "ئەو ئەمریکاییە شارنشینە سپی پێستە پرۆتستانانە لە دایک بووی، ئەو بنەمالانە بوون کە سەر بە چینەکانی سەروو و بەشەکانی سەرووی چینە مام ناوەندییەکان بوون. باوکەکانیان زۆرتر خاوەن پیشەی ئابووری بوون: 57% یان کورە تاجر 14% یان منالی ئەوانەی خاوەن پیشەی فەرمی بوون، و 15% شیان منالی وەرزێران بوون"[22].

زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی تریش دەرئەنجامەکانی ئەو لێکۆڵینەوە پشت راست دەکەنەوە. ویلیام میلێر لە لێکۆڵینەوەیەکی وردیدا لەمەڕ ریشەکانی چینایەتی 190 کەس لە رێبەرانی تیجاری گەورەی ئەمریکا لە دەیەی یەکەمی ئەو سەدەیەدا، نیشانی داوە کە لەو کاتدا ئەو بۆچوونە باوی نەمابوو کە تاجری سەرکەوتوو لە خواروترین



توێژی کۆمەڵگاوە سەری هەڵدابێ[23]. کەمتر لە سەدی دەی ئەو کەسانەی میلێر لێکۆڵینەوەی لە سەریان کردووە لە دایک بووی دەرەوەی وڵات بوون و تەنیا 1% یان دەکرا وەک "پەنابەری دەستەنگ" بێنینە ژمار. زۆربەیان سەرو بە بنەماڵەکانی کۆن و خاوەن مێژووی شارۆچکە و شارەگەورەکانی ئەمریکا و 80% یان لە بنەماڵەکانی تاجر یان خاوەن پیشەی فەرمی بوون. هەر بەو پێیە، لێکۆڵینەوەیەکی زۆر ورد و هەمەلایەنە لەمەڕ چینەکانی سەروو و گرووپی ئێلیتی تاجرەکان و خاوەن پیشەکانی فیلادێلفیا لە ساڵی 1940 دا دەگاتە ئەم دەرئەنجامە:

...پشکی چینەکانی سەرووتر لە کۆی ڕێبەرە تیجارییەکان دا دەگەڵ قەوارەی ئەو چینەدا یەکتریان نەدەگرتەوە: 75% بانکدارەکان، 51% پارێزەران، 45% ئەندازیاران، و 42% ی ئەو تاجرانەی ناویان لە فیلادێلفیا کتێبی *ناساندنی کەسایەتییەکان*[24] دا هاتووە ئەندامی چینی سەرووتر بوون (واتە سەر بەو بنەماڵانە بوون کە لە کتێبی *هەڵکەوتەکان*[25] دا هاتووە). لەوەش واوەتر، لە 532 کارگێڕی ئێلیتی ئەنیستیتیۆ پیشەیی و ماڵییەکاندا، 60% یان ئەندامی چینی سەرووتر بوون. و لە ئاکامدا، بانکدارەکان و پارێزەرە هەڵکەوتووەکانی ئەو شارە سەر بە چینی سەرووتر بوون. سەرۆکەکان و زۆرتر لە 80% ی کارگێڕانی شەش بانکی گەورەی شار و هەروەها شەریکەکانی پایەبەرزی گەورەترین کۆمپانیاکانی یاسایی لە بنەماڵە گەورەکانی فیلادێلفیا بوون[26].

خوێندنەوەیەکی ئاماری سەبارەت بە کارگێڕانی کۆمپانیا گەورەکانی دەوڵەتی لە بریتانیا دا نیشانیداوە کە لە نێوان 50 تا 60 لە سەدی پیشەکانی خۆیان لە ڕێگەی بوونی پێوەندی تیجاری لە بنەماڵەکانی خۆیان دا وەدەست هێناوە لە کاتێکدا لە سەدا 40 ی تر سەر بە بنەماڵە زەویدارەکان، خاوەن پیشەکانی پرۆفیشناڵ، و توێژەکانی تری هاوشێوەی ئەوان بوون[27].

لێکۆڵینەوە نوێیەکان وا دەردەخەن ئەو دۆخە لە چەند دەیەی رابردوودا ئاڵوگۆرێکی وای بەسەردا نەهاتوە. سکات لە زنجیرە لێکۆڵینەوەیەکدا[28] کەڵەکەبوونی بەرچاوی سامانی بنەماڵە لە بریتانیادا و پێوەندیی نێوان ئەو داهاتە بنەماڵەییە و

خاوەندارێتی و کۆنترۆڵی داهاتی کۆمپانیاکانی دەست نیشان کردووە. دەگەڵ گەشەی کۆمپانیا گەورەکاندا، ستروکتووری خاوەندارێتی زۆر نادیارترە لەو سەردەمانەی کە کەسانێک بە تەنیا خەریکی کارئافراندن بوون. بەڵام سکات دەڵێ:

> ئەو رووداوە نەبووە هۆی لە کیس چوونی دەسەڵاتی سامانداران... بنەماڵە سامانداەرەکان لە زۆربەی کۆمپانیاکاندا پشکیان هەیە و کۆمەڵێکیان پێک دێنا کە کارگێڕانی کۆمپانیاکان لەو ناو ئەو کۆمەڵەوە هەڵدەبژێردران؛ هەڵبەت لەوانەش بوو ئەو کارگێڕانە سەر بەو بنەماڵانە نەبووبن کەوا خاوەنی بەشێکی سەرەکی ئەو کۆمپانیایانە بوون. چینی ساماندار لە سەرجەمی سیستەمی کۆمپانیاکاندا خاوەن بەرژەوەندییە[29].

سکات ئاماژە دەکاتە سەر گرنگی روو لە گەشەی بڕوانامەی خوێندن ئەوەش هەر هەمان شتە کە "ئابرکرامبی و یوری"ش جەختی لەسەر دەکەن بەڵام ئەوە دەگەڵ گەشەی "چینێکی خزمەتگوزار[30]" لێک گرێ دەدەن کە لە روانگەی ئەوانەوە:

> فۆنکسیۆنەکانی سەرمایە واتە رێکخستن(تشکیل)، کۆنترۆڵ و بەرهەم هێنانەوەی سەرمایە لە ئەستۆدەگرێ و لە دەستی خۆییدا رادەگرێ. ئەوە لە کاتێکدایە کە پێگەی چینایەتی چینی کاپیتالیستیش ئاڵوگۆر بە خۆیەوە دەبینێ... پرۆسەی فۆرم گرتنی چین... زۆرتر دەرئەنجامی دابەشینی بڕوانامەکانی خوێندنە کە تەکووزی زنجیرە پلەیی‌یان هەیە[31].

بەڵام ئەو جۆرە شرۆڤانەی سکات و ئەوانەی تر لە بریتانیا و وڵاتە گەورە پیشەییەکانی تردا کردویانە پیشان دەدەن کە لە ستروکتووری چینایەتی ئەو کۆمەڵگایانەدا ئێستاش سامانی تایبەتی باڵادەستی هەیە. کاربەرێوبەرانی پایەبەرز و خاوەندارەکان، وەها تۆرێکی تێک تەنراویان پێکهێناوە کە لە راستیدا گرووپێکی کۆمەڵایەتین. لە کاتێکدا پێگەی کارگێڕانی ئاستەکانی ناوەراست و خوارووتر ("چینی خزمەتگوزار") لە بنەرەتدا دەگەڵ ئەوە جیاوازی هەیە. راستە رۆڵی گرنگیان هەیە لە رێکخستن، کاروباری تەکنیکی و، بەرێوەبەرایەتی زۆربەی چالاکییەکان و خزمەتگوزارییە گرنگە ئابوورییەکان (و هەروەها لە بەشی گشتی دا) بەڵام لە هەمان



کاتدا رۆڵێکی لاوەکی و ژێردەستیان لە ئەستۆیە و دەرکردنی بریارە ستراتیژیکییەکان سەبارەت بە بەکارهێنانی سەرمایە لە دەستی ئەواندا نییە.

لە هیچ کام لەو بابەتانەدا شتێک بەدی ناکرێ کە نیشاندەری "شۆرشی کارگێڕان" بەو زووانە بێ یان راستی وێنەکەی بێرنهام لە ئیدئۆلۆژی "مدیریت گرای" نوێ[32] دا دەربخا. کارگێڕەکان، بەتایبەت کارگێڕەکانی پلەکانی سەروو، گرووپێکی کاری گرنگ لە کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا پێک دێنن. ئەوان گرووپێکی ئێلیتین بەو هۆیەی خاوەن پرێستیژی بەرزی کۆمەڵایەتین، بریاری گرنگی ئابووری دەردەکەن و هەروا کە دەروا زۆرتر لە پێگەی خۆیان وەک گرووپێکی کاری ئاگاداری وەدەست دێنن (و ئەو زانیارییەش لە رێگەی پەرەسەندنی لێکۆڵینەوە و فێرکردنی سیستماتیک لە بواری بەرێوەبەرایەتییەوە گەشە دەکات). بەڵام ئەوان چینێکی سەربەخۆ و دابراو لە چینی سەرووی سامانداران نین و، هەروەها لە حاڵی گۆڕان بۆ "چینێکی دەسەڵاتداری" نوێ و جیاواز[33]یش نین.

ئێستا با بێینە سەرباسی سێهەمین گرووپی کۆمەڵایەتی _ واتە کاربەرێوەبەرانی پایەبەرزی حکومەتی _ ئەو گرووپە لە روانگەی زۆربەی چاودێرانەوە، گرووپێکی ئێلیت پێک دێنن و دەسەڵاتیشیان لە کۆمەڵگا نوێیەکاندا روو لە گەشەیە. ئۆگری کۆمەڵناسان بە ئیلیتە برۆکراتەکان، بە کاری ماکس وێبر لە کاتی کێشمەکێشی دوورودرێژی دەگەڵ "تارمایی کارڵ مارکس" و رێرەوانی سەری هەڵدا. دژایەتی وێبر دەگەڵ سوسیالیزمدا، تا رادەیەکی زۆر بە هۆی ترسی وێبر لەو بابەتە بوو کەوا سوسیالیزم دەبێتە هۆی لە ناوچوونی ئازادی تاکەکەس و کۆنترۆڵی کەم تا زۆری سەرجەم ژیانی کۆمەڵایەتی. مارکس لە مێژوویی کۆمەڵگاکاندا، وای بۆ دەچوو کە کەڵەکەبوونی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لە دەستی چینێکی بچووکی کاپیتالیستەکاندایە کە کورت کردنەوەی دەستی ئەوان بە هۆی چینی کرێکارەوە، وەک یەکەم هەنگاو دەبێ بۆ کرانەوەی قۆناغێک لە ئازادی روو لە زیادبوونی مروڤ. بەڵام وێبر رەوتی کەڵەکەبوونی ئامرازەکانی پێوەندیدار بە کاروباری بەرێوەبەرایەتی دەدی کەوا بە توندترین شێوە وێرای نگریسترین دەرەنجامەکان بۆ تاکەکەس، لە کۆمەڵگای سوسیالیستی دا خەریک بوو دەهاتە دی.

گەشەی دەوڵەتی نۆی دەگەڵ کردەوەکانی شالیار (شهریار) دەست پێدەکا. شالیار ڕێگەی بۆ لە دەست دەرهێنانی دەسەڵات لەو کەسانەی دەورو پشتی کەوا خاوەن دەسەڵاتی سەربەست و "تایبەتی" بوون خۆش کرد، واتە ئەو کەسانەی ئامرازەکانی بەڕێوەبردن، شەڕ و ڕێکخستنی ئابووریان بە مافی خۆیان دەزانی... ئەم ڕەوتە بە گشتی وێکچوویەکی تەواوی هەیە دەگەڵ پەرەسەندنی کۆمپانیا کاپیتالیستەکاندا کە لە ڕێگەی لە دەست دەرهێنانی بەرەبەرەی خاوەندارێتی لە بەرهەم هێنەرانی سەربەخۆدا [گەشەی سەند بوو]. و لە کۆتاییدا، دەوڵەتی نۆی سەرجەم ئامرازەکانی ڕێکخستنی سیاسی لە کۆنترۆڵ دا بوو[٣٤].

وێبر باوەری وابوو تەنانەت لە سیستمێکی دێمۆکراتیکیشدا ناتوانرێ دەسەڵاتی برۆکراسی لە ڕێگەی چاوگەکانی سیاسییەوە کۆنترۆڵ بکرێ.

لە هەلومەرجێکی ئاساییدا، پێگەکانی دەسەڵاتێکی بروکراسیی بە تەواوی گەشەسەندوو، هەردەم خۆڕانەگرە. "فەرماندەری سیاسی" لەچاو ئەو فەرمانبەرە دەورە دیتوانەی کە حکومەت بەڕێوەدەبەن خۆی وەک "تازەکارێک" لە هەمبەر تاقمێک "پسپۆر" دا دێتە بەرچاو. ئەو وتەیە هەر دەم راستە، چ ئەو "فەرماندەرە"ی برۆکراسی خزمەتی پێدەکا خەڵکانێک بن پۆشتەکراو بە چەکی "داهێنانی یاسادارێژی" یان "ریفراندۆم" و مافی وەلانانی فەرمانبەرانی حکوومەت، یان مەجلیسێک بێ ئەندامانی لەسەربنەمای کەم تا زۆر ئەریستۆکرسییانە یان دێموکراسییانە هەڵبژێراون و بەمافی دانی دەنگی نەبوونی متمانە تەیار کرابن[٣٥]... .

بێگومان شرۆڤەی وێبر بە شێوەیەکی نابەجێ لە ژێر کارتێکەری نموونەی برۆکراسی پرۆس[٣٦] و هەروەها داگیرکردنی فۆنکسیۆنە سیاسیەکان لەلایەن ئەو برۆکراسیەوە لە ئاڵمان سەردەمی ئیمپریالیزم دایە. سەرەڕای ئەوەش، بەباوەری زۆربەی چاودێران، ڕووداوەکانی مێژووی ئورووپا لە سەدەی بیستەمدا، ئەو ئاڵوگۆرانەی لەدوای شۆرشی سوسیالیستی لە روسیەدا هاتنەئاراوە و،



دەرئەنجامەکانی زۆربوونی پانتایی کۆنترۆڵی دەوڵەتەکان بەسەر چالاکییە ئابوورییەکاندا لە دێموکراسییە پیشەسازییەکاندا، پشت راست کەری تیۆری وێبرن سەبارەت بە دەسەڵاتی روو لە زیاد بوونی برۆکراسی. میلۆوان جیلاس ڕەخنەگری یۆگۆسلاویای کۆمۆنیستی تۆتالیتەر، بە شێوەیەکی تەواو ڕاشکاوانە بیرۆکەکانی وێبری سەبارەت بە سیستەمی کۆمەڵایەتی یەکێتی سۆڤیەت دەکارهێناوە[٣٧]. جیلاس "ئەو چینە نوێیە بە برۆکراسی، یان بە واتەیەکی تر برۆکراسی سیاسی" ناودێر دەکا کە بە وتەی ناوبراو خاوەنی تەواوی تایبەتمەنییەکانی چینە دەسەڵاتدارەکانی پێشوویە و هەروەها خاوەنی هێندێک تایبەتمەندی تایبەتی خۆیەتی. ئەو چینە نوێیە "لەو کەسانە پێک هاتووە کە بۆ لە دەستدا مانەوەی خۆیان لە بەڕێوەبەرایەتیدا، خاوەن مافە کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها سەروەری ئابوورین". بەڵام جیلاس ناچارە دان بەراستی ئەو بابەتە دابنێ کە ئەندامانی ئەو چینە، کاربەڕێوەبەر یان بەرێوەبەری حکومەت بە واتای ئاسایی وشە نین:

شیکار و لێکۆڵینەوەی وردتر وادەردەخەن کە کاکڵی برۆکراسی دەسەڵاتدار [یان چینی نوێ] تەنیا لە توێژێکی تایبەت لەو برۆکراتانەی دەسەڵاتدار پێک دێن کەوا فەرمانبەری بەرێوەبەرایەتیش نین. ئەو کاکڵە لە راستیدا برۆکراسی حیزبی یا سیاسییە. کاربەرێوەبەرانی تر، وەک دەزگایەک لە ژێر کۆنترۆڵی چینی نوێدان.

جیلاس بە ناچاری پێ لەو راستیە دەنێ کەوا "حیزب، ئەو چینە ساز دەکا"، بەڵام لەهەمان کاتدا تێدەکۆشێ لە قبووڵ کردنی دەرئەنجامی ئەو حوکمە دەرباز بێ و دەڵێ چینی نێوبراو "بە پێی حیزب گەشە دەکا و حیزب وەک پێگەیەک دەکار دێنێ. هەروا کە حیزب لاوازتر دەبێ ئەو چینە بە هێزتر دەبێ". لە کۆتاییدا هەوڵ دەدا ئەو دیاردەیە لە چوارچێوەی تیۆری مارکسیستی دا لێک داتەوە و هەروەها دەڵێ کە چینی نوێ لەسەر بنەمای خاوەندارییەتێکی کە بەسەر ئامرازەکانی بەرهەم هێناندا هەیەتی دیاری دەکرێ:

هۆی ئەوەی چینی نێوبراو چینێکی تایبەتە لە خاوەندارێتی و پێوەندییە تایبەتیەکانی دەگەڵ چینەکانی تر دایە... برۆکراسی

> سیاسی کۆمۆنیستی، لە سامانی بە نەتەوەیی کراو کەڵک وەردەگرێ، و خاوەنی ئەو سامانەیە[38] .

بە باوەری من ئەو لێکدانەوەیە لێکدانەوەیەکی زۆر بەلارێدابەرانە سەبارەت بەو ئێلیتانەیە کە پێشتر لە کۆمەڵگای سۆڤیەتدا هەبوون. هەروەک خودی جیلاسیش پێ لەوە دەنێ چینی نوێ بروکراسییەکی بەتەواو مانای وشە نییە، چونکە لە فەرمانبەران و کارگێڕان (مدیران)ی حکوومەتی پێک نەهاتووە، لە ڕاستیش دا بە هیچ جۆر بروکراسی نییە چونکە ئەندامانی ئەو چینە _ واتە ئەندامانی هەڵکەوتووی حیزبی _ بروکراتتر لە کارگێڕانی پیشەسازییەکان "نین"[39]. ئێلیتەکانی کۆمەڵگای سۆڤییەت ئەو ڕێبەرە سیاسییانەن کە نە لە ڕێگەی تێپەڕکردنی تاقیکاری لەمەڕ مارکسیسم — لێنینیسمەوە بەڵکوو بە هۆی دەکارهێنانی توانا سیاسییەکانیان– واتە لێهاتوویی تاکتیکی، فێڵەزانی، باوەڕپێهێنان، توانایی، ماندوویی نەناسی و... — لە حیزبدا توانیویانە دەسەڵات بگرنە دەستەوە[40]. هەر بەو پێیە، دەسەڵاتێکی حیزب بەرێوەی دەبات دەسەڵاتێکی سیاسییە نەک بڕۆکراسییانە. کاتێک جیلاس دەڵێ "حیزب چینی (نوێ) پێک دێنێ" لە راستیدا هەر ئەو خاڵە پشت راست دەکاتەوە، بەڵام دواتر تێدەکۆشێ بە لێ زیاد کردنی ئەو بابەتە کەوا دواتر چینی نێوبراو بە نرخی لاواز بوونی حیزب بەهێزتر دەبێ لە هێزی ئەم حوکمە دابشکێنێ. سەرەڕای ئەمەش، بەڵگەیەکی ئەوتۆش لە بەردەستدا نییە دەرخەری ئەوە بێ حیزبی کۆمۆنیست لە یەکێ لە وڵاتانی کۆمۆنیستی دا بەم شێوە تایبەتە لاواز بوو بێ. جیلاس زۆرتر لەوەدا سەرکەوتووە نرخاندنیکی ئەخلاقی پێشکێش بکا واتە نرخاندنێکی ئەخلاقی لە سەربنەمای هەرەس هێنانی حیزبی ئیدەئال یان حیزبی پرولیتاریای شۆڕشگێر. لە کۆتاییدا، هەڵەیە بێتوو وابیر بکەینەوە، حیزب لە رێگەی کۆنترۆڵی ئامرازەکانی بەرهەم هێنانەوەیە حکومەت دەکا. بە پێچەوانەوە، حیزب لە بەرئەوە دەسەڵاتی سیاسی بەدەستەوەیە ئامرازەکانی بەرهەم هێنانیش کۆنترۆڵ دەکا. هەروەک چۆن کۆمەڵناسێکی لەهێستانی بە شێوەیەکی گشتی تر بەڵگەی هێناوەتەوە :

> ...چەمکی چینی کۆمەڵایەتی کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا باوبوو، بەشی هەرە زۆری لێهاتوویی خۆی لە دونیای هاوچەرخدا چ لە واتای مارکسیستی دا و چ لە شرۆڤەی لیبراڵیدا، لە دەست داوە. ئەو



> بارودۆخانەی لەواندا ئاڵوگۆرەکانی ستروکتووری کۆمەڵایەتی کەم تا زۆر لە لایەن بریاری چاوگەکانی سیاسییەوە دیاری دەکرێن، مەودایەکی زۆریان هەیە دەگەڵ چەمکی چینەکان بە واتای گرووپ گەڵێک کە بەپێی پێوەندییان دەگەڵ ئامرازی بەرهەمهێنان، یان بەوتەی هێندێکی تر لە رێگەی پێوەندییان دەگەڵ بازاردا دیاری دەکرێن... لەو بارودۆخانەدا کەوا چاوگەکانی سیاسی بە شیوەیەکی ئاشکرا و کارتێکەر ئاڵوگۆر لە سترۆکتۆری چینایەتی دا پێک دێنن؛ [مەبەست] ئەو چینانەیە کە کارتێکەرترین مافە تایبەتییەکان (امتیازات) بۆ دیاری کردنی پلەی کۆمەڵایەتی تاکەکان، بۆوێنە تازیاری (امتیاز) کەڵک وەرگرتنی زیاتر لە داهاتی نەتەوەیی، بەپێی بریاری چاوگە سیاسیەکان دەدرێ، [واتە] ئەو جێیەی کە بەشی زۆری خەڵک یان تەنانەت زۆرینەیان لە جۆرە سیستەمێکی توێژبەند کراودا ریزیان بەستووە کە دەکرێ لە زنجیرە پلەکانی برۆکراسیدا پەیسەری بکرێ، لەو هەلومەرجانەدا چەمکی چین لە سەدەی نۆزدەهەمدا، کەم تا زۆر دەبێتە هەڵەیەکی مێژوویی و کێشمەکێشی چینایەتی جێی خۆی دەداتە شێوەکانی تری دوژمنایەتی کۆمەڵایەتی[41].

ئەو بابەتە روونی دەکاتەوە کە ئەگەرچی لەوانەیە ئاستەکانی خوارووتری زنجیرە پلەکانی کۆمەڵایەتی وەک برۆکراسییەک رێکخراو بن بەڵام گرووپی دەسەڵاتدار، خۆی چاوگەیەکی سیاسییە.

مەبەستی ئێمە ئەوە نییە کەوا کاربەرێوەبەرانی پایەبەرزی دەوڵەتی لە یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتانی تری کۆمۆنیستی دا هیچ چەشنە کاریگەری (نفوذ)یەکیان نەبوو، بەڵکۆ تەنیا دەڵێین ئەوان چینێکی دەسەڵاتدار یان گرووپێکی ئێلیتی دەسەڵاتدار نەبوون. تەنانەت لە سەردەمانی ستالینیش دا حیزبی دەسەڵاتدار بە شێوەیەکی ئاشکرا ناچار بوو تا رادەیەک تێگەیشتن و چاوەروانییەکانی گرووپگەلە جیاوازەکانی ئێلیتەکان یەک لەوان کاربەرێوبەرانی فەرمی لە بەرچاوبگرێ. لە رژیمەکانی لیبراڵتری دوای ستالینیشدا، فەرمانبەرانی فەرمی، کارگێڕانی پیشەسازییەکان، رووناکبیران، و ئەوانی تر تارادەیەک بە شێوەیەکی سەربەخۆ کارتێکەریان هەبووە لەسەر سیاسەتە

کۆمەڵایەتیەکاندا، هەڵبەت دیسانیش ئەم کاریگەرییە لە ڕێگەی چاودێری و کۆنترۆڵی حیزبەکانەوە بە توندی بەربەست دەکران.

داخوا بارودۆخی کاربەڕێوەبەرانی فەرمی لە دێموکراسییە رۆژئاواییەکاندا دەگەڵ ئەوەی لە سەرەوە باسیکرا جیاوازییان هەیە؟ زۆرێک لە نووسەران سرنجیان راکێشاوینە سەرئەو شتەی خۆیان ناوی دەنێن دەسەڵاتی روو لە گەشەی برۆکراسی. ئەوان ئەو زیادبوونە لە دەسەڵات بە پێی بنەمای بەربڵاوی بیاڤی ئەو چالاکییانەی دەوڵەت لە ئەستوی گرتوون و هەروەها بە پێی بەگرێوگۆڵی روو لە گەشەی کاروباری بەرێوەبەرایەتی دەوڵەتی لێکدەدەنەوە. یەک لە ڕەخنەگرانی ئێلیتەکانی بەرێوەبەری فەرانسە، ئەو گرووپەی لە چوارچێوەی زاراوەی خوارەوەدا وێنا کردووە: "فەرمانبەرانی پایەبەرز گرووپێکی سەروو و سەربەست پێک دێنن کەوا لە ناوخۆیاندا ئەندام وەردەگرن و لە خۆتێوەردانی سیاسی ئێلیتەکانی تر بەدوورن؛ واتە ڕەوەزێکە کە گشت باهۆزە سیاسییەکان، بە بێ هیچ دەرئەنجام و کەڵکێک لەخۆرا خۆیانی پێدادەکێشن ..."[42] "ئەوە لە کاتێکدایە کە نووسەرێکی تر بەسەرنجدان بە پێشکەوتی" شۆرشی کارگێڕان" لە فەرانسەدا، باوەری وایە کە:

زۆربەی کات دوو گرووپ لە پسپۆران، جێگەی ڕێبەریان لە دەوڵەت و هەروەها ئابوورییدا بەدەستەوە گرتووە. یەکەم گرووپ، گرووپی ئێلیتی ئۆفیسییە کەوا لە بنەرەتدا ئەندامانی لەنێوچاودێرانی بەشی ماڵی[43] و ئەندامانی ئەنجوومەنی دەوڵەتیەوە[44] هەڵدەبژێرن. ئەو گرووپە وەک ناوەندێکی فەرماندەری وایە کەوا لق و پۆپەکانی بە هەموو لایەک دا تەنیوە. لەبەرئەوە کە ئەو کارگێڕانە زۆرتر دەگوازرێنەوە بۆ کەرتی تایبەت هەربۆیە دەتوانین ئەوان لەناو بانکەکان و هەروەها پیشەسازییە گەورەکان و کۆمپانیا گەورەکانی تیجارییدا بدۆزینەوە. دووهەم سەرچاوە، دەرچوانی قوتابخانەی پۆلی تکنیکن[45] کەوا پێکهێنەری گرووپی ئێلیتی بەشە تکنیکییەکانی دەوڵەتن بەڵام لەهەمان کاتدا رۆژبەرۆژ بەرێوبەرایەتی پیشەسازییە گەورەکان زۆرتر لە ئەستۆ دەگرن[46].



ئەو شێوە بەڵگەهێنانەوانە لە فەرانسەدا لەهەموو شوێنێک باوتربوو لەبەر ئەوە دەسەڵاتی برۆکراسی هەردەم لە هەلومەرجێکدا خۆ دەردەخا کەوا خودی چاوگەی سیاسی، تووشی لاوازی و لەرزۆکی هات بێ. بەڵام لە سەرجەم وڵاتانی رۆژئاوادا تووشمان بە تووشی ئەو شێوەبەڵگەهێنانەوانە دەبێ. جار هەیە وەک بەرهەمەکەی ئاندرێ زیگفرێد کە لە سەرەوە لە زمان ئەوەوە هێنامانەوە، باسەکە پێوەندی هەیە بە بیرۆکەی گشتی "شۆرشی کارگیڕان" و دەش وترێ بەرپرسی پیشەسازییە تایبەتەکان و ئەنستیتۆ نەتەوەیی کراوەکان و هەروەها کاربەرێوەبەرانی پایەبەرزی دەوڵەتی پێکەوە بەرەو سازدانی گرووپێکی ئێلیتی دەسەڵاتدار دەچن. ئەو هرزە لەلایەن ئەو دۆزراوە و دیتراوانەی باس لە گۆرینەوەی هەرچی زۆرتری تاکەکان لەنێوان بەشە جیاوازەکانی بەرێوەبەرایەتی (مدیریت) و کاروباری بەرێوەبەرایەتی (اجرایی) دەکەن پشت راست دەکرێتەوە. پێشتر پیشانماندا کەوا بەرپرسان، گرووپێک ئێلیتی سەربەخۆ پێک ناهێنن. هەرهەمان شتیش دەکرێ بۆ کاربەرێوەبەرانی فەرمیش دەست نیشان کەین. ئازادی و سەربەستی کاربەرێوەبەرانی فەرمی لە سیاسەت دارێژیدا هەرچەندە روو لە گەشە بێ لە ئاکامدا لەژێر چاوەدێری چاوگە سیاسیەکاندا دەبن و ململانەی نێوان حیزبە سیاسیەکان لە وڵاتانی دێموکراتیکدا، یەک لە ئامرازەکانی کارتێکەر بوونی ئەو کۆنترۆڵەیە. ئامرازێکی تریش، کۆمەڵە یاسایەکی ئەخلاقی خودی برۆکراسییە بەتایبەت تیۆری بێ لایەنی سیاسی. لە زۆربەی وڵاتانی رۆژئاوادا، ئەو تیۆرییە دەبێتە بەربەستێک لە حاند لەخۆبایی بوونی فەرمانبەرانی پایەبەرز بۆ داگیرکردنی سەربەستی رێبەرانی سیاسی لە سیاسەت دارشتندا.

لەولاشەوە هێندێک لە لێکۆلینەوەکان دەری دەخەن کەوا کاربەرێوەبەرانی فەرمی وەک بەرپرسی پیشەسازییەنوێیەکان دەگەڵ چینەکانی سەرووی کۆمەڵدا یەکگرتوویەکی زۆریان هەیە. کارتێکەری راستەوخۆی ئەوان لەسەر رێبازی دەوڵەت لەهەرئاستیکدا بێ رەنگە زۆرتر بەلای بەرژەوەندی چینایەتیدا بشکێتەوە تا بەلای ئامانجێکی تایبەتی ئەوان وەک گرووپێک ئێلیتی دەسەلات لە کاتی سەرهەڵدانداندا. لە بریتانیادا لێکۆڵینەوەکەی کێڵسالڵ[47] دەری خستووە هەرچەندە دامەزراندنی تاکەکان بۆ چینی بەرێوەبەرانی پایەبەرزی دەوڵەتی لە نێوان ساڵەکانی 1950و 1929 دا لەناو بوارێکی کۆمەڵایەتی بەربڵاوترەوە دەکرا بەڵام دیسانیش لە ناو توێژەکانی خوارووتری چینی

کرێکار (واتە کرێکارانی لێزان و لێ نەزان) کە 30% ڕێژەی کۆمەڵگایان پێک دێنا رادەیەکی زۆر کەم دەگەیشتنە ئەو چینە. لەلایەکی تریشەوە 30% فەرمانبەرانی پایەبەرزی دەوڵەتی لە بنەماڵە ساماندار و خاوەن پیشە فەرمییەکان بوون کە تەنیا 3% کۆمەڵیان پێک دەهێنا. لێکۆڵینەوەکەی خۆم لەمەڕ کاربەرێوەبەرانی پایەبەرزی دەوڵەت لە فەرانسەدا پێشاندەری لایەنگرییەکی زۆرتری ئەندام وەرگرتنی ئەم گرووپەیە[٤٨]. لە بەرزترین ئاستدا 84% کاربەدەستانی سەرووی ئۆفیسی[٤٩] سەر بەبنەماڵەی چینەکانی سەرووی بەشەکانی سەرووی چینی مام ناوەندی بوون و کەمتر لە 1%شیان سەر بە بنەماڵەی کرێکارانی پیشەی یا کرێکارانی کشتوکاڵی بوون سەرەرای ئەوەش، لە بریتانیا و فەرانسەشدا فەرمانبەرانی پایەبەرزی دەوڵەت زۆرتر لە قوتابخانە و ئەنستیتۆکانی خوێندنی باڵایان خوێندووە کە لە رووی کۆمەڵایەتیەوە تەنیا بە رووی هێندێ خواپێداودا ئاواڵە بوون بەو پێییە، بیروبۆچوونی کۆمەڵایەتی و روانگە سیاسیەکانی چینی سەروو بەردەوام بەهێزتر کراوە. لە فەرانسەدا هەتا ساڵی 1945 بەشێکی زۆری گرووپی ئێلیتی بەرێوەبەران سەر بە چینی سەرووی پەروەردەکراوی قوتابخانەی ئازادی زانستە سیاسیەکان بوون. ئیمیل بوتمی[٥٠] بناخەدانەری ئەو قوتابخانەیەیە، بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە باوەری خۆی دەربریوە :

مافە تایبەتەکان لەناوچوون. ناتوانرێ پێش بە دێموکراسی بگیرێ. ئەو چینانەی ناوی خۆیان نابوو چینەکانی سەرووتر، ناچار بوون دان بە مافی زۆرینەدا بنێن و تەنیا دەتوانن وەک لێهاتووترین تاکەکان دەسەڵاتی سیاسی خۆیان بپارێزن. شەپۆلی دێموکراسی دوای تێکشکاندنی مەتەرێزی مافە تایبەتەکانی ئەو چین و نەریتانە، بە ناچار دەبێ دەگەڵ هێڵی دووهەمی بەرگری بەرەو روو بێتەوە واتە دەگەڵ توانا ئاشکراکانی تاکە لێهاتوترەکان کە ناتوانین نکۆڵی لە لێهاتویان بکەین[٥١].

ڕێفۆرمەکانی پاش شەڕ لە فەرانسەدا لە بواری دامەزراندنی تاکەکان بۆ پیشە سەرووەکانی دەوڵەتی، بۆ وێنە دامەزراندنی قوتابخانەی نەتەوەیی بەرێوەبەرایەتی[٥٢] تایبەتمەندی فێرکردن و ڕاهێنانی ئێلیتە ئۆفیسیەکانی تا ڕادەیەک گۆڕی _ واتە زۆرتر "خاوەن تایبەتمەندی بەرێوەبەرایەتی" بوو و کەمتر "بەستراوە بە چینی



سەروو" بوو _ بەڵام لایەنی کۆمەڵایەتی ئەندام وەرگرتنی گرووپی نێوبراو ئاڵوگۆرێکی ئەوتۆی تێدا بەدی نەهات. لەلایەکی ترەوە لە وڵاتە یەکگرتۆکاندا نەبوونی سیستەمێکی بەردەوامی پیشەئۆفیسیەکان بە تایبەت لە ئاستەکانی سەرووتردا، لەمپەرێک بووە لەسەررێگەی پێکهاتنی گرووپێک ئێلیتی ئۆفیسیدا، هەروەها بۆ بنەماڵەکانی سەربە چینەکانی سەروو گرنگ نییە کە هێندێک لە ئەندامانیان لە کاروباری بەرێوەبەرایەتیدا کاربکەن[٥٣]. سی رایت میلز باوەری وابوو کە نەبوونی بڕۆکراسییەکی بەتەواومانا، هۆکارێکی گرنگ بووە لە ئەگەری پێکهاتنی گرووپێک ئێلیتی نابەرپرسیار لە کۆمەڵگای ئەمریکادا:

وڵاتە یەکگرتۆکان قەت چینێکی لە کاربەرێوەبەرانی دەوڵەتی بەتەواو مانا و بەواتایەکی دروستتر پیشەیەکی دەوڵەتی جێگەی متمانە یان بروکراسییەکی سەربەخۆ کە لە پڕاکتیکدا بە دوور بێ لە گوشاری حیزبە سیاسییەکان نەبووە و ئێستاش نییەتی... لە ڕاستی دا نە بەڕێوەبەران و نە سیاسەتوانان، خوازیاری گرووپێک لە کارگێڕە پسپۆرەکان نین کەوا بە ڕاستی دوور بن لە تێبینییە حیزبییەکان و تەنیا لە ڕێگەی فێربوون و ئەزموونەکانی خۆیانەوە، توانیویانە ببنە سەرچاوەی شێوازەکانی لێهاتوویی پێویست بۆ هەڵسەنگاندنی ورد سەبارەت بە دەرئەنجامی سیاسەتە جۆراوجۆرەکان دا[٥٤].

بەڵام بەڵگەهێنانەوە بەم شێوەیە بەواتای لەبەرچاو نەگرتنی سەرجەم ئەزموونەکانی کۆمەڵگا ئورووپاییەکانە کە لەنێوان کاربەڕێوەبەرانی پایەبەرزی بڕۆکراسی ڕاستەقینە و چینی سەرووتری کۆمەڵدا نزیکترین یەکگرتوویی هەبووە.

ئەو لێکدانەوەیە لەمەڕ ئەو سێ گرووپە ئێلیتەی لە کۆمەڵگای نوێدا سەروەرییان وەدەست هێناوە دەرئەنجامی جێگەی سرنجیان لەمەڕ پێوەندی نێوان ئێلیتەکان و چینەکان و، هەروەها جێگۆڕکێی ئێلیتەکانی لێکەوتۆتەوە. نە ڕووناکبیران، نە بەرپرس (مدیر)انی پیشەسازییەکان، و نە بڕۆکراتەکان ناتوانن بە شێوەیەکی جیددی ڕکەبەرێک بن بۆ ئێلیتە دەسەڵاتدارەکان. هیچ کام لەو گرووپانە بە رادەی پێویست یەکدەست یان سەربەخۆ نین تا وەک ڕکەبەرێک بێنە ژمار. لە ناو رووناکبیرانیشدا لە

هەلومەرجی ئاساییدا دەستەبەندی بە ڕوونترین شێوە خۆدەنوێنێ. بەڵام [لە ڕاستیدا] ئەو سێ گرووپە ئێلیتە هیچیان یەکریزیان نییە لە بەرئەوە قوتابخانەیەکیان پێک نەهێناوە هەتا دەربڕی گرنگی و ئامانجە دیاریکراوەکانیان بێ. تاوتوێ کردنی تایبەتمەندییەکانیان کێشەیەک ئاشکرا دەکەن کە کارڵ فریدریش لە هەڵسەنگاندنی تیۆرییە ئێلیتیستیەکاندا بە شێوەیەکی باوەڕپێهێنەرانە دەری بریوە:

> پارەتو هیچ هەولێکی نەداوە بۆ پێشاندانی ئەو بابەتە کە "گرووپی ئێلیت" بەو شێوەیەی ئەو پێناسەی دەکا کە وەک گرووپێکی تایبەت خاوەن تایبەتمەندیی خۆی بێ... "سەرەڕای ئەوەش"... ئەو نووسەرانە هەر دووکیان [واتە موسکا و پارەتو] وەک گریمانەیەک یان پێش گریمانەیەکی سەرەکی نەسەلمێنراو، شتێکیان بە شێوەیەکی نابەجێ هێناوەتە ناو تیۆرییەکەی خۆیان کەوا گوماناویترین بەشی سەرجەم ئایینییە ئێلیتیستیەکانە... واتە ئەو بابەتەیان وەک ڕاستییەک وەرگرتووە کە ئەو تاکانەی لە دەسەڵاتدا ڕۆڵیان هەیە گرووپێکی یەکدەست و یەکریز پێک دێنن[٥٥].

سەرەڕای ئەم هەمووە تەنگوچەڵەمانەی کە چەمکی چین لە گەڵ خۆیدا هێنایە ئاراوە بەباوەری من دەست نیشان کردنی بوونی بەرژەوەندیی بەربڵاوی چینایەتی لە کۆمەڵگا دێموکراتیکەکاندا (بە پاڵپشتی ئەو بەڵگانەی لە پێکهاتنی ڕێکخراوە تایبەتەکان، ئیدئۆلۆژییە سیاسیەکان و هەروەها شێوەی دەنگدانی تاکەکان وەدەست هاتووە) زۆر ساکارترە لە سەلماندنی ئەو بابەتە کە گرووپە ئێلیتەکان هەروەک ئەوانەی لێکمان دانەوە خاوەن بەرژەوەندی کۆی وەک یەک یان تەنانەت "ویژدانی ئێلیتی" بە کۆن.

هەر وەک دیتمان سەربەستی ئەم گرووپە ئێلیتانە لەڕێگەی جۆربەجۆرەوە سنووردار دەکرێ. ئەو نزیکایەتیە چینایەتییەی کە گرووپە ئێلیتیەکان هەیانە لە وانەیە وەک نزیکایەتی چەند لایەنەی ڕووناکبیران، یان وەک نزیکایەتی یەک لایەنەی بەرپرسان و برۆکراتەکان بن و هەر بەو پێیە دەبێ تارادەیەک ئەوان وەک نوێنەری چینەکۆمەڵایەتیەکان بێنینە ژمار. برۆکراتەکان ڕاستەوخۆ لە ژێر چاوەدێری چاوگەکانی سیاسیدان، جا چ ئەو چاوگە سیاسیە وەک شێوازە جۆربەجۆرەکانی ڕژێمە توتالیتێرەکان



تاک حیزبی بێ، یان وەک وڵاتانی دێموکراتیک فرەحیزبی بێ کە بە شێوەیەکی دەورەیی دەسەڵات دەگرنە دەست. گرینگی تەشەنە (نفوذ)ی ڕوو لە گەشەی ئەو گرووپە ئێلیتانە لە ڕواڵەتدا لەوەدا نییە کە کامیان چینی دەسەڵاتداری بەهێز پێک دێنن کەوا خەریکی خەباتە بۆ وەدەست هێنانی دەسەڵاتی سەروو، بەڵکوو سەرچاوەی ئەو گرینگییە لەوەدایە کە کێبەرکێ و کێشمەکێشی نێوانیان دەتوانێ تاڕادەیەک دەسەڵاتی دەسەڵاتدارانی کۆمەڵگا لە هەر کاتێکی دیاریکراودا سنووردار کات، [واتە] بە زمانی موسکا، ئەوان تۆخمەکانی "گرووپێک ئێلیتی لاوەکی"[٥٦] لە کۆمەڵگا دا پێک دێنن.

# پەراوێزەکانی بەشی چوارەم

1. Max Weber, "The Chinese literati" in H. H. Gerth and C. Wright Mills (eds), From Max Weber: Essay in sociology.
2. Robert M. Marsh , The Mandarins : The circulation of Elites in China : 1600-1900

٣. بڕوانە:

Jacques le Goff,les intellectuals au Moyen Age; and Karl Manmannheim,"The problem of the Intellijentisa",in Essays an the sociology of culture.

٤.بڕوانە: T.Bottomore,critics of society;
R.Brym, Intellectuals and Politics.

شومپیتێریش لە باسێک دا لەمەڕ تێداچوونی کاپیتالیزم لەمەڕ دزەی ڕووناکبیرانی توندڕۆ تا ڕادەیەکی زۆر زێدەڕۆیی کردووە. Schumpeter , Capitalism ,Socialism and Democracy.

5.waclaw machajski,The Intellectual worker (1095)

کتێبەکانی ماچاژێسکی بە زمانی رووسین و وەرنەگێردراونەتەوە، یەکەمجار بیرۆکەکانی لە ڕێگەی "ماکس نوماد"ەوە لە کتێبی Max Nomad, Rebels and Renegades لێکدانەوەیان لەسەرکرا کە منیش کەڵکم لەو لێکدانەوەیە وەرگرتووە.

6. Mosca, Sulla Teorica dei governi e sul govemo parlamentara, P. 293.
7. Karl Manheim, Ideology and Utopia, P. 136- 46.
8. Raymond Aron, The Opium of the Intellectuals.
9. Mattei Dogan, " Political ascent in a class society: French Deputies 1879-1958 ", in D. Marwick (ed), Political Decision – Makers, P. 67.



10. Petit Larousse
11. Alain Girard (ed.), La réussite Sociale en France, pp. 239-40

هەروەک نووسەری سەروو وەبیردێنێتەوە، دەست خستنی بابەتی لەوجۆرە لە وڵاتە جۆربەجۆرەکاندا بۆ سازدانی بناخەیەک سەبارەت بە بەراوردکردنی دزە (نفوذ) و بایەخی روناکبیران لە کۆمەڵگا جۆربەجۆرەکاندا شتێکی سرنج راکێش دەبێ. بە داخەوە لەو بارەوە تا ئێستا چالاکییەک نەکراوە یان هەربیری لێ نەکراوەتەوە. دوایین کۆکراوەی تیۆرییە قەبە و مامۆستایانەی کتێبی خوارووی لێ دەرچێ، ئێستاش بۆچونەکان لەمەڕ رۆڵی کۆمەڵایەتی روناکبیران لەسەربناخەی شرۆڤە تاکەکەسییەکانە:

G.B de Huszar (ed.),The Intellectuals: A Controversial Portrait
12. Adam Smith Institut
13. école Libre des Sciences Politiques
14. école Normale
15. James Burnham, The Managerial Revolition.
16. Thorstein Veblen, The Engineers and Price System.
17. Veblen, The Engineers and the Price System, P. 74.
18. Managerial Society.
19. A.A.Berle and G.C.Means, The Modern Corporation and Private Property.
20. P.Sargant Florence, The Logic of British and American Industry.
21. Mills, The Power Elite, P. 119.
22. Ibidl, p. 127.
23. W.Miller, "American Historians and Business Elite", in William Miller (ed) Men in Business.

24. Who's who
25. Social Register
26. E. Digby Baltzell, An American Business Aritocracy, p. 431.
27. G. H. Copeman, Leaders of British Industry: A Study of the Careers of More than a Thousand Public Company Director.
28. John Scott, Corporations, Classes and Capitalism; J .Sett, The Upper classes: property and privilege in Britain; and J .scoot, who Rules Britain?
29. Scott, Corporations, classes and capitalism, PP. 175 – 6.
30. Service class.
31. N. Abercrombie and J. uriy, capital, labour and The Middle classes, P. 153.
32. Managerialist Ideology.

٣٣. ورد بەوە لە :

T. Bottomore and Roberty J. Brym (eds), The capitalist class: An International study.

بە تایبەت وتارەکەی مارسو Marceau کە تایبەتە بە خوێندەوارانی بازرگانی فەرانسە: Ibid , PP . 65-9

34. Max Weber, "Politics as a Vocation" in H. H. Greth and C. Wright Mills , From Max Weber , p . 82.
35. Max Weber, "Bureaucracy", in H. H. Gerth and C.Wright Mills, From Max Weber, P. 232.
36. Pruss
37. Milovan Djilas, The New Class.
38. Ibid., PP. 39 – 40.

٣٩. ئەو بابەتە دەگەڵ ئەو وتەیەی میلز پێک بگرن کە دەڵێ "پیشەی بروکراتییانە بەپێی پێناسەی راستی خۆی، تەنیا بەواتای هەڵکشان لە پلەیەکەوە بۆ پلەیەکی تر لە یەک پەیژەی پۆستەکان دا نییە. ئەو پیشەیە بریتیە لەوە و لەویش گرینگتر بە واتای وەدەست هێنانی تایبەتمەندی حەستەم و یەک لایەنەیە بۆ هەر پۆستێکی ئۆفیسی. ئەم تایبەتمەندییانە زۆرتر بریتین لە فێرکارییە فەرمییەکانی دیاریکراو و هەروەها تاقیکارییە بۆ هەڵسەنگاندن ".

٤٠. لە لێکۆڵینەوەیەکی ئەمریکای لەمەڕ بڕۆکراسی یەکێتی سۆڤیەتدا، واتە :

John A. Armstrong, The Soviet Bureaucratic Elite: A Case Study of the Ukrainian Apparatus.

تیۆرییەکی زۆر وێکچوو لەمەڕ دەسەڵاتداری بڕۆکراسییەتێک خستراوەتە ڕوو. لە راستیدا نووسەری نێوبراو وا دەردەخا [لە سۆڤیەت دا] جەختێکی زۆر دەکرایە سەر فێرکارییە فەرمیەکانی فەرمانبەرانی حیزبی لە قوتابخانە تایبەتەکانی حیزبدا. بەڵام دەری ناخات هەڵکشان بەرەو سەرووترین پێگەکانی دەسەڵات، پێوەندی بە سەرکەوتن لەو سیستەمە پەروەردەییەوە هەیە، واتە پێوەندی بە چۆنایەتێکی رواڵەتێوە هەیە نەک بە سەرکەوتن لە رێبەرایەتی سیاسی بە کردەوە کە بریتییە لە سازدانی " پێوەندییە راستەکان ".

41. Stanislaw Ossowski, Class structure in the Social Consciousness, P. 184.
42. H. Luthy, The state of France, P. 17.
43. Inspecteurs des Finances.
44. Conseil d'Etat.
45. Ecole polyethnique.
46. André' Siegfried, De la III'eme a' IIVe'me Republique, P. 246.
47. R. K. Kelsall, Higher Civil Servants in Britain.
48. T. Bottomore, " La mobilité' dans la haute administration francaise. ".



49. grand corps de I'Etat.
50. Emile Boutmy.

٥١.   نامەی ٢٥ فێورییەی ساڵی ١٨٧١ .

52. école Nationale d' Administration

٥٣. بڕوانە :

R. Bendix, Higher civil servants in American society.

دامەزران لە ئەمریکاشدا هەروەک بریتانیا و فەرانسایە، لەبەرئەوە بەشێکی زۆر کەم لە کاربەرێوەبەرانی پایەبەرزی دەوڵەتی سەربەبنەماڵەکانی چینی کرێکارانن، بەڵام پێکهاتەی کۆمەڵایەتی [گرووپی نێوبراو لە ئەمریکا] دا بە گشتی جیاوازە و چینی مام ناوەندی و بەشی خوارووی چینی مام ناوەندی، زەقتر خۆ دەنوێنن. سەرەڕای ئەوەش، کاربەرێوەبەرانی فەرمی پایەبەرزی ئەمریکایی، خاوەن ڕابردوویەکی خوێندنی جۆراوجۆرترن و پیشەکانی پێشوشیان هەربەهەمان شێوە جۆراوجۆر بوون .

54. Mills, The Power Elite, PP. 239 – 241.
55. Carl J. Friedrich, The New Image of the common Mam, PP. 257_8.
56. Sub – élite

# بەشی پێنجەم

## نەریت و مۆدێرنیزم: ئێلیتەکان لە وڵاتانی پەرەستێن دا

لە شەڕی دووهەمی جیهانی بەولاوە، بیرۆکەی ئێلیتەکان زۆرتر لەو نووسراوانەدا کەڵکی لێ وەرگیراوە کە تایبەتن بەباس لەمەڕ کێشە و دوورەدیمەنەکانی" وڵاتانی پەرەستێن"دا. ئەوەش جێگەی سەرسورمان نییە لەبەر ئەوە هەروەک پێشتر دیتمان لەنیوان ئاڵوگۆری ستروکتووری کۆمەڵایەتی و سەرهەڵدان و هەرەس هێنانی گرووپی ئێلیتەکاندا، پێوەندارێتیەکی قووڵ هەیە. گۆرانکارییە ئابووری و سیاسییەکان و...سەرەتا دەبنە هۆی پێکهێنانی ئاڵوگۆر لە پرێستێژ و دەسەڵاتی گرووپە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا و پاشان ئاڵوگۆر لەو گرووپانە دا پێک دێنن کە خەریکی زیادکردنی دەسەڵاتی خۆیانن و دەیانهەوێ کۆنترۆڵی ئاڵوگۆرەکان و چۆنییەتی بەرەوپێش بردنیان بە دەستەوەبگرن. لەهەمان کاتدا لەرواڵەتدا پێویستی بە رێبەران و ئێلیتەکانی کاریزماتیک زۆرتر لەو کۆمەڵگایانەدا هەست پێدەکرێ کەوا لەواندا گۆڕانکاری ئاڵۆز و دژوار خەریکە دێنەئاراوە و شێوەکانی باوی ژیان خەریکن هەڵدەوەشێنەوە. هەر بەو هۆیەوە وڵاتانی پەرەستێن هەلێکی باش دەرەخسێنن تا لێکۆڵینەوەیەکی وردمان هەبێ لەسەر هێزە کۆمەڵایەتییەکانی کە بەرهەمی گرووپە ئێلیتە نوێیەکانن و هەروەها ئەو چالاکییەکانی کە ئەم ئێلیتانە بۆ گۆڕینی کۆمەڵگاکانیان بۆ وڵاتانیکی نوێ و بە ئابوورێکی پێشکەوتووەوە ئەنجامی دەدەن.



هەڵبەت هەرکام لەم وڵاتانە تایبەتمەندیی و کێشەگەلی تایبەت بەخۆیان هەیە کەوا لە مێژوو و باروودۆخی جوگرافیایی یا پێوەندیی تایبەتی دەگەڵ وڵاتانی تردا سەرچاوەدەگرن و لەوانەیە کارتێکەری کەمتر یان زۆرتریان لەسەر پەرەسەندنی ئەو وڵاتەدا هەبێ. بەڵام هێندێک تایبەتمەندیی گرینگیش هەن کە یان لەناو هەموو وڵاتانی پەرەستێن دا هاوبەشن یان ئەوە کە دەکرێ لەجۆرێکی تایبەت لە وڵاتان دا پەیسەری بکرێن. بێتوو جارێ هۆکاری بەربڵاوی و سەرچاوە نەتەوەییەکان وەلانێین، دەتوانین چوار گرووپی سەرەکی لە وڵاتانی پەرەنەسەندو دیاری بکەین کە لەنێوان وڵاتانی هەر گرووپێکدا لەبواری ستروکتووری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا وێکچوویەکی گرنگ بەدی دەکرێ: ١- وڵاتانی ئەفریقا، ٢- وڵاتانی عەرەبی رۆژهەڵاتی ناوەراست و باکووری ئەفریقا، ٣- وڵاتانی ئاسیا، و ٤- وڵاتانی ئەمریکای لاتین. وڵاتانی گرووپی یەکەم لەرەوتی خەبات و چالاکی دژی کۆلۆنیالیزمەوە بەدی هاتوون. کەوا کارتێکەریکی زۆری لەسەر رژیمەکانی ئەو وڵاتانەدا هەبووە. ئەو وڵاتانە سەرەرای کێشەگەلی پەرەسەندنی ئابووری ناچارن بەربەرەکانی ئەو مەسەلانەش بکەن کەوا پێوەندیان هەیە بە پتەوی کۆمەڵێکی نەتەوەیی کە لەناو جەرگەی گرووپگەلێکی تیرەییەوە سەری هەڵداوە و، بوونیان تارادەیەکی زۆر بەرهەمی دابەشکردنی دڵخوازانەی ئەفریقا لەنیوان دەسەڵاتە کۆلۆنیالیستیەکانە. لەناو وڵاتانی گرووپی دووهەمدا، هێندێکیان لەرێگەی خەباتی راستەوخۆ لەدژی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستیەکاندا سەربەخۆییان وەدەست هێناوە بەڵام زۆربەی تریان کە لەزووەوە سەربەخۆیی سیاسیان هەبووە زۆرتر، دەبوایە لەهەمبەر کۆنترۆڵی ناراستەوخۆی سەرچاوە ئابووریەکانیان لەلایەن دەسەڵاتە دەرەکیەکانەوە خۆراگریان کردبا. کێشەی سیاسی ئەو وڵاتانە زۆرتر لەناوبردنی سیستەمە دەسەڵاتدارییەکانی فیئۆدالی و سەرەرۆییە کەوا پێوەندیان هەیە بەسیستەمی چینایەتی یەکجار زۆر چەقبەستوو و نابەرامبەرەوە. تایبەتمەندیی بەرچاوی گرووپی سێهەم واتە گرووپی وڵاتانی ئاسیایی ئەوەیە کە زۆربەیان وڵاتانی خاوەن ژیارێکی کەوناران و بنیاتە کۆمەڵایەتییە نەریتییەکانیان ئێستاش لەناویاندا هەروا بە بەهێزی ماوەتەوە. هەروەها زۆربەیان وڵاتانێکن تازە لەدەست دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستی رزگار بوون هەرچەندە وەک وڵاتانی ئەفریقایی رووبەرووی کێشەگەکی

سەرەکی پێوەندیدار بەیەکدەست کردنەوەی گرووپە تیرەییەکان لە چوارچێوەی کۆمەڵگایەکی نەتەوەییدا نین. بەڵام دیسانیش رووبەرووی هێندێ کێشەی وەک یەکپارچەکردنی نەتەوەیی دەبنەوە. هۆکاریش ئەوەیە ئەو وڵاتانە یان بە کاست و ناوچەی زمانی دابەش کراون (وەک هیند) یان بە گرووپی جیاوازی رەگەزی و زمانی دابەش کراون (وەک تامیلەکان و سینهالیەکان لە سریلانکا، یان مالاییەکان و چینەکان لە مالزییدا). چوارەمین گرووپ، واتە گرووپی وڵاتانی ئەمریکای لاتین لە زۆر لایەنەی گرنگەوە دەگەڵ ئەوانی تردا جیاوازیان هەیە. هەرچەندە ئەو وڵاتانە لەو چەند دەیەی دواییدا دەستیان داوەتە سەنعەتی بوونێکی بەربڵاو و هەمەلایەنە بەڵام زۆربەیان لەبواری ئابوورییەوە پێشکەوتووترن و، پێشتریش زۆربەیان کۆمەڵگای شاری بوون نەک لادێیی، و سەردەمانێکی دووروردرێژیش خاوەن سەربەخۆیی سیاسی بوون. هەر لە سەر ئەو بنەمایە کێشەکانیان تا رادەی ئەو وڵاتانەی پێشووتر باسمان لێوەکردن لەسەر تەوەری دابین کردنی یەکپارچەیی نەتەوەیی ناخولێتەوە، هەڵبەت لە هێندێک لەو وڵاتانە وەک پێرۆ حەشامەتێکی زۆری سووریپێست ئێستاش پلەی هاووڵاتی تەواویان وەدەست نەهێناوە. هەرچەندە چالاکییە سیاسییەکانی ئەو دوایانەیان زۆرتر بەربەرەکانی دەگەڵ دزەی ئابووری ئەمریکای باکوور لەو مەڵبەندەدا بووە بەڵام ئەو بەرەبەرەکانییە راستەوخۆ لە ناسیۆنالیزمەوە سەرچاوەی نەگرتووە. سەرچاوەی کێشە سەرەکییەکانی ئەو وڵاتانە پیشەسازی بوونە، واتە زیادبوونی خێرای حەشیمەت و سەرهەڵدانی بزووتنەوەی کرێکاری لەناو سیستەمێکی سیاسیدا کە بۆ ماوەیەکی زۆر لەژێر دەسەڵاتی گەورە زەویداراندا بووە و زۆربەی کاتیش لەژێر دەسەڵاتی رژیمە دیکتاتۆرە نیزامییەکاندا بوون.

کێشە گشتیەکانی وڵاتانی پەرەستێن زۆرتر دەگەرێتەوە سەر سەنعەتی بوونی خێرای ئەو وڵاتانە؛ واتە ئەو سەنعەتی بوونەی کە ئەو وڵاتانە هەڵوەدای بوون و بە پلەی جۆراوجۆریش وەچەنگیان هێناوە؛ سەنعەتی بوونێ کە تارادەیەکی بەرچاو بە چاولێکەری لە نموونەی وڵاتانی پیشەییدا دەستی پێکردووە. هەروەها [کێشە گشتییەکان] کێشەگەلی دەرئەنجامێکن کە دەگەرێنەوە سەر گەشەی خێرای حەشیمەت بەهۆی باشتربوونی چاودێرە پزشکییەکان و خزمەتگوزارییەکانی تر و



هەروەها بەهۆی ئەو دەستە لە هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان کەوا پەرەسەندنی ئابووری دەبێ لە بەستێنی ئەواندا بێتە ئاراوە. سەنعەتی بوونی وڵاتە رۆژئاواییەکان لە زۆربەی کاتدا لە بوارەکانی ریکخستنی ئابووری، یەکگرتوویی و سەقامگیری سیاسی و، هەروەها ئامادەبوونی خەڵک لەباری سایکۆلۆژییەوە بەهۆی هەرەس هێنانی بنیاتە نەریتییەکان، لە هەلومەرجێکی زۆر لەبارترەوە دەستی پێکرد و لە [ئاکامی] رەوتێکی دووروردرێژتر و هێورترەوە بەدیهات. وڵاتە پەرەنەسەندووەکانی ئێستا دەبێ، هەم بەربەرەکانی ئەو کێشە ئابوورییانە بکەن کەوا دەرئەنجامی دەست بەسەرداگرتنی وڵاتە پیشەییە پێشکەوتووەکانن بەسەر بەرهەمهینان، تیجارەت و سەرمایەگوزاری جیهانیدا و هەمیش دەگەڵ ناسەقامگیری سیاسی و داواکارییە گشتییەکان بۆ چوونەسەری خێرای ئاستی داهات و خزمەتگوزاری، و جاروبارێش دەگەڵ ئەو دژایەتییە بەهێزەی ئەو هێزانەی هەڵقولاوی شێوە نەریتییەکانی ژیانن.

لە وەها هەلومەرجێکدا، گرنگی ئەو ئێلیت و رێبەرانەی توانای ئەوەیان هەبێ دنەی هەنگاوی بەکەڵک بدەن و رووداوەکان کۆنترۆڵ بکەن و بەرەوپێشیان بەرن زۆر زیاد دەکات. بێ ئەزموونی کۆمەڵانی خەڵک سەبارەت بە رێکخستنی سیاسی و کۆمەڵایەتیش هۆکارێکی ترە بۆ گرنگی زیاتری ئەو دەستەیە، چونکە لە زۆربەی کاتەکاندا، دەسەڵاتدارانی سەرەرۆی خۆجێیی یان دەرەکی لەزۆربەی کاتدا کۆمەڵانی خەڵکیان بە گوێ لە مستی و بێکردەوەیەوە هێشتۆتەوە. لێرەدا [جێگەیەتی بپرسین] کامانەن ئەو گرووپە ئێلیتە نوێیانەی بۆ دەسپێک یان بەدواداچوونی پەرەسەندنی ئابووری و بنیات نانەوەی کۆمەڵگا سەرهەڵدەدەن؟ و پێوەندییان دەگەڵ چینە کۆمەڵایەتییەکاندا چییە و رێبەرایەتی ئەوان تا چ رادەیەک بەکەڵکە؟ لە لێکۆڵینەوەیەکی کۆندا سەبارەت بە کۆمەلگا پیشەسازی و پیشەسازبوونی وڵاتانەوە، هێندێک لە گرووپە ئێلیتە گرنگەکان دیاریکراون. لەو لێکۆڵینەوەیەدا هاتووە کەوا "پێنج جۆری ئیدەئالی ئێلیت هەن کە زۆرتر و بەشێوازی جیاوازەوە رێبەرایەتی رەوتی پیشەسازی بوون دەکەن... A/ گرووپی ئێلیتی بنەماڵەیی، B/ چینی مامناوەندی، C/ رووناکبیرانی شۆرشگێر، D/ دەسەڵاتدارانی داگیرکەر، E/ رێبەرە ناسیۆنالیستەکان"[١]. دوو لەو گرووپە ئێلیتانە لەم سەردەمانەی دوواییدا تارادەیەک

گرنگایەتیان نەبووە هەربۆیە دەتوانین زۆر بەکورتی باس لە کارتێکەریان بکەین. لەزۆربەی وڵاتانی ئاسیایی و ئەفریقاییدا، دەسەڵاتدارانی کۆلۆنیالیست لە ڕێگەی سازدانی دەزگایەکی بەڕێوەبەری و دەسەڵاتی دادپەروەریی کاریگەر (قوة قضائیة مؤثر) ەوە، و هەروەها هێنانەئارای فێرکردن و بارهێنانی نوێ، و دنەدانی بانکداری و تیجارەتی نوێ، و هەروەها سازدانی هێندێک پیشەسازی نوێ، هێندێک هەلومەرجی لەباریان بۆ گەشەی پیشەسازی بەدی هێناوە[٢]. بەڵام ئەو دەسکەوتانە لەبەر چەندین هۆکار ناتوانن راستەوخۆ ببنە هۆی پیشەسازی بوونی خێرا: بێجگە لە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستی و کارتێکەرییە زۆرتر بەرگێڕەوەی حکوومەتی دەرەکی، ئەو راستییە کەوا لەهەر شوێنێک تیجارەت و پیشەسازی گەورە بەدیهاتووە زۆرتر لەدەستی هاووڵاتیانی دەسەڵاتە کۆلۆنیالیستیەکاندا بووە، لەمپەرێکی جیددیە کە ڕێگەی پەرەسەندنی خێرای سەنعەتی بەستوە.

ڕۆڵی گرووپی ئێلیتەکانی بنەماڵەیش- چ لە بنەماڵەی ئەریستۆکراسییەکی زەویدارەوە بن یان لە بنەماڵەی ئەریستۆکراسییەکی خاوەن پیشەی تیجاری- سنووردارە. لە هێندێک لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست و ئەمریکای لاتین دا ئەو جۆرە گرووپە ئێلیتانە هیندێ تێکۆشانیان بۆ بەدیهێنانی ئاڵوگۆری کۆمەڵایەتی و ئابووری لەسەرەوەدا ئەنجام داوە کە جاروبار لەژێر گوشارە دەرەکی و ناوەکییەکانیشدا بوون. بەڵام لەوەرا کە خۆیان وەک چینێک لە پاراستنی دۆخی هەنووکەیی کۆمەڵگادا بەرژەوەندیان هەیە هەنگاوەکانیشیان سنوورداربووە. ئەو گرووپە ئێلیتانە بۆ ئەوەی سیاسەتەکانی خۆیان بەسەرکەوتوویی بگەیەننە ئەنجام پێویستە ڕێگەیەکی زۆرتر بۆ دینامیزمی کۆمەڵایەتی ئاوالاکەن و تەنانەت پەرەشی پێبدەن، هەروەها بەخێرایی پەرە بە فێرکردن و بارهێنانیش بدەن و، دەست وێراگەیشتنی تاک و گرووپەکانی سەر بە توێژەکانی خوارووی کۆمەڵگا بە پێگەکانی ئێلیتی تایبەتی خۆیان هاسان بکەنەوە. بەڵام جێگەی شکە ئەوان بتوانن ئەو کارە لە وەها ئەندازەیەک یان وا بەخێرایی بکەن کە توانایی وڵامدانەوە بە ویستە خێراکان لە بواری گەشەی ئابووری و بردنەسەری ئاستی ژیانیاندا هەبێ، یان توانای بەربەرەکانیان دەگەڵ دژەی ئەو گرووپە ئێلیتە نوێیانەوە هەبێ کەوا لەناخی



جوڵانەوەی کرێکارییەوە سەرهەڵدەدەن و لەسەر راکێشانی پشتیوانی خەڵک لە گەڵیان دەکەونە کێبەرکێوە.

لە زۆربەی وڵاتانی پەرەنەسەندوودا سێ گرووپی ئێلیتی تر کەوا پێشتر باسمان لێوەکردن ڕۆلی گرنگتریان هەیە. بەگشتی چینی مامناوەندی، نەتەنیا لەڕێگەی کارتێکەری لێهاتووییە تایبەتییەکانییەوە، بەڵکو لەڕێگەی پێبەند بوونیان بە شێوە نوێیەکانی ژیانەوە، کارتێکەریان دەبێ لەسەر پەرەسەندنی ئابووری. لەناو هەر کام لە جۆرەکانی کۆمەڵگاکانی پەرەستێن دا، گرووپگەلی جۆراوجۆر لەناو چینی مامناوەندیدا دەست رۆیشتوویییەکی کەم تا زۆر باڵادەستیان هەیە. لە زۆربەی وڵاتانی ئاسیایی و ئەفریقاییدا کە پێشتر کۆلۆنی بوون، چینی مامناوەندی زۆرتر دەرەنجامی ئەو سیستەمە راهێنان و بەڕێوبەرایەتییە پێکهێنراوە بوون کە بە دەستی دەسەڵاتە کۆلۆنیالیستەکان بەدی هاتبوون. ئەو بابەتە بەشێوەیەکی ئاشکراتر لەمەڕ هیندا بەدیدەکرێ. میسرا مێژوونووسی هیندی، لە شرۆڤە بەڵگە دارەکەیدا لەمەڕ گەشەی چینە مامناوەندییەکان لەو وڵاتەدا، دەڵێ "جەستەی چینە مامناوەندییەکانی هیند زۆرتر خویندەواران واتە فەرمانبەرانی دەوڵەت، فەرمانبەرانی مووچەخۆری تر و، پسپۆرانی پزشکی و، هەروەها پسپۆرانی یاسا و زانستە ئایینیەکان پێک دێ."[٣] هۆیەکی گرنگ بۆ لەسەرتری خوێندەواران لە کۆی چینە مامناوەندییەکاندا، نەبوونی هەل و دەرفەتی پێویست بۆ فۆڕم گرتنی چینی تیجاری خوجێی بووە. هۆی فۆڕم نەگرتنی چینی تیجاری خۆجێیش لەخوارەوە بوونی ڕێژەی گەشەی ئابووری و ئەو پێگە شازە بوو کە هاووڵاتیانی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیست لە بەشی بچووکی پیشە و تیجارەتی نوێی ئەو وڵاتانەدا هەیان بووە. سەربەخۆیی سیاسی لەسەرەتادا- یان تەنانەت لەمەڕ ئەو تاقمە لەو وڵاتانەی ڕێگەی گەشەی سوسیالیستیان گرتەبەر تا دواتر- ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆیان لەو دۆخەدا پێک نەهێنا لەبەر ئەوە گەشەی ئابووری پلان بۆ دارێژراو و چڕبوونەوەی هەوڵەکان لەسەر چالاکییەکانی دەوڵەتی نەک کەرتی تایبەتی، دەرفەتێکی تارادیەک کەمی هێشتەوە بۆ گەشەی گرووپێکی کارخوڵقێنەر کە خاوەن دەست رۆیشتویەکی زۆرە. لەلایەکی ترەوە، لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین و رۆژهەڵاتی ناوەراستدا کارخوڵقێنەران زۆر لەوانە زووتر هاتبوونە ئاراوە و بەشێکی

گرنگیشیان لە چینی مامناوەندی پێک هێناوە. لەرۆژهەڵاتی ناوەراستدا، پەرەسەندنی پیشەسازی نەوت، سامانێکی تایبەتی یەکجار زۆری لێکەوتۆتەوە- هەڵبەت بەشی زۆری لەدەست ئێلیتە بنەماڵەییەکاندا کەڵەکە بۆتەوە- و بۆتە هۆی پیشەسازیبوون و نوێبوونەوەی بەربڵاو لەو وڵاتانەدا. بەڵام لە ئەمریکای لاتیندا، هەرچەندە سامانی تایبەتی رووەو زیادبوون بووە بەڵام ئێلیتە باڵادەستەکان، سەرکەوتوویەکی ئاشکرایان لە برەوەپێدانی گەشەی بەردەوامی ئابووریدا وەدەست نەهێناوە و هەروەها، لەساڵی ١٩٥٨ ەوە زنجیرەیەک لە قەیرانە ئابوورییەکان وێرای ئەو کێشانەی لەئاکامی قەرز وەرگرتنەکانی دەرەکییدا رووەو زیادبوونن سەریان هەڵداوە. ئەو دۆخە، وێرای هاوپێوەندیی تاجرەکانی ئەمریکای لاتین دەگەڵ کۆمپانیاکانی ئەمریکای باکووردا کە پشکێکی زۆریان لە کەرەسەی خاو و پیشەکانی تری ئەو وڵاتانەدا هەیە و بە بێبەزەییەکی یەکجار زۆرەوە کەوتوونەتە چەوسانەوەی سەرچاوە سرووشتییەکان و ئاودیوکردنی داهاتەکان و ئەمەش بۆتە هۆی بێ باوەری خەڵک بە ئێلیتە کارخوڵقێنەرەکانی خۆجێیی.

شۆرشی کوبا و پاش ئەویش، هاتنەسەرکاری حکوومەتی یەکبوونی خەڵکی لە شیلیدا و حکوومەتی ساندینیستەکان لە نیکاراگوادا ئاگری دژایەتی دەگەڵ ئەو ئێلیتانە و هەروەها چالاکی گرووپە تیجارییەکانی ئامریکای باکووری خۆشترکرد. لەدەیەی ١٩٦٠دا ئێلیتە نوێیەکان کە لە ناخی چینی کرێکار و وەرزێردا سەریان هەڵدابوو بەخێرای لەسەرانسەری ئەمریکای لاتین دا گەشەی سەند بەڵام پاشان جووڵانەوەگەلێکی بەهێز لەدژی شۆرش بەئامادەبوونی رێبەرانی نیزامی و هەروەها بەلایەنگرییە جۆراوجۆرەکانی وڵاتەیەککگرتووەکان پێیان گرت و، لەدرێژەی دەیەی ١٩٨٠دا پێشکەوتنی بزووتنەوەی دێموکراتیک وسوسیالیستەکان لانیکەم بۆ ماوەیەک راگیرا.

لە زۆربەی وڵاتانی پەرەستێن دا، یەکێک لە گرنگترین گرووپەکانی ناو چینی مامناوەندی "یەخەسپی"، ئەو گرووپە لە کاربەرێوەبەرانی پایەبەرزی حکوومەت بوونە کە بەتایبەت لەو وڵاتانەی دەستیان داوەتە پلان دارێژی بەربڵاوی ئابووری و کۆمەڵایەتی، بەرپرسایەتی ناوازەیان وەئەستۆ گرتووە و دەسەڵاتێکی بەرچاویشیان وەدەست هێناوە. لەرواڵەتدا ئەو رۆڵەی کاربەرێوەبەرانی حکوومەتی لە پەرەسەندنی



ئابووری وڵاتە نوێیەکاندا لە سەدەی بیستەم هەیان بووە لە زۆر لایەنەوە لە رۆڵی کارخوڵقێنەرانی کاپیتالیسی پێش ئەوان کە لە پەرەسەندنی ئابووری کۆمەڵگا رۆژئاواییەکانی سەدەکانی هەژدە و نۆزدەدا هەیانبووە دەچێ. بەڵام ئەو کاربەرێوەبەرانە دەگەڵ هەموو گرنگییەکی هەیانە دەسەڵاتیان زۆر سنووردارە. کارخوڵقێنەرانی کاپیتالیست چینێکی سەربەخۆبوون کە دزەیان کردبووە ناو دەزگای دەسەڵات و کاروباری بەرێوەبەرایەتیدا، لە کاتێکدا کاربەرێوەبەرانی فەرمی، رێرەو و ژێردەستی رێبەرانی سیاسین و تەنیا لە چوارچێوەی ئامانج و ویستەکانی ئێلیتە دەسەڵاتدارەکان و چینێکی کە ئەو ئێلیتانەی لەسەر پێ راگرتووە دەست ئاوەڵەن. هەروەها لە وڵاتانی پەرەستێن دا بەڵگەگەلێکی زۆرتر لە کۆمەڵگا پێشکەوتووە پیشەسازییەکان دەست ناکەوێ کە باس لە هاتنەدی شۆرشێکی بەرێوەبەرایەتی یان برۆکراتیانە بکات.

ئەو گرووپەی لە دیاریکردنی رەوتی پەرەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا قسەی ئاخری کردوە، گرووپی ئێلیتی سیاسییە. بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی گرووپی ئێلیت لەزۆربەی کاتدا دەبێ لە یەکێک لە دوو گرووپی رێبەرانی ناسیونالیست و "رووناکبیرانی شۆرشگێر"[٤] دا بگەرێین- هەڵبەت باشتر وایە "رووناکبیرانی شۆرشگێر" بە رێبەری حیزبەکان و بزووتنەوە شۆرشگێرییەکان، رادیکاڵ یان کرێکاری ناودێرکەین-. ئەو دوو گرووپە لە هێندێک کاتدا یان یەکیان گرتووە یان تێکەڵ بوونەتەوە. بەڵام لەزۆربەی وڵاتانی ئاسیایی و ئەفریقاییدا، رووناکبیران رۆڵێکی بەرچاویان لە خەبات و تێکۆشان لەدژی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستی دا هەبووە. خوێندکاران زۆرتر یەکەی هەڵمەتبەری جووڵانەوە سەربەخۆ خوازییەکانیان پێک دێنا ئەو تاقمەش کە لە دەرەوەی وڵات خەریکی خوێندن بوون یان رێکخراوی نیشتمانپەروەری نوێیان پێک دێنا و یانیش یارمەتی پێکهاتنی ئەو رێکخراوانەیان دەدا. لێکۆڵینەوەیەک لەمەر گرووپی ئێلیتی نوێی ئەندونیزیا کە زۆرتر دەپرژێتەسەر قۆناغە سەرەتاییەکانی بزووتنەوەی سەربەخویی ئەو وڵاتە، ئاماژە دەکاتە سەر بڵاوبوونەوەی هزرە رادیکاڵەکان لەناو خوێندکاران ودزەی بەهێزی ئەو رووناکبیرانەی خاوەن زەینی سیاسی بوون و هەروەها پێشاندەدات کەوا زۆرینەی بەشداربووانی چالاکی بزووتنەوەی دژی کۆلۆنیالیزم

لەخوێندەوارانی ئیندۆنیزی پێک دەهاتن.[5] لە نیجیرییەشدا لە رەوتی گەشەی بزووتنەوەی سەربەخۆییدا، گرووپێکی ئێلیتی نوێ پێکهاتوو لە "ئەو کەسانەی لە رۆژئاوا خوێندویانە و کەسانی زۆرتر خۆرسک (خودساختە)"، جێی گرووپی ئێلیتی پێشوو پیکهاتوو لە بنەماڵە دەسەڵاتدارە کۆنەکانی گرتەوە؛ هەڵبەت لەزۆربەی کاتدا، گرووپی ئێلیتی نوێ کەم تا زۆر هەرهەمان گرووپی ئێلیتی کۆن بوون، لەبەرئەوەی بنەماڵەی ئێلیتە کۆنەکان هەل و دەرفەتی باشیان هەبوو بۆ رەخسانی بواری خوێندنی منداڵەکانیان لەرۆژئاوادا.[6] "هاجکین"یش لە لیکۆڵینەوەیەکدا لەسەر حیزبە سیاسیەکانی ئەفریقادا وەبیردێنیتەوە کە ئێلیتە سیاسیە ناسیۆنالیستەکان تارادەیەکی زۆر لەناو "چینەکانی مامناوەندی نوێدا "بە تایبەت لەناو" چینی مام ناوەندی خوێندەوار "دا ئەندامیان وەردەگرت. لەپارلمانی غێنادا دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی١٩٥٤، ٢٩%ی ئەندامان مامۆستا، ١٧%یان فەرمانبەری ئۆفیسی، ژمێریار وهتد، ١٧%ی لە ئەندامانی پیشە فکرییەکان بوون، لە مەجلیسی یاسادانانی ئەو هەشت قەڵەمڕەوەی کە پێشتر بەشێک لە ئەفریقای خۆراوای فەرانسە بوون، پاش هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٥٧، سەدی بیست و دووی ئەندامەکانی مامۆستا، سەدی بیست و حەوتیان لە بەرپرسانی حکوومەت و، سەدی بیستیشیان ئەندامی پیشە فیکرییەکان بوون.[7]

بەڵام رێبەرانی ناسیۆنالیست هەردەم رووناکبیر یان شۆرشگێر نەبوون. بۆوێنە، لەهینددا، رێبەرانی ناسیۆنالیست سەر بە هیچ یەک لەو دوو گروپە نەبوون. راستە حیزبی نیشتمانی کۆنگرە تارادەیەکی زۆر بەدەستی رووناکبیرانی کاریگەری وەرگرتوو لە بیرۆکە رۆژئاواییەکانەوە پێکهات و لەسەرەتاکاندا بەتووندی لەژێر کارتێکەری ئەواندابوو، بەڵام ئەوان هەموویان رووناکبیری لیبراڵ بوون نەک شۆرشگێر، هەر بەو هۆیەش دزەیان زۆر بەردەوام نەبوو. دزە (نفوذ)ی ئەو رووناکبیرانە دواتر لەلایەن دزەی رێبەرانی سیاسی هەڵقوڵاوی ناو کۆمەڵە تیجارییەکان یان پیشەپرۆفیشناڵەکان و لەویش زیاتر، دزەی وانە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکانی گاندی کە لە بیرۆکە ئایینیە نەریتیەکانەوە سەرچاوەی دەگرت، پووچەڵ کرایەوە.



لەو کۆمەڵگایانەی کە رووناکبیرانی شۆرشگێر، هەوساری دەسەڵاتیان بەدەستەوەگرتووە ئەوە زیاتر بەهۆی قبووڵ کردنی مارکسیزم وەک باوەرێکی سیاسی و، لە رێگەی پێکهێنانی حیزبە کۆمۆنیستەکان یان رێکخراوەکانی هاوتای ئەوانەوە بووە کە پێوەندییەکی نزیکی لە نێوان ئەوان دەگەڵ کرێکارانی پیشەیی و بەتایبەت دەگەڵ وەرزێرانی هەژاردا پێکهێنابوو. گیرایی سەرەتایی وڵاتانی پەرەستێن بۆ مارکسیزم و کۆمۆنیزم بەباشی لەلایەن "ریمۆن ئارۆن"ەوە باسی لێ کراوە:

...لە هەر شوێنێک ئێلیتەکان لە بەرێوەبردنی ئەرکەکانیان لیهاتوو نین (چ بەهۆی پاراستنی سیستەمێکی کەم تا زۆر فیئۆدالی یان ئەوە کە لە تەیارکردنی بورژوازانەی وڵاتەکەی خۆیان دا لە ڕادەبەدەر بەهێوری جووڵاونەتەوە) کۆمۆنیزم دەتوانێ هێزێکی پێشکەوتوو بێ... لەسەردەمانی ئێمەدا ئەو گرووپە ئێلیتەی لە کەڵک وەرگرتن لەسەرچاوە تەکنیکییەکان بۆ بردنەسەری ئاستی ژیانی خەڵک و زیادکردنی داهاتی وڵات خەمسارد بێ لەراستیدا گروپێکی ئێلیتی مایەپووچ (ورشکستە)ە. ئەو حیزبەی کە نوێنەرایەتی ئەو وەرزێر و کرێکارانەی لەئەستۆیە کەوا بەهۆی کەم بوونی داهاتی کاریان ژیانیکی هەژارانە تێپەردەکەن، سرووشتیە دەسەڵات لە چنگ نیزامییەکان، بانکدارەکان، یان زەویدارە گەورەکان کە زۆرتر پێیان باشە کە سامانەکەیان خەرجی کرینی ماشێنە دێلۆکسەکان بکەن هەتا کرینی تەراکتۆر یان ئامرازگەلی تری کشت وکاڵی، دەردەهێنن.[8]

لەسەرەتای دوای شەری جیهانی دووهەمدا گیرایی کۆمۆنیزم لەرێگەی ئەو راستییەشەوە بەهێز بوو کە حیزبە کۆمۆنیستەکان لە چوارچێوەی مارکسیزمدا، (بە وتەی موسکا) "فۆرمۆڵێکی سیاسی"[9] لێهاتوویان بەدەستەوە بوو، واتە وانەیەکی وا کە ئەو ئامانجەی کە دەبوایە پەیدۆزی بکرایەن بەراشکاوی دەردەبرێ و بۆ گرووپی ئێلیتی دەسەڵاتدار و ئاکار و کردەوەکانیان پاساوێکی ئەخلاقی دەهێنایەوە. مارکسیزم وەک تیۆرییەکی پێشکەوتووخواز، روانینێکی نوێی بوو لەمەڕ جیهان کە

دووژمنایەتێکی تاسەری دەگەڵ باوەرە خوورافییە کۆنەکاندا هەبوو، بیروباوەڕێکی بەرامبەری خوازانە کە دەیتوانی لەهەموو شوێنێک و بەتایبەت لەو وڵاتانەی سامانێکی زۆر لەپەنا هەژاری دا خۆی حەشاردابوو، تاکەکان دنەبدات، و لە کۆتاییدا وەک تیۆرییەک لەمەڕ پیشەسازبوونی خێرا کە کۆمەڵانی خەڵک بۆ کار و تێکۆشان هان بدات و دەیتوانی گەشەی ئابووری یەکێتی سۆڤیەت هەتا ساڵی ١٩٣٩ و هەروەها سەردەمی بنیاتنانەوەی دوای شەری جیهانی دووهەم وەک بەڵگە و شایەدی پراکتیکی راستی خۆی بهێنێتەوە، دیاردەکەوت. لەو ڕوانگەیەوە دەکرا مارکسیزم وەک "رەوشتەکانی پرۆتستان"ی شۆرشە پیشەییەکانی سەدەی بیستەم لەبەرچاو بگرین. سەرەرای ئەوەش، هەروەک دیتمان رووناکبیران لە هەموو بوارەکاندا لە ژێر کاریگەری بیرۆکە شۆرشگێرییەکان بەتایبەت بیرۆکە شۆرشگێرییە مارکسیستەکاندا نین. پەرەسەندنی ئابووریش لە زۆربەی بوارەکاندا لەژێر رێبەرایەتی حیزبە کۆمۆنیستەکاندا پەیدۆزی نەکراوە. ئەو بەربەرەکانیانەی لەبەرامبەر مارکسیزمدا سەریان هەڵداوە بێ ژمارن و دەکرێ بڵێین هەم لەناوەوەی بیرۆکەی  مارکسیستی و هەم لە سیستەمە بیرۆکەییەکانیترەوە تێراو دەبێ. لەمەڕ مارکسیزمی سۆڤییەتدا وەک گەڵاڵەیەکی فکری، شک و گومان و رەخنەیەکی زۆر هاتوونە ئاراوە کە هێندێکیانمان لە بەشەکانی پێشوودا باس کرد، بەڵام خاڵێکی کە لەو باسەدا لە هەموویان زیاتر گرنگایەتی هەیە ئەوەیە کە بیرورای گشتی بە هێوری لە لایەنە بێزارکەرەکانی ئەو قوتابخانەیە وەک بیروباوەڕێکی پراکتیکی بەتەواوی تێگەیشت بوو. ئەزموونەکانی یەکێتی سۆڤییەت هەرچەند لەلایەکەوە پێشاندەری گەشەی بەپەلەی ئابووری لەژێر رێبەرایەتی حیزبی کۆمۆنیستدا (لانیکەم هەتا دەیەی ١٩٦٠) بوون بەڵام لەلایەکی ترەوە پێشاندەری ئەو راستییەن کەوا دەرئەنجامی ئەوشێوە دەسەڵاتە تاک حیزبییانە، دیکتاتۆری و لەدەست چوونی ئازادی تاکەکەسی، راوەدوونان و ئەشکەنجە، و مەینەتی بەربڵاوە. بەهۆی ئەو کێشانەوەیە کە زۆربەی رووناکبیرانی وڵاتانی پەرەئەستێن کەوتوونە شوێن بیروباوەڕێکی پێشکەوتووخوازی تازەوە کە لە سەردەمانی جیاوازدا هیوایان دەخواست لە سوسیالیزمی ئەفریقا یان ئاسیادا، یان لە وانە شۆرشگێرییەکانی کوبا، یان شوێنێکی تردا بیدۆزنەوە، بەڵام ئێستاش ناتوانین



فۆرمێکی روون و رازیکەریان لێ بەدەستەوە بدەین. تەنانەت ئەو لێڵاییە دوای رووخانی رژیمە کۆمۆنیستەکانی رۆژهەڵاتی ئوروپا زۆرتریش بووە.

کاتێک سەرنج بدەینە تەشەنە (نفوذ) دەرەکییەکان ئەوسا بۆمان دەردەکەوێ کەوا لەزۆربەی وڵاتانی پەرەئەستێن دا، هەم هزرڤانە ئایینیە نەریتییەکان و هەمیش ئەو کەسانەی هزرە کۆنسێرواتیڤەکان یان لیبراڵ خوازەکانی رۆژئاوایان قبووڵ کردوە دەگەڵ مارکسیزم دا دوژمنایەتییان هەبووە.

بۆ وێنە، لە هیندا هەرچەند حیزبی کۆمۆنیست _ کە ئێستا تووشی دووبەرەکی هاتوە– لەسەرەتادا یەکێک لە گرووپە سەرەکییەکانی دژبەری حیزبی دەسەڵاتداری کۆنگرە بوو بەڵام کاریگەریی فکری و سیاسی گشتی مارکسیزم بەسەر ئەودا، سنووردار بووە. تەنانەت هزرە سوسیالیستە ریفۆرم خوازانەترەکانیش کە لە سەرەتای ساڵەکانی سەربەخۆییدا لە ناو حیزبی کۆنگرەدا جێگەیەکی بەرزیان هەبوو لەرواڵەتدا تارادەیەکی زۆر سەرنج راکێشی خۆیان لەدەست داوە. لە ئەمریکای لاتیندا، مارکسیزم دزەیەکی بەهێزتری هەبووە و لەرێگەی لێکدانەوە و بڵاوکردنەوەی تیۆرییەکانی "پەرەسەندنی بەستراوە"[١٠]ییەوە، کارتێکەرێکی بەرچاوی هەبووە[١١] لەسەر ئەو بۆچوونانەی کە لەمەڕ پەرەسەندنەوە هاتوونە ئاراوە؛ بەڵام هێزی کارتێکەری سیاسی سوسیالیزم لە سەرچاوەگەلی زۆر جیاوازەوە دابین دەکرێ وەک "ئیلاهییاتی رزگاریدەر"[١٢] و هەروەها بزووتنەوەی لایەنگرانی ژینگە. و بەڵام هەروەک ئاسیا و ئەفریقا، تیۆرییە سوسیالیستەکان لە ئەمریکای لاتینیشدا رووبەرووی رکەبەرایەتی بەهێزی بیرۆکە، "رۆژئاواییەکانی" تر بوونە بەتایبەت بیرۆکەکانی لایەنگری ئابووری "بازاری ئازاد" کە لەدەیەی١٩٨٠ وە هاتوونە ئاراوە. دەسەڵات (قدرت)ی رێژەیی ئەو تێگەیشتنە لێکدژانە تارادەیەکی زۆر لەلایەن شێوازێکی تایبەت لە ئابووری جیهانییەوە لە هەر سەردەمێک دا دیاریدەکا و، ئەوەش هۆکارێکی دەرەکی بەرچاوە کە دواتر دێینەوە سەری.

رێبەرانی بزووتنەوە ناسیۆنالیستەکان بە ئاشکرا یەکێک لە گرنگترین گرووپە ئێلیتەکانی وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقا بوون. ماتۆری وەرێخەر (محرکة)ی پەرەسەندنی ئابووری ئەو وڵاتانە، سەرەتا لە خەبات بۆ وەدەستهێنانی سەربەخۆیی سیاسییەوە

وزەی دەگرت. لەوانەیە ئەو ڕێبەرانە لە دەرچوانی زانکۆکانی ڕۆژئاوا و بزووتنەوە خوێندکارییە رادیکاڵەکان، کۆمەڵگا تیجاری و پیشەییە خۆجێییەکان، یان لە گرووپە ئێلیتە نەریتییەکان بن. بەڵام هەموویان لەو بارەوە وەک یەکدەچن کەوا دەسەڵاتی خویان لە ڕێبەرایەتی حیزبێکی سیاسی لەسەربنەمای جۆرە هەستێکی ناسیۆنالیستانەوە وەردەگرن، دیارە ئەو حیزبە سیاسییە لەهەمان کاتدا دەربری ئەو هەستەشە. ئەو ناسیۆنالیزمە لە ئاکامی خەبات بۆ وەدەست هێنانی سەربەخۆیی لەدەست دەسەڵاتدارانی بێگانە و، هەروەها لە هەقیقەت و سرووشتی ئەو کێشانەوە سەرچاوە دەگرن کە پاش وەدەست هێنانی سەربەخۆیی بەرەورووی ئەو وڵاتانە دەبنەوە. ئەو کێشانە بەتایبەت بریتین لە پێویستی بەدی هێنان یان سەقامگیرکردنی نەتەوەیەک لەناخی ئەو گرووپە تایفەیی یان زمانیانەی پێوەندیان بەیەکەوە هەیە و لەهەمان کاتیشدا لێک جیان، و هەروەها پێویستی بە پلان داڕێژی پەرەسەندنی پیشەسازی وڵات لە ئاستی نەتەوەییدا [لەخۆدەگرن]. بەو پێیە جێی سەرسورمان نییە ئەگەر دەبینین لە زۆربەی وڵاتانی پەرەستێن دا، حیزبێکی تاقانە کە بزووتنەوەی سەربەخۆیی بەسەرکەوتوویەوە ڕێبەرایەتی کردووە و جێگەی خۆشی وەک گرووپی ئێلیتی دەسەڵاتدار لە دەسەڵاتدا خۆش کردووە و پاشانیش بۆ دەسەڵاتی خۆیان، لەڕێگەی ئەو چالاکییەی لەرابردوودا بوویانە و هەروەها لەسەربنەمای بەڵێنی بەدی هێنانی نەتەوەیەکی نوێ لەدوارۆژدا پاساو دەدا. مەبەست ئەوە نییە کە ناسیونالیزم تەنیا "فۆرمۆلێکی سیاسی"ە کە پشتیوانی گرووپە ئێلیتە دەسەڵاتدارەکانە؛ ڕاست هەر ئەو جۆرە لە هێندێ بواردا لەوانەیە بیرۆکە ناسیونالیستەکان جێگەی خۆیان لە ئیدئۆلۆژی شۆڕشدا بکەنەوە، بیرۆکەکانیتری پێوەندیدار بە دێموکراسی، سوسیالیزم، یان خۆش بژیوی لەوانەیە لە تیۆری گرووپی دەسەڵاتداردا جێگەیان بێتەوە. لە ئەفریقادا لە لایەک تیۆرییە سوسیالیستیەکان و لەلایەکی تریش بیرۆکەکانی یەکگرتنی ئەفریقا کە بەشێوەیەکی پراکتیکی لەچوارچێوەی گەلاڵەکانی فیدراڵیدا ڕەنگدانەوەیان هەبوو ئاوێتەی ناسیونالیزم ببوون. هەر بەو پێیە لە زۆربەی وڵاتانی ئاسیادا، ناسیۆنالیسم، خاوەن چوارچێوەیەکی سوسیالیستی تایبەت بوو و لە هێندێک وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و ئەمریکای لاتین دا گەشەی ناسیونالیزم هاوڕێی سوسیالیزم



بووە. ئەوەش لە ئاکامی دژایەتی سوسیالیزم لەگەڵ بەرژەوەندیی تیجاری بیانییەکانەوە بووە. بەڵام یەک لەو هۆکارانەی دەبێتە هۆی ئەوەی ناسیونالیزمی ڕەسەن لە چاوی دەسەڵاتدارانی سیاسی وڵاتانی پەرەستێنەوە وەک تیۆرییەکی لێڵ و ناڕوون بێتە بەرچاو ئەوەیە کەوا ئەو تیۆرییە بەتایبەت لەو کۆمەڵگایانەی کە ژیاری کەوناری خۆیان پاراستووە لەوانەیە دواکەوتوانە بێ و خەریکی زیندووکردنەوەی بنیاتە نەریتیەکان و هەروەها گرووپە ئێلیتە نەریتییەکان بێ. لەو وڵاتانەدا لەوانەیە لەرەوتی بزووتنەوەی سەربەخویی خوازییدا، وێڕای خەباتی سیاسی خەباتێکی فەرهەنگیش وەرێکەوێ کە لەودا وێڕای ڕێزلێنان لە شانازییەکان و سەرکەوتنە کەونارەکانی خۆیان و بەرز و پیرۆز ڕاگرتنیان بۆ پێڕەویکردن لەلایەن خەڵکەوە، زمان، بایەخەکان و بنیاتەکانی دەسەڵاتدارانی دەرەکیان توورِ هەڵدەدا. وێنەیەک لەو شێوە ڕووداوانە زیندووکردنەوەی هیندوئیسم لە هیندوستان دایە کە گاندی بۆ سازدانی بزووتنەوەی جەماوەری بۆ دژایەتی لەگەڵ دەسەڵاتی بریتانیا، کەڵکی لێوەرگرت و، بەهێزیشی کرد؛ بەڵام لەوڵاتانی عەرەبییدا، لە پاکستان، و تەنانەت لە هێندێک لە بەشەکانی ئەفریقاشدا، کە ئیسلام تەوەرەی لیک کۆبوونەوەی دژبەرانی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستی بووە، دەتوانین نموونەی تریش بدۆزینەوە.[١٣] لە هەر شوێنێک ناسیونالیزم بەم شێوەیە دەگەڵ بووژانەوەی بایەخە نەریتی و شێوە کۆنەکانی ژیان دا ئاوێتە بێ بەتایبەت بەهۆی ئەوە کە دەگەڵ عەقڵانی بوونی سەرجەم لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا دژایەتی دەکات لەوانەیە ببێتە لەمپەر لە ڕێگەی پەرەسەندنی ئابوورییدا. بەو پێیە هەرچەندە ڕێبەرانی سیاسی ناسیونالیست، لەلایەن هێزە گەورەکانەوە پشتیوانیان لێ دەکرێ بەڵام دەگەڵ زۆر کێشەو ناکۆکی جیدی لە ناوخوی ڕیزەکانیان و سەرجەم کۆمەڵگادا لەنیوان نەریتخوازان و نوێخوازان دا دەستەو یەخەن. کێشەیەکی گرنگتریش لە کاتێک دا دێتەئاراوە کە نەتەوەی نوێ گرووپگەلی جیاوازی تایفەیی یان ئیتنیکی __ یان تەنانەت نەتەوەکانیتر __ لەخۆبگرێ. لەو بوارانەدا لەوانەیە بەهۆی سەرهەڵدانی بزووتنەوە سەربەخۆیی خوازەکان لەناو ئەو دەوڵەتە نیشتیمانییەدا کێشمەکێشێکی توند سەرهەڵبدا. ئەو کێشەیە دەتوانرێ لە بەستێنێکی تردا لە ئورووپای ڕۆژهەڵاتدا دوای هەرەس هێنانی ڕژیمە کۆمۆنیستییەکاندا بەدیبکرێ.

له ئاکامدا، گرووپێکی کۆمەڵایەتی گرنگی تریش لەئارادایە کەوا لێرەدا ئاماژەمان پێ نەکردووە بەڵام لە هیندێ وڵاتدا دژەی ئەو گرووپە لە رووناکبیران یان رێبەرانی سیاسی زۆرترە. ئەو گرووپەش، ئەفسەرانی ئەرتەشن. شتێکی روونە لەو وڵاتانەی کە تازە سەربەخۆییان وەدەستهێناوە و پێکهاتە سیاسییەکانیان خەریکە فۆرم دەگرێ و دەسەڵاتی سیاسیش هێشتا سەقامگیر نەبووە، ئەو کەسانەی مافی رەهای کەڵک وەرگرتنی راستەوخۆ لە توندوتیژی فیزیکیان لەدەست دایە شانسی رۆڵ گێرانێکی گرنگیان بۆ بریاردان لە دوارۆژی وڵاتدا دەبێ. دەست تێوەردانی پراکتیکی ئەفسەرانی ئەرتەش لە کاروباری سیاسیدا، بە چەند هۆکارەوە بەستراوەتەوە: نەریتەکانی کە فێریان بوون، ئاخێزگە کۆمەڵایەتییەکانیان، ئاستی دژەی فکریان لەسەر ئەو هێزانەی لەبەردەستیان دان و لەلایەکی تریشەوە، دەسەڵاتی رێبەرانی سیاسی و سرووشتی پێوەندی ئەو رێبەرانە دەگەڵ فەرماندەرانی نیزامیدا.[١٤] هیندێ وێنەی گرنگ لە دەست تێوەردانی نیزامییەکان لەسیاسەتدا، پێشتر لەوڵاتانی ئەمریکای لاتیندا بەدی کراون. ئەو نموونانەش زۆربەیان دەگەڕێنەوە بۆ دوارۆژ: "کۆدیلوکانی ئەمریکای لاتین"[١٥] دەگەڵ تاقمە چەکدارەکانی خۆیان زۆرتر وەک بارۆنە فێئۆدالییەکان دەچن کە لەهەمبەر تێکشکانی دەسەڵاتی سیاسی سەقامگرتوودا، دژکردەوەیان لەخۆیان پێشاندەدا[١٦] بەڵام لەو دواییانەدا دەست تێوەردانی نیزامییەکان لە سیاسەتدا زۆرتر بۆ بەربەرەکانی کردنە دەگەڵ ئەو تاقمە لە بزووتنەوە دێموکراتیک و سوسیالیستیانەی کە پێگەی چینی سەروویان خستۆتە مەترسییەوە؛ هەرچەندە بزووتنەوەی دێموکراسی بەواتا گشتیەکەی خۆی لەهێندێ وڵاتدا بەهێزتر بووە بەڵام هێشتا بەتەواوی لەبەڵا و پەتا دوورنەکەوتۆتەوە. ئەوە لە کاتێکدایە کە وێدەچێ بزووتنەوەی سووسیالیستی هەردەم بەرەورووی مەترسی دەست تێوەردانی نیزامییەکان لە سیاسەتدا بێ. لەوڵاتانی تردا هۆکاری تریش هەن کەوا دەتوانن گرنگی ئەرتەش زۆرترکەن و دەبێ لەبەرچاو بگیرێن. "لوسیێن پای" دەگەڵ بەدیکردنی باڵادەستی ئەرتەش لانیکەم لە هەشت وڵاتی ئەفریقایی و ئاسیایی دا دەڵێ دەبێ رۆڵی سیاسی ئەرتەش لە وڵاتانی پەرەئەستێن بە سەرنجدان بە دوو خاڵ لێکدەینەوە:



"... سەرەتا بە سەرنجدان بە دەرئەنجامە سیاسییەکانی ئەرتەش وەک دامەزراوەیەکی نوێ کە تارادەیەک بەشێوەی دەستکرد هاتۆتە ناو ئەو کۆمەڵگا رێکنەخراوانەی لەکاتی تێپەرین دان و، دووهەم بە سرنجدان بە رۆڵێک کە وەها ئەرتەشێک دەتوانێ لە فۆرم دان بە تێگەیشتنی خەڵک سەبارەت بە مۆدێرنیزم لەبوارە کۆمەڵایەتییەکانی تردا بیبێ"[١٧].

هەروەها وەبیردێنێتەوە کەوا ئەرتەشەکان لە هیندێک لە وڵاتەکانی پەرەئەستێن دا لە ریزی نوێترین تۆخمەکاندان و لە "روحییەی ئاڵوگۆری خێرای تێکنۆلۆژیکەوە سەریان هەڵداوە. ئەرتەشەکان لەهەمان کاتدا لە باری مۆدێرنیزاسیۆنەوە کارتێکەرێکی گرنگیان لەسەر گشت کۆمەڵگادا هەیە، چونکە ئەندامانیان تەکنیکە نوێیەکان فێردەبن و هەر ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوە کە لەناو ئەو ئەندامانەدا بۆچوونی نوێ سەبارەت بە کار بەدیبێ.

لایەنێکی تری تایبەتمەندیی ئەرتەشە نوێیەکان کەوا هێندێک لە نووسەران کە سرنجیان داوەتێ ئەوەیە کە ئەو ئەرتەشانە لە قۆناغە سەرەتاییەکانی سەربەخۆییدا یەکێک لە کاریگەرترین رەهەندەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیان پێکدێنا یان ئێستاش هەروا پێکی دێنن. لەو کۆمەڵگایانەی کە هەلی خوێندنی باڵا تەنیا بۆ چینی سەروو رەخساوە و رێبەرانی سیاسیش زۆرتر سەربەو چینەبوون، ئەرتەش دەرفەتێکی لەباری دەرەخساند هەتا گرووپێکی ئێلیت کە ئەندامانی لە توێژەکانی مامناوەندی کۆمەڵگا بوون و جاروبارەش دەگەڵ جووتیاران و چینی کرێکاردا یەکیاندەگرت، پێک بێ. شۆرشەکانی میسر، سووریە و عێراق لەلایەن ئەو ئەفسەرە گەنجانەوە رێبەرایەتی کران کەوا زۆرتر لە چینی مامناوەندی و مامناوەندی خوارەوە سەریان هەڵدابوو. لە ئەمریکای لاتینیشدا دەست تێوەردانی نیزامییەکان لە سیاسەتدا لە دەیەکانی ١٩٣٠ و ١٩٤٠دا جاری وابووە بە شێوازی جیاوازتر خۆی نواندووە کە سەرهەڵدانی شۆرشە گەلییەکان بە رێبەرایەتی ئەفسەرە گەنجانەکان یەک لەو شێوازانە بوو[١٨]؛ هەڵبەت هەروەک گوتمان ئەو وێنەیە جارێکی تر لە سەردەمی دوای شەری دووهەمی جیهانی ئاڵوگۆرێکی زۆری تێدا بەدیهاتووە.

ئەو کورتە لێکۆڵینەوە لەمەڕ گرووپە ئێلیتەکان لە وڵاتانی پەرەستێندا_ رووناکبیران، رێبەرانی بزووتنەوە سیاسییەکان، چینێکی سەرووی جێگرتوو، ئەفسەرانی ئەرتەش، برۆکراتەکان، رێبەرانی تیجاری _ ئەو پرسیارە دێنێتە گۆرێ کە ئێلیتە تایبەتەکان چۆن چۆنی دەتوانن دەسەلات بەدەستەوەگرن و رۆڵی رێبەرایەتیش لەرەوتی پەرەسەندندا بگێرن، ئیزن بدەن سەرەتا هێندێک هۆکاری ناوخۆیی لەبەرچاوبگرین. لە هێندێ بوار لەوڵاتانی ئەمریکای لاتین و خۆرهەڵاتی ناوەراستدا، گرووپە ئێلیتە بنەماڵەییەکانی پیکهاتوو لە زەویدارەکان یان بنەماڵە پاشایەتییەکان و لەو دوایانەشدا، کارخوڵقێنەران، جێ پێی خۆیان پتەوکردووە و تەنانەت ئەگەر دەسەلاتەکەشیان نالیهاتوو بێ و راستەوخۆ ببێتە لەمپەر لەسەر رێگەی گەشەی ئابووریدا وەلانانیان کارێکی حەستەمە. لەوانەیە لە هیندێ وڵاتدا بەهۆی بوونی نەریتی دەسەڵاتی نیزامییەکان (وەک زۆربەی وڵاتانی ئەمریکای لاتین) یان بوونی نەریتێکی فەرهەنگی کە جەخت ناکاتە سەر جیاکردنەوەی ئەرکە سیاسی و نیزامییەکان (وەک وڵاتانی ئیسلامی) هەلومەرج بۆ دەست تێوەردانی نیزامییەکان رەخسابێ، لەلایەکی ترەوە لە هێندێ بواردا وەک ئەو وڵاتانەی کە لە سەردەمانی کۆلۆنیالیستیدا، دەسەڵاتدارە کۆلۆنیالیستیەکانیان پابەندی تیۆری بێ لایەنی نیزامییەکان بوون و [خوازیاری] رێرەوی کردنی نیزامییەکان لە کاربەدەستە نانیزامییەکان بوونە، لەوانەیە بوونی وەها بیرۆکەیەکی پتەو [لەو وڵاتانەدا] ببێتە لەمپەرێک لەبەرامبەر دەست تێوەردانی [نیزامییەکان لە کاروباری سیاسیدا.]

هۆکارە گرنگەکانیتر بریتین لە دەسەڵاتی بزووتنەوە نەتەوەییەکان یان بزووتنەوە کرێکارییەکان، و توانای رێبەرانیان بۆ مسۆگەرکردنی لایەنگری خەڵک لە سیاسەتەکانیانە. وەها لایەنگرییەک لە شوێنێکدا گرنگی بنەرەتی هەیە کە پەرەسەندن، وەک پرۆسەیەک بیچم دەگرێ کە لەچاو ئەوەی [ئەو پرۆسەیە] لە یەکەمین شۆرشی پیشەسازییدا هەیبووە بەجێ و رێتر و ئاگادارانەترە، و تارادەیەک لەرێگەی چاوەروانییەکانی کۆمەلانی خەڵکەوە هەنگاو دەنێ بۆ بەهەرەمەندبوون لە ئاستی سەرەوەی ژیان هاوشێوەی ئاستی ژیان لە وڵاتانی پیشەسازییدا، بەو مەرجەی سەپاندنی کۆنترۆڵی سەرەرۆیانە بە پاڵپشتی هێزی نیزامی خرابێتە پەراوێزەوە.



بەڵام ئەو هۆکارە ناوخۆیانەی لێمان کۆڵینەوە وەک_ لێهاتوویی ئێلیتە پیشە سازییەکان و کۆنترۆڵییان بەسەر سەرچاوەکاندا (بۆ وێنە هێزی نیزامی)، هەڵوێست گیرییە سیاسییەکانی رووناکبیران و ئەفسەرانی ئەرتەش، گەشەی چینی مامناوەندی و توێژی کارخوڵقێنەر، دزەی کاربەدەستانی حکوومەت لە پێشاندانی رێبازی ئابووریدا، توانای بزووتنەوە سیاسییەکان و هەروەها رێبەرانی نوێ بۆ راکێشانی لایەنگری کۆمەلانی خەڵک _ هەرچەند رۆڵی گرنگیان لە دیاریکردنی رەو×ە (مسیر)ی پەرەسەندن و رادەی سەرکەوتنی دا هەیە بەڵام بە هیچ جۆر تەنیا هۆکارگەلێک نین کە دەبێ لەبەرچاوبگیرێن و لەزۆربەی بوارەکاندا وەک دیاریکەرترینی هۆکارەکانیش نایەنە ئەژمار. لە سەردەمانی دوای شەری دووهەمی جیهانییەوە ئابووری جیهان زۆرتر لە ژێر دەسەڵاتی کاپیتالیزم _ واتە کۆمپانیا گەورە فرە نەتەوەییەکان، وڵاتە کاپیتالیستیە پێشکەوتوەکان (بەتایبەت وڵاتە یەکگرتووەکان تا پێش دەیەی ١٩٨٠)، و بانکی جیهانی و سندووقی نێونەتەوەیی دراو) _ دابووە. لە سەررووی هەموانەوەش، بەرژەوەندییەکانی کاپیتالیزم بە هۆی پێوەندی ئەو رێکخراوانە دەگەڵ وڵاتانی پەرەئەستێنەوە دیاری دەکرێ و، سیاسەتەکانی بانکی جیهانی و سندووقی نێونەتەوەی دراو رۆڵێکی بەرچاویان لە هەژاری (نەداری) بەشێکی زۆری وڵاتانی جیهانی سێهەم (و لەناوبردنی ژینگەی سرووشتیاندا) هەبووە و لە هەمان کاتدا گرووپگەلێکی بچووک و ساماندار، و زۆرتر گەندەڵیان لە ئێلیتەکان پێک هێناوە یان بەهێزیان کردوون.[١٩]

بەرەی سۆڤیەتی پێشوو تارادەیەک بەهۆی لاوازی رێژەی ئابووری و، تا رادەیەکیش بە هۆی ئەوەکە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئورووپای ئەندام لەو بەرەیەدا، خۆیان لەژێر دەسەڵاتی گرووپێک ئێلیتی سەرچڵ (ممتاز) و ( زۆرتر گەندەڵ)دا بوون _ نەیدەتوانی بە شیوەیەکی کاریگەر لەهەمبەر ئەو رەوتەدا خۆراگرێ. سەرسوورهێنەرتر ئەوەیە کە ئەو حکوومەتە سوسیال دێموکراتانەی لە سەردەمە جیاجیاکاندا لە رۆژئاوای ئورووپادا هاتوونە سەرکار لە رواڵەتدا هیچکات بەشێوەیەکی جیددی سەرکۆنەی ئەو سیاسەتانەیان نەکردووە کە بەسەر وڵاتانی جیهانی سێهەمدا سەپێنراون. تەنیا لە کۆتایی دەیەی ١٩٨٠دا نەبێ کە ئەویش زۆرتر بە هۆی چالاکی

رێکخراوە ناحکومییەکان (NGO)و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان، هێورهێور هەڵوێستێکی رەخنەگرانەتر سەری هەڵدا.

سەرەڕای ئەو رەوتە زاڵە، هێندێک لە وڵاتان دەگەڵ رەوتی پەرەسەندنی سوسیالیستی کەوتن کە سەرکەوتن و کێشەکانی هیندێک لەو وڵاتانە لەلایەن "وایت" و هاوکارانییەوە بەباشی لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە.[20] لەوسا بەدواوە، هیندێک لە وڵاتانی پەرەئەستێنی سوسیالیستی لەهەمبەر گووشارە دەرەکییەکاندا بەچۆک داهاتوون و ئەوانەشی تا ئێستاش خۆیان راگرتووە دەگەڵ تەنگ وچەڵەمەی زۆردا دەستە و یەخەن: کوبا ماوەی سێ دەیەیە بە شێوەیەکی قارەمانانە و هەڵبەت بەدانی خەرجێیەکی زۆر لەهەمبەر دوژمنایەتی بێپسانەوە و بێبەزەییانەی ئەمریکادا خۆی راگرتووە، خۆراگرییەک کە تا ئێمرۆ سەرکەوتوانە بووە؛ چین سەرەرای بزاڤی رووەو "سوسیالیزمی بازار"[21] و بەردەوامی تارادەیەک سەرکەوتوانەی پەرەسەندنی ئابووری تووشی کێشەگەلێکە کە سەرچاوەکەی دەگەرێتەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی گرووپێک ئێلیتی دەسەڵاتداری بەساڵاچوو و سەرەرۆ دەگەڵ ویست و داخوازەکانی خەڵک بۆ بەدیهێنانی سیستەمێکی سیاسی دێموکراتیکتردا، لە هێندێک لە وڵاتە ئەفریقایەکاندا (وەک زیمبابوە کە ئێستاش سەرەڕای ئاوڕ لێدانەوەی سندووقی نێونەتەوەیی دراو، سەرکەوتووترین وڵاتی پەرەئەستێن لە باشووری ئەفریقایە) ریشەی تەنگوچەڵەمە ئابوورییەکان دەگەرێتەوە سەر هەوڵی کۆمەڵگا زۆر دەست کورتەکان بۆ جووڵان "بە پێچەوانی ڕەوتی باو".

بەو پێیە دەبێ فۆڕم گرتنی ئێلیتەکان لە وڵاتانی پەرەئەستێن دا، و تایبەتمەندییەکانی ئەو ئێلیتانەی کە بە سەر کۆمەڵگادا زاڵ دەبن وەک دەرئەنجامی کردەوەی هەر دوو دەستە هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکییەکان بزانین، هەڵبەت بە لێ زیادکردنی ئەوە کە لەزۆربەی وڵاتانی جیهانی سێهەمدا دەبێ دزە (نفوذ)یەکی زۆرتر بۆ هۆکارە دەرەکییەکان لەبەرچاوگرین. بەڵام ئەو دۆخە لایەنێکی تریشی هەیە کە دەبێ سرنجی بدرێتێ. بەهۆی ئەو رەوتەی کە پەرەسەندن لەژێر کارتێکەری سیاسەتە رۆژئاواییەکاندا بەخۆیەوە بینیوە وڵاتانی پەرەئەستێن تووشی نابەرامبەری گەلێکی روو لە زیادبوون، و کەلێنێکی زۆرقووڵ لە نێوان ئێلیتەکان و کۆمەڵانی خەڵکدا



هاتوون و ئەو دۆخە دەگەڵ چەمکی "ئێلیتە دێموکراتەکانی" کە مانهایم و ئەوانەیتر هێنایانە ئاراوە و لەبەشی دواتردا دەپرژێینەسەری، مەودایەکی زۆری هەیە.

# پەراوێزەکانی بەشی  پێنجەم

1. Chark Kerr, John T.Dunlop, Fredrick H.Harbison and charles A. Myers, Industrialism and Industrial Man, chap, 3 .
‘The Industrializing Elites and their strategies;

٢. لێرەدا مەبەستم دەستکەوتە پراکتیکییەکانی دەسەڵاتدارانی کۆلۆنیالیستە. نامهەوێ ئیددیعا بکەم بێتوو دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستەکان و دەست تێوەردانە دەرەکییەکانی ئەوان نەبووایە، ئەو ئاڵوگۆرانە نەدەهاتنە ئاراوە، هەرچەندە بە باوەری من ئەو بابەتە، لەزۆر بواردا بە شک و گومان دێتە بەرچاو.

3. B. B. Misra, The Indian Middle classes, p. 343.
4. Kerr et al, Industrialism and Industrial Man.
5. W. van Niel, The Emergence of the Modern Indonesian Elite.
6. H.H. Smythe and M.M.Smythe, The New Nigerian Elite.
7. T. Hodgkin, African Political Parties, P. 29.
8. Raymond Aron, ‘Social structure and the Ruling class', British Journal of sociology, 1(2), 1950, p.135.
9. Mosca, The Ruling class, p. 70.

"چینەکانی دەسەڵاتدار، دەسەڵاتی خۆیان تەنیا لەسەربنەمای بەدەستەوەگرتنی پراکتیکی دەسەڵات پاساو نادەن، بەڵکو تێدەکۆشن تا بۆدەسەڵاتی خۆیان بنەمایەکی رەوشتی و یاسایی دەستەبەر بکەن وەک دەرئەنجامی لۆژیکی و پێویستی تیۆری و باوەرەکانیان پێشانی بدەن کەوا لەلایان زۆربەی خەڵکەوە پەسەندکراوە... ئەو بنەمایە یان پرنسیپەیاسایی و رەوشتییەی کە دەسەڵاتی چینی سیاسی پاڵی پێوەداوە هەرهەمان شتە کە ئێمە لە شوێنێکی تردا بە... "فۆرمۆڵی سیاسی" ناودێرمان کرد.

10. Dependent development.



11. C. Kay, “Marxism in latin America.”
12. F. Mctlugh. “Liberation theology.”

١٣. بۆ وێنە، لە لێکۆلینەوەیەک لەسەر سێنێگاڵ لەپێش وەدەستهێنانی سەربەخۆییدا، هاتووە کە"... دەسەڵات و دزەی رێبەرانی سیاسی نەریتی تارادەیەک گوازراوەتەوە بۆ خەلیفەکانی لایەنە گەورەکانی ئیسلامی. ئێمرۆ ئەو خەلیفانە نوێنەرایەتی ئەو هێزە سەرەکییە دەکەن کەوا توانای خۆراگریان لەهەمبەر ئێلیتە مۆدیرنیستەکاندا هەیە و هەر بۆیەش ئێلیتە مۆدێرنیستەکان و بزووتنەوە سیاسییەکانی سەربەوان ناچارن تارادەیەک دەگەڵیاندا کۆک بن":

P. Mercier, "Evolution of Senegalese Elites".

١٤. بۆ باسێکی چروپر لەمەر هۆکارەکانی پێوەندیدار، بروانە:

S. E. Finer, The Man on Horseback.

بە تایبەت بەشەکانی ٨ و ٩ یو و هەوەهاش:

M. Janawitz, The Military in the Political Devebpment of New Nations.

15. Caudillos.
16. Edwin Lieuwne, Arms and politics in Latin America.
17. Lucian W. Pye,’ Armies in the process of political modernization , European Journal of Sociology, II (1),1961, P.83 .

١٨. هەروک لیوون دەڵێ: "لە هێندێک لە وڵاتانی ئەمریکای لاتیندا... مودێلی شۆرش لە چارەکی دووهەمی سەدەی بیستەمدا ئاڵوگۆرێکی رادیکاڵی تێدا بەدیهات... وێنەی گشتی، شۆرشێک بوو کە لەودا ئەو ئەفسەرە گەنجانە هیواکانیان نەهاتبووە دی دەگەڵ گرووپگەلی جەماوەری کەوا سەریان هەڵدابوو دەبوونە هاوئامانج و پاشان لەسەر رووخاندنی رژیم بەشێوەی توندوتیژانە بەر لە شۆرش دەستیان دا هاوکاری دەگەڵ یەکتر" ئەو وێنانەی کە لیوون خستوونییە روو بریتین لە بولیوی لە ساڵی ١٩٣٦، گواتمالا لە ساڵی ١٩٤٤، ئارژانتین لەساڵی ١٩٤٣، و کۆلۆمبیا لە ساڵی ١٩٥٣.

Edwin lieuwen, Armies and politics in Latin America.p. 132.

١٩. ئەو پرۆسەیە کە بەرێزەوە پێی دەوترێ "یارمەتی بۆ پەرەسەندن" بەشێویەکی چروپر و لەقاودەرانە لەو کتێبەی خوارەوەدا لێکدراوەتەوە:

G. Hancock, lords of Poverty.
20. G. White, R. Murray and C. white (eds), Revolutionary socialist Development in the Third world.
21. market socialism

# بەشی شەشەم

## دێموکراسی و فرەیی ئێلیتەکان

ئەو رەخنانەی کە مۆسکا و پارەتو لە تیۆری ئێلیتەکانی خۆیان دا لە تیۆرییە دێموکراتیەکەکان سەبارەت بە سیاسەت دەیانگرت، بەو گریمانەیە دەستیان پێدەکرد کە لە هەر کۆمەڵگایەک دا کەمایەتییەک هەیە کە لە کردەوەدا دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە. هەروەک خودی مۆسکاش ئاگادار بوو کە دەگەڵ قبووڵ کردنی پێویستی بوونی گرووپێک ئێلیتی دەسەڵاتدار لە هەر کۆمەڵگایەک دا، دەکرێ ئاوا وڵامی ئەو رەخنەیە بدەینەوە کە تایبەتمەندیی بەرچاوی دێموکراسی وەک شێوازێک لە دەسەڵات ئەوەیە کە ئیزن دەدات بە پێکهاتنی دڵخۆازانەی گرووپە ئێلیتەکان و لە نێوان ئەواندا لەسەر بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات، ململانەیەکی سیستماتیک رێکدەخات. دێموکراسی بە واتای سیستمێکی سیاسییە کە لەو دا پارتە سیاسییەکان بۆ وەدەست هێنانی زۆربەی دەنگی، دەنگدەران دەکەونە ململانێی یەکترەوە، لەوەش زیاتر [لە دێموکراسیدا] پێویستە گرووپە ئێلیتەکان، تا رادەیەک "کراوە" بن و لەسەربنەمای لێهاتوویی تاکەکان ئەندام وەرگرن (واتە مەبەست گریمانەی بوونی جێگۆڕکێی بەردەوام و بەربڵاوی ئێلیتەکانە) و [هەروەها لەو واتایە لە دێموکراسیدا دەبێ] سەرجەم حەشیمەتی باڵغ لانیکەم دەرەتانی هەڵبژاردنیان لە نێوان گرووپە ئێلیتەکانی رکەبەر هەبێ و، بتوانن لە بەرێوەبردنی کۆمەڵگادا بەشدار بن. هەروەک



پێشتر دیتمان کارڵ مانهایم لە سەرەتادا تیۆرییە ئێلیتیستییەکانی دەگەڵ فاشیزم و رێبازە دژە رووناکبیرییەکانی "هەنگاوی راستەوخۆ" لێک گرێدەدا، بەڵام دواتر باوەری بە روانگەیەکی وەک ئەو روانگەیەی لە خوارەوەدا باسی دەکەین هێنا :

> فۆرم دانی سیاسەت لە پراکتیکدا لە دەستی گرووپە ئێلیتەکاندایە؛ بەڵام ئەمە بەو واتایە نییە کە کۆمەڵگا نادێموکراتیکە چونکە بۆ دێموکراسی هەر ئەوەندە بەسە کە تەواوی هاووڵاتیان، هەر چەند هەردەم لە بەشداریی راستەوخۆ لە دەسەڵاتدا بێبەش دەکرێن، لانیکەم لە ماوەیەکی دیاریکراودا، دەرەتانی دەربڕینی چاوەروانییەکانی خۆیانیان هەبێ... پارەتو لە جەخت کردنە سەر سەر ئەم بابەتە کە دەسەڵاتی سیاسی هەموو کات لە رێگەی کەمایەتییەکان (ئێلیتەکانەوە) بەرێوە دەبرێ بەهەڵە نەچووە. هەروەها دەتوانین باوەرمان بە یاسای روبێرت میخێلز لەمەر ئۆگری رێکخراوە حیزبییەکان بۆ لای دەسەڵاتی ئۆلیگاریشی هەبێ. دەگەڵ ئەوەشدا، زیادەرۆیی سەبارەت بە خۆراگری ئەم جۆرە گرووپە ئێلیتانەدا لە کۆمەڵگا دێموکراتیکەکاندا، یان لەمەر تواناکانیان بۆ سەپاندنی سەرەرۆیانەی دەسەڵات ناراستە. لە دێموکراسیدا، ئەوانەی حکومەتیان بە سەردا دەکرێ هەردەم بۆیان هەیە و دەتوانن بۆ وەلانانی رێبەران یان ناچار کردنیان بۆ گرتنی ئەو بریارانەی کە لە بەرژەوەندیی زۆرینە دان ، هەنگاو هەڵێننەوە.[1]

مانهایم هەر وەها بۆ گونجاندنی دەسەڵاتی ئێلیتەکان دەگەڵ دەسەڵاتی دێموکراتیکدا، جەخت دەکاتە سەر گرنگی هەڵبژاردن لاسەر بنەمای لێهاتوویی و کەم بوونەوەی مەودای نێوان ئێلیتەکان و کۆمەڵانی خەڵک:

> ئێمە وامان داناوە کە تایبەتمەندیی دیاری دیمۆکراسی، نەک نەبوونی گشت توێژە ئێلیتەکان، بەڵکوو بە پێچەوانەوە، بوونی فۆرمێکی نوێ لە هەڵبژاردنی ئێلیتەکان و ئەو راڤە نوێیەیە کە ئێلیتەکان لە خۆیانی دەخەنەروو... لە رەوتی دێموکراتیزە

> بوونی[کۆمەڵگادا]، ئەوەی لە هەمووان زیاتر تووشی ئاڵوگۆڕ دەبێ، مەودای نێوان گرووپە ئێلیت و تاکە ئاساییەکانی کۆمەڵگایە. ئێلیتە دێموکراتیکەکان، پێشینەیەکی جەماوەرییان هەیە و هەر لەو ڕووەوەیە کە لە لای کۆمەڵانی خەڵک گرنگییەکی تایبەتیان هەیە.[٢]

بەرەو پێشەوە چوونی ئاشتی لە نێوان بیرۆکەی ئێلیتەکان و بیرۆکەی حکوومەتی دێموکراتیک هەر وەک لە بەرهەمەکانی مانهایمیش دا دەردەکەوێ لە سەدەی بیستەم دا خێراتر بووە و هێندێک هەلومەرجی لەباریش پاڵپشتی دەکەن. یەکێک لەو هەلومەرجە لەبارانە، چوونەسەری گرینگی ڕێبەرایەتییە کە خۆی دەرئەنجامی شەڕە گەورەکان، ڕکەبەرایەتی نێونەتەوەیی لە بواری گەشەی ئابووری و، سەرهەڵدان و گەشەی نەتەوە نوێیەکانە. کۆی ئەوانە بوونە هۆی ئەوە کە تاکەکان چاوی خۆیان زۆرتر لەو لایەنە نابەدڵانەی دەسەڵاتی ئێلیتەکان بنووقێنن و مل بدەن بۆ پێویستی بوونی گرووپە لێهاتوو و بەجەرگەکان. یەکێکی تر لەو مەسەلانەی کە سەلمێنەری مۆدێلی دێموکراسی لەسەر بنەمای رکەبەرایەتییە بوونی جیاوازی نێوان دەرەنجامەکانی حکوومەتی ئێلیتەکان لە دەوڵەتە تاک حیزبییەکان دا، دەگەڵ ئەزموونەکانی کۆمەڵگا دێموکراتیکەکانە کەوا لەواندا لە نێوان پارتە سیاسییە جۆراوجۆرەکاندا کە هیچ کامیان بە تەمای پێکهێنانی ئاڵوگۆڕێکی رادیکاڵ لە سترۆکتووری کۆمەڵگادا نین، رکەبەرییەک بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لە ئارادایە. لەولاشەوە، ئەو مۆدێلە لە بواری زانستیشەوە سرنج راکێشە، ئەوەش هەم بەهۆی ئەو وێکچوونەیە کە ئەو مۆدێلە دەگەڵ مۆدێلی کردار (رەفتار)ی ئابووری لە سیستمێکی ئابووری ئازاد دا هەیەتی و، هەمیش بە هۆی متمانەیەکە کە لە رێگەی شیکاری کرداری سیاسی وەک شیکاری ئابووری بەشێوەیەکی ورد و رێکوپێک (هەر چەند بە شێوەیەکی سنووردار) بە دەستی دێنێ. وێکچوونی نێوبراو بە روونی لە لایەن شومپیتێرەوە باس کراوە[٣]. شومپیتێر بە شێوازێکی گشتی تر بەڵگەی دەهێناوە کە دێموکراسی نوێ، هاوکات دەگەڵ سیستمی ئابووری کاپیتالیزم سەری هەڵداوە و ئەو دووانە پێوەندی هۆ (علت) و بەرهۆ (معلول)یان هەیە[٤]. ئەو روانگەیە بە شێوەیەکی کورت لە لایەن یەکێک لە سیاسەتوانانی سەرکەوتوو کە شومپیتێر لە زمان ئەوەوە



دەگێرێتەوە باسکراوە: "ئەوەی بازرگانەکان لێی تێناگەن ئەوەیە کە راست هەر وەک چۆن ئەوان خەریکی نەوتن منیش خەریکی دەنگەکانم[٥]". ئەو واتایە لە دێموکراسی، وەک رکەبەرایەتی پارتە سیاسیەکان بۆ وەدەست هێنانی دەنگەکانی خەڵک، لەو دوایانەدا بە شێوەیەکی مامۆستایانەتر بۆ وێنە لە کتێبی "تیۆری ئابووریی دێموکراسی" بەرهەمی داونس دا خراوەتەڕوو. داونس تیۆرییەکەی خۆی لە چواچێوەی ئەو رستانەی خوارەوەدا کورت دەکاتەوە:

> تیۆری سەرەکی ئێمە ئەوەیە کە پارتە [سیاسیەکان] لە سیاسەتی دێموکراتیکدا دەگەڵ خاوەن پیشە ئابوورییەکان لە ئابووری قازانج ویستانەدا هاوشێوەن. ئەو پارتانە بۆ وەدەست هێنانی ئامانجە تایبەتییەکانی خۆیان، هەر سیاسەتێک کە بزانن زۆرترینی دەنگەکان بۆ لای خۆی رادەکێشێ دادەرێژن، ئەوەش راست وەک [کردەوەی] خاوەن پیشەیەکی ئابوورییە کە بە هۆکارگەکێکی وەک ئەوە، دەست دەداتە بەرهەم هێنانی بەرهەمێک کە پێی وایە زۆرترین قازانجی بۆ دەستە بەر دەکا[٦].

دەکرێ وێنەیەکیتر لە بەکارهێنانی ئەو مۆدێلە لە چالاکییە تاقیکارییەکان بۆ کارپێکردنی تیۆری کایەکان سەبارەت بە کردار (رەفتار)ی سیاسیدا بدۆزینەوە. ئەو چالاکییانە لە راستیدا بەو مەبەستە دەکرێن کە پلانێکی بیرکاری کە لە شیکاری کردار (رفتار)ی دامەزراوە تیجارییەکاندا زۆر دەکار دەهێنرێ سەبارەت بە چالاکی پارتە سیاسییەکانیش بەکار بهێنرێ[٧].

بەڵام تەنیا رکەبەرایەتی نێوان پارتە سیاسیەکان نییە کە یارمەتی دەدا بە بوونی گرووپە ئێلیتەکان و سازگار بوونیان دەگەڵ دێموکراسیدا. لایەنگرانی ئەو روانگەیە، لە [تیۆری] فرەیی گرووپە ئێلیتەکاندا، سیستمێکی گشتی تر دەبینین لە کۆنترۆڵ و باڵانسدا کە تایبەتمەندیی دیاری کۆمەڵگا دێموکراتیکەکانە. ڕیمۆن ئارۆن ئەو وتەیەی بە شێوەیەکی قەناعەت پێ هێنەر و روونکەرەوە گێراوەتەوە:

> هەر چەند لە هەموو شوێنێک کارگێڕ (مدیر)انی تیجاری، فەرمانبەرانی دەسەڵات، سکرتێرەکان و کاربەدەستانی یەکێتیە

کرێکارییەکان هەن، بەڵام ئەو گرووپانە لە هەموو شوێنێکدا بە یەک شێوە ئەندام وەرناگرن و، هەروەها لەوانەیە کۆیەکی یەکدەست پێکبێنن یان [بە پێچەوانەوە] تارادەیەک لێک دابڕاو بمێننەوە. جیاوازێکی بنەرەتی لە نێوان کۆمەڵگایەکی وەک یەکێتی سۆڤییەت دەگەڵ کۆمەڵگایەکی وەک کۆمەڵگا رۆژئاواییەکاندا لەوەدایە کە یەکەمی خاوەنی گرووپێک ئێلیتی یەکدەستە و، کۆمەڵگای دووهەمیش خاوەن گرووپێکی ئێلیتە بە دابەش بوونە نێوخۆییەکانیەوە. لە یەکێتی سۆڤیەتدا سکرتێر(دبیر)ەکانی یەکێتییە کرێکارییەکان، کارگێرانی تیجاری و، فەرمانبەرانی پایەبەرز سەرجەم سەر بە پارتی کۆمۆنیستەوەن.... لە لایەکیترەوە لە کۆمەڵگا دێموکراتیکەکاندا کە من پێم باشترە بە کۆمەڵگای پلۆرالیستی ناودێریان بکەم، هات و هاواری ململانێی ئاشکرا لە نێوان خاوەن ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، رێبەرانی یەکێتییە کرێکارییەکان و، سیاسەتوانان لە ئارادایە. لەوەڕا کە هەمووی خەڵک مافی پێکهێنانی ئەنجومەنیان هەیە هەر بۆیە رێکخراوە پرۆفیشناڵ و سیاسییەکان کە هەر یەکە بە گوروتینێکی زۆرەوە داکۆکی لە بەرژەوەندیی ئەندامانی خۆیان دەکەن رێژەیەکی بەر چاویان هەیە. کاری حکومەت دەبێتە پێکهێنانەوەی پێوەندی [نێوان ئەو گرووپانە]. ئەو کەسانەی کە لە سەر کارن زۆر باش هەست بە لەرزۆک بوونی پێگەی خۆیان دەکەن. ئەوان دەگەڵ دژبەران دەحاوێنەوە چونکە خۆشیان رۆژێک هەر لەو بەرەیەدا بوون و رۆژگارێکی تر دیسانیش دەکەونەوە ئەو بەرەیە[٨].

دەکرێ پێناسەی دێموکراسی وەک رکەبەرایەتی نێوان گرووپە ئێلیتەکان لە چەند لایەنەوە هەڵبسەنگێندرێ: لەو لایەنەوە کە پێناسەی ناوبراو پێناسەیەکی زۆر دڵخوازە و سەرنج ناداتە تایبەتمەندییە گشتی و ناسراوەکانی دێموکراسی، یان لەو لایەنەوە کە ئەو تیۆرییەی کە ئەم پێناسەیە لە دەقەکەیدا دەکار دەهێنرێ خۆی ناراست و



ناتەواوە، یان لەو لایەنەوە کە ئەم پێناسەیە لە کۆمەڵێک لەو دادوەرییە بایەخی (قضاوت ارزشی)یانەوە سەرچاوە دەگرێ کە دەگەڵ دادوەرە بایەخییەکانی تردا جیاوازیان هەیە. دێموکراسی نوێ لە زۆر بواردا و لە لایەن زۆربەی بیریارە سیاسییەکانەوە وەک بەشداریکردنی کۆمەڵانی خەڵک لە دەسەلاتدا پێناسە کراوە و یەکێک لە پێناسە کۆنەکانی ئەو چەمکە، پێناسەکەی "لینکۆڵن"ە[٩] لە قسەکردنەکەی لە گیتزبێرگدا[١٠]: "دەسەڵاتی خەڵک بە هۆی خەڵکەوە و بۆ خەڵک". سەرجەم تیۆرییە ئێلیتیستییەکان نکۆڵی کەری ئەگەری بوونی دەسەڵات بەدەست خەڵکەوەن لە واتای تەواوی خۆیدا[١١]. ئەو نکۆڵی کردنە لەوانەیە وەک تیۆرییەکانی پارەتو و مۆسکا لە سەر بنەمای ئەو روانینە رواڵەتییە دەبێ کە لە زۆربەی کۆمەڵگا ناسراوەکانی رابردودا، لە نێوان دەسەڵات بە دەستان و دەسەڵات بەراندا جیاوازییەکی ئاشکرا لە ئارادا بووە؛ یان لەوانەیە وەک نووسراوەکانی میخێلز، مانهایم و، ئارۆن لەسەر بنەمای لێکدانەوەیەکی تێئۆریک تر بن. ئەم نووسەرانە تێدەکۆشن نیشان بدەن کە یەکەم لە هەر کۆمەڵگایەکی گەورە و ئاڵۆز (و هەروەها لە رێکخراوە گەورە و ئاڵۆزەکانی نێو کۆمەڵگا)دا دێموکراسی تەنیا دەتوانێ لە سەر بنەمای نوێنەرایەتی بێ و نەک راستەوخۆ و، دووهەم نوێنەران، کەمایەتییەکن کە بە راشکاوی دەسەڵاتێکی سیاسی زیاتریان لە بریگرتە (موکل)کانی خۆیان هەیە چوونکە دزەکردنی بریگرتەکان تەنیا سنووردارە بە هەڵسەنگاندنی چالاکییەکانی کەمایەتی ناوبراو لە مەودایەکی تاڕادەیەک دوورودرێژدا.

بەڵام دەکرێ رەخنەگەلێکی زۆر لەو شێوە لێکدانەوانە بگیرێ. یەکەم، بە پێی ئەو تێگەیشتنەی ئێمە لەو دێموکراسییەی کە لێرەدا مەبەستمانە، سیستمی حکومەت لە رێگەی نوێنەرانەوە بە شێوەیەکی تەواو ئاشکرا وەک دەستەبەربوونی ناتەواوی دێموکراسی دەزانرێ، ئەوەش لەبەر ئەو راستییەیە کە هەموو کات رادەیەکی زۆر لە تاکەکانی کۆمەڵگا لە هەر چەشنە ئەزموونێکی حکوومەتی وەلادەنێ. تایبەتمەندیی نادێموکراتیکی حکوومەتی پشت ئەستوور بە نوێنەرایەتی کاتێک ئاشکراتر دەبێ کە رێسای نوێنەرایەتی لە سیستمێکی هەڵبژاردنی ناراستەوخۆدا بەرێوە بچێ، واتە لە جێگەیەکدا کە گرووپێک ئێلیتی هەڵبژێراو، خۆیان گرووپێک ئێلیتی تر کە خاوەنی

دەسەڵاتی سیاسی بەرامبەر یان زۆرترە هەڵدەبژێرێ. دژبەرانی دەسەڵاتی خەڵکی زیاتر دەستەوداوێنی ئەم ڕێوشوێنە [واتە سیستمی هەڵبژاردنی ناراستەوخۆ] دەبن. دوتکوێل و هیندێکی تریش ئەو شێوە هەڵبژاردنە وەک ئامرازێکی بەکەڵک بۆ بەربەست کردنی دێموکراسی دەزانن. جاری وا هەیە لایەنگرانی بیرۆکەی دێموکراسی بە واتای رکەبەرایەتی نێوان ئێلیتەکان، ئەم پێناسەیە بۆ بەربەرەکانی دەگەڵ واتاکەی تری دێموکراسی— واتە دەست تێوەردانی کۆمەڵانی خەڵک لە سیاسەتدا کە دوتکوێل، پارەتو، مۆسکا، و ئۆرتێگا ئەی گاست[12] بۆی بەداخ بوون — ناخەنە روو. بەڵام ئەو [بیرمەندانە] تەنانەت لەو بوارانەشدا ئۆگریان بەو لایەوە هەیە کە وەک ئامانجێک سەیری حکومەتی پشت ئەستوور بە نوێنەرایەتی بکەن نەک ئەوە کە ئەو [جۆرە حکومەتە] لە هەمبەر ئامانجی بەشداری راستەوخۆی خەڵک لە یاسادانان و حکومەتدا بخەنە بەر نرخاندن و هەروەها نایانهەوێ لە بیری دۆزینەوەی ئامرازگەلێکدابن بۆ نزیک بوونەوەی زیاتریان لەو ئامانجە.

ئەو باسە دەمانگەیەنێتە دووهەمین رەخنەیەک کە لە سەر لێکدانەوەکانی شومپیتێر، ئارۆن و ئەوانی تر لە دێموکراسی داگیراوە. بەپێی راڤەی ئەو نووسەرانە، دێموکراسی دەبێ وەک شتێکی تەواو و بێکەموکووڕی بێتە ژمار کە دەکرێ بەراشکاوی دەگەڵ جۆرەکانی تری سیستمی سیاسیدا بەراورد بکەین. لەلایەکی ترەوە، لە چەمکی دێموکراسی وەک دەسەڵات بەهۆی خەڵکەوە کە لە بەشێکی زۆری سەدەی نۆزدەهەمدا باو بوو وەک رەوتێکی بەردەوام سەیری دێموکراسیان دەکرد کە لەودا مافە سیاسیەکان، واتە دەسەڵاتی کارتێکەری لەسەر ئەو بریارانەی کە بە سەر سیاسەتی کۆمەڵایەتیدا چاوەدێر بوون، هەرچی زیاتر بە قازانجی ئەو گرووپانە لە کۆمەڵانی خەڵک کە پێشتر لە مافەکانیان بێ بەش کرابوون دەشکایەوە. ئەو بۆچوونە لە خۆگری دوو راستییە: یەکەم، ئەوە کە لە سەرەتادا دێموکراسی وەک رێباز (آیین) و بزووتنەوەیەکی سیاسی چینەکانی خوارووتری کۆمەڵگا لە دژی باڵادەستی چینە ئەریستۆکرات و ساماندارەکان خۆی دەنواند (بێ گومان ئەوە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانە کە بۆتە هۆی ئەوە تیۆرییە ئێلیتیستییەکان دژکردەوە لە خۆیان بنوێنن) و دووهەم، ئەوە کە دێموکراسی وەک بزاوتێک بەرەو لای هەلومەرجێکی



ئیدەئالی کۆمەڵگا سەیر دەکرا کە لەودا مرۆڤەکان دەسەڵاتی تەواویان بە سەر خۆیاندا هەبوو؛ لەوانەیە هیچکات ئەو هەلومەرجە بەشێوەیەکی تەواو بە ئەنجام نەگەیشتبا بەڵام لایەنگرانی دێموکراسی دەبوایە بۆ دەست پێراگەیشتن بەو [هەلومەرجە] تێکۆشانیان کردبا. هزرڤانە سیاسیەکانی لایەنگری دێموکراسی لە سەدەی نۆزدەهەمدا قەت بە مێشکیاندا نەدەهات کە سەردەمانێک بێ کە مافی دەنگدانی گشتی، رکەبەرایەتی نێوان پارتە جۆراوجۆرە سیاسییەکان و، حکومەتی پشت ئەستوور بە نوێنەرایەتی- دەگەڵ هەمووی ئەو بایەخانەی لە ڕووبەڕووبوونەوە دەگەڵ رژێمە سیاسیەکاندا هەیانە- وەک خاڵی کۆتایی پێشکەوتنی دێموکراسی کە چوونە بانتر لەو شتێکی نەگونجاوە، بێنە ژمار.

هۆکارەکانی بەدیهاتنی واتایەکی نەگۆڕ(ایستا) لە دێموکراسی لە سەدەی بیستەمدا کە لەو واتایەدا دەسەڵاتی ئێلیتەکان بە بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنە دەورەیی‌یەکان سنووردار دەکرێ، دەبێ لە هەلومەرجە سیاسییەکانی ئەم سەدەیەدا پەیدۆزی بکرێ. جێگیربوونی دەوڵەتە تاک حیزبییەکان لە شێوە فاشیستییەکەی لە ئاڵمان و ئیتالیادا و، لە شێوازە کۆمۆنیستییەکەی لە یەکێتی سۆڤییەتدا، بووە هۆی ئەوە کە بەرامبەر دانانی دیمۆکراسی دەگەڵ حکوومەتی چەند حیزبی پشت ئەستوور بە نوێنەرایەتی، وزە و متمانەیەکی زیاتر وەدەست بێنێ. ئەو وتانەی پێشتر لە زمان رێمۆن ئارۆنەوە گێرامەوە کەلەودا، گرووپی ئێلیتی یەکدەستی کۆمەڵگاکانی لە جۆری سۆڤیەت لە هەمبەر زۆری گرووپە ئێلیتەکانی کۆمەڵگای رۆژئاوادا دانرابوون ئەو خاڵە بە تەواوی روون دەکەنەوە. دەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ بپرسین داخوا بوونی پارتە سیاسییە رێکخراوەکان- و بە شێوەیەکی گشتی تر، گرووپە ئێلیتە رێکخراوەکان- مەرجێکی پێویست یان تەواو بۆ بوونی سیستمێکی حکومەتی دێموکراتیکە یان نا؟ زۆربەی کات دەوترێ ئەو پارت و گرووپانە مەرجی پێویست بۆ [دێموکراسی] نین و بۆ وێنە، لە جۆرێک لە سیستمی سیاسیدا بە چڕبوونەوەیەکی کەمتر لەو سیستمانەی کە ئێستا لە زۆربەی وڵاتەکاندا هەن لەوانەیە هەڵبژاردنی رێبەرانی سیاسی لە رێگەی چالاکی ئەو ئەنجومەنانەوە بێتەدی کە لەچاو ئەو پارتە سیاسیانەی خاوەنی رێکخستن، بڕۆکراسی و، دەوامێکی کەمتر بن. ئەو روانگەیە بە تایبەت لە لایەن

هێندێک جووڵانەوەی لایەنگری ژینگەوە پێشوازی لێکراوە بەڵام لەو بوارانەی کە پارتە سەوزەکان بۆ بەشداربوونیان لە کێبەرکێیەکانی هەڵبژاردن دا پێکهاتوون، بە دژوارییەوە توانیویانە خۆیان لە پەژراندنی شێوازە نەریتیەکانی تری ڕێکخستن لە ناو سیستەمە سیاسییە هەنووکەییەکاندا دوور ڕاگرن.

بەڵام سەرەڕای ئەوەش دەتوانین بەڵگە بێنینەوە کە لە کۆمەڵگایەکدا کە چینە کۆمەڵایەتییەکان لە ناو چوونە (و زۆرێک لە بیریارەکان هاتنەدی وەها کۆمەڵگایەک لە دەرەنجامەکانی گەشەی دێموکراسی دەزانن) گرنگترین و تەنیا کۆڵەکەی پێکهێنانی حیزبەکانیش هەر بەو پێیە لەناو دەچێ؛ و هەر چەند دەتوانین جیاوازییە کۆمەڵایەتیەکانی تر کە لە وانەیە بەدیهێنەری پارتە سیاسییەکان بن لەبەرچاو بگرین بەڵام وێناکردنی ئەم بابەتە کارێکی حەستەمە کە ئەو پارتانە خاوەنی هەر هەمان پانتایی و دزە (نفوذ)ی پارتە ناسراوەکانی ئێستا لە ژیانی سیاسی دا بن. دەبێ وەبیر بێنینەوە کە ئەو بەڵگە هێنانەوە ئاماژەیە بە سیستەمێکی سیاسی کە خاوەن هیچ پارتێکی سیاسی نییە و نەک ئاماژە بێ بە ڕژێمێکی تاک حیزبی. ڕژێمێکی تاک حیزبی بە هیچ جۆر دێموکراتیک نییە، لەبەر ئەوە تاک لە هەمبەر پارتی دەسەڵاتدار لە هەر جۆرە دەرفەتیکی ڕاستەقینە بۆ دەربرینی دژایەتی دەگەڵ بریارە گرنگە کۆمەڵایەتییەکان، یان ئاکام لێکەوتنەوەی ئەو دژایەتییە بێبەش دەکا. هۆکاری ئەو ئەمەش ئەوەیە کە هیچ پانتایەک لەئارادا نییە کە وەک ئەنجومەنێکی خودموختار و بەهێز کە لەودا بیرورا جۆراوجۆرەکان دەرفەتی شرۆڤە کردنیان هەبێ یان بیروڕای هاووڵاتیانی ئەندام لەو جۆرە ئەنجومەنانەدا بتوانێ خۆی دەرخات. لەوانەیە لە کاتی وەگوڕوتین کەوتنی گشتیدا، پارتێک، دەربڕی مەبەستی هاوبەشی زۆرینەی خەڵکی وڵاتێک بێ و بە بێ کەڵک وەرگرتن لە زۆر، خەڵکانێکی زۆر پەلکێشیی ناو چالاکییەکانی یاسادانان و ڕاپەڕاندن بکا، بەڵام لە وەها دۆخێکدا پارتی ناوبراو پێویستی بە سەرکوتکردنی پارتە سیاسیەکانی تر کە هێشتا ماون نابێ. هەروەها لەوانەیە پێداویستییەکانی شەڕ، پێویستی بە پیشەسازی بوونی خێرا، یان پێویستی پێکهێنانی نەتەوەیەکی نوێ لە ناو وڵاتێکدا کە پێشتر کۆلۆنی بووە، دەسەڵاتی تەنیا حیزبێک یان هاوپەیمانییەک لە حیزبەکان پاساو بدا، بەڵام ئەوە نابێتە هۆ کە ئەو



ڕژێمە سیاسییەی کە پارت یان هاوپەیمانی ناوبراو لەودا چالاکن، ڕژێمێکی دێموکراتیک بێ. گریمان ئەو جۆرە پێداویستییانە چەسپاون دەکرێ وایدانێین کە پارتی دەسەڵاتدار بۆ خەڵک دەسەڵات بەڕێوە دەبا، بەڵام بەو واتایە نییە کە خەڵک خۆیان دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە.

ناچار، باس سەبارەت بەوە کە داخوا بوونی پارتە سیاسیەکان مەرجێکی پێویستە بۆ سیستەمێکی حکومەتی دێموکراتیک یان وەک بابەتێکی تێئۆریک و مشتومڕهەڵگر دەمێنێتەوە. [کاریکی] ساکارتر و هەروەها پراکتیکتر ئەوەیە کە بزانین داخوا کێبەرکێی نێوان پارتەکان یان گرووپە ئێلیتەکان [وەک مەرجێک] بۆ دابین کردنی دێموکراسی تەواوە یان نا. ئیمرۆکە زۆربەی هزرڤانانی لیبراڵ وڵامەکانیان بۆ ئەو پرسیارە ئەرێنییە یان لانیکەم ڕکەبەرایەتی نێوان گرووپە ئێلیتەکان وا گرنگ هەڵدەسەنگێنن کە لێکۆڵینەوەی زیاتر لەمەڕ هەلومەرجی دێموکراسی بە پێویست نازانن. "کارل مانهایم"یش پشتگری ئەو ڕوانگەیەیە. هەروەک دیتمان مانهایم بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ئەو شتەی تایبەتمەندی دێموکراتیک دەبەخشێتە کۆمەڵگایەک تەنیا ئەوەیە کە تەواوی هاووڵاتییان "لانیکەم دەرفەتی خستنەڕووی چاوەڕانییەکانی خۆیان لە ماوەیەکی زەمانی دیاریکراو" دا هەبێ[١٣]. لەلایەکی ترەوە، هەم شومپیتێر و هەمیش ئارۆن زیاتر سەرنج دەدەنە ئەو هۆکارانەی کە کاریگەرییان لەسەر سیستەمی سیاسی هەیە. شومپیتێر ڕاشکاوانە دەپرژێتە سەر ئەو پلانەی کە خۆی ناوی دەنێ "هەلومەرجی پێویست بۆ سەرکەوتنی شێوەی دێموکراتیک". ئەو هەلومەرجە لە ژێر چوار سەردێردا پۆلێن دەکا : A/ هەوێنی مرۆڤایەتی سیاسەت (واتە ئێلیتەکان) دەبێ تا ڕادەیەکی پێویست لە باری چۆنییەتییەوە لەسەرێ بێ؛ B/ بیاڤ (حوزە)ی کاریگەری بریارە سیاسیەکان نابێ لەڕادەبەدەر بەربڵاو بێتەوە؛ C/ حکومەت دەبێ دەسەڵاتی فەرماندەری بە سەر خزمەتگوزاری برۆکراسییەکی ڕاهاتوی خاوەن متمانە و سەربردەی هەبێ؛ و D/ دەبێ دان بە خۆداگرتنی دێموکراتیک هەبێ، واتا گرووپە ئێلیتەکانی ڕکەبەر دەبێ دەگەڵ حکوومەتی یەکتر هەڵبکەن و لەهەمبەر دەکارهێنانی دزە و بەرتیلی کەڵەکبازان دا بەربەرەکانی بکەن، لە هەمانکاتدا لێژنەی دەنگدەران پاش دەنگدان، خۆی لە کاروباری سیاسی نوێنەران هەڵنەقووتێنێ. هەر

بەو پێیە، ئارۆن سێ مەرج بۆ سەرکەوتوویی دێموکراسییە پلۆرالیستییەکانی هاوچەرخ دیاری دەکا[14]: A/ بەهێزکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت بۆ کۆتایی هێنان بە تێکهەڵچوونی نێوان گرووپەکان و بەڕێوەبردنی بریارە پێویستەکان لە پێناوی بەرژەوەندیی هاوبەشی کۆمەڵگادا؛ B/ بوونی بەڕێوەبەرایەتێکی کارامە کە پارێزەری دینامیزم و، زیندووکەرەوەی هاندەرەکان بێ؛ C/ بەربەست کردنی دزەی ئەو تاک و گرووپانەی کە خوازیاری ئاڵوگۆڕی گشتی لە چوارچێوەی کۆمەڵگا دان.

بەڵام ئەم ڕاڤانە بەئاشکرا لە چوارچێوەی هزرێکدا دەمێننەوە کە دێموکراسی وەک ڕکەبەری نێوان گرووپە ئێلیتەکان دادەنێ و بە دوای دەرئەنجامەکانی تری دێموکراسی دا دەگەڕێ، بەڵام زۆرێک لە هۆکارەکانی تر لەبەر چاو ناگرن کە کاریگەریان لەسەر ڕادەی دێموکراسی لەواتە بەربڵاوەکەیدا و هەروەها لەسەر سەرکەوتوویی و شکستی دێموکراسیدا هەیە. من سەرەتا دەپرژێمە سەر هێندێک لە هۆکارەکانی تری سیاسی کاریگەر لەسەر دێموکراسی. بەگشتی وا گریمانە دەکرێ کە گەشەی کۆمەڵگای سیاسیی دێموکراتیک جگە لە ڕکەبەرایەتی نێوان گرووپە ئێلیتەکان پێویستی بەهاتنەدی زنجیرە ئاڵوگۆڕێک لە سترۆکتوور و پێکهاتەی ئێلیتەکان، لە تێگەیشتنی ئێلیتەکان لە خۆیان و، هەروەها لە پێوەندییان لەگەڵ خەڵکدا هەیە. بۆ وێنە مانهایم وەها بروایەکی هەیە، هەڵبەت ئەو گریمانەیە لەگەڵ حوکمەکانی تری مانهایم لە مەر هەلومەرجی پێویست بۆ دێموکراسی هیندەش کۆک نییە. بەکورتی، لە ڕواڵەتدا دەبێ وابیر بکەینەوە کە لە دێموکراسییەکدا، سەرەتا بزاوتنی تاکەکان بۆ ناوەوە و دەرەوەی گرووپە ئێلیتەکان ڕەوتێکی زۆرتر و خیراتر بە خۆوە دەبینێ؛ دووهەم، ڕادەی هەڵوێستە هەڵبژێراوەکان لەچاو سەرجەم کۆمەڵانی خەڵک ڕوو لە زیادبوون دەبێ؛ سێهەم، ئێلیتەکان بەوەدەست هێنانی ڕوانگەیەکی کەمتر "ئەریستۆکراسییانە"، خۆیان لە کۆمەڵانی خەڵک نزیکتر دەبیننەوە؛ و چوارەم، لە دەرئەنجامی دزە جۆراوجۆرەکانی بەرامبەری خۆڵقێن، ئێلیتەکان لەباری شێوەی ژیان دا زیاتر لە کۆمەڵانی خەڵک نزیک دەبنەوە. دوو بابەتی سەرەتایی لەو هەلومەرجانە دەبنە هۆی بەدیهاتنی دۆخێک کەلەودا، ڕادەیەکی زۆرتری تاکەکان، ئەزموونی حکومەت کردن و هەروەها لە ژێر حکومەتدا بوون وەدەست دێنن، لە کاتێکدا دوو



مەرجی دواتر تا ڕادەیەک دەبنە هۆی ئاڵوگۆر لە تایبەتمەندی دەسەڵاتی سیاسی، و لە دوور دەستە بوون، ئۆتۆریتریانیزم، و شکۆی ئەو حکومەتە کەم دەکاتەوە، و بەربەرەکانی لە هەمبەر وەها حکومەتێک گونجاوتر دەکا. ئێستا ئەگەر سەیری دێموکراسییە ڕۆژئاواییەکانی ئەمرۆ کەین دەبینین هەرچەند لەگەڵ مۆدێلی ڕکەبەرانەی دێموکراسیدا کۆکن بەڵام لە باری هەلومەرجی باسکراو لەو دێڕانەی سەرەوەدا تووشی ناتەواوینە: [واتە] جێگۆڕکێی خێرای ئەندامانی گرووپە ئێلیتەکان بەدی ناکرێ و ئێستاش زۆرتر لە ناو چینەکانی سەرووتری کۆمەڵگادا ئەندام وەردەگرن[15]؛ ڕوانینی ئێلیتەکان ئەگەریش گۆڕانی بەخۆوە دیتبێ ئەو گۆڕانە تەنیا بە شێوەیەکی هێور هاتۆتە ئاراوە و ڕوانگەی ئەریستۆکراسییانەی قەدیمی سەبارەت بە فۆنکسیۆن (کارویژە)ی ئەوان بەهۆی ئەوەی کە لە چینەکانی سەرووترەوە وەرگیراون و، هەروەها بەهۆی خودی تیۆرییە ئێلیتیستەکان و، بەهۆی تیۆرییە کۆمەڵایەتییە زاڵەکانە لەمەر "تاودان بۆ پێشەوە" و گەیشتن بە "لوتکە"؛ زیندوو ماوەتەوە و، لە ئاکامدا "بەرامبەر کردنی" هەلومەرج لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکاندا هێندە هێور و بەر تەسک چۆتە پێشەوە کە هێشتاش دەسەڵاتداران لە باری ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە بەئاشکرایی لە دەسەڵاتبەران جیاوازن. هەروەها دەبێ سەرنج بدەین کە پارتە سیاسییەکانی کە لە ناوەندی ڕکەبەرایەتی نێوان گرووپە ئێلیتەکاندا ڕاوەستاون بە گۆرانیان بە پارتە جەماوەرییەکان تا ڕادەیەک تایبەتمەندیی دێموکراتیکی خۆیان لەدەست داوە. هەرچەند ئەو پارتانە لە زۆربەی کاتدا بە تەواوی نەبوونەتە ئەو ڕێکخراوە ئۆلیگاریشیانەی کە میخێلز پێشبینی دەکرد[16]. بەڵام باڵادەستی بەرپرسانی حیزبی بە سانایییەکی زیاترەوە دێتەدی و بەم پێیە ئەندامە ساکارەکان بۆ وەدەست هێنانی بڕشت (نفوذ)ی کاریگەر لە فۆڕم دانی سیاسەتی[پارتەکەیدا] تووشی تەنگ و چەڵەمەیەکی زۆرتر دەبن.

سەرەرای ئەو هۆکارە سیاسییانە، هەروەها دەبێ بزانین داخۆا هەلومەرجی کۆمەڵایەتی گشتی تر لە ئارادا نییە کە بۆ ژیان و گەشەی سیستمە دەسەڵاتدارە دێموکراتیکەکان خاوەن گرنگی بنەرەتی بێ. یەکێک لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی تیۆرییە ئێلیتیستییە نوێیەکان ئەوەیە کە ئەو تیۆرییانە دەگەڵ پێناسەی دێموکراسی

تەنیا وەک شێوازێک لە حکومەت بەسەر گشت کۆمەڵگادا و هەربەو پێیە وەلانانی هۆکارگەلێکی گرنگ لەو پێناسەیە کە بۆ وێنە لە چەمکی "دێموکراسی کۆمەڵایەتی" یان "دێموکراسی پیشەسازی" دا لەبەرچاو گیراون تەفرە دەڕۆن. بەڵام ئەوە بە واتای لەبەر چاونەگرتن یان نکۆڵی کردنە لە بیرۆکەیەکی بنەرەتی کۆمەڵناسی کە مارکس بە شێوەیەکی لێهاتووانە لە رەخنە لە فیلسووفە سیاسیەکانی سەردەمی خۆی کۆی کردۆتەوە. بیرۆکەی ناوبراو باس لەوە دەکا کە پێکهاتەکانی هەنووکەیی لە بوارە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگادا تەنیا ناکەونە پاڵ یەک، بەڵکوو دەگەڵ یەکتر پێوەندی [وەک] کۆک بوون دەگەڵ یەکتر، دژبەری کردنی یەکتر و یان کارتێکەری بەرامبەر بە یەکتریان هەیە. مارکس بەڵگەی دەهێناوە کە بەتەواوی جیا کردنەوەی مرۆڤ وەک هاووڵاتی (بەواتای تاکێک بە مافە سیاسییەکانیەوە) لە مرۆڤ وەک ئەندامی کۆمەڵگایەکی مەدەنی (واتە تاکێکی سەرقاڵ بە ژیانی بنەماڵە و بەرهەمهێنانی ئابوورییەوە) هەڵەیەکی گەورەیە[17]. بۆ وێنە لە بنەماڵەیەکی نوێی رۆژئاوادا، کە پێوەندیی نێوان ئەندامانی ئەو بنەماڵەیە، لەچاو سەدەی نۆزدەهەمدا، زۆرتر لەسەر بنەمای هاریکاری و کەمتر دەسەڵات ویستانەیە، بەبێ کارتێکەری هزرەکانی پێوەندیدار بە حکومەتی دێموکراتیک بەدیهاتبا و داخوا دەتوانین وایدانێین ئەم کە جۆرە بنەماڵە پاش بەدیهاتنی، هیچ رۆڵێکی لە پاراستن و پەرەپێدانی بۆچوون و شێوە دێموکراتیکەکان لە چوارچێوەی حکومەتدا نەبووە؟ داخوا لەکاتێکدا کە لە بیاڤی کار و بەرهەمهێنانی ئابووریدا کە یەکێک لە گرنگترین پانتایەکانی ژیانە زۆرینەی تاکەکان لە دەرفەتی بەشداری چالاک لە دەرکردنی بریارە کاریگەرەکان لەسەر ژیانی خۆیاندا بێبەشن، دەکرێ پەسنی ئەوە بکەین کە دەسەڵاتێکی دێموکراتیک کە پێویستی بە هەڵسەنگاندنی سەر بە خۆی تاک و بەشداری چالاکانەی ئەو لە بریاردان سەبارەت بە بابەتە گرنگەکانی کۆمەڵایەتی هەیە، بتوانێ پەرەبستێنێ؟ بەباوەری من لە زۆربەی کاتدا مرۆڤ ناتوانێ لە دۆخێکی گوێڕایەڵی تەواو و لەتاقەت بەدەردا بژی هەر لەو کاتەشدا خوو وخدەی پێوەندیدار بە هەڵبژاردنی بەرپرسانە و خۆبەرێوەبەری کە پێویستی دێموکراسی سیاسین وەدەست بێنێ. ئەو بابەتە راستە کە لە کۆمەڵگا رۆژئاواییەکاندا گوێڕایەڵی زۆری تاک لە کاتی



کارکردندا، لە چاو رابردوو لە زۆر لایەنەوە کەمتر بۆتەوە؛ کرێکاران لە رێگەی یەکێتیە کرێکارییەکان و هەروەها لە رێگەی دامەزراوە راوێژکارییە هاوبەشەکان و "بەشداری کۆمەڵایەتی"[18] کە هێشتا بەتەواوی گەشەیان نەسەندووە تا رادەیەک کارتێکەریان هەیە لەسەر رەوشی کارەکانی خۆیان و، هەروەها زیادبوونی بەرچاوی ماوەی حەسانەوە و پشودان بۆتە هۆی بەربڵاوتربوونەوەی بوار(حوزە)ێک کە ئەو توانایە دەدا بە کرێکاران هەتا لەمەر کاروباری پێوەندیدار بەخۆیانەوە بریار بدەن. بەڵام لە لایەکی ترەوە، لە سەردەمانی نوێدا، بەشی هەرە زۆری کاری پیشەسازی، دابەش بوون و دووپاتە بوونەوەی زۆرتری بەخۆوە بینیوە و لە ئاکامدا، هەر چەند کرێکاران وەک جاران لە ژێر کۆنترۆڵی تێخوڕانەی خاوەن کارەکاندا نین[ بەڵام] دیسانیش بۆ دەکارهێنانی هەڵسەنگاندن، داهینان و لێهاتووییە[تاکەکەسییەکانیان] لە بەرێوەبردنی ئەرکەکانیاندا، دەرفەتێکی ئەوتۆیان نییە[19].

بارودۆخی تریش هەن کە کاردەکەنە سەر شێوازی حکومەتی دێموکراتیک و زۆرتر باسیان لێوەکراوە. نابەرامبەری گەلی مەزن لە باری سامان و داهاتەوە، بە شێوەیەکی ئاشکرا کاردەکەنە سەر رادەی بەشداریی تاک لە چالاکییەکانی پێوەندیدار بە حکومەتی کۆمەڵگاوە. لە وانەیە تاکێکی ساماندار بۆ چوونە ناو بەهەشت تووشی تەنگوچەڵەمە بێ بەڵام چوونە ناو لێژنە بەرزەکانی پارتێکی سیاسی یان چوونە ناو هیندێک لە بەشەکانی دەسەڵات بۆ ئەو زۆر ساکارتردەبێ. ئەو [تاکە] دەتوانێ لە رێگەگەلی تریشەوە کاربکاتە سەر ژیانی سیاسی: لەرێگەی کۆنترۆڵی راگەیەنەکان و ئامرازەکانی پێوەندی، لەرێگەی سازدانی ئاشنایەتی کەسێنی لە کۆڕی پایەبەرزە سیاسییەکان، لەرێگەی بەشداری بەرچاو لە چالاکی گرووپەکانی گوشار و لێژنە جۆراوجۆرەکانی تایبەت بە راوێژ. تاکێکی دەستەنگ هیچکام لەو مافە تایبەتانەی نییە: ئەو [تاکە] دەستەنگە هیچ چەشنە پێوەندییەکی لەگەڵ خاوەن دەسەڵاتەکاندا نییە، کات و وزەیەکی کەمی بۆ تەرخان کردن بە چالاکییە سیاسیەکان هەیە و دەرفەتێکی کەمیشی بۆ وەدەست هێنانی زانیاری تەواو سەبارەت بە هزر یان راستییە سیاسییەکان لەدەست دایە.

هەر بەو پێیەی ئاشکرایە کە ژمارەی نوێنەرانی گرووپەکانی تری هاووڵاتییان — بە تایبەت ژنان و ئەندامانی گرووپە بەهێزە تایبەتییەکان — لەکۆی ئێلیتە سیاسیەکان، هەڵبەت بە هۆکاری ترەوە بە شێوەیەکی ئاشکرا ژمارەیان لە ئاستێکی نزم دایە و ئەو دۆخە لەم دوایانەدا بە هێوری ئاڵوگۆری بە خۆوە بینیوە.

ئەو جیاوازییانەی کە بەهۆی نابەرامبەرییە ئابوورییەکانەوە بەدیهاتوون، بەهۆی جیاوازییەکانی لە ئاستی خوێندەواری‌دا بگرە توندتریش دەبن. لەزۆربەی دێموکراسییە رۆژئاواییەکاندا شێوەی فێرکردن و بارهێنانی لەبەرچاوگیراو بۆ ئەو گرووپانەی کەوا دەسەڵاتدارانی کۆمەڵگا زۆرتر لە وانەوە هەڵدەقوڵێن، بەراشکاوی لەگەڵ فێرکارییەکانی کە بۆ زۆرینەی خەڵکی کە لە ژێر دەستی دەسەڵاتدان جیاوازی هەیە. سیستمی فێرکردن و بارهێنان لە زۆربەی کۆمەڵگا رۆژئاواییەکاندا تەنیا جیاوازی نێوان دەسەڵاتداران و دەسەڵاتبەران توندتر ناکاتەوە بەڵکو دەبێتە هۆی زیندوومانەوە و گەشەی سەرجەم ئیدئۆلۆژی دەسەڵاتی ئێلیتەکانیش. هۆی ئەو بابەتەش ئەوەیە کە جەختی سیستمی ناوبراو زۆرتر لەسەر گۆڵبژێرکردنی تاکە هەڵکەوتۆکان بۆ پێگە دیاریکراوەکان و، دانی خەڵات بە شێوەی داهات و پلەوپایەی بەرزیش بۆ سەرکەوتنە زانستگاییەکانە نەک بردنەسەری ئاستی گشتی فێرکردن و بارهێنان لەسەرجەم کۆمەڵگادا و، پاڵپشتیەکی کە ئەو کردەوەیە دەتوانێ لە بردنەسەری رێژەی بەشداری کۆی هاووڵاتییان لە دەسەڵاتدا هەیبێ. ئەو نابەرامبەریانەی لە باری سامان و خوێندەواریدا ئاماژەمان پێدا نوێنگە گەلێکن لە دابەش بوونی کۆمەڵگا بەسەر چینەکان دا و هەر ئەو دابەشکردنە سەرەکییەشە – کە دەکرێ تاڕادەیەک نابەرامبەرییەکانی تر رەپاڵ ئەو بدەین — کە بۆ وێنە لە تیۆرییەکانی پێوەندیدار بە "دێموکراسی کۆمەڵایەتی"دا، زۆرتر لەگەڵ حکومەتی دێموکراتیکدا، [وەک لایەنی] ناکۆک دەناسرێ. لەبەشی داهاتوودا زۆرتر باسی ئەو بابەتە دەکەین.

ئەو رەخنانەی تا ئێرە لە تیۆرییە ئێلیتیستییەکانی دێموکراسیمان گرتن زیاتر لە چەمکی دێموکراسی وەک "حکومەت لەرێگەی خەڵکەوە" بوون. بەڵام رەخنەگەلی تریش هەن کە لە ناو ناکۆکییەکانی ناو تیۆرییە ئێلیتیستییەکانەوە سەرچاوە دەگرن. یەکەم، ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە کاتێک دژایەتی و رووبەڕووبوونەوەی هەردەم



لەنێوان گرووپە ئێلیتەکاندا هەبێ، و هەر وەها کاتێک جێگۆڕکێی بێ پسانەوە لەنێوان هەموو ئەندامەکانیان دا هەبێ، داخوا هیچ جۆرە حکوومەتێک دەتوانێ لە درێژخایەندا دەوام بێنێ یان نا؟ مانهایم لە باس کردنی کێشەگەلی دێموکراسی سیاسی بە پێی بارودۆخی ئاڵمانی سەرەتای دەیەی ١٩٣٠دا، دەڵێ گەشەی دێموکراسی بە واتای لە دەست چوونی وێکچوویی گرووپی ئێلیتی دەسەڵاتدارە. مانهایم لە درێژەدا دەڵێ کە "دێموکراسی نوێ زۆربەی کاتەکان شکست دەخوا چوونکە لە بەراورد لەگەڵ کێشەگەلی کۆمەڵگا دێموکراتیکە سەرەتاییەکان (یان پێش دێموکراتیک) دا کە گرووپە دەسەڵاتدارەکان وێکچوویەکی زیاتریان هەبووە، لەگەڵ کێشەگەلی زۆر بەگرێوگۆڵتر سەبارەت بە بریاردان بەرەوڕوویە."[20] تی س ئێلیوت بەهەمان شێوە بەڵگەی هێناوەتەوە کە گرووپە ئێلیتەکان لەبەر ئەوە پێویستیان بە جێگۆڕکێی سیستماتیکی ئەندامانیان هەیە ناتوانن وەک چینە دەسەڵاتدارەکانی سەردەمە سەرەتاییەکان بەردەوامی کۆمەڵایەتی دابین بکەن[21]. بەڵام هەر دووی ئەو نووسەرانە لە گێرانەوەی مەترسییەکانی دەرئەنجامی ئەو کردەوەیەدا زێدەڕۆییان کردووە، لەبەر ئەوە لەنێوان گرووپە ئێلیتەکان و کۆمەڵانی خەڵکدا وەها جێگۆڕکێیەکی بەرچاو لەتاکەکان کەوا ئەوان وای لێ تێگەیشتوون، لە ئارادانەبووە و، ئێلیتەکان زۆرتر لەگەڵ یەکتر ناکۆکییەکی ئەوتۆیان نییە. هەروەک ئارۆن لەباس لە دۆخی ئێستای کۆمەڵگا رۆژئاواییەکاندا دەڵێ:

> لەوانەیە پێکهاتەی گرووپی دەسەڵاتدار تووشی ئاڵوگۆڕێکی یەکجار زۆر بێ و گرنگی رێژەیی دەستە جۆراوجۆرەکانی ئەو گرووپە ئاڵوگۆڕی تێدا بەدی بێ، بەڵام دەوام و بەختەوەری کۆمەڵێک تەنیا کاتێک دەست دەدات کە لە نێوان ئەو دەستانەدا هاریکاری راستەقینە لە ئارادا بێ. دەبێ لە ناو گرووپی ئێلیتدا لە سەر خاڵە بنەرەتییەکان، بە شێوەیەک لە شێوەکان، یەکێتی بڕوا و کردەوە هەبێ[22].

لە راستیدا ئەو یەکێتی بڕوا و کردەوەیە – و بەردەوامی کۆمەڵایەتی کە مەبەستی ئێلیوتە – لە کۆمەڵگا رۆژئاواییەکاندا لە رێگەی ئەندام وەرگرتنی ئێلیتەکان لە چینی

سەروتری کۆمەڵگا و هەروەها پاڵپشتی ئیدئۆلۆژیکی کە دەرئەنجامی خودی تیۆری ئێلیتەکانە تا رادەیەکی زۆر دابین کراوە. ئەو راستییە ئێستاش تا رادەیەکی زۆر هەروا لە جێی خۆیدا ماوە کە "هێندێک لە تاکەکان هەر لە هەمان ساتەوەختی لە دایک بوونیانەوە دانراون بۆ فەرمانبەری و هێندێکی تریش دانراون بۆ فەرماندەری"[٢٣]. لە کۆمەڵگا رۆژئاواییەکاندا گرووپە ئێلیتەکان، زۆرتر لەوبەری ئەو بەنداوە گەورانەوە راوەستاون کە بە هۆی دابەشکردنی چینەکانەوە بەدیهاتووە و بەو پێیە ئەگەر سرنجی خۆمان لە سەر رکەبەرایەتی نێوان گرووپە ئێلیتەکان چڕبکەینەوە و لە لێکدانەوەی رووبەڕووبوونەوەی نێوان چینەکان و شێوازی پێوەندیی ئێلیتەکان لەگەڵ چینە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا خۆببوێرین روانگەیەکی بەتەواوی بەلارێدابەرانە سەبارەت بە ژیانی سیاسیدا وەدەست دێنین.

ئەو بابەتە کە دێموکراسی لە بنەرەتدا لە لایەن رکەبەرایەتی نێوان ئەو گرووپە ئێلیتانەوە دەپارێزرێ و پاڵپشتی دەکرێ کە دەسەڵاتی یەکتر هاوسەنگ و سنووردار دەکەن یەکێک لە ئەفسانە سیاسییەکانی سەردەمی ئێمەیە. کاتێک سەیری ئەو بەڵگە هێنانەوانە دەکەین کە تیئۆریسیێنە ئێلیتیستەکان بۆ جەخت لە سەر ئەو روانگەیە دەیهێننەوە پارادۆکسێکی تر بەروومان‌دا دەکرێتەوە: ئەو تیئۆریسیێنانە لە قۆناخە جۆراوجۆرەکانی بەڵگەهێنانەوەدا، لە چەمکی رادەی فرەیی گرووپە ئێلیتەکانەوە باز دەدەنە سەر چەمکی بە تەواوی جیاوازی فرەیی ئەنجوومەنە (لێژنە) ئازادەکان. بۆ وێنە مۆسکا لەمەر سیستمێکی دێموکراتیکدا، ئاماژە دەکاتە سەر دەرفەتێک کە زۆربەی "هێزە کۆمەڵایەتییەکان"ی جۆربەجۆر (و نەک ئێلیتەکان) بۆ بەشداری کردن لە ژیانی سیاسی و بەربەست کردنی دەسەڵاتی هێزە کۆمەڵایەتیەکانی تر، بە تایبەت برۆکراسی، هەیانە. هەر بەو پێیە کاتێک ئارۆن جەخت دەکاتە سەر بڵاوی دەسەڵات لە دێموکراسییە پلۆرالیستیەکان دا[٢٤] مەبەستی تەنیا ئەو گرووپە ئێلیتە بەرچاوانەی کە خۆی دیاریان دەکا نییە، بەڵکوو ئاماژەکەی بە جۆراوجۆری رێکخراوە پرۆفیشناڵ و سیاسییانەیە کە لەو کۆمەڵگایانەدا بەرچاو دەکەون و دەسەڵاتی دەسەڵاتداران سنووردار دەکەن. بەڵام ئەو لایەنگرییە لە گەشەی ئەنجومەنە ئازادەکان وەک مەرجێکی سەرەکی بۆ دێموکراسییەکی کاریگەر، پشت راستکەرەوەی تیۆرییە



ئێلیتیستیەکان نییە. چوونکە کاتێک گرنگییەکی بەرچاو بۆ دەسەڵاتی ناوچەیی بەهێز، ئەنجوومەنە پرۆفیشناڵەکان و لێژنە دڵخوازانە و خودموختارەکانی تر لەبەرچاو دەگرین، مەبەست ئەوە نییە کە ئەو رێکخراوانە، گرووپ گەلێکی ئێلیتن کە سەرقاڵی خەباتی سیاسین بۆ دەسەڵاتی سیاسی، بەڵکوو تەنیا مەبەستمان ئەوەیە کە رێکخراوەکانی ناوبراو بۆ ژنان و پیاوانی ئاسایی هەل و دەرفەتێکی زۆر لەبار دەخوڵقێنن تا فێری خۆبەڕێوەبەری بن و بە ئەنجامی بگەیەنن. ئەو رێکخراوانە ئامرازگەلێکن کە دەسەڵات بە هۆی خەڵکەوە لە کۆمەڵگایەکی گەورە و بەگرێوگۆڵدا، لە راستی و پراکتیک نزیکتر دەکەنەوە.

بەم پێیە لەو رێگەشەوە دەگەینە روانگەیەک کە پێشتریش باسمان لێوەکرد، واتە ئەوە کە پاراستن و بەتایبەت گەشە و باش بوونی سیستمێکی حکومەتی دێموکراتیک لە بنەرەتدا نەبەستراوەتەوە بە برەودان بە رکەبەرایەتی نێوان گرووپە بچووکەکانی ئێلیت کە چالاکییەکانیان لەو بوارانەدا بە ئەنجام دەگا کە زۆر دوور لە چاو و کۆنترۆڵی هاووڵاتییانی ئاسایی دا جێبەجێ دەبێ؛ بەڵکوو بەستراوەتەوە بە پێکهێنان و سەقامگیرکردنی هەلومەرجێ کە لەو دا، ئەگەر نە گشت هاووڵاتییان، لانیکەم زۆربەیان — لە شوێنی کار کردندا، لە کۆڕ و کۆبوونەوەی ناوچەیی و، لەسەرجەم وڵاتدا — بتوانن لە بڕیاردان لە سەر ئەو بابەتە کۆمەڵایەتییانەی کاریگەری لە سەر ژیانی تاکەکەسی ئەواندا هەیە لە پراکتیک دا بەشداری بکەن. لە وەها هەلومەرجێک دایە کە جیاوازیی نێوان ئێلیتەکان و کۆمەڵانی خەڵک دەگاتە کەمترین ئاستی خۆی. ئەو روانگەیەش ئاماژە دەکاتە سەر چەند بابەت: یەکەم، ئەوە کە دەبێ بە شێوەیەکی ماندووییەناسانە بە شوێن ئەو دەرفەتانەوە بین بۆ برەودان بە خۆبەڕێوەبەری بە تایبەت لە بواری بەرهەمهێنانی ئابووریدا، و ئەوەش بوارێکە کە لەو دا هێندێک لە ئەزموونەکانی سەردەمی پاش شەڕی دووهەمی جیهانی وەک سیستمی خۆبەڕێوەبەری[٢٥] یۆگۆسلاوی، پلانەکانی پەرەسەندنی ناوچەیی لە هێند دا و زۆرێک لە وڵاتانی تر، و نووسینگە هاوبەشەکانی کە لەژێر چاوەدێری کاربەدەستە گشتیەکاندان (لەگەڵ هەموو ئەو تەنگوچەڵەمانەی لەسەر رێگەیانە) شایانی سەرنج دانن. دووهەم ئەوە کە دەبێ بە شێوەیەک لە شێوەکان لەگەڵ لەمپەرەکانی سەر

ڕێگەی بەشداریکردنی تەواوی ئەنجومەنە ئازادەکان و بنیاتە نیمچە حکومەتیـەکـان لـە بواری حکومـەتـدا، کـە لـە بنـەرەتـدا دەرئـەنجـامی جیاوازییـە چینایـەتییـەکـانن و لـە چوارچێوەی باڵادەستی تاکەکانی سەر بە چینەکـانی سـەرووتـر و چینـی مامنـاوەنـدی وەک کاربەڕێوەبەرانی وەها ڕێکخراوگەلێک دیاردەکەوێ، بەربەرەکانی بکردرێ.

# پەراوێزەکانی بەشی شەشەم

1. Mannheim *Essays on the Sociology of culture,* p. 179.
2. Ibid,p. 200
3. Schumpeter, *Capitalism, Socialism and democracy*, chap. 22, 'Another Theory of Democracy. '
4. Ibid., pp. 296-7.
5. Ibid., p. 285.
6. A. Downs, *An Economic Theory of* Democracy, pp. 295-6.

٧. دەگەڵ ئەوەشدا تیۆری کایەکان لە لێکۆڵینەوەی رووبەڕووبوونەوە نێونەتەوەییەکان دا، بە تایبەت لە "کایەکانی پێوەندیدار بە شەر"دا کە سەردەمانێک باو بوو دەکار دەهات. دەکارهێنانی تیۆری کایەکان لەو رشتەیەدا لە لایەن ڕیمۆن ئارۆنەوە بە شێوەیەکی رەخنەگرانە لە کۆتایی باسەکەی‌دا لە "ستراتیژی ژیرانە" و "سیاسەتی ئاوەزمەندانە" دا باسی لێوەکراوە:

Raymond Aron,*Peace and War :A* Theory *of international Relations,* pp. 751-70.

8. Aron, ' Social Structure and rulling Class,' p. 10.
9. Lincoln
10. Gettysburk.

١١. ڕیمۆن ئارۆن دەڵێ: "بە تەواوی ناکرێ دەسەڵاتی کۆمەڵێک جگە لە تاقمێکی کەم لە تاکەکان لە دەستی کەسانی تردا بێ.... حکومەت بۆ خەڵک بوونی هەیە بەڵام حکومەت بەهۆی خەڵکەوە نا":

Aron, " Social Structure and the ruling Class."

12. Ortega Y Gasset

١٣. هەڵبەت مانهایم لە درێژەدا، بە شێوەیەکی تا رادەیەک پارادۆکسیکاڵ، زۆربوونی بەرامبەری و کەمبوونەوەی مەودای نێوان ئێلێتەکان و کۆمەڵانی خەڵک وەک هۆکارگەکی کارتێکەر لە گەشەی دێموکرسی نوێدا باس دەکا.

14. Aron, " Social Structure and the ruling class."



١٥. بڕوانە بەشی سێهەمی ئەو کتێبە و هەروەها بەشی یازدەهەمی کتێبی گوتزمەن کە لەو کتێبەدا پێشاندەدرێ کە چۆن ژمارەیەکی کەم لە تاکەکان، توانای بەشداریکردن لە دارشتنی سیاسەتە نەتەوەییەکانیاندا هەیە. لە بریتانیادا، گرووپێکی بچووک لە "پیاوچاکان و ماقووڵان" هەن — واتە لانی زۆر چەند هەزار کەسێک کە زۆرتریان سەربە چینە سەرووەکانی کۆمەڵن — کە بەشداری دەکەن لە چالاکی کۆمیتەکانی پرس ورا، کۆمیسیۆنەکانی سەڵتەنەتی و لێژنە گشتییەکانی وەک ئەوانە :

Cuttsman, *The British Political Elite,*chap. 11.

16. Michels,*Political Parties*.
17. Karl Marx, *Economic and Philosophical Manuscripts*.
18. Social partnership

١٩. لەمەر ئەو کێشانە بڕوانە:

Georges Friedman,*The Anatomy of work*.

20. Mannheim, *Essays on the sociology of culture,* p. 172.
21. T.S.Eliot, *Notes Towards the Definition of culture.*

ئێلیوت رەخنە لەو روانگەیەی مانهایم دەگرێ کە دەڵێ، ئێلیتەکان لە کۆمەڵگای نوێدا دەتوانن بە شێوازێکی لێهاتوو ئەرکەکانی چینە دەسەڵاتدارەکانی پێشوو بەرێوەبەرن، بەڵام سەرنج ناداتە ئەو خاڵە کە خودی مانهایم پێشتر خۆشی ئەو رەخنەیەی هێناوەتە ئاراوە. لە راستیدا مانهایم بە رواڵەت هیچکات ناگاتە روانگەیەکی جێگرتوو لەمەر جێگەی ئێلیتەکان لە کۆمەڵگا نوێیەکاندا. مانهایم جار هەیە بە قازانجی رکابەرایەتی نێوان گرووپە ئێلیتەکان وەک پارێزەری دێموکراسی بەڵگە دێنێتەوە و جاری واشە لایەنگری دەسەڵاتی گرووپێک ئێلیتی یەکدەست، پێکهاتوو لە رووناکبیران دەکا، و لە کۆتاییدا دەڵێ کە هیچ گرووپێکی ئێلیت یان دەستەیەک لە گرووپە ئێلیتەکان ناتوانن سەقامگیری سیاسی دابین بکەن مەگەر ئەوە تایبەتمەندییەکانی چینێکی دەسەڵاتدار بۆ وێنە لە رێگەی یەکێتی لەگەڵ چینەکانی سەرووتر، وەدەست بێنێ و ببێتە گرووپێکی میراتگر و خاوەن سامان. تەنیا چەمکێکی کە مانهایم هەردەم بە نەگوونجاوی دەزانێ چەمکی کۆمەڵگایەکی بێ چینی بەرامبەرە.

22. Aron, *' Social Structure and the ruling class,'* p. 147.
23. Aristotle, Politics.
24. Aron, *'Social Structure and the ruling class.'*
25. Self- management

# بەشی حەوتەم

## بەرامبەری یان ئیلیتیسم

دێموکراسی لە یەکێک لە واتا قووڵەکانی خۆی دا، باس لە بەرامبەرییەکی بەرچاو لە ناو مرۆڤەکان دا دەکا؛ بەو واتایە کە هەمووی ئەندامانی باڵغی کۆمەڵگا دەبێ تا ئەو جێیە دەرفەتیان بۆ دەرەخسێ سەبارەت بەو بڕیارانەی کە کاریگەریان لەسەر لایەنە گرینگەکانی کۆمەڵگا هەیە بە قەرای یەک دەستیان بڕوا و هەر وەها بەو واتایەش کە نابەرامبەری لە بواری سامان، پلەی کۆمەڵایەتی، یان خوێندەواری و دەستراگەیشتن بە زانستەکان نابێ هیندە زۆر بێ کە یان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دا ببێتە هۆی ملدانی بەردەوامی هیندێک لە تاک و گرووپەکان لە بەرامبەر هیندێکی تر یان ئەوە کە لە بواری داخوازی پراکتیکی مافە سیاسییەکان دا ببێتە هۆی سەرهەڵدانی نابەرامبەرییەکی بەرچاو لە نێوان تاکەکاندا. داکۆکیکارانی بەرامبەری، هیچ کاتێک ئەوەندە بێ هۆش و بێئیختیار نەبوون کە گەوجانە بانگەشەی ئەوە بکەن کە تاکەکان لە باری جەستەیی، هۆش، یان کردار دا راستەوراست وەک یەکترن. ئەوان ئیددیعاکەی خۆیان لە سەر تێبینییەکانی تر تۆکمەکردوە کە لەوانە سێیان گرنگییەکی تایبەتیان هەیە. تێبینی یەکەم ئەوەیە کە مرۆڤەکان سەرەرای دۆخە دەروونییە تایبەتەکانی هەر تاکێک، لە زۆر لایەنی سەرەکی دا تا رادەیەکی زۆر وەک یەک دەچن: ئەوان خاوەن پێداویستێیەکانی جەستەیی،



سۆزداری و، فکری وەک یەکن. هۆی بوونی زانستگەلێکی وەک زانستی خۆراک (تغذیه) و پاک و خاوێنی (بهداشت) و هەروەها ئەوە کە دەتوانرێ باس لە دەرمانی رۆحی یان فێرکردن و بارهێنانی منالانیش بکرێ بە هۆی بوونی ئەو لایەنە وێکچووە بەربڵاوانەیە. سەرەڕای ئەوەش، ڕادەی جیاوازی لەباری چۆنیەتی لە نێوان مرۆڤەکانیش دا تا رادەیەک سنووردارە و تاکەکان لە دەورووبەری خاڵی ناوەراست دا پۆلێن کراون. ئەگەر وا نەبوایە– واتە ئەگەر لە نێو مرۆڤەکان دا لەجیاتی جیاوازی لە باری رادەی [چۆنیەتێیەوە] جیاوازییە تیپیکاڵەکان لە ئارادا بان؛ ئەگەر [کۆمەڵی مرۆڤی] لە لایەک لە پەلەوەرانێکی دڕ و لە لایەکی تریشەوە لە فریشتەکان پێکهاتبایە ئەوسا یەک لە پێگە ئابژێکتیڤەکانی بەرامبەری خوازی لە دەست دەچوو.

خاڵی دووهەم ئەوەیە کە، جیاوازییە تاکە کەسییەکانی مرۆڤەکان و جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوانیان، دو بابەتی لێک جیاوازن. ڕۆسۆ زۆر بەر لە ئێستا ئەو جیاوازییە گرنگەی لەبەر چاو گرتووە:

> دەبینم کە لە ناو مرۆڤ دا، دوو جۆرە نابەرامبەری هەیە. نابەرامبەرییەک کە بە سرووشتی یان جەستەیی ناودێری دەکەم لە بەر ئەوە بەشێوەیەکی سرووشتی هاتۆتە ئاراوە و بە شێوەی جیاوازی لە باری تەمەن، لەش ساغی، توانای لەش و، چۆنیەتی زەین یان رووحییەیە؛ و نابەرامبەرییەکی تریش کە دەکرێ بە نابەرامبەری ئەخلاقی یان سیاسی ناودێری بکەین چوونکە گرێدراوی جۆرێک گرێبەستە و لە رێگەی رێککەوتنی مرۆڤەکانەوە بەدیدێ یان لانیکەم پرێستیژ وەدەست دێنێ. ئەو نابەرامبەرییەی دووهەم لەخۆگری جیاوازی مرۆڤەکان لە باری تازیارییە [کۆمەڵایەتییەکانە] وەیە کە هێندێک لە سەر حیسابی ئەوانی تر کەڵکی لێوەردەگرن، وەک تازیاری ساماندارتر بوون، رێزدارتر بوون، دەسەڵاتدارتر بوون، یان تەنانەت بەتەواوی پێڕەوی لێکران[١].

سەبارەت بە رادەی پێکەوەگونجانی ئەو دوو جۆرە نابەرامبەرییە لە زۆربەی ئەو کۆمەڵگایانەی تا ئەم سەردەمە هەبوونە، ناکرێ بە لێبڕاوی بیروڕا دەرببڕی. تیۆری

جێگۆڕکێی ئێلیتەکان تارادەیەک بەنیاز بوو کە ئەم پێکەوەگونجانە بخاتە زەینەوە واتە دەیگووت لێهاتووترین تاکەکان لەهەر کۆمەڵگایەک دا دەتوانن ڕێگەیەک بۆ ناو گرووپی ئێلیت بدۆزنەوە یانیش گرووپێک ئێلیتی نوێ پێک بێنن و لە کاتی خۆیَ دا باڵادەستی وەدەست بخەن. بەڵام پێشتر بینیمان کە ئەو دەستە لە بەڵگە مێژووییەکانی کە بۆ پشت ڕاستکردنەوەی ئەو تیۆرییە خراونەتەروو بەتەواوی بێ سوودە و بەڵگەگەلێکی زۆرتریش سەبارەت بە کۆمەڵگا نوێیەکان (کە زۆرتر وەک خاوەن بزاڤی کۆمەڵایەتی Social Mobility سەراسایی دێنە ژمار) هەن کە ئەو تیۆرییە پشت ڕاست ناکەنەوە. نابەرامبەرییە سەرەکییەکانی ناو کۆمەڵگا، زۆرتر بەرهەمی کۆمەڵگان و لە ڕێگەی بنیاتەکانی [پێوەندیدار] بە داهات و میرات و دەسەڵاتی سیاسی و نیزامییەوە، بەدیهاتوون و دەپارێزرێن و لە پاڵپشتی باوەڕ و بنەمای بۆچوونە تایبەتەکان کەڵک وەردەگرن. هەڵبەت ئەو نابەرامبەرییانە هیچکات بە تەواوی نابنە لەمپەر لە سەر ڕێگەی تاکە زێدەخۆازەکان بۆ وەسەرکەوتن بەسەر پەیژەی کۆمەڵایەتی دا.

ئەو تێبینییانە ئێمە بەرەو لای سێهەم خاڵ ڕێنوێنی دەکەن کە [ لێرەدا] دەبێ لەمەر بەڵگەهێنانەوەی بەرامبەریخوازەکان وەبیری بێنینەوە. ئەگەر بەرامبەری و نابەرامبەری هیچ کامیان دیاردەگەلێکی سرووشتی نین کە مرۆڤەکان دەبێ قەبووڵیان بکەن، کە وابوو لایەنگری لە یەک یان ئەویتر بە واتای خستنەڕووی بەڵگەی زانستی کە بەتەواوی لە سەر بنەمای ڕاستییەکان بێ نییە، بەڵکوو بە واتای داڕشتن (تدوین)ی ئارمانجێکی ئەخلاقی یان کۆمەڵایەتییە. دەتوانین بەرامبەری هەڵبژێرین و هەرچەند لەو هەڵبژاردنەدا دەبێ هیندێ ڕاستیمان لەبەر چاو بێ کە کار دەکەنە سەر پراکتیکی ئەو ئارمانجە و هەروەها ئامرازگەلی شیاو بۆ وەدەست هێنانی، بەڵام پاساوی کۆتایی هەڵبژاردنەکەی ئێمە ، خۆی لە خۆی دا ڕاستییەک نییە؛ بەڵکوو ئیدیعایەکە کە هەر چەندیش بەجێ بێ بەڵام تەنیا لە سەر بنەمای ئەو گریمانەیە کە لەوانەیە گەران بە دوای بەرامبەری دا ببێتە هۆی وەدیهاتنی کۆمەڵگایەکی باشتر. لەو ڕستەی سەروودا مەبەستم لە "ئێمە" بە تایبەت ئەو تاکانەیە کە لە کۆمەڵگای سەدەی بیستەم دا ژیان تێپەردەکەن، چوونکە لە هەر یەک



لە سەردەمانی ڕابردوودا بە سەرنجدان بە پڕمەترسیبوونی ژیانی ئابووری، نەبوونی ئامرازە کاریگەرەکانی پێوەندی، ناتەواوی لە فێرکردن و بارهێنان دا و، نەبوونی زانیاری لە سەر ستروکتوری کۆمەڵایەتی و کەسایەتی تاکەکەسی، فۆرم گرتنی وێنایەکی زانستی لە چەشنی پایەدار و بەردەوام لە کۆمەڵگایەکی بەرامبەر، کارێکی حەستەم بوو. سەدەی بیستەم لەو ڕووەوە سەدەیەکی بێوێنەیە کە بۆ یەکەم جار هەل و ئامرازگەلی پێویستی بۆ سەروبەرکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی بە پێی پێداوێستییەکانیان ڕەخساندوە و هەر بەو پێیەشە، کە هەم [سەدەیەکی] دڵخۆشکەرە و هەمیش ترسێنەر.

لێرەدا نامانهەوێ داکۆکییەکی ئەخلاقی لە بەرامبەری بکەین[2]، بەڵکوو بە پێچەوانەوە دەمانهەوێ گرفتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی دەورووبەری مەسەلەی بەدواداچوونی بەرامبەری و هەروەها ئەو ڕەخنەگەلەی (نەک ڕەخنە ئەخلاقییەکان) کە لە لایەن تیۆرییە ئێلیتیستییەکانەوە گیراوە بخەینەڕوو. بە جێیە سەرەتا بە شرۆڤەی چەمکی "کۆمەڵگای بێچین"ی مارکس دەست پێبکەین؛ هەم بەو هۆیەوە کە ئەو چەمکە، ئامانجی بەرامبەری بە شێوەیەک دەخاتەڕوو کە زۆرتر لە هەر شێوازێکی تر لە دنیای هاوچەرخ دا پەسەند کراوەو هەمیش لەو ڕووەوە کە چەمکی ناوبراو سەرچاوەی سەرەکیی سەرهەڵدانی خودی تیۆری ئێلیتیستەکان بووە چوونکە ئەو تیۆرییانە لە دژایەتی دەگەڵ تیۆرییەکەی مارکس دا هاتوونەتە ئاراوە. هەموان دەزانن ئەو پلانەی مارکس لە کۆمەڵگای سوسیالیستی دڵخۆازی خۆی کە لە مێشکی دا هەبوو، نەیهێنایە سەر لاپەڕەی کتێب[3]. دەگەڵ ئەوەش دا بێ گومان ئەوەی کە مارکس خۆی لە گەڵاڵەیەکی لێڵ دا وەک تایبەتمەندییە جیاکەرەوەکانی کۆمەڵگای ناوبراو لێیان تێدەگەیشت لە ناو ئەو بەشە لە نووسراوەکانی دا کە ئاماژەیە بە کۆمەڵگای سوسیالیستی دەردەکەوێ. گەڵاڵەپێشنیاری مارکس سەبارەت بە کۆمەڵگایەکی بێ چین، توخمەکانی ئەخلاقی، کۆمەڵناسانە و، مێژوویی لەخۆدەگرێ. لایەنی ئەخلاقی ئەو [گەڵاڵەپێشنیارە] بە شێوەیەکی ورد لە هێندێک لە دەست نووسە سەرەتاییەکانی مارکس دا، بە تایبەت لە "دەست نووسە ئابووری و فەلسەفییە[4]" کانی ساڵی ١٨٤٤دا تاوتوێ کراوە؛ هەڵبەت ئەو لایەنە لە

نووسراوەکانی دواتریشی دا لە بەر چاو گیراون[٥]. کۆمەڵگایەکی بێچین، لە لایەنی ئەخلاقییەوە وەک کۆمەڵگایەک پێناسەدەکرێ کە لەودا تاکەکان بە سەر چارەنووسی خۆیاندا کۆنترۆڵێکی زۆرتر و بەرامبەرتریان هەیە، لە دەستی سەرەڕۆییە خۆڵقاوەکانی دەستی خۆیان وەک دەوڵەت و بروکراسی، سەرمایە و تێکنۆلۆژی ئازادترن، هەروەها زۆرتر بەرهەمهێنن تا بەرژەوەندیخۆاز و، بەجێی هەستی دوژمنایەتی لە رکەبەرایەتی دەگەڵ تاکەکانیتردا، لە رەوتی هاریکاری کۆمەڵایەتی دەگەڵ ئەوان دا هەست بە چێژ دەکەن و ئەوان بە پاڵپشتی خۆیان دەزانن. مارکس هەردەم بەم گەشبینییەوە باسی لە ئەگەری هاتنەدی ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتییە نەدەکرد[٦].

بەڵام مارکس هەردەم وەک ئارمانجێک رێزی لەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتییانە دەگرت. وێنای مارکس لە مەر سەربەست بوونی تاک، بە شێوەگەلی جۆراوجۆر دەربڕاوە. یەکەم، تاک دەبێ لە دەست زۆر و قەدەری چینایەتی یان کاری خۆی رزگاری بێ؛ هەر وەک مارکس لە کتێبی *ئایدۆلۆژی ئاڵمانی* دا نووسیویەتی:

> ئەو پێوەندییە بەکۆمەڵ (جمعی)انەی کە تاکەکانی چینێک دەچنە ناوی لە رێگەی ئەو بەرژەوەندییە هاوبەشانەوە دابین دەکرێ کە ئەو تاکانە لە رووبەڕووبوونەوە دەگەڵ لایەنێکی سێهەم دا هەیانە. هەر خودی ئەو پێوەندییانە هەردەم پێکهێنەری کۆمەڵێک بوونە کە ئەم کەسانە وەک تاکە ئاساییەکان، تەنیا لەو رووەوە سەر بەو کۆمەڵە بوون کە لە ناو بارودۆخی ژیانی چینی خۆیان دا بەسەریان دەبرد. بەڵام لە مەر کۆمەڵی پرۆلیتاریای شۆڕشگێر کە هەلومەرجی ژیانی خۆی و ئەندامانی تری کۆمەڵگا کۆنترۆڵ دەکا، بابەتەکە تەواو پێچەوانەیە؛ لێرەدا کەسەکان وەک تاک [و نەک وەک ئەندامی چینێک] بەشداریان هەیە. هەر ئەو لێک کۆبوونەوەی تاکەکان (کە هەڵبەت خاوەن ئاستێکی بەرزە لە هێزە بەرهەم هێنەرە نوێیەکان) هەلومەرجی پێویست بۆ گەشە و چالاکی ئازادانەی مرۆڤەکانی لە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان، دابین دەکا؛ هەلومەرجێکی کە پێشتر رەپاڵ شانس درابوو و لە هەمبەر تاکە لێکجیاکان دا، بوونێکی سەربەخۆی وەدەست هێنا بوو.



دووهەم، تاک دەبێ لە ژێر دەستی حکوومەت و رێکخراوە دوورە دەست، دەست وێرا نەگەیشتوو، و نابەرپرسیارەکان دا ئازاد بێ و بە شێوازێکی کاملتر لە بڕیاردان لە مەر ئەو بابەتانەی خاوەن گرنگی کۆمەڵایەتی گشتین بەشداری بکا. مارکس بۆ وێنە وەک نموونەی پراکتیکی وەها بەشدارییەک کۆمۆنی پاریسی دەهێنایەوە. لەو کۆمۆنەدا ئەرکەکانی حکوومەت لە لایەن ئەندامانی شووڕای شارەوە بەرێوەدەچوون کە [ئەو ئەندامانە] لە رێگەی دەنگی گشتییەوە هەڵبژێردرابوون و خاوەنی بەرپرسایەتی کورت خایەن بوون و دەشکرا هەڵوەشێندرێنەوە و لەودا، سەرجەم کارە گشتییەکان، لە ئەرکەکانی ئەندامانی کۆمۆن را بگرە تا نزمترینی کارەکان، بە حەق دەستی کرێکاری بەرێوەدەچوو.

دەتوانین جەوهەری کۆمەڵناسانەی تێگەیشتنی مارکس لەو بڕوایەیدا بدۆزینەوە کە پرێنسیپی نابەرامبەری، لە بنیاتەکانی پێوەندیدار بە پۆلێن کردنی کۆمەڵایەتی — دابەشکاری لە نێوان خاوەنانی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و ئەو کەسانەی ئەو ئامرازگەلەیان نییە – و لەوەش سەرەکیتر، لە دابەشکردنی کار لە کۆمەڵگادا، بە تایبەتی لە جیاکردنەوەی کاری دەستی لە کاری فکری دا خۆ دەنوێنێ. لەو وتەیەرا وا دەردەکەوێ کە بەرامبەری تەنیا لەو رێگەیەوە وەدەستدێ کە چینەکان هەڵوەشێنەوە، کە بۆ ئەوەش پێویستە دابەشکردنی کار لە ناو بچێ. مارکس هەردەم جەختێکی زۆری دەکردە سەر ئەو مەرجەی دوایی. ئەو ئەم بڕوایەی بە شێوەیەکی ورووژێنەرانە و فانتازییانە لە *ئایدۆلۆژی ئەڵمانی* دا دەربڕیوە:

> هەر لە دەسپێکی دابەشکردنی کاردا، هەر تاکەو خاوەن بوارێکی چالاکی تایبەت و پاوانکراوە کە بە سەری دا دەسەپێندرێ و دەرباز بوونی نییە. ئەو راوچییەک، ماسیگرێک، شوانێک یان فیلسوفێکی رەخنەگرە و ئەگەر ناخوازێ بژیوەکەی بچێ دەبێ هەر ئەو رۆڵەی هەبێ. لە کاتێک دا لە کۆمەڵگایەکی کۆمۆنیستی دا هیچ کەسێک بوارێکی چالاکی پاوانکراوی نییە، بەڵکو هەر کەسە دەتوانێ لە هەر لقێک دا بە دڵخۆازی خۆی کار بکا، بەرهەمهێنان لە سەرجەمی خۆی دا لە لایەن کۆمەڵگاوە رێکدەخرێت و کەواتە ئەم دەرفەتەم

دەداتێ کە ئیمڕۆ ئەو کارە بکەم و سۆزی کارێکی تر؛ کە پێم خۆشە بەیانی خەریکی راوکردن بم، دوانیوەڕۆ ماسی بگرم، ئێوارە لە بەر مەر بم، دوای نان خواردنی شەویش خەریکی فەلسەفەی رەخنەیی بم و لە هەمان کاتیش دا هیچ کات نەبمە راوچییەک، ماسیگرێک، شوانێک، یان فیلسووفێکی رەخنەگر.

بەڵام دواتر لە بەرگی یەکەمی *کاپیتاڵ* دا بە شێوەیەکی رێئالیستی تر باس هەر لەو بیرۆکەیە دەکا:

لە جیاتی کرێکارێکی وردەکاری ئیمڕۆیی، ئەو مرۆڤە بەربەند کراوە، ئەو بوونەوەرەی تەنیا هەڵگری فۆنکسیۆنێکی کۆمەڵایەتی تایبەتە، تاکێکی تەواو گەشە سەندوو دێتە ئاراوە. بۆ وەها تاکێک ئەو فۆنکسیۆنە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرانەی کە بەئەنجامیان دەگەیەنێ شتێک نین جگە لە ژمارەیەکی زۆر لە شێوازەکانی چالاکی کە دەکرێ لەجێی یەک دایانبنێین. هەنگاوێک بۆ بە پراکتیک کردنی ئەو شۆڕشە کە لەپێشترد بەشێوەیەکی خۆرسک هەڵێندراوەتەوە سازدانی قوتابخانە تکنیکی و کشتوکاڵییەکان و هەروەها دامەزراندنی قوتابخانە فێرکارییە پرۆفیشناڵەکانە[7] کە لەواندا منداڵی کرێکاران لە بواری تێکنۆلۆژی و دەکارهێنانی پراکتیکی ئامرازگەلی جۆراوجۆری کار دا رادەهێنرێن... بێ گومان کاتێک چینی کرێکار بە دەسەڵات بگا، فێرکارییە تکنیکییەکان، هەم بە شێوەی تیۆرەکی و هەمیش بە شێوەی پراکتیکی، پێگەی شیاوی خۆی لە قوتابخانەگەلی چینی کرێکار وەدەست دێنێ.

بەو پێیە، بەڵگە هێنانەوەکەی مارکس بە هەمان رادە کە دژی بیرۆکەی چینایەتییە بە هەمان رادەش دژی بیرۆکەی گرووپە ئێلیتە کارییەکانە– تەنانەت ئەو ئێلیتانەی کە تەنیا لە سەر بنەمای لێهاتووییەوە وەک ئەندام وەرگیراون. دابەشکردنی کار لەوەش گرنگتر، لێک جیاکردنەوەی ئەو کەسانەی کە خەریکی بیرکردنەوە و بەرنامەدارشتنن لەو کەسانەی کە تەنیا خەریکی کاروباری ئاسایی رۆژانەن دەبێتە هۆی بەرهەم هێنانەوەی



بەردەوامی سیستمی چینایەتی و تاکەکان لە ناو بیاڤێک لە ژیان دا سنووردار دەکا کە خۆیان، ئەو شێوەیەیان هەڵنەبژاردووە و ناشتوانن لەو بیاڤ (حوزە)ەدا، ئامرازگەلی [پێویست] بۆ گەشەی سەرجەم تواناکانیان وەدەست بێنن.

تۆخمی مێژوویی تێگەیشتنی مارکس دوو لایەنی هەیە. یەکەم، مارکس پرۆژەیەکی مێژوویی دەخاتەڕوو کە زۆرتر لە چوارچێوەی شارستانییەتی رۆژئاوادا وڵام دەرەوەیە و لەودا شێوازگەلی سەردەستی و ژێردەستی — ئەرباب و کۆیلە، زەویداری فیئۆدال و "سرف"، بورژوای سەنعەتی و کرێکار — زنجیرەیەکی [مێژوویی] پێک دێنن کە لایەنی بەرچاوی ئەو [زنجیرەیە] بریتییە لە ئاگاییەکی رووەوزیادبوون نیسبەت بە لە هەمبەریەک راوەستانی نێوان چۆنیەتی (کیفی)ەکانی مرۆڤ وەک تاکێک و تایبەتمەندییەکانی وەک ئەندامی چینێکی کۆمەڵایەتی:

لە رەوتی ئاڵوگۆڕی مێژوویی دا... لە نێوان ژیانی کەسێنی تاک دا و ژیانی ئەو بەو شێوەیە کە بەهۆی لقێکی کاری و ئەو هەلومەرجەی لە تەکیدایە دیاریدەکرێ، جیاوازییەک سەرهەڵدەدا... لە سیستمێک دا کە لە سەر بنەمای ستاتۆی Status تاکەکانە، (و زۆرتر لە ناو تیرەیەک دا) ئەو جیاوازییە هێشتا شاراوەیە؛ بۆ وێنە نەجیب زادە و مرۆڤێکی ئاسایی، بە بێ لە بەر چاو گرتنی پێوەندییەکانی تریان، هەردەم نەجیب زادە و مرۆڤێکی ئاسایین و ئەوەش چۆنیەتییەکی جیانەبۆوە لە تایبەتمەندیی رەفتاری و کەسێتی هەرکام لەوانە. جیاوازی لە نێوان تاک لە بواری کەسایەتی و چینایەتییەوە، واتە سرشتی بەرێکەوتی هەلومەرجەکانی ژیانی تاک، تەنیا بەسەرهەڵدانی چین، کە خۆی بەرهەمی بورژوازییە دەردەکەوێ... ناکۆکی نێوان کەسییەتی تاکی پرۆلیتەر و هەلومەرجی ژیانی سەپێندراو بە سەری دا، واتە کارەکەی، بۆ خۆشی روون دەبێتەوە چوونکە لە سەردەمانی گەنجێتی بە دواوە دەبێتە قوربانی و لە ناو چینەکەی خۆی دا هەل و دەرفەتێکی بۆ گەیشتن بە چینێکی تری بۆنارەخسێ[8] .

مارکس ئەڵقەیەکی تریش لەو زنجیرە [مێژووییە]، واتە کۆمەڵگای بێ چینی داهاتوو زیاد دەکا. لەو کۆمەڵگایەدا لە نێوان چۆنیەتی (کیفیت)یە کەسێنییەکانی تاک و هەلومەرجی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەودا هیچ چەشنە ناکۆکییەکی توند لە ئارادا نییە و هەمووی تاکەکان دەتوانن تواناکانی خۆیان پەرەپێبدەن و تەنیا وەک ئەو بوونەوەرە سرووشتی و لەنەمانانە کە چارەیەکی تریان جگە لە بەرهەم هێنانی ئامرازگەلی ماددی ژیانی خۆیان نییە، ناچارن مل بدەنە هیندێک سنووردارێتی و بەربەندی.

دووهەم مارکس کۆمەڵگای بێ چینی وەک شێوازێک لە کۆمەڵگا دادەنا کە تەنیا لە چرکە ساتێکی مێژوودا، شیاوی وێناکردن و وەدەستهێنانە کە کاپیتالیزم گەیشتبێتە دوا پلەی گەشەی خۆی، چوونکە لە کۆتایی کاپیتالیزم دا بۆ یەکەم چار چینێکی ژێردەست —واتە پرۆلیتاریا— بەدیدێ کە هیچ جۆرە جۆراوجۆرییەکی کۆمەڵایەتی زۆرتر هەڵناگرێ. کاتێک پرۆلیتاریا خاوەندارێتی لە چەنگ کاپیتالیستە خاوەن پیشەسازییە ئازادەکان دەرهێنا، پێکهاتەگەلی کۆمەڵایەتی نوێ بەدی دێنێ کە دەربڕی هاوچەشنی و هاوپێوەندی ئەو چینەن و دەبنە لەمپەری سەر رێگەی پێکهاتنی گرووپگەلی شازی نوێ.

لەناو لایەنگرانی نوێی بەرامبەری دا، تەنیا تاقمێکی کەم دژی ئامانجی ئەخلاقی مارکس لەمەر کۆمەڵگایەکی بێ چینن؛ بەڵام شک لەوەدا نییە کە ئەوانە بە چاوی گوومانەوە سەیری هیندێک بەڵگەهێنانەوەی مێژوویی و کۆمەڵناسانەیان کردوە کە مارکس بە پاڵپشتی ئەوان چۆنیەتی سەرهەڵدانی ئەو کۆمەڵگایەی روونکردۆتەوە و تایبەتمەندییەکانی دیاریکردووە. ئەوان زۆرتر رەخنە لەو راڤەیە دەگرن کە بە راڤەی مارکسیسمی "ئۆرتۆدۆکس" یان "فەرمی" لە کۆمەڵگای بێ چین دا (کە بەختەوەرانە ئێستا باوی نەماوە) ناسراوە. ئەو راڤەیە چەمکی کۆمەڵگای بێ چین تا ئاستی ئەو جۆرە زاراوە تکنیکییە دادەبەزێنێ کە بۆ وەسف کردنی دۆخێک دەکار دێ کە لەو دا خاوەندارێتی تایبەتی ئامرازەکانی بەرهەم هێنان بەرچاو نییە. یەکێک لە رەخنە سەرەکییەکان لەسەر راڤەی مارکس بێ گومان ئەوەیە کە مارکس پێی وایە کۆمەڵگایەکی بێ چین- دەگەڵ بەرامبەری و ئازادییە راستەقینەکەی دا — تەنیا بۆ یەکجار دێتەئاراوە: لە ساتێک دا مرۆڤەکان لە دنیایەکی پڕ لە خۆ بە زلزانی،



چاوچنۆکی، و پڕ لە کێشمەکێشی کاپیتالیستی دا ژیان تێپەر دەکەن و لە ساتی دواتردا سەردەمانی بەر لە مێژوو کۆتایی پێدێ و مرۆڤەکان دەست دەدەنە بەدیهێنانی بنیاتە نوێیەکانی کۆمەڵگایەکی بێ چێن. هەڵبەت ئەو رەخنەیە زۆریش لەجێدا نییە، چوونکە مارکس باس لە قۆناخێکی گواستنەوە لە نێوان کاپیتالیزم و سوسیالیزم دا دەکا. کە جاروبار [ئەو قۆناخە] بە دەستەواژەی ناقۆڵای "دیکتاتۆری پرۆلیتاریا" وەسف دەکا — و هەروەها باس لە گەشە و پێشکەوتن دەکا بەرەو "ئاستێکی ژووروتری کۆمەڵگای کۆمۆنیستی[٩]"بەڵام رەخنەی نوبراو لەو رووەوە بەجێیە کە مارکس هیچکات ئەو ئەگەرەی لەبەرچاو نەگرتوە کە [لە وانەیە] لە ژێر هەلومەرجێکی دیاریکراودا (بۆ وێنە لە ناخی دیکتاتۆری پرۆلیتاریادا کە بە سانایی سەرەڕۆیی پارتێکی لێدەکەوێتەوە) جیاوازییە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان و چینێکی دەسەڵاتداری نوێ لە کۆمەڵگا دا سەرهەڵبدەن و جێی کاپیتالیزم بگرنەوە. ئەوە خاڵی لاوازی رێبازی مارکسیستییە کە لە لایەن تێئۆریسیێنە ئێلیتیستییەکانەوە، بە تایبەت میخێلزەوە سەرکەوتوانە دراوەتە بەر هێرش[١٠] و ئەزموونەکانی یەکێتی سۆڤییەت و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئورووپا لە سەردەمی ستالین دا نرخ و بایەخێکی زۆرتریان دا بەو رەخنانە. بەو پێیە ریمۆن ئارۆن دەتوانێ کۆمەڵگای بێچین لە چوارچێوەی ئەو رستانەی ژێرەوەدا وەسف بکا:

> سەرەڕای ئەوەش لە وەها کۆمەڵگایەک دا ئێستاش ژمارەیەکی کەم لە تاکەکان هەن کە بە کردەوە بەرێوەبردنی پیشەکانیان لە ئەستۆیە، هەروەها بە سەر ئەرتەش دا دەسەڵاتیان هەیە و، لەمەر ئەو بابەتانە بڕیار دەدەن کە دەبێ چ رێژەیەک لە سەرچاوە نەتەوەییەکان بۆ پاشەکەوت، تەرخانکردنی سەرمایە و نرخە نەگۆرەکانی هەق دەستەکان تەرخان بکرێ. ئەو کەمایەتییە، دەسەڵاتێکی یەکجار زۆرتریان لە دەسەڵاتدارە سیاسیەکانی کۆمەڵگایەکی دێموکراتیک دا هەیە، چوونکە هەردووک دەسەڵاتی سیاسی و دەسەڵاتی ئابووری لە دەستی ئەوان دا کۆ بۆتەوە. سیاسەتوانان، رێبەرانی یەکێتییە کرێکارییەکان، فەرمانبەرانی

دەوڵەتی، ژێنراڵەکان، و کارگێڕەکان، هەموویان سەر بە پارتێکن و پێکهێنەری بەشێک لە ڕێکخراوێکی دەسەڵات ویست پێک دێنن. ئەو گرووپە ئێلیتە یەکدەستە، خاوەن دەسەڵاتێکی ڕەها و بێ سنوورە. سەرجەم هێزە میانەڕۆکان، هەروەها سەرجەم دەستەبەندییە تاک کەوتووەکان (دستەبندیهای منفرد) بە تایبەت گرووپە پرۆفیشناڵەکان، لە ڕاستی دا لە لایەن نوێنەرانی ئەو گرووپە ئێلیتەوە کۆنترۆڵ دەکرێن، یان ئەگەر ئەو زاراوەتان پێ خۆش نییە [دەتوانین بڵێین] لە لایەن نوێنەرانی دەوڵەتەوە کۆنترۆڵ دەکرێن... کۆمەڵگایەکی بێچین، کۆمەڵانی خەڵک لە هەمبەر ئەو گرووپە ئێلیتە دا بەبێ هیچ چەشنە ئامرازێکی داکۆکیکەر وێڵ دەکا[11].

پاشان ئارۆن یەکێک لە ڕەخنە شیاوەکان لە مەڕ شرۆڤەکەی خۆی دا لە بەرچاو دەگرێ واتە ئەوە کە [لە شرۆڤەکەی دا] بیرۆکەی کۆمەڵگایەکی بێچین دەگەڵ وێنەیەکی کەم تا زۆر ورد لە کۆمەڵگای یەکێتی سۆڤییەت دا بە هەڵە وەرگیراوە. ئارۆن [ئەو بابەتە ئاوا] پشت ڕاست دەکاتەوە کە:

لە باری تیئۆریک دا جۆرێکی تر لە کۆمەڵگای بێ چینیش ڕێیتێدەچێ. بەڵام لە هەلومەرجی ئێستادا، دەستەبەربوونی جۆرەکانی تری کۆمەڵگای بێ چێن ڕێیتێناچێ. بۆ دووری کردن لە بە پاوان بوونی دەسەڵات لە دەستی ئەو کەسانەی کە کۆنترۆڵی دەوڵەتیان بە دەستەوەیە دەبێ دیسان هیندێک لە ناوەندەکانی دەسەڵات زیندوو بکرێنەوە؛ خاوەنداریێتی ناوەندە ئابووری و تیجارییە جۆراوجۆرەکان لە جیاتی ئەوەی لە دەستی دەوڵەتێکی ناوەندی دا بن دەبێ بدرێتە دەستی ئەو کەسانەی کە لەوان دا خەریکی کار کردنن، [واتە] کۆمەڵگا ناوچەیی و یەکێتیە کرێکارییەکان ببنە خاوەنی [ئەو جۆرە ناوەندانە]. لە کاتی ئێستادا هاتنەدی وەها ناناوەندیەتییەک لەبەر هۆکاری دەروونناسانە و هەروەها تکنیکییەوە دوورە. هەروەها دەتوانین ئاوا وێنا بکەین کە



ئێلیتە دەسەڵاتدارەکان، جۆرێک تاقمی (فرقە) ئایینی و نیزامی پێک نەهێنن و بە شێوەی پارتێکی دێموکراتیک ڕێک بخرێن. دەگەڵ ئەوەش دا بیرۆکەیەک کە ڕێیتێدەچێ بێتەدی لە پراکتیک دا شتێکی یەکجار نەگونجاوە... تەنانەت لەوەش سەرووتر، ئەو پاوانە ئیدئۆلۆژیکەی کە ئێلیتە دەسەڵاتدارەکان پارێزگاری لێدەکەن بە رای من دەگەڵ پێویستییە سرووشتییەکانی وەها ڕژیم گەلێک پێکەوە دەگونجێن... بە کورتی، ناکرێ یەکدەستی گرووپی ئێلیت لە چڕبوونەوەی گشت تازیاری (امتیاز)یە ئابووری و سیاسییەکانی کە لە دەستی ئەو گرووپە دان، لێک جیا بکرێتەوە و هەروەها خودی ئەو چڕبوونەوەش لە بەرنامەڕێژی ئابوورییەکی تەواو بەکۆمەڵ جیاناکرێتەوە[12].

داخوا دەکرێ وڵامی ئەو ڕەخنانە بدرێنەوە و ئامانجی کۆمەڵگایەکی بەرامبەر بە شێوازێکی شیاوتر داڕێژرێتەوە؟ سەرەتا ئیزن بدەن ئاماژە بکەمە سەر هێندێک خاڵی هاوبەشی گرنگی نێوان کۆمەڵگای بێ چینی یەکێتی سۆڤییەت بەو شێوەیەی ئارۆن وەسفی دەکا و کۆمەڵگایەکی جەماوەری[13] کە سی رایت میلز سەرهەڵدانەکەی لە وڵاتە یەکگرتووەکان دا بەدیدەکرد. لە کۆمەڵگایەکی جەماوەری دا کە میلز لە هەمبەر "کۆمەڵگایەکی دێموکراتیکی خاوەن بوارەکانی بەشداری گشتی"دا دایدەنا:

A/ ئەو کەسانەی بیروباوەڕ دەردەبڕن زۆر کەمترن لەو کەسانەی ئەو بیروباوەڕە وەردەگرن، چونکە کۆمەڵگای مەدەنی دەبێتە کۆیەکی ئابستڕە (انتزاعی) لەو تاکانەی کە لە ژێر کاریگەری ڕاگەیەنەرە گشتییەکان دان؛

B/ پێوەندییە زاڵ (حاکم)ەکان وەها ڕێکخراون کە دژکردەوەی کاریگەر و لەجێ دا لە هەمبەر ئەوان دا بۆ تاک حەستەمە؛

C/ بە پراکتیک کردنی بیروباوەڕ لە لایەن ئەو چاوگانەوە کۆنترۆڵ دەکرێن کە ڕەهەندی وەها کردەوە گەلێک ڕێکدەخەن و کۆنترۆڵی دەکەن؛

D/ جەماوەر خاوەنی هیچ چەشنە سەربەخۆییەک لە بنیاتەکان نییە. بە پێچەوانەوە، کاربەڕێوەبەرانی بنیاتە ئیزن دراوەکان، دزە دەکەنە ناو ئەو جەماوەرهوەو و دەبنە هۆی کەمبوونەوەی هەر جۆرە سەربەستییەک کە لەوانەیە جەماوەری ناوبراو لە فۆڕم دانی بیروباوەڕ لە ڕێگەی باس و گفتوگۆوە هەیبێ[١٤].

یەکێک لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ستروکتووری هاوبەش لە نێوان کۆمەڵگای بێ چین و کۆمەڵگای جەماوەری دا، هەرەس هێنان یان لە ناوچوونی ڕێکخراوە مام ناوەندییەکانە – واتە ئەو ئەنجومەنانەی کە هێندە بچووکن کە تاک هەلی بۆ دەرەخسێ تا [هەست بکا] بیروباوەڕی لە چالاکییەکانی ئەو ئەنجومەنەدا بە هێند وەردەگیرێ — و ئەویتریشیان مەودای رووەو زیاد بوونە لە نێوان ڕێبەران و کۆمەڵانی خەڵک لە سەرجەم جۆرەکانی ڕێکخراوەکان دا. ئاشکرایە ئەو تایبەتمەندییانە لە کۆمەڵگای لە جۆری سۆڤییەت دا لەچاو وڵاتە ڕۆژئاواییەکان دا زۆر زەقترە، چونکە لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان دا هیچ چەشنە لەمپەرێکی سیاسی یان یاسایی لە هەمبەر پێکهاتنی ئەنجومەنەکان دا لە ئارادا نییە و لە نێوان ڕێکخراوە گەورەکان دا رکەبەرایەتێکی ئاشکرا و نهێنی بۆ وەدەست هێنانی وەفاداری هاووڵاتییان لە ئارادایە. بەڵام ئەو دوو جۆرە کۆمەڵگایە تایبەتمەندیی هاوبەشیان پێکەوە هەیە کە ئاکامی هۆکارگەلی گشتی ترە، بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بکەینە سەر ئەو چەند بابەتە: گەشەی قەوارە و دەسەڵاتی ڕێکخراوەکان، بە تایبەت کۆمپانیا چەند نەتەوەییەکان، کە دەرئەنجامی پێشکەوتنە تیکنیکییەکانن (لە بواری بەرهەم هێنان، پێوەندییەکان و هتد)ە؛ دزە و کۆنترۆڵی روو لە زیاد بوونی دەوڵەت لە سەر بەرهەمهێنانی ئابووری بێجگە لە جۆری ئابوورییەکە، کە تا ڕادەیەکی زۆر ئاکامی بەرهەمهێنانی زۆری کەرەسەی شەر و رکەبەرایەتی نێونەتەوەیی لە نێوان نەتەوەکان دا لە دۆخێکی نیوە شەردایە و خۆی بوارێکی لەبارە بۆ گەشەی ڕێبەرایەتی سیاسی کۆجێیی و دەسەڵات ویست.

ناکرێ دەگەڵ هەمووی ئەم کارتێکەرییە نەخوازراوانە لە چوارچێوەی تەنیا کۆمەڵگایەک دا بەربەرەکانی بکرێ. ئەو کارە پێویستی بە پێکهێنانی ئاڵوگۆر لە پێوەندی نێوان نەتەوەکانیش دا هەیە. پرس گەلێک کە دەکرێ لە ئاستی نەتەوەیی



دا دەگەڵیان رووبەروو بینەوە تا ڕادەیەکی زۆر هەر وەک ئارۆنیش وەبیر دێنێتەوە لە قەوارە و گرێوگۆڵی ڕێکخراوەکان و هەروەها لەو ویستە ئۆتۆریتێریانیستیانەوە سەرچاوە دەگرێ کە لە ناو بەرنامە دارشتنە ئابوورییە زۆر کۆجێییەکان دا خۆی حەشارداوە. هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی چارەسەری ئەو کێشانە دەبێ بە چەند ئاراستەی جۆراوجۆردا تێپەرێ کە لە بەشی رابردوودا ئاماژەمان بە هێندێک لەوان کرد، یەکێک لەو چارەسەریانە جێگیرکردنی بەرزترین پلەی شیاوی دەسەڵاتێکی ناناوەندێتی لە ڕێگەی گۆازتنەوەی بەرپرسایەتی بڕیاردان لە سەر چکۆڵەترین بابەتەکان بۆ شووڕا خۆجێی و ناوچەیییەکان و هەروەها بۆ ئەنجومەنە ئازادەکانە، هەروەها پەرەپێدانی خۆبەڕێوەبەرایەتی بۆ ناو گۆڕەپانی ئابووری لە ڕێگەی بەدی هێنانی بنیاتە نوێ و شیاوەکانی وەک سیستمی خۆبەڕێوەبەرایەتییەکان لە ئابوورییەکی کۆمەڵایەتی دا، دەکرێ دەگەڵ مەترسی فۆڕم گرتنی چینی دەسەڵاتداری نوێ پێکهاتوو لە سەرۆکە سیاسییەکان و کارگێڕی پیشەکان، هەم لە ڕێگەی جێگیرکردنی خۆبەڕێوەبەری لە کارخانە دا و هەمیش لە ڕێگەی بەربەند کردنەوەی پانتایی خاوەندارێتی گشتی دا بەربەرەکانی بکردرێ. بە باوەری من پێویست نییە بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی بەرامبەر سەرجەم جۆرەکانی تیجارەت و وردە کشت و کاڵی یان بەرهەم هێنانی نیمچە وەستایانە (Artisan) لە ناوەندەکان و کاربەڕێوەبەرایەتییە گەورەکانی ژێر خاوەندارێتی گشتی دا تێکەڵ بکردرێنەوە. دەگەڵ ئەو بابەتە دا دەبێ لانیکەم وەک مەسەلەیەکی پڕاکتیک هەڵسوکەوت بکردرێ و هەر چەشنە ئۆگرییەکی ئەو جۆرە چالاکییە ئابوورییە تایبەتانە بۆ پێکهێنانی چینە نوێیەکانی کۆمەڵایەتی و هەروەها نابەرامبەرییە بنەرەتییە نوێیەکان دەبێ لە ژێر تیشکی ئەزموون گەلی وەدەست هاتوودا شرۆڤە بکەین. هەر بەم پێیە، دەگەڵ مەترسییەکانی دیکتاتۆری فکریش دەکرێ لە ڕێگەی دانی خۆبەڕێوەبەرییەکی زۆر بە ڕێکخراوە فێرکاری و فەرهەنگییەکان بەربەرەکانی بکرێ.

لە بواری فکری دا، بوونی ئەنجومەنە سەربەخۆکان کە دەگەڵ یەکتر نەتەنیا لە گۆڕەپانی رادیو و تەلەڤیزیۆن و چاپەمەنییەکان دا بەڵکوو هەروەها لە بواری چاپی کتێب و توێژینەوەی زانستیش دا بکەونە رکەبەرایەتێوە، گرینگی تایبەتی خۆی هەیە؛

هەڵبەت ئەو مەرجە دەگەڵ پلەگەلێک لە خاوەنداریێتی گشتی دا بە تەواوی کۆکە. دەکرێ ئەنجومەن گەلی ناوبراو بەتەواوی لە ژێر خاوەنداریێتی یان کۆنترۆڵی کاریگەری ئەندامانی خۆیان دا بن و وێرای بەهرەمەندبوون لە پشتگیری سەرمایە گشتییەکانەوە لەو یاسا گشتییانەی کە لە لایەن چاوگەیەکی نەتەوەییەوە دانراون رێڕەوی بکەن. بارودۆخی زانکۆکان لە زۆربەی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان دا لە پێشترەوە بەو شێوەیە بووە. هەڵبەت لە سەرەتاکانی دەیەی ١٩٨٠ دا بە تایبەت لە بریتانیادا ئۆگریەکی بەرچاو بەرەو لای سەپاندنی هەرچی زۆرتری یاسا حکوومەتیەکان بە سەر زانستگاکان دا سەری هەڵداوە. دەکرێ هەر ئەو پرێنسیپە لە مەر چالاکییە پیشەسازی و تیجارییەکان دا رەچاوکرێ. هەر کام لەو دامەزراوانە (بنگاه) دەتوانێ لە ژێر خاوەنداریێتی ئەو کەسانە دا بێ کە لە ناویان دا خەریکی کارن و هەر ئەو کەسانەش دەتوانن لە مەر بەشی زۆری سیاسەتەکانی ئەو دامەزراوانە بڕیار بدەن. ئەو دامەزراوانە دەتوانن لە باری نرخ و چۆنیەتی [بەرهەمەکانی خۆیان] لانیکەم تا ئەو رادەیە کە دامەزراوەکانی ژێر دەستی خاوەنداریێتی تایبەتی دەتوانن — یان ئاوایان لێ تێدەگەن — دەگەڵ یەکتر بکەونە رکەبەرایەتییەوە و لە هەمان کاتیش دا پێڕەوی لە هەر چەشنە کۆنترۆڵێکی پێویست لە راستای بەرنامەیەکی ئابووری نەتەوەیی دا بکەن. سەرکەوتنەکانی وەها سیستمێک کە خاوەنداریێتی گشتی دەگەڵ شێوازێک لە ئابووری بازاردا لە خۆی دا کۆدەکاتەوة و وێنەیەک لەو جۆرە سیستمە تا دەیەی ١٩٨٠ لە یۆگۆسلاویادا هەبوو پێشاندەری ئەوەن کە سەرەرای بوونی زۆر گرفتی پراکتیکی، ئەو سیستمە چوارچێوەیەکی جێگەی متمانە بۆ رێکخراوەی ئابووری دابین دەکا و چی تر تەنیا خەونێکی ئیدەئالیستانە نییە. لە ڕواڵەت دا هیچ بەڵگەیەک بۆ پشتگری لەم باوەڕە لە ئارادا نییە کە دەڵێ لەو کۆمەڵگا پێشکەوتوە پیشەسازییانەی کە ناچار نین خۆیان لە بابەتی دژواری کۆکردنەوەی سەرمایەی سەرەتایی دا وەردەن کۆنترۆڵی سەرجەم ئابووری لە لایەن چاوگەیەکی بەرنامەدارێژی ناوەندییەوە و، لە ژێر سیستمێکی خاوەنداریێتی گشتی وەک ئەوەی کە خستوومەتە روو توندوتیژتر و فەرماندەرانەتر بێ لە سیستمێکی پێکهاتوو لە دامەزراوە ئابوورییە تایبەتەکان. چونکە لە هەر دوو بابەت دا دەبێ دەگەڵ کێشەگەلی زۆر وەکیەک بەربەرەکانی بکرێ



و هەروەها لە شێوازگەلی وەکیەک دەکرێ کەڵک وەرگیرێ. بۆ وێنە، لە فەرانسەدا بەرنامە دارێژەرانی ئابووری دوای شەر، دەسەڵاتێکی بەرچاویان هەبوو و لە ژێر کۆنترۆڵی توندی نوێنەرانی هەڵبژێراوی خەڵکیش دا نەبوون.

بە باوەڕی من تێبینییەکانی سەرەوە بۆ پێکهێنانی دڕدۆنگییەکی جیددی لە مەر ئەو ئیددیعایەی ئاڕۆن کە لە ئابوورییەکی کۆمەڵایەتی دا دەستڕاگەیشتن بە ناناوەندێتی راستەقینەی دەسەڵات یان هەڵاتن لە یەکریتمی فکری و فەرهەنگی نەشیاوە، تەواون. هەڵبەت ئەوە قسەیەکی راستە کە تەنانەت لە کۆمەڵگایەکی بێ چینیش دا کە خاوەنی ئەوپەری ناناوەندێتی بێ و لەودا ئەنجومەنی سەربەخۆی زۆر پێک هاتبن، دەبێ لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگادا سەبارەت بە تایبەتمەندییە گشتییەکانی رێکخستنی ئەو کۆمەڵگایە رێککەوتنێکی بنچینەیی بوونی هەبێ. بەڵام ئەو بابەتە لە مەر هەر کۆمەڵگایەکی کە بیهەوێ بەردەوام بێ راستە و هەر وەک بینیمان ئەو کەسانەش کە زۆربوونی گرووپە ئێلیتە رکەبەرەکان بە پارێزەری دێموکراسی دادەنێن دیسانیش ئەو مەرجەی لێ زیاد دەکەن کە رکەبەرایەتی نێوان ئەو گرووپانە نابێ شێوەی زێدەڕۆیی بە خۆوە بگرێ. ئەوان هەروەها بوونی هاودەنگییەکی سیاسی بە پێویست دەزانن. هیوای لایەنگرانی بەرامبەری ئەوەیە کە ئەزموونی ژیان لە کۆمەڵگایەکی کە بە خێرایی لەو ئامانجە نزیک دەبێتەوە لە ئاکام دا مرۆڤەکان لە بایەخی بەرامبەری ئاگادار بکاتەوە. ئەگەر ئەو هیوایە بێتەدی، دەگەڵ پاراستنی هەموو جۆرە جیاوازییە فکرییەکان و هەروەها سەرجەم جۆرە بەربژێرەکان سەبارەت بە شێوەی ژیانی تاکەکەسی، دیسانیش رێککەوتنێکی گشتی لە کۆمەڵگا دا لە ئارادا دەبێ؛ رێککەوتن لە سەر پێویستی بەرامبەری کۆمەڵایەتی و بەرهەڵستی کردن دەگەڵ ئەو نابەرامبەریانەی کە بەدیهێنەر و پارێزەری جیاوازییە بەردەوامەکانی نێوان هەموو گرووپە مرۆییەکانن.

ئێستا ئیزن بدەن بگەرێینەوە سەر پرسێکی تر کە دەرئەنجامی چەمکی کۆمەڵگای بێ چینی مارکسە. بە پێی باوەڕی مارکس، دابەشکردنی کار، جگە لەوە کە خۆی لە خۆیدا لەمپەری گەشەی تەواوی هەر تاکێکە و هۆی جۆرێک کۆیلە بوونە، دەبێتە هۆی بەدیهاتنی چینە کۆمەڵایەتییە سەرەکییەکانی کە دژوارترین بەربەستەکان

دەسەپێننە سەر ئازادی مرۆڤ. کەواتە، دەبێ بە سەر دابەشکردنی کاردا "زاڵ بین": واتە هەڵیوەشێنینەوە و لێی تێپەرین. بەڵام داخوا لە کۆمەڵگایەکی پیشەسازی مۆدێرن دا قسەکردن لە "هەڵوەشاندنەوەی" دابەشکردنی کار، واتایەکی هەیە؟ لە یەکەم سرنج دا، ئەم پرسە ئیمڕۆ دژوارتر لە ڕۆژگاری مارکس دێتە بەرچاو. چونکە پیشەکان، بۆ وێنە پیشە فکرییەکان، بە خێرایی پسپۆڕانەتر بوون و لە بواری بەرهەم هێنانی زۆری سەنعەتی دا، دابەشکردنی ئەرکەکان گەیشتۆتە قۆناخێک کە هەر کرێکارێک، کە کارە ڕۆژانەکەی تەنیا چەند جووڵانەوەیەکی ساکار لە خۆ دەگرێ، هەر بۆیە پێویستی بە بیرکردنەوە نییە و کارەکەی چەند پاتە کارییە، [و کاری کرێکار] هەر دێ و زیاتر وەک پاشکۆی کاری ماشێنەکانی لێ دێ. دەگەڵ ئەوەش دا، ئاڵوگۆڕی تریش لە گۆڕەپانی کاردا هاتوونەتە ئاراوە و دەتوانین دەرفەتی نوێتر ببینینەوە کە باوەڕی مارکس سەبارەت بە دواڕۆژ تارادەیەکی زۆر پاساوهەڵگرتر نیشان دەدا. یەکەم، لە سرووشتی پیشەکان دا، ئاڵوگۆڕگەلێک هاتوونە ئاراوە کە بە تایبەت دەرئەنجامی گەشەی ئۆتۆماسیۆن [ئۆتوماتیک بوونی مەکینەکان]ن. کاریگەریی ئۆتۆماسیۆن بۆتە هۆی وەلانانی کرێکاری [ئاسایی] لە پشت هێڵی بەرهەم هێنان و دانانی تاکی خوێندەوارتر و بەرپرسیارتر لە جێگەی ئەو. ئەرکی ئەو تاکە، چاوەدێرییە بە سەر زنجیرەی بەگرێوگۆڵی بەرهەم هێنان کە خۆشی بە خەستی لە ژێر کۆنترۆڵی ماشێنەکان دایە. لە سەردەمانی ئێستادا ئەو ئاڵوگۆڕانە کارتێکەریان لە سەر بەشێکی بچووکی پیشەسازییەکان دا هەبووە، بەڵام ڕۆژ دەگەڵ ڕۆژ گرنگایەتیان بەرەو زیاد بوونە. دووهەم، هێزی بەرهەم هێنانی زۆری پیشەسازییە نوێیەکان، بەر لە هەموو شتێک کەم بوونەوەی کاتی کاری مسۆگەر کردووە و گەشەی خێرایی هێزی بەرهەم هێنان، دەبێتە هۆی ڕەخساندنی حەوتوویەکی کار پێکهاتوو لە ٢٥ یان ٣٠ کاتژمێر بۆ سەرجەم وڵاتە پێشکەوتووە پیشەسازییەکان لە یەک یان دوو دەیەی داهاتوودا. ئەم وڵاتانە خەریکی بەدیهێنانی دیاردەیەکی نوێ و شۆڕشگێڕن واتە "چینێکی حەساوە" کە بەشێکی بەربڵاو لە خەڵک لە خۆ دەگرێ[15]. سێهەم ئەگەر لە پیشەسازییەکانی ژێر دەستی خاوەندارێتی گشتی دا جۆرێک لە خۆبەڕێوەبەرایەتی کە پێشتر باسمان لێوەکرد بەڕێوەبچێ و بێتوو ئەو جۆرە خاوەندارێتییە گشتییە لە



هەموو دامەزراوە ئابوورییە گەورەکان دا بێتە ئاراوە پانتایی چالاکی کاری کرێکارانی دەستی و ئۆفیسی بە شێوەیەکی بەرچاو گەشە بە خۆوە دەبینێ. ئیتر کرێکاران لە چوارچێوەی ئەو ئەرکانەی تێیان دا پسپۆڕن نامێننەوە بەڵکوو لە پلاندانان و بەڕێوەبەرایەتی بەرهەم هێنانیش دا بەشداری دەکەن.

ئەو ئاڵوگۆڕە جۆراوجۆرانە لە ڕێکخراوی ژیانی پیشەیی دا لە تێکەڵ کردن دەگەڵ یەکدی، چەمکی دابەشکردنی کار لە بناغەوە دەگۆڕێ. تاکێک کە ماوەی حەسانەوەی زیاتری هەیە هەر وەک مارکس باوەڕی وابوو دەرفەتی دەبێ هەتا بپرژێتە سەر زیاتر لە چالاکییەک، هەروەها دەتوانێ [تواناکانی] خۆی لە بەشە جۆراوجۆرەکانی چالاکی فیزیکی و فکری دا بنوێنێ و، تەنانەت وەک بەرهەم هێنەرێکی ئابووریش دەتوانێ لە ڕێگەی بەشداری لە کاروباری بەڕێوەبەرایەتی و فێربوونی هیندێک بابەت لە بواری زانست و تێکنۆلۆژی دا کە کاری پیشەسازی پشت ئەستووره بەوان هەلی زۆرتر بۆ گەشەی هەمەلایەنەی تواناکانی خۆی وەدەست بێنێ. بە شێوەیەکی ئاشکراتر دابەشکردنی کار، دەبێتە تکنیکێک کە تاکەکان ناچارن لە بابەتی بەرهەم هێنانی ئامرازگەلی ژیان دا کەڵکی لێوەرگرن و هەڵبەت دەبێ بیخەنە ژێر کۆنترۆڵیشەوە. ئیتر دابەشکردنی کار بە کردنی تاکێک بە کرێکارێک لە پشت هێڵی بەرهەم هێنان و تاکێکی تر وەک فەرمانبەرێک، و تاکی سێهەم بە کاپیتالیستێکی گەورە، فۆڕم ناداتە سەرجەم ژیانی تاکەکان و سنوورداری ناکا. وەها ئاڵوگۆڕێک پێویستی بە بڵاوکردنەوەی فێرکاری لە هەموو شێوازی خۆی دا (وەک زۆرکردنی ماوەی قۆناغی خوێندنی دواناوەندی، پەرەپێدانی خوێندنی باڵا بۆ ڕێژەیەکی زیاتر لەو کەسانەی تەمەنیان لە نێوان ١٨ و ٢١ ساڵ دایە و، هەروەها ڕاهێنانی گەورەکان لە ئاستێکی بەربڵاودا لە گەڵ ئاسانکاری تایبەت بۆ ئەو کەسانەی لە تەمەنی پێگەیشتوویی‌دا بڕیار دەدەن خۆیان بۆ پیشەیەکی نوێ تەیار دەکەن) و هەروەها دابین کردنی کەلوپەلی وەرزشی و ڕابواردن لە پێوانەیەکی بەربڵاودایە. پێم خۆشە ئەو باسە بە هێنانەوەی قسەی یەکێک لە گەورەترین ئابووری زانانی ئینگلیزی کە ڕوانگەیەکی زۆر نزیک لە مارکسی هەیە ببڕمەوە و هەر لەو کاتەش دا دەریخەم کە بیرۆکە نوێ و ڕادیکاڵەکان چەندە بە هێوری ڕێگەی خۆیان لە جیهان دا دەکەنەوە. ئاڵفرێد

مارشاڵ[١٦] لە وتارێک دا لەسەر "دواڕۆژی چینەکانی ڕەنجبەر"دا کە لە ساڵی ١٨٧٣دا چاپ کراوە وەها دەنووسێ :

ئەوە کە مرۆڤ لە رووی خوو و خدەوە بۆ ماوەی هەشت، یان دوازدە کاتژمێر لە ڕۆژدا خەریکی کاری قورسی جەستەیی بێ، وەها بۆ ئێمە ئاشنایە کە زۆر جار بە حەستەمێ، دەتوانین لە رادەی کارتێکەری ئەو بابەتە لە سەر مێژووی ئەخلاقی و فکری جیهان تێبگەین. بە دەگمەن تێگەیشتووین کە کاریگەریی کاری جەستەیی لە وەدواخستنی گەشەی مرۆڤ تا چ رادەیەک قووڵ، بەربڵاو، و بە هێزە... کار لە باشترین واتای خۆی دا — واتە دەکارکردنی چالاکانە و بێ خەوشی تواناکان — ئامانجی ژیان و بەڵکوو خودی ژیانە، لەو واتایەدا هەر تاکێک [لەو کۆمەڵگایە ئیدەئالەی کە لە مێشکی مارشاڵ دایە] بە شێوەیەکی تەواوتر لەمڕۆ دەبێتە کرێکارێک. بەڵام مرۆڤەکان ئیتر تەنیا سەرقاڵی کاری قورسی جەستەیی نابن کە توانا کارییە باشترەکانیان بە فیڕۆ دەدا. کار بە واتا خراپەکەی خۆی کە شێوێنەری ژیانی تاکە، بە خراپ و نادڵخواز سەیری دەکرێ. هێزی کاری خەڵک، هەر دەم زیاد دەکا و دەگەڵ تێپەر بوونی وەچەکان هەر دێ و مرۆڤ بە پێی پیشەکەی خۆی کەسایەتی [تایبەت بە خۆی] وەدەست دێنێ... هەلومەرجێکی وێنامان کرد هەلومەرجێکە کە، توانا کاری و لێهاتووییەکانی تاکێک بە تەواوی گەشە دەستێنێ؛ هەلومەرجێکە کە لەو دا، مرۆڤەکان نەتەنیا لەمڕۆ کەمتر کار ناکەن بگرە زۆرتریش کار دەکەن بەڵام بەشی زۆری کارەکانیان، لەو شێوە کارانەن کە ئۆگریان پێیان هەیە؛ جا چ ئەوە کە حەق دەست وەرگرن یان نا، بەڵام لە هەر رووەوە سەیری کەین [ئەو هەلومەرجانە] تواناکانی مرۆڤ دەخەنە بواری پڕاکتیکەوە و پەروەردەیان دەکەن. ئەوە کە تەنیا لە ناو دەچێ کاری دەستییە کە وەها لە ئەندازە و سنوور تێپەڕیوە کە



دەرفەتێکی زۆر کەم بۆ گەشەی سرووشتی باشتری مرۆڤ دێڵێتەوە؛ چینە رەنجبەرەکان تەنیا بەو واتایە هەڵدەوەشێندرێنەوە کە چیتر ئەو مرۆڤانەی کە بە رادەیەکی زۆر کاری قورسیان لە بەر بوو لە ئارادا نامێنن[١٧].

تا ئێرە زۆرتر پڕژاینە سەر ئەو دەستە لەو رەخنانەی کە زۆرتر لە بیرۆکەی کۆمەڵگای بێ چین و بەرامبەری دەگیرێن. [واتە ئەو رەخنانەی] تەوەرە سەرەکییەکەیان مەترسییەکانی سەرەڕۆیی فکری و دیکتاتۆری سیاسییە. دەگەڵ ئەوەش دا بوارێکی گرنگی تریش لەو رەخنانە هەیە کە تیشک دەخاتە سەر لایەنێکی تری پرسی ئێلیتەکان. زۆرتر ئیدیعا دەکرێ کە پیشکەوتنی ژیاری (شارستانییەت) بەستراوەتەوە بە چالاکی کەمایەتییە بچووکەکان، پێکهاتوو لەو مرۆڤانەی خاوەن بەهرە و توانایەکی سەراساییین. ئۆڕتگا ئی گاسێ لەو بارەیەوە دەنووسێ:

هەرچی ژیان زیاتر تێدەپەرێ زیاتر تێدەگەین کە زۆربەی پیاوان و — ژنان — جگە لەو کارەی کە وەک دژکردەوەیەک لە هەمبەر زۆرێکی دەرەکی (اجبار خارجی) دا بە ئەنجامی دەگەیەنن، [واتە کارێکی] کە بە ڕاشکاوی بە سەریان دا سەپاوە توانای ئەنجامی کارێکی تریان نییە... و هەر لەو ڕووەوە ژمارەیەکی کەم لەو تاکانە کە توانای جێبەجێکردنی کاری شادیهێن و دڵخوازی خۆیانیان هەیە و ئێمە دەیانناسین لە ئەزموونەکانی ئێمەدا بە شێوەیەکی جیاواز و سەرسوورهێنەر خۆدەنوێنن. ئەو مرۆڤانە هەڵبژێردراوەکان و پاتریسێنەکانن، واتە تەنیا کەسانێکی پاسیڤ نین بەڵکو چالاک و هەڵسووریشن و ژیان لە ڕوانگەی ئەوانەوە تێکۆشانێکی بەردەوامە و بریتییە لە ڕەوتێکی بێ برانەوەی فێر بوون[١٨].

"کلایۆبل"یش بە هەمان شێوە بەڵگە دێنێتەوە کە تایبەتمەندیی کۆمەڵگایەکی خاوەن ژیار، ئاوەزمەندێتی و واتایەک لە بایەخەکانە و ئەو چۆنیەتییانەش تەنیا لە لایەن گرووپێک ئێلیتەوە دەکرێ بەدی بێن، بخزرێنە مێشکەوە یانیش بپارێزرێ[١٩]. بێ گومان بەشێک لە ئیدیعاکانی ئەو نووسەرانە واتە ئەوە کە ژیاری تا رادەیەکی زۆر

بە هۆی کاری مرۆڤە دەگمەنەکانەوە پێشکەوتووە (و هەروەها لە زۆر کاتی تریش دا، بە هۆی چالاکی " ڕێبەران و مامۆستایانی هەڵکەوتەی مرۆڤایەتی، زۆر دوا کەوتووە)، ڕاستە. بەڵام ئەوە بەو واتایە نییە کە ئەو جۆرە تاکانە هاوڕێ دەگەڵ ڕێرەوانیان، گرووپێک ئێلیتی کۆمەڵایەتی پێک دێنن؛ چ بگا بەوەی ئەو گرووپە ئێلیتە دەسەلاتداریش بن. لەوانەیە ئەو تاکانە پرێستیژی کۆمەڵایەتێکی ئەوتۆیان نەبێ، یان دەسەڵاتدارانی کۆمەڵگا بە سووکایەتی هەڵسوکەوتیان لە گەڵ دا بکەن؛ ڕەنگبێ لە لایەنی ماڵییەوە بەستراوە بە پاڵپشتی چینێکی سەرووتر بن، بە بێ ئەوە سەر بەو چینەش بن. پاڵپشتی ئەوان بۆ کۆمەڵگا، تاکە کەسییە و ئەو پاڵپشتییەش زۆرجار بەستراوە بە پێکهاتنی گرووپێکی کۆمەڵایەتی جیاواز نییە؛ ئەو یارمەتییە، زۆرتر لە ژێر کاریگەری پاڵپشتی و ئۆگرییەکە کە کاری ئەو تاکانە (وەک ئاتێنی سەدەی پێنجەم) لە سەرجەم حەشیمەتدا، یان (وەک ئیتالیای سەردەمی ڕێنسانس یان فەرانسەی سەدەی هەژدە) لە سەرجەمی چینێک دا دەورووژێنێ. لەوانەیە بتوانین وای دابنێین کە ئەو تاکە دەگمەنانە، گرووپێکی ئێلیت پێکدەهێنن. هەڵبەت گرووپە ئێلیتێک کە بە پێی سەرەتایی ترین واتایەکی کە پارەتوو لە زاراوەی ئێلیتەکان دا ئارەزووی دەکرد- واتە دەستەیەک لەو تاکانەی کە لە بواری چالاکی خۆیانەوە باشترین لێهاتوویان هەیە. ئەگەر وابێ کەموکورتییەکە لەوەدایە، کە زۆربەی چالاکییەکانی تریش کە پێوەندیان لە گەڵ پێشڤەچوونی ژیاری ئەوەندە کەمە یانیش هەر وەبەرچاو نایە کەچی کەوتوونە نێو گرووپی ناوبراو و ئەو ئێلیتانەی کە وەها پێناسە کرابنەوە زۆرتر لەو تاکانەی خاوەن بەهرەن پێکدێن هەتاوەکو ئەو تاکانەی هێزی داهێنەری کەم وێنەیان هەیە. لە راستی دا باشتر وایە [بۆ ئەو تاقمە] لە زاراوەیەکی تر کەڵک وەرگرین. بۆ وێنە دەکرێ زاراوەی "کەمایەتی داهێنەر" دەکار بێنین کە ئارنۆڵد توین بی لە ڕواڵەت دا بۆ ئاماژە بە ژمارەیەک لە تاکەکان و نەک گرووپێکی ئێلیت، کەڵکی لێوەردەگرت. ناوبراو وەها دەنووسێ: "لە سەرجەم هەوڵەکانی پێوەندیدار بە بنیاتنانی (سازندگی) کۆمەڵایەتی دا، بنیاتنەران یان تاک گەلێکی داهێنەرن یانیش بەزۆری سەربە کەمایەتییە داهێنەرەکانن[20]."



ئەو کەسانەی بە پشت بەستن بە گرنگایەتی داهێنانی فکری و هونەری خەریکی داکۆکی لە قوتابخانە ئێلیتیستیەکانن تووشی دوو هەڵە دەبن: یەکەم کارتێکەری دوو لایەنەی هەرەپێویستی نێوان تاکەکانی داهێنەر و ئەو کۆمەڵگایەی تێیدا دەژین، لەبەرچاو ناگرن؛ کارتێکەرییەکی کە لەوانەیە لەمەر کارە زانستییەکان دا لە هەموویان بەرچاوتر بێ بەڵام هەڵبەت لە مێژووی نیگارکێشی یان مێعماری، لە ئەدەبیات، لە جووڵانەوە ئایینیەکان دا و، لە زاراوەگەلی ئەخلاقیش دا دێنە دی. دووهەم وایدادەنێن کە ئەو جۆرە تاکانە بە شێوەی گرووپ یان گرووپ گەلێک لە ئێلیتەکان دەگەڵ یەکتر پێوەندایەتی یان یەکگرتوویان هەیە؛ گرووپ گەلێک کە تەنیا لە کۆمەڵگایەکی خاوەن سیستمێکی زنجیرە پلەیی دا دەتوانێ بوونیان هەبێ و، باشترین بوار بۆ بوونی ئەوان کۆمەڵگایەکە کە دابەشکرابێتە سەرچینە وەستاو (ایستا) و بەردەوامەکان. لەو چەمکەی دوایی دا، هەر وەک چۆن بۆ وێنە لە لایەن "تی ئێس ئێلیووت"ەوە خراوەتە ڕوو[21] بوار بۆ گۆڕینی بابەتی باسەکە لە پرسی ئافراندنی فەرهەنگ بۆ پرسی گۆاستنەوەی فەرهەنگ لە بارە. بە باوەڕی ئێلیووت لە هەر کۆمەڵگایەکی بەگرێوگۆڵ دا چەند ئاستی فەرهەنگی بەدی دەکرێ. و بۆ سڵامەتی کۆمەڵگا پێویستە نەتەنیا ئەو ئاستە جۆراوجۆرانە دەگەڵ یەکتر لە پێوەندی دابن بەڵکو هەروەها دەبێ لە یەکتریش جیاواز بمێننەوە، و داب و نەریت و ئۆگرییەکانی کۆمەڵگا سەرجەم دەبێ لە ژێر کاریگەری سەرووترین و باشترین ئاستی فەرهەنگ دا بمێننەوە. لەو رووەوە کە فەرهەنگ لە بنەڕەت دا لە ڕێگەی بنەماڵەوە دەگۆازرێتەوە، ئەو دۆخە تەنیا لە کاتێک دا دەگونجێ کە چینێکی سەرووتر لە ئارادا بێ، کە ئەو چینە لەو بنەماڵانە پێکهاتبێ کە توانای پاراستنی شێوە ژیانێکی جێکەوتوو، بە درێژایی چەند وەچە هەبێ. ئێلیووت پشت راستی دەکاتەوە کە بوونی چینێکی سەرووتر دەستەبەری [بوونی] فەرهەنگێکی سەرووتر ناکا: "... ئەو "هەلومەرجە فەرهەنگی"یەی کە باسیکرا پێویست نییە بەدیهێنەری فەرهەنگێکی سەرووتر بێ: من تەنیا دەڵێم کە لە کاتی نەبوونی وەها هەلومەرجێک دا ، ئەگەری دۆزینەوەی ژیارییێکی سەرووتر لە ئارادا نییە[22]". دەگەڵ ئەوەش دا، لە وانەیە [وەها ژیارییێک] بدۆزرێتەوە. تا ئێستا هیچ ئەزموونێکی راستەوخۆ لە شێوەی ژیان لە کۆمەڵگایەکی بەرامبەرمان دا نەبووە و هەر بۆیەش جگە

لە مەزەندەی ئەگەری ئەوە کە [کۆمەڵگای ناوبراو] بتوانێ ئاستێکی سەرووی فەرهەنگ بخوڵقێنێ و بیپارێزێ کارێکی ترمان لە دەست نایە. داهێنەری، کردەوەیەکی تاکە کەسییە کە هەڵبەت تامەزرۆیی و بەکەیف و دەماخی گشتی نێو کۆمەڵگا کارئاسانی بۆ دەکەن. و [کەواتە] بێ جێ نییە ئەگەر چاوەڕوانیمان هەبێ کە لە کۆمەڵگایەکی بەرامبەردا کە هەموان ئاسوودە و حەساوەن، تاکەکان هاندرێن بۆ بارهێنانی بەهرەکانیان لانیکەم بەرادەی ئەو کۆمەڵگایانەی کە لە چاخە سەرەتاییەکان دا، لە کاتی ئاڵوگۆڕی خێرای هەلومەرجی ئابووری و سترۆکتووری چینایەتی کۆمەڵگا دا، کاری گەورەیان بەئەنجام گەیاندووە، لە توخمی داهێنەرێتی بەهرەمەندبن.

لە مەر پاراستن و گواستنەوەی فەرهەنگی هەرەباش (عالی)یش دا ناتوانین بپەژرێنین کە ئەو ئەرکانە لە بنەرەت دا بەشێک لە کارەکانی بنەماڵە بووبن و یانیش دەبێ ببن. لە رابردوودا، زۆربەی گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی تر — ئەنجومەنە ئایینیەکان، قوتابخانە فەلسەفییەکان، ئاکادێمییەکان— لە گواستنەوەی فەرهەنگ دا لانیکەم تا رادەی بنەماڵە، گرنگایەتیان هەبووە؛ بنەماڵە، یان بە واتایەکی تر بنەماڵەکانی چینی سەرووی کۆمەڵگا ئەگەر لە بنەرەتدا شتێکیان گواستبێتەوە زۆرتر هەر ئەو شتانە بووە کە لە کۆمەڵگاکانی تردا لە ڕێگەی ئەو ئەنجومەنانەوە کە ئەندامەکانیان لە وەچەیەکەوە بۆ وەچەیەکی تر گۆڕانیان بەسەردا هاتووە پارێزراوە و زیندوو ماونەتەوە. لە کۆمەڵگایەکی بێ چین دا، مەودای نێوان فەرهەنگی سەروو و جۆرەکانی خوارووتری فەرهەنگ، کەمتر دەبێتەوە و لەوانەیە جیاوازییە خۆجێیی یان ناوچەییەکان بەرچاوتر بن؛ و لەوانەشە گواستنەوەی میراتی فەرهەنگی لە بەرەیەکەوە بۆ بەرەیەکی تر، لە چاو رابردوو دا زۆرتر، لە ڕێگەی دامەزاروە فێرکاری و ئەنجومەنە ئازادەکانەوە و، کەمتر لە ڕێگەی بنەماڵە تایبەتەکانەوە بێتە ئاراوە. هەروەها لەوانەیە پاراستنی فەرهەنگ، کە لە کۆمەڵگاکانی ئیمڕۆیی دا بە شێوەیەکی لێکدانەبراو گرێدراوی پاراستنی مافە تایبەتە چینایەتییەکانە کەمتر جەختی لە سەر بکرێ — یان لانیکەم شێوەکەی گۆڕانی بە سەردا بێ — و زۆرتر وەک راستییەک وەرگیرێ. و هەر لەو کاتە دا هێزی بەدیهێنانی شێوازە نوێیەکانی فەرهەنگ و دۆزینەوەی شتی نوێ لە بواری زانست و هونەردا، زۆرتر رێزیان لێ بگیرێ و هان بدرێن.



تیئۆریسێنە ئێلیتیستەکان بە پەنابردنە بەر ئەو شێوازە جۆراوجۆرانە، دەگەڵ رێزگرتن لە روحییەی بەرامبەری دا، داکۆکی لە میراتی کۆمەڵگا نابەرامبەرەکانی رابردوو دەکەن. ئەو تێئۆریسێەنانە بە توندی جەخت دەکەنە سەر جیاوازی رەهای نێوان دەسەڵاتداران و دەسەڵاتبەران و ئەوە وەک یاسایەکی زانستی پیشان دەدەن، بەڵام [هەر لەو کاتەدا] بە پێناسەکردنی دێموکراسی بە شێوەی رکەبەرایەتی نێوان ئێلیتەکان، چەمکی دێموکراسی، ئەوە دەگەڵ ئەو بارودۆخەدا [واتە جیاوازی نێوان دەسەڵاتداران و دەسەڵاتبەران] ئاشت دەکەنەوە. ئەو تێئۆریسێەنانە دابەشکردنی کۆمەڵگا بە چینەکان قبووڵ دەکەن و پاساویشی بۆ دێننەوە بەڵام دەگەڵ ئەوەش دا تێدەکۆشن بە وێناکردنی چینەکانی سەرووتر وەک گرووپە ئێلیتەکان، و بە وەبەرنان (القا)ی ئەو بیرۆکەیە کە ئێلیتەکان بەبێ لە بەرچاو گرتنی ئاخێزگە چینایەتییەکانیان، لێهاتووترین تاکەکانن ئەو دابەشکردنە بە شێوەیەکی باشتر بخەنە بەرچاو. داکۆکی ئەوان، تارادەیەکی زۆر لە سەر لەجێدانانی بیرۆکەی بەرامبەری دەرفەتەکانە لە جێگەی بیرۆکەی بەرامبەری دامەزراوە. بەڵام چەمکی بەرامبەری دەرفەتەکان دەگەڵ ئەوەی خاوەن گرنگییەکی ئەخلاقی تەواو جیاوازە، لە پڕاکتیک دا لە خۆگری پارادۆکسێکی ناوخۆییشە. زاراوەی بەرامبەری دەرفەتەکان، بەو شێوەیەی کە زۆرتر دەکاردێ پێویستی بە نابەرامبەرییە چوونکە "دەرفەت" بە واتای "دەرفەتی چوونەسەر لە سیستمێکی توێژبەندی کۆمەڵایەتی"دایە. هەر لەو کاتەدا ئەو زاراوەیە، لە ناخی خۆی دا خاوەن گریمانەی بەرامبەرییە چوونکە بە شێوەیەکی شاراوە تێدەگەیەنێ کە دەبێ لە هەر وەچەیەک دا دەگەڵ نابەرامبەرییە زەقەوەبووەکان لەو کۆمەڵگا توێژبەندی کراوەدا بەربەرەکانی بکرێ هەتا تاکەکان بە راستی بتوانن لێهاتوویی تاکییەکانی خۆیان پێ بگەیەنن. سەرجەم لێکۆڵینەوەکان لە مەر هەلومەرجی پێویست بۆ هاتنەدی بەرامبەری دەرفەتەکان بۆ وێنە لەمەر خوێندن دا نیشانیان داوە کە کارتێکەری جیاوازییەکانی چینایەتی لەسەر شانسی (چانسی) تاکەکان کە لە ماوەی ژیانیان دا هەیانە تا چ رادەیەک توند و لە ناو خەڵک دا بڵاوە. بەرامبەری دەرفەتەکان تەنیا لە کۆمەڵگایەک دا کە هیچ چین یان گرووپێکی ئێلیت نەبێ دەتوانێ لە پڕاکتیک دا بێتە دی. و لەو کاتەش دا ئیتر ئەو چەمکە بێ واتا دەبێ چوونکە بەرامبەری

شانسی تاکەکانی هەر وەچەیەکی نوێ لە ماوەی ژیانی خۆی دا، بابەتێکە دێتە دی و بیرۆکەی دەرفەت، نەک بە واتای خەبات بۆ هەڵکشان بەرەو چینێکی کۆمەڵایەتی سەرووتر، بەڵکو بە واتای کەڵک وەرگرتنی هەر تاکێک لە بواری پەروەردەکردنی تەواوی ئەو بەشە لە تایبەتمەندییەکانی پێوەندیدار بە هۆش و ئاگاییەوە دەبێ کە ئەو وەک مرۆڤێک لە یەکگرتنی ئازادانە دەگەڵ مرۆڤگەلی تردا هەیەتی.

# پەراوێزەکانی بەشی حەوتەم

1. J. J. Rousseau , A Dissertation on the Origin and Foundation of the Inequality of Mankind, p. 160.

٢. ئەو بابەتە بە شێوەیەکی سرنج ڕاکێش لە کتێبی ژێرەوە دا شرۆڤە کراوە:

R. H. Tawney, Equality.

٣. سەیر ئەوەیە ئەو بابەتە زۆرتر وەک خاڵی لاوازی مارکس دەخرێتەڕوو، و ئەوە لە کاتێک دایە کە دەبێ وەک نیشانەی وریایی مارکس بێتە ژمار، و هەروەها [وەک] هێمای باوەری پتەوی ئەوە بە هێزی داهێنانی مرۆڤ کە تەنانەت لە کۆمەڵگای چینایەتیش دا خۆ دەنوێنێ و کاتێک بەربەندە چینایەتیەکان لە ناو چوون زۆر ساکارتر جێ پەنجەی خۆیان بەجێدێڵن.

4. Economic and Philosophical Manuscripts.

٥. بۆ وێنە بڕوانە : A/ باسەکەی مارکس لە یەکەم بەرگی کتێبی کاپیتاڵ دا، بەشی پێوەندیدار بە ئامرازەکانی زاڵ بوون بەسەر کارتێکەرییە زەرەرمەندەکانی دابەشکردنی کار و لە بەرگی سێهەمی کتێبی کاپیتاڵ دا، بەشی پێوەندیدار بە هەلومەرجی ئازادی مرۆڤ، B/ پەسنی کۆمۆنی پاریس لە لایەن مارکسەوە بە هۆی جێگیرکردنی خۆبەڕێوەبردنی دێموکراتیکی ڕاستەقینە، لە کتێبی "شەری نێوخۆ لە فەرانسە دا" ؛ و C/ تیۆرییەکانی مارکس لەمەر پرۆگرامی پارتی کرێکارانی سوسیالیستی ئەڵمان لە *ڕەخنە لە پرۆگرامی گۆتا دا*.

٦. بۆ وێنە، لە وتارێک دا لە سەر ئازادی مرۆڤ، لە بەرگی سێهەمی کاپیتاڵ دا، مارکس رادەگەیەنێ کە بیاڤی بەرهەم هێنانی ئابووری "لە ژێر هەر شێوازێکی گونجاوی بەرهەم هێنان دا"، بیاڤی دەسەڵاتدارەتی پێداویستییەکانە. "چوارچێوەی ئازادی لە ڕاستی دا تەنیا لەو جێگەیەوە



دەست پێدەکا کە کار بەهۆی پێداویستی و مەبەستی دەرەکی، رادەوەستێ، هەر بۆیە لە ڕێگەی سرووشتی خۆیەوە، دەکەوێتە دەرەوەی بواری بەرهەم هێنانی ماددی (بە واتای راستی خۆیەوە)."

7.écoles dénseignement propessionel.

8. Karl Marx and Friedrich Engels, German Ideology.

9. K. Marx, Critique of the Gotha Programme.

١٠. بە تایبەت بڕوانە: Michels, Political parties , part VI, chap. 2.

11. Aron, " Social structure and the Ruling class " p. 131.

12. Ibid., pp. 131-2.

13. mass society.

14. Mills, The power Elite, p. 304.

١٥. دابەشکردنی کار و زیاد بوونی کاتی پشوودان و حەسانەوە، لەو ڕوانگەیەوە کە زۆر وەک ڕوانگەکەی من دەچێ بە شێوەیەکی چڕوپڕ لە کتێبی ژێرەوەدا لێکۆڵینەوەی لە سەر کراوە:

Goorges Friedmann, The Anatomy of work.

16. Alfred Marshall.

17. Alfred Marshall, " The Future of the working classes ", in A.C. pigou ( ed. ), Memorials of Alfred Marshall, pp. 101-18.

18. Ortega y Gasset, The Revolt of the Masses, p. 49.

19. clive Bell, civilization: An Essay.

20. Arnold Toynbee, A study of History , vol. 3, p. 239.

دەگەڵ ئەوەشدا، توین بی لە بەرگی کۆتایی نووسراوەکەی خۆی دا کە بە کارەکەی خۆی دا هاتۆتەوە بە وتنی ئەو رستەیەی خوارەوە، زۆر لە تێئۆریسێنە ئێلیتیستیەکان نیزیک دەبێتەوە:

"مەبەستم لە کەمایەتییەکی داهێنەر، کەمایەتییەکی دەسەڵاتدارە، کە لەو دا هێزی داهێنەرانەی ناو هەناوی مرۆڤ، هەلی بۆ دەڕەخسێ هەتا خۆی لە چوارچێوەی ئەو کردەوە کاریگەرانەدا دیاربخا کە لە بەرژەوەندیی سەرجەم ئەندامانی کۆمەڵگادا بێ... مەبەستم لە کەمایەتییەکی باڵادەست، کەمایەتییەکی دەسەڵاتدارە کە، کەمتر لە ڕێگەی ڕاکێشان بۆ لای خۆی ، و زۆرتر لە ڕێگەی توندوتیژییەوە دەسەڵات بەرێوەدەبا."

Toynbee, A study of History, vol 12, p. 305.

21. T.S. Eliot, Notes Towards the Definition of culture.

22. Ibid. , p. 49.

# بەشی هەشتەم

## لە دەسپێکی هەزارەی سێهەمی زایینیدا

لەدەیەی ١٩٦٠ زایینیدا زۆربەی چالاکڤانانی بزووتنەوە رادیکاڵەکان لەو هیوا و خەونانەوە سرووش (الهام)یان وەردەگرت کە دەکرا پڕجۆش و خرۆش ترین نیشانەکانی لە "راگەیاندراوی بۆرت هۆرن"[1] دا بدۆزییەوە[2]. ئەو راگەیەنراوە کە لە لایەن "یەکێتی خوێندکارانی لایەنگری کۆمەڵگای دیموکراتیک"[3]ەوە دەرکرا بوو جەختی دەکردە سەر دیموکراسی بەشداریکەرانە، کاری داهێنەرانە، رێکخستنی کۆمەڵایەتی ئابووری و، پەرەپێدانی پێوەندی دوور لە توندوتیژی لە ناوخۆ و لە نێوان وڵاتەکاندا. بەڵام ئەو هەزارەیەی ئێستا وا لە بەرەبەری چوونە ژوورەوەی داین گرێوگۆڵی زۆر ناخۆشتری تێدایە. ئابووری جیهان لە ژێر دەسەڵاتی ٥٠٠ کۆمپانیای چەند نەتەوەیی، هەروەها دەوڵەتە نەتەوەییەکانی خانەخوێی نووسینگەی ناوەندی ئەو کۆمپانیایانە و، کۆمەڵێک لە بنیاتە کاپیتالیستییە جیهانییەکان وەک بانکی جیهانی و سندووقی نێونەتەوەیی دراو دایە کە دیاریکەر و رێکخەری پەرەسەندنی ئابووری بە پانتایی جیهانن. ئەو هێزە ئابوورییانەی سامانی گۆی زەویان تا رادەیەکی بێوێنە خستۆتە ژێر دەستی خۆیانەوە وکەڵەکەیان کردووە و بەمجۆرە بەشێکی گەورە لە جیهانی سێهەم، پێکهاتوو لە "وڵاتانی پەرەئەستێن"ی خستۆتە دۆخی هەژاری و نەهامەتییەوە و زیانی گەورەیان لە ژینگەی سروشتی داوە. وڵاتانی پیشەسازی



پێشکەوتوو (یان تا رادەیەک پێشکەوتوو) کە لانی زۆر لە سەدا بیست و پێنجی دانیشتوانی جیهان لە خۆ دەگرن لە سەدا هەشتای سەرچاوەکانی ئینێرژی دوونیا دەکار دەکەن و لە سەدا هەشتاوپێنجی داهاتی جیهانیش دەچێتە گیرفانی ئەوانەوە. ئەوە لە کاتێکدایە کە لە وڵاتانی هەژار دا ٢٠٠٠ ملیۆن کەس لە نەداری و برسێتی دەناڵێنن. تەنانەت لە ناوخۆی وڵاتانی سامانداریشدا، لە نێوان چینێکی سەروو و خاوەن ساماندا و ئێلیتەکانی خزمیشییەوە لە لایەکەوە و، کەسانێ کە (بەپێی پێوەرە ناوەنجییەکانی کۆمەڵگای خۆیان) لە نەداریی رێژەیی و جاروبار لەرادەبەدەر دا ژیان تێپەڕ دەکەن و لە کۆتایی دەیەی ١٩٧٠ دا دەگەڵ توندتربوونەوەی وەستانەوەی ئابووری و گەشەی بێکاری دا ژمارەیان زیادی کردووە و لە لایەکی ترەوە، نابەرامبەریگەلێکی بەرچاو بەدی دەکرێ.

بارودۆخی جیهان لەو رۆژانەدا کە مرۆڤایەتی لە هەزارەی نوێی زایینی نزیک دەبێتەوە هەڵدەگرێ لە زۆر لایەنی جۆراوجۆرەوە لیکۆڵینەوەی لە سەر بکرێ. لە چوارچێوەیەکی زۆر بەربڵاودا دەبێ ئەو ئەگەرەمان لەبەرچاو بێ کە رەنگبێ رەگەزی مرۆڤ لە دەرئەنجامی لەناوچوونی بەرزەڕووی ژینگەدا نەتوانێ ساڵانێکی زۆر پاش کۆتایی سەدەی بیست و یەکەم بە چاوی خۆی ببینێ یان تەنیا لە چوارچێوەی شێوازگەلی کۆمەڵایەتی سەرەتایی تردا بتوانێ درێژە بە ژیان بدات. هەروەها نابێ لەو ئەگەرەش چاوبنووقێنین کە وێدەچێ لە کورت خایەندا لە دەرئەنجامی توندتربوونەوەی خەبات بۆ دەست وێرا گەیشتن بە چاوگە و گەشەی ئابووری و هەروەها دەگەڵ زۆرتر لە بەریەک هەڵوەشانەوەی کۆمەڵگا، تێکهەڵچوونی تووندوتیژتر لە نێوان باکوور و باشوور، نێوان دەوڵەتە نەتەوەیی‌یە کۆن ونوێیەکان و، لە ناو هەر کام لە دەوڵەتەکان — سەرهەڵبدا. بەڵام — دەگەڵ ئەوەشدا کە کێشەگەلی جۆراوجۆر دەگەڵ یەکتر بێ پێوەندی نین– روانینی من لێرەدا زۆرتر ڕووەو لێکدانەوەی رۆڵێکە کە چینەکانی سەروتر و ئێلیتەکان لە درێژایی سێ دەیەی رابردوودا لە رەوتی پەرەسەندن و(لەناوچوون)ی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا گێراویانە و لە داهاتوییەکی کورت خایەنیشدا دەیگێرن. لە دەسپێکدا ڕوونە کە لە دەیەی ١٩٧٠دا زاڵبوونی ئەو چین و ئێلیتانە لە دەرئەنجامی هۆکارگەلێکی زۆر دا سەقامگیرتر و توندتر بووە. یەکەم: دەسەڵات و

دەست ڕۆیشتوویی کۆمپانیا چەند نەتەوەییەکان تا ڕادەیەکی زۆر بەرەو هەڵکشان چووە. دووهەم: گۆڕانی ڕوانگەی سیاسی کۆمەڵگا پیشەسازییەکان، هەم بۆتە بوارخۆشکەری سەرهەڵدانی تیۆرییە "ڕاستە نوێیەکان"[4] و هەمیش لەو تیۆرییانە وزەی وەرگرتوە؛ ئەو تیۆرییانەی بانگەشەی سەروەری ئابووری بازارە ئازادەکان بە کەمترین دەست تێوەردانی دەوڵەتەوە دەکەن، ڕۆڵی ئێلیتە ئابوورییەکان بە شیاوی ڕێزلێنان دەزانن، لەسەر ئیندیڤالیزمی سنووربەزێن پێ دادەگرن و، بە باوەشێکی ئاواڵەوە بەرەوپیری بازاری بوونی هەرچی زیاتری ژیانی کۆمەڵایەتی و گەشەی نابەرامبەرییەوە دەچن. ئەو ئاڵوگۆڕانەی ولاتانی پیشەسازی، هەروەک لە بەشی پێنجەمی ئەم کتێبەدا خستمانەڕوو، لە هەنگاوی دواتردا لە ڕێگەی کاربەریوەبەرە جۆراوجۆرەکانی نێونەتەوەیی کاپیتالیزمی جیهانییەوە گواسترانەوە بۆ وڵاتانی پەرەئەستێن و بوونە هۆی ئەوە کە لە وڵاتانی جیهانی سێهەمدا ئێلیت گەلێک لە دایک بن کە تارادەیەکی زۆر پابەندی مودێل و بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی ڕۆژئاوا بن. سێهەم: هەرەس هێنانی ڕژیمە کۆمۆنیستەکانی ڕۆژهەڵاتی ئورووپا لە کۆتایی دەیەی ١٩٨٠دا لە ڕاگەیەنە گشتییەکاندا کە ئەمڕۆ زۆرتر لە خاوەندارێتی بەرژەوەندییە کاپیتالیستیەکاندان وەک بەڵگەی ڕاستی ئیددیعای لایەنگرانی بازاری ئازاد پیشاندرا؛ ئەو لایەنگرانەی بەبێ لە دەست دانی دەرفەت، کەوتنە پێشنیارکردنی دەرمانە خۆشکەرەوەکان بۆ ئەو ڕژیمە سەرلێشێواو و لەرزۆکانەی کە تازە لەو وڵاتانەدا هاتبوونە سەر کار. لە ئاکامدا، وڵاتانی ڕۆژهەلاتی ئورووپا لە کاتێکدا کە خۆیان لە کۆتوبەندی دیکتاتۆرە کۆمۆنیستەکان ڕزگار کردبوو لەجیاتی ئەوەی ڕوویکەنە جۆرێک لە بونیاتنانەوەی سوسیال دێموکراتیکی کۆمەڵگا کە وەک بەربژێری ئاڵترناتیڤی ئەوان دەهاتە ژمار، کەچی دەستیان دایە سەقامگیرکردنی دووبارەی ئابووری کاپیتالیستی کە لە هیندێ بواردا شێوازی توندڕۆیانەی ئابووری بەبێ دەست تێوەردانی دەوڵەتی لێکەوتەوە. بەوپێیە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئورووپادا چینە سەروترەکان و گرووپە ئێلیتە نوێیەکان کە لەکاتی فۆڕم گرتن دان هەرچەند وەک چینە سەرووترەکان و ئێلیتەکانی وڵاتانی پێشکەوتووی پیشەسازی دەچن، بەڵام لە هەلومەرجێکدا لە دایک دەبن کە نەداری، ئاخۆران زاخۆران و، ئەو گرژی و کێشمەکێشانەی کە لە هیندێک لایەنەوە وەبیر هێنەرەوەی بارودۆخی وڵاتانی جیهانی سێهەمن، بەرۆکی ئەو ولاتانەیان گرتووە.



بەڵام باڵادەستی ئێستای کاپیتالیزم و بووژانەوەی ئێلیتیزم نابێ بە شتێکی یەکجارەکی و لە وەزەنگ و زیان پارێزراو بزانین. ئێستا خودی وڵاتانی پێشکەوتووی پیشەسازی تووشی قەیرانێکی توندن کە هۆکارەکەیان دەگەڕێتەوە بۆسەر هەردوو تاقمی هۆکارە سنووردارێتیخوڵقێنە کورت خایەن و درێژ خایەنەکان. دوورەدیمەنی کورت خایەن شتێک نییە جگە لە درێژبوونەوەی وەستانەوەی ئابووری، بێکاری بەربڵاو و، زۆربوونی هەژاری و نەداری بۆ بیست یان بیست و پێنج لەسەدی ئەندامانی خوارووی کۆمەڵگا. هەرچەند کەسایەتییە جۆراوجۆرەکانی ئێلیت هەر ڕۆژە و بەبێ هیچ ئاکامێک متمانە دەدەنە خەڵک کە گۆیا بە زوویی بارودۆخەکە بەرەو باشی دەچێت بەڵام بۆ چارەسەری ئەو پرسە ڕێگەچارەیەکی باوەڕپێهێنەر نە خراوەتەروو و نە بەڕێوەشبراوە. ئەگەر ئێمەش وەک شومپیتێر بنەمای هەڵسەنگاندنەکەمان مۆدێلی چەرخە تیجارییەکان بێ کە لە سەر بنەمای "شەپۆلە درێژخایەنەکان"ی کۆندراتیڤ ڕاوەستاوە، ئەوسا چارەیەکمان نەدەبوو جگە لەوەی ئاوا لەو هەلومەرجە تێبگەین کە هەلومەرجی هەنوکەیی وەک پێشاندەری قۆناغی داوێستاو (ڕکود)ی چەرخە و، دەسپێکی خولێکی نوێ لە گەشە بەمەرجی وەدەست خستنی پێشکەوتنە تێکنۆلۆژیکییە نوێیەکان و هەروەها بە دوای ئەوانیشدا چالاکیی نوێگەرانەی زۆربەی کار خوڵقینەرانیش بزانین (ئەو کارخوڵقێنەرانەی کە بە پێی باوەڕی دواتری شومپیتێر هەرچەند لەوانەیە لە تاکەکان پێکهاتبن بەڵام ئەگەری ئەوە زۆرترە کە بە شێوەی کۆمپانیای تایبەتی یان گشتی بێنە دی)[5]. بەڵام لە سەردەمانی ئێستادا بەڵگەیەکی ئەوتۆ لە بەر دەستدا نییە کە پیشان بدات داهێنانە نوێیەکان هاوشان دەگەڵ داهێنانی ڕێگای شەمەندەفەڕ و، ئەو ماشێنانەی لە ناوەوە دەسووتێن، و هەروەها کامپیوتێرەکان، بزوێنەرێکی پێویست لەدوا ڕۆژێکی نیزیکدا دابیندەکەن. سەرەڕای ئەوەش لە ڕابردوودا کەوانی هەڵکشانی چەرخەی ئابووری و ڕەوتی گشتی گەشەی ئابووری بە توندی لە ژێر کاریگەری هۆکارەکانی دەرەوەی ئابووری، بە تایبەت گەشەی حەشیمەت و شەڕ دا بووە. ئەوە لە کاتێکدایە کە گەشەی حەشیمەتی جیهان ئیمڕۆکە زۆرتر پێوەندی بە وڵاتانی جیهانی سێهەمەوە هەیە و ئەو وڵاتانەش هەژارترو قەرزدارتر لەوەن کە ببنە بازارگەلێکی گەورە بۆ کەلوپەلی مەسرەفی یان بۆ

تەرخانکردنی سەرمایە. حەشیمەتی ولاتە پیشەسازییەکان زۆرتر یان لە ئاستێکدا راوەستاون یانیش لەو دوایانە دا بەرەو کەم بوونەوە دەچن. شەر و خۆتەیارکردن بۆ شەریش لە رابردوودا رۆڵێکی گرنگی بووە بۆ دەرچوون لە داوێستاوی، بە تایبەت لە داوێستاوی دەیەی ١٩٣٠دا، بەڵام کۆتایی "شەری سارد" و کەم بوونەوەی گشتی تێچووە نیزامییەکانی ولاتانی پیشەسازی _هەرچەند ئەو ولاتانە هەروا خەریکی دابین کردنی چەکوچۆڵ بۆ زۆربەی شەرە ناوچەییەکانن _ بەو واتایەیە کە لەوانەیە ئەو هۆکارە لە دوا رۆژێکی پێشبینی کراودا ناتوانێ ببێتە هۆی "گەشەیەکی "ئەوتۆ. کۆمێدی تالی رۆژگار ئەوەیە کە لە رواڵەتدا "هەرەسهێنانی کۆمۆنیزم"، "هەرەس هێنانی کاپیتالیستیشی" بەدواوە دەبێ.

تێبینی گشتی تریش هەن کە دەبێ لەبەرچاو بگیرێن. لەو رووەوە کە کاپیتالیسم پێویستی بە گەشەی بەردەوام هەیە[٦]_ هەرچەند کە ئەو بەردەوامییە بە هۆی قەیرانە دەورەیەکانەوە لێکیش دابڕێ _ پەرەسەندنی زۆرتر لە پێشووی ئەو سیستمە، ئەمڕۆکە بە هۆی سنورداربوونی سەرچاوە سرووشتییەکان کەوتۆتە ئاستەنگییەکی توندترەوە. لەو ساڵانەی دواییدا بزووتنەوە و پارتە بەهێزەکانی لایەنگری ژینگە هاتوونە ناو گۆرەپانی ژیانی سیاسییەوە و لایەنگری جۆرێک لە سیاسەتە ئابوورییەکان دەکەن کە دەگەڵ روحی کاپیتالیسمدا ناکۆکی ناوەکیان هەیە. لە لایەکی ترەوە، قۆناغێک کە شایەتی خێراترین و بەردەوامترین نرخی گەشەی ئابووری لە سەردەمانی دوای شەر دا بوو و ساڵانی ١٩٥٠ تا ١٩٧٣ی لەخۆدەگرت و مێدیسۆن بە"دەورانی زێرینی" ناودێر کردبوو[٧] لە ئورووپای رۆژئاوادا و لە ولاتانی تردا بە پلەگەلی جۆراوجۆر دەگەڵ دەستێوەردانی توند و رووەوزیادبوونی دەوڵەت لە ئابووریدا و، جۆریک بەرنامەدارێژی ئابووری و جووڵانی سنووردار بەرەو هەلومەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتی بەرامبەرتر بەتایبەتی لە ئاکامی رەوتی دامەزراندنی تەواو و باشتر بوونی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکان دا، هاورێ بوو. لە کۆتایی دەیەی ١٩٧٠دا ئەو جووڵانەوە لە زۆربەی ولاتاندا پێچەوانە بۆتەوە، بەڵام خودی ئەو جووڵانەوە پێچەوانەیە، ئیمڕۆ رووبەرووی رەخنە و بەرهەڵستییەکی رووڵەزیادبوون بۆتەوە.



کەواتە، تەکانە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی سێ دەیەی رابردوو چ شوێنێکیان داناوەتە سەر قوتابخانە ئێلیتیستییەکان و ئەو دژکردەوانەی لە هەمبەریان دا هاتۆتە ئاراوە؟ لەو لێکۆڵینەوە نوێیەی کە سەبارەت بە بیرۆکەی مۆسکا و تیۆرییە ئێلیتیستەکاندا کراوە[٨] دوو بابەتی سەرەکی وەدەست دێ. بابەتی یەکەم، ئەگەری خستنەرووی راڤەیەکی لیبراڵتر و هەروەها دێموکراتیک تر لە بیرۆکەکانی مۆسکا، بەتایبەت بە سەرنجدان بە نووسراوەکانی دواتری و رەخنەگرتنەکانی سەبارەت بە رژیمی فاشیستی ئیتالیایە.[٩] بۆ وێنە، مۆسکا لە نامەیەکدا کە لە ساڵی ١٩٣٤دا نووسیویێتی، لە وڵامدانەوە بە هیندێک لە بۆچوونەکانی "گوگلیلمو فرەرو"[١٠]ی دۆستیدا، ئەو روانگەیەی خستۆتەروو کە ریشەی ناراستییە سیاسییەکان دەگەریتەوە سەر گەورەترین نائۆرمی (ناهنجاری) جیهانی نوێ _ واتە ناکۆکیی نێوان بەرامبەری سیاسی و نابەرامبەری ئابووری[١١]_ کە تەنیا لە قۆناغەکانی گەشانەوەی گشتی ئابووریدا و لەو ولاتانەدا کە قازانجیان لەو گەشانەوە وەرگرتووە بێ زیان و پەتا دەمێنێتەوە؛ و لە کۆتایی کتێبی *سەربردەی تیۆرییە سیاسیەکاندا*[١٢] لایەنگری لە "رژیمگەلێکی تێکەڵاو" دەکات کە لەواندا

> نە سیستمێکی سەرەرۆ بەتەواوی دەبیاتەوە و نە سیستمێکی لیبراڵ، و چینی سیاسی بە هێوری و بێ پسانەوە نوێ دەبێتەوە... ئەوەی پێویستە زۆربوون و هاوسەنگی هێزە دەسەڵاتدارەکانە کە تەنیا لە کۆمەڵگایەکی زۆر پێشکەوتوودا دەکرێ پەیسەری بکەین"[١٣].

لەو لایەنەوە دەکری بڵێین روانگەکانی دواتری مۆسکا باس لەوە دەکەن کە دەکرێ لە نێوان حکومەتی ئێلیتەکان و دێموکراسیدا ئاشتی بێتە ئاراوە هەروەک چۆن شومپیتێر و مانهایمیش بە شێوەگەلی جۆراجۆر هەوڵیان دەدا ئەو بابەتە بسەلمێنن.[١٤] بەڵام مۆسکا لە بەرهەمەکانیشیدا تەواوی دەرئەنجامەکانی "نائۆرمی گەورە" کە لە بوونی نابەرامبەری ئابووری لە پەنا بەرامبەری سیاسیدا کەوتۆتەوە، ناخاتە بەر لێکۆڵینەوە و کێشەی پێوەندی نێوان ئێلیتەکان و چینەکان بە چارەسەرنەکراوی دەمێنێتەوە. بەو پێیە ئەم پرسە دووهەمین بابەتی سەرەکی ئەو باسانەی لەبەر دەست دان پێک دینێ.

یەکێک لە گرنگترین پێشکەوتنەکان لەو باسەدا، لێکۆڵینەوەکەی مارشاڵە[١٥] کە هەر چەند راستەوخۆ پێوەندی بە پرسی ئێلیتەکانەوە نییە بەڵام بابەتە تەوەرەییەکان لەو باسەدا بەروونی دارێژراون. مارشاڵ دێموکراسی بە واتای گەشەی مافی هاوولاتی __ واتە پەرەسەندنی روو لە گەشەی مافە مەدەنی، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان __ دێنێتەوە و هەروەها وەبیردێنێتەوە کە لەو واتایەدا دێموکراسی لەخۆگری پرێنسیپی بەرامبەرییە کە دەگەڵ سیستمی چینایەتی کاپیتالیزمدا لە ناکۆکی (لە شەر) دایە.[١٦] بیرۆکەی مافەکانی هاوولاتی بەتایبەت لە دەیەی رابردوودا دزەیەکی ئێجگار زۆری هەبووە و دواتر باس لە هیندێک لە دەرئەنجامەکانی دەکەم. بەڵام سەرەتا ئیزن بدەن پرسی پیوەندیی نێوان ئێلیتەکان و چینەکان بە وردییەکی زۆرترەوە تاوتوێ بکەین. ئاڵبرتوونی بە سرنجدانێکی تایبەت بە شومپیتێر[١٧] دەپرژێتە باسکردن لە تیۆرییە جۆراوجۆرەکانی "ئێلیتیستی نوێ" بەڵام لە کۆتاییدا دەگاتە ئەو ئاکامە کە دەگەڵ ئەو هەوڵانەی بۆ تێکەڵ کردنی چەمکە ئێلیتیستییەکان دەگەڵ رەوتە فکرییەکانی لیبراڵ دێموکرات و پلۆرالیستییەکانی کۆمەڵگا رۆژئاواییەکان بە ئەنجام گەیشتوون دیسانیش "نەیانتوانیوە چ دەگەڵ ئەو بایەخە چەسپاوانەی کە بەردەوام هەبوون و ئیلهام دەری کردەوەی سیاسی بوون و چ دەگەڵ بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییە جۆراوجۆرەکان کە روخساری پراکتیکی وەها بایەخگەلێکن و گرنگایەتیشییان لەوان کەمتر نییە، سازگار بێنەوە."[١٨] "ئاڵبر توونی هەروەها باوەری وایە کە گۆرانکارییە پێکهاتووەکان لە رێبازە ئێلیتیستیەکاندا" پێشاندەری کارتێکەری ئیدئۆلۆژی و قوتابخانەیەکە کە دزە و پەسنی بەربڵاوی سوسیالیزم لە گشتی ترین واتای خۆیدا جێی هێشتووە... لەو رووەوە قوتابخانەی دەوڵەتی خۆش بژیوی تیۆری و رەوتێکی پراکتیکییە کە گرنگییەکی تایبەتی هەیە."[١٩]

لە زۆربەی نووسراوەکانی ئەو دوایانەدا دەردەکەوێت کە باسەکانیان لە دەوری تەوەرەی ئێلیتە سیاسیەکان __ واتە "ئێلیتە دەسەڵاتدارەکانی" مۆسکا یان بە وتەیەکی گشتی تر هەمان "چینی سیاسی" مۆسکا دا __ دەخولێتەوە. ئەو راستییە دوو خاڵی بنەرەتی روون دەکاتەوە. یەکەم ئەوە کە چەمکی گشتی تری ئێلیتەکان زیادی و بێکەڵک کراوە یان لە هەر حاڵ دا بێکەڵک ماوەتەوە. لە وڵاتە پیشە



سازییە نوێیەکاندا، "ئێلیتی کاری"[٢٠] "زۆر و گرنگمان هەیە__ واتە زانایان، پسپۆرانی تێکنۆلۆژی، کارگێران، بەرێوەبەران، مامۆستایان و وەک ئەوانە، و هەروەها ئەگەر ئەو وڵاتانە ژیاریئافرێن بن و نەک تەنیا خوڵقێنەری بازارێکی لەسەر بنەمای دەکارهێنانی زۆر بن، هونەرمەندان و رووناکبیرانیش __ بەڵام هیچ بەڵگەیەکی تایبەتی لە ئارادا نییە کە بە "ئێلیت" ناودێریان بکەین. ئەوان تەنیا گرووپ گەلێکی کارین (زۆرتر گرووپە پرۆفیشناڵەکان) کە لە چوارچێوەی دابەشکردنی کۆمەڵایەتی کاردا لە ئارادان و ئەندامانیشیان لە بواری توانایی و سەرکەوتندا، جیاوازیگەلی بەرچاویان لەگەڵ یەکتر دا هەیە. دووهەم، چەمکی ئێلیتە سیاسییەکان __ بە پێناسە بەربڵاوتر یان سنووردارترەکەشی __ کە تەوەرەی لێکدانەوە ئێلیتیستییەکان پیکدێنێ پرسگەلێکی زۆر لەمەر ئێلیتەکان، چینەکان و دێموکراسیدا دەخاتەروو کە لە بەشەکانی رابردوودا پرژاینە سەر لایەنە جۆراوجۆرەکانیان و ئێستا لە روانگەی ئاڵوگۆرە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو دوایانەدا بەشێوەیەکی وردتر تاوتوێیان دەکەین.

یەکەم خاڵ کە دەبێ لێرەدا لەبەرچاوی بگرین ئەوەیە کە داخوا لە سەدەی بیستەمدا هیچ بەلگەیەکی بڕواپێهێنەر بۆ "ئێلیتە دەسەڵاتدارەکان" یان "ئێلیتەکانی دەسەڵات" لە ئارادا بووە. لە بەشەکانی پێشوودا دەگەڵ ئاماژە بۆ هیندێک لە ریزپەرە شیاوەکان[٢١] وتمان کە لە زۆربەی فۆرمە مێژووییەکانی کۆمەڵگا دا، چینێک __ واتە ئەریستۆکراتێکی شەرکەر، ئەربابە زەویدارەکان، کاپیتالیستە پیشەسازییەکان __ باڵادەستی هەبووە کە بنەمای دەسەڵاتیان بە سەر کۆمەڵگادا، لە خاوەندارێتی یان دەست بەسەر داگرتنی کاریگەری ژێدەرە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنانەوە سەرچاوەی دەگرت نەک ئەو گرووپە ئێلیتانەی کە دەکرێ بە پێی پێوەرەکانی تر پێناسە بکرێن. بەتایبەت سەبارەت بە کۆمەڵگا کاپتالیستیە نوێیەکان، ئاماژەمان بە هیندێک بەڵگە کرد کە هەم ئیدعای هاتنەسەرکاری گرووپە ئێلیتێکی نوێی پێکهاتوو لە بروکراتەکان یان کارگێرەکانی، پووچەڵ دەکردەوە و هەمیش ئیدعاکانی وەک ئەو کە سەبارەت بە بروکراتەکان یان رووناکبیران لە وڵاتانی تازە پێگەیشتووی جیهانی سێهەمدا دەخرێتەروو.

دەگەڵ ئەوەشدا، لەو سەردەمانەی دواییدا هێندێک وێنەگەلی کێشەخوڵقێن هاتوونە دی. یەکێک لەو بابەتانە رژیمە نیزامییەکانن کە جاروبار لە ماوەی سەدەی بیستەمدا لە هێندێک لە وڵاتەکاندا (زۆرتر ــ بەڵام نەک تایبەت ــ لەجیهانی سێهەمدا) هاتوونە سەر کار. بەلام ئەو رژیمانە هەموویان وەک یەک نەبوون: هێندێک ریفۆرمخواز یان شۆڕشگێڕ بوون و هێندێکی تریش ــ بەتایبەت لە ساڵی ١٩٤٥ بەدواوە ــ دژی شۆرش بوون؛ و هەر ئەو راستییەش پێشاندەدات کە سەرەرای ئەو بارودۆخە تایبەتانەی رۆڵێکی بەرچاو و دەگمەن دەداتە ئەفسەرانی نیزامی لە کۆمەڵگادا ئەمەگداری چینە سەرەکییەکانیش بێکاریگەری نین. بابەتی دووهەم پێوەندی بەو کۆمەڵگایانەوە هەیە کە پارتێکی سیاسی جڵەوی دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتووە و بە سەرکوتکردنی هەموو هێزە سیاسییەکانی رکەبەر، سیستمێکی دارشتووە کە دەکرێ وەک حکومەتی ئێلیتەکانی پێکهاتوو لە رێبەرانی حیزبی و تۆرێک لە کاربەرێوەبەرانی خوارووی پارتێک بناسین. دوو وێنەی بەرچاوی ئەو دیاردەیە یەکێتیی سۆڤییەت و ئاڵمانی نازیین. بەڵام لەو بابەتانەشدا، هەرچەند دەبێ سرنجی تەواو بدرێتە ئەو دیاردە سیاسییە نوێیە، واتە گەشەی پارتە جەماوەرییەکان بەڵام بەبێ لێکۆڵینەوەی ستروکتووری چینایەتی و هەروەها پێوەندییە چینایەتییەکان دەگەڵ یەکتردا، شیکاری هەلومەرجی گەیشتنە دەسەڵات و پتەوکردنی بنەماکانی دەسەڵاتی ئەو رێکخراوانە بە باشی بەرەو پێشەوە ناچێ. لە ئاڵمانی نازییدا و هەروەها لە یەکێتیی سۆڤییەتیشدا، پارت (و دەزگا پسپۆرییەکانی وەک پۆلیسی نهێنی) بنەمای سەرەکی دەسەڵاتی سیاسیان پێکهێناوە. لەو رووەوە دەکرێ باس لە "گرووپێک ئێلیتی دەسەڵاتی" یەکدەست بکەین کە رێکخەری سیستمێکی توتالیتێرە. بەڵام هەر لەو کاتەدا، ئەو جۆرە سیستمە سیاسییە پێویستی بە سازدانی رادەیەکی بەرچاوی کۆنترۆڵ بەسەر ئابووری نەتەوەییدا هەیە کە بە روونترین شێوە دەکرا لە یەکێتیی سۆڤییەتدا بەدی بکرێ. هەر بەو هۆیە لەم بابەتانەدا دەکرێ باس لە سەر هەڵدانی "چینێکی نوێ" بکەین کە خاوەنداریتی یاسایی ئامرازە سەرەکییەکانی بەرهەم هێنانی لە دەست دابووە یان لانیکەم بە شێوەیەکی کاریگەر دەستی بە سەر داگرتووە.[٢٢] کەواتە، هەر چەند رۆڵی ئەرتەش یان پارتێکی جەماوەری لە هێندێک لە



وڵاتەکاندا و لە ماوەی دەورە دیاریکراوەکان دا دەتوانێ چاوگەی جۆرێکی جیاواز لە ئێلیتەکانی دەسەڵات بێ، بەڵام هەر ئەو ئێلیتانەش پێوەندییەکی نزیکیان دەگەڵ چینە سەرەکییەکانی کۆمەڵگا دا هەیە یان دەتوانن فۆرماسیۆنی چینایەتی نوێ بەدی بێنن.

هەر چۆنێک بێ، ئاشکرایە کە لە دنیای ئەمرۆدا کە لە ژێر دەسەڵاتی پێشەنگ ترین وڵاتانی کاپیتالیستی دایە، چینەکان و پێوەندییە چینایەتییەکان بەهێزترین کاریگەریان لە سەر سروشتی دەسەڵاتداری سیاسیدا هەیە. لە ئاکامدا، ئیتر تیۆری ئێلیتەکان لە پراکتیکدا وەک تیۆرییەکی تۆکمە ناخرێتە روو کە ببێتە جێگرەوەی تیۆری چینەکانیان یان جۆرەکانی تری تیۆرییە پێوەندیدارەکان بە "جووڵانەوە کۆمەلایەتییە نوێیەکان"؛ ئێستا سەرەکیترین باس و گفتوگۆکان سەبارەت بە ئێلیتەکان و ئێلیتیزم زۆرتر لە دەوری پێوەندی ئەوان دەگەڵ دێموکراسیدا دەخولێتەوە. ئەو بابەتە پێشتر لە هێندێک لە لێکۆلینەوە کۆنەکاندا بەشێوەیەکی بەرچاو لەئارادابوو، بەڵام بزووتنەوە رادیکاڵەکانی دەیەی ١٩٦٠ زیاتر زەقیان کردەوە و لەو باس و گفتوگۆیانەی دواییدا بەتایبەت لە باسکردن لە مافەکانی هاووڵاتی و بووژانەوەی رژیمە دێموکراتیکەکان لە ئورووپای رۆژهەلات دا (کە لە زۆربەی بابەتەکاندا یەکەم هەنگاو بۆ سازدانی وەها رژیم گەلێک لەو ولاتانە دایە) هەر وا خاوەن جێگەیەکی بەرزن.

ئەو باس و گفتگۆیانە لە هەنگاوی یەکەمدا لەخۆگری تێگەیشتنی زۆر جیاواز لە دێموکراسین کە لە بەشی شەشەمی ئەو کتێبەدا پرژاینە سەریان و ئێستا دەتوانین لە بەر تیشکی ئەو ئاڵوگۆرانەی لە ماوەی سێ دەیەی رابردوودا روویانداوە بەشێوەیەکی وردتر شیکاریان بکەین. دەکرێ لەنێوان "دێموکراسی لیبراڵ" و "دێموکراسی بەشداریکەرانە"دا جیاوازییەکی تەواو دانێین؛ هەڵبەت لەناخی هەر کام لەو دوو وتەزایەدا فۆرماسیۆنی جۆراوجۆر لەئارادان.[٢٣] لە روانگەی منەوە چەمکی یەکەم دەرخەری روانگەیەکی "ستاتیک (ایستا)ە" کە لەسەر بنەمای ئەو لە کۆمەڵگا پیشەسازییە نوێیەکان و تارادەیەکیش لەوڵاتانی تردا ــ بێشک، دیمۆکراسی لە شێوازە جۆراوجۆرەکانیدا ــ لە رێگەی چەسپاندنی مافی دەنگدانی گشتی و وەدیهێنانی ئەو سیستمە سیاسیانەی کە لەوان دا پارتە جۆربەجۆرەکان بەشێوەیەکی

ئازادانە لەسەر راکێشانی پاڵپشتی جەماوەری دەنگدەران دەگەڵ یەکتردا لە رکەبەرایەتی دان، وەدەست هاتووە. روانگەی لیبراڵ جەخت دەکاتە سەر حکومەت لە رێگەی نوێنەرانەوە و تارادەیەکی زۆریش نکۆڵی لەو بیرۆکەیە دەکات کە دەڵێ هاووڵاتییان دەکارن بە واتای راستی وشە، خۆیان حکومەت بکەن و، هەروەک چۆن دیتمان ئەو روانگەیە لە چوارچێوەی هێندێک تیۆری نوێدا، رۆدەچێتە واتایەک لە دێموکراسییەوە کە شتێک نییە جگە لە خەباتی رکەبەرایەتییانەی ئێلیتە سیاسیەکان لەسەر وەدەست هێنانی دەنگی بەشێکی زۆری دەنگدەرە بێ کردەوەکان. هەڵبەت لە هەمبەر ئەو روانگەیەدا، تیۆری گەلێکی ناسراو بە "لیبراڵ- پلۆرالیست" هۆکارێکی تری سیاسیشیان پەلکێشی ناو باسەکە کردووە بە ناوی گرووپەکانی گووشار و ئیدعا دەکەن کە ئەو گرووپانە بەشێوەیەکی راستەوخۆتر دەربری بەرژەوەندیی گرووپ گەلێکی تایبەت لە هاووڵاتییانن و تا رادەیەکیش کردەوەکانی پارتە سیاسیەکان و دەوڵەتی کۆجێیی بەرتەسک دەکەنەوە. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەو روانگەیە ئەوەیە کە بۆ کۆی دەنگدەران (یان بۆ بەشێکیان) رۆلێکی چالاکتر لەبەرچاو دەگرێ؛ هەڵبەت ئەگەر خوازیاری دیاریکردن و لایەنگری لە پلۆرالیسمی بەربڵاو بین، دەبێ ئەو روانگەیە بەربڵاوتر کەین و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانیش کە دەتوانن ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە تاکەکان تەیار کەن لەبەرچاو بگرین.

بەڵام بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بەپێچەوانەی گرووپەکانی گووشار زۆرتر ئامانجی بەربڵاوتریان هەیە کە چاودێری بەسەر بارودۆخی سەرجەم کۆمەڵگادا دەکەن و، لە زۆربەی بابەتەکاندا لایەنگری بەدیهاتنی گۆرانی بنەرەتی لە ستروکتوری ئابووری و کۆمەڵایەتیدان و هەر بەو هۆیە، مەبەست و کردەوەکانی ئەو بزووتنەوانە بە راستی پێوەندییەکی نیزیکتر یان دەگەڵ چەمکی دووهەمدا هەیە کە پێشتر دیاریمان کردن: "واتە دێموکراسی بەشداریکەرانە". لەراستیدا بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دەیەی ١٩٦٠ ئەو بیرۆکەیان بووژاندەوە. ئەو چەمکە، زۆرتر دەربری روانگەیەکە کە خودی دێموکراسی بە "بزووتنەوەیەک" دەزانێ کە هێشتا دەگەڵ ئامانجی سەرەکی خۆیدا واتە سەقامگیرکردنی جۆرێک لە کۆمەڵگا کە "دەسەڵاتی خەڵکی" بێتەدی، مەودایەکی زۆری هەیە. بەو پێیە لایەنگرانی دێموکراسی بەشداریکەرانە داژداری رەوتی بەردەوامی



بڵاوبوونەوەی دێموکراسی لە ناوەوە و دەرەوەی سیستمی سیاسی بەتایبەت لە بیاڤی ئابووری کار و بەرهەمهێنان دان و هەلومەرجی پێویست بۆ سەقامگیربوونی وەها رەوتێک دەخەنە بەر باس.

ئیزن بدەن سەرەتا بپرژێینە سەر شێوەکانی پەلوپۆهاویشتنی دێموکراسی لە ناو خودی سیستمی سیاسیدا. بزووتنەوەگەلێکی بێ ئەژمار سەوداسەری ئامانجێکن کە راگەیەنراوی (منشور)ی٨٨[٢٤] لە بریتانیادا دەتوانین وەک وێنەیەکی شایانی فێربوون لەوان بێنینەوە. ئەو راگەیەنراوە، خوازیاری خەبات، بۆ سەقامگیر بوونی دۆخێکی یاسایی نوێیە کە ئەو تۆخمانە لەخۆبگرێ: راگەیەنراوی مافەکان بۆ سەقامگیر کردنی ئازادییە مەدەنییەکان، ئازادی زانیاری و حکومەتی روون (شفاف)، سیستمی هەڵبژاردنی رێژەیی، جێگیربوونی پارڵمانێکی دێموکراتیک و نامیراتی لە جێی پارڵمانی لۆڕدەکان، رێرەوەی کردنی دەسەڵاتی راپەڕاندنی سیاسی لە پارڵمان و پێڕەوی‌کردنی سەرجەم کاربەرێوەبەرانی دەوڵەت لە دەسەڵاتی یاسا، چاکسازی لە دەسەڵاتی دادپەروەری دا و دابینکردنی سەربەخۆیی ئەو دەسەڵاتە، دۆزینەوەی چارەسەری یاسایی بۆ پێشگرتن لە کەڵک وەرگرتنی خراپ لە دەسەڵات لە لایەن دەوڵەت و کاربەدەستانەوە، دابەشینی وەکیەکی دەسەڵات لە نێوان نەتەوەکانی پێکهێنەری پاشایەتی یەکگرتوو و لە نێوان دەسەلاتە خۆجێیی، و ناوچەیی و هەروەها ناوەندییەکاندا، یاسای بنەرەتی کە لە سەر تەوەرەی بیرۆکەی بڵاوبوونەوەی گشتی مافەکانی هاووڵاتی نووسرابێتەوە. هێندێک لەو ئامانجانە پێشتر لە جۆرەکانی تری دێموکراسی نوێدا هاتبوونە ئاراوە و بێشک، بریتانیا بە سیستمێکی حکومەتی فێئودالی و ئەوپەر ئێلیتیستیانەوە _ کەمتر لە ژمارەیەکی‌تر لە وڵاتە پەرەسەندوەکان تایبەتمەندیی دێموکراتیکی هەیە. هەڵبەت ئەوە بەو واتایە نییە کە لە شوێنەکانی تردا، جێگەیەکی ئەوتۆ بۆ پەرەسەندنی بەرچاوی دێموکراسی بەشداریکەرانە نەماوەتەوە؛ پەرەسەندنی رێکخراوە بان نەتەوەییەکان بەتایبەت لە ئورووپای رۆژئاوادا هێندێک لە بابەتە سەرەکییەکانی روون کردۆتەوە.

کۆمەڵگای ئورووپا ئێستاش دەگەڵ سیستمێکی سیاسی بەتەواوی دێموکراتیکدا مەودایەکی زۆری هەیە؛ نەک لەو رووەوە کە بریارەکانی ئەو کۆمەڵگایە لەلایەن

"بڕوکراتەکانی برووکسێلەوە" دەدرێن، بەڵکوو بەو هۆیەوە کە ئەو بریارانە لە پشت دەرگا داخراوەکان و لە لایەن ئەنجوومەنی وەزیرانێکەوە دەدرێن کە هەڵبژێراوی دەوڵەتانی ئەندامی ئەو یەکیەتییەن، لە کاتێکدا پارڵمانی ئوروپا کە راستەوخۆ بە دەنگی خەڵک هەڵبژێراوە، تەنیا هێندێک دەسەڵاتی بەرتەسکی هەیە. لەولاشەوە، قەواره، گرێوگۆڵی، و دووره دەست بوونی سیستمێکی سیاسی بان نەتەوەیی، بەشداریکردن و کۆنترۆڵی دیموکراتیک دژوارتر دەکا و، چەمکی لێڵی "لاوەکی بوون" کە کۆمەڵگای ئوروپا فۆرمی پێداوە لە سەردەمی ئێستادا واتاکەی شتێک نییە جگە لە پەژراندنی مافی دەوڵەتانی ئەندام بۆ بە رێوەنەبردنی هێندێک لەو سیاسەتانەی کۆمەڵگای ئوروپا کە پەسەندیان نییە. هەر لەسەر ئەو بنەمایە دەوڵەتی بریتانیا لە پەژراندنی "بابەتی کۆمەڵایەتی" لە گەڵاڵەپێشنیاری پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی یەکدەستتر خۆی بواردووە کە ئەو گەڵاڵەیەپێشنیارە هەوڵێکە بۆ پەرەگرتنی ئارامی بەشداریکردنی دیموکراتیک لە بریاردانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا. لەلایەکی ترەوە، دیموکراسی بەشداریکەرانەی کاریگەر پێویستی بە سپاردنی بنەرەتیتری دەسەڵات بەچاوگە ناوچەیی و خۆجێیەکانی ناوخۆی دەوڵەتە نەتەوەییەکان هەیە؛ واتە مەبەست ئەو چاوگانەیە، کە خەڵک دەتوانن لە نزیکەوە چاوەدێری دارشتنی سیاسەتیەکانیان بن وهەروەها کاریگەریشیان تێدا هەبێ. دیموکراسی بەشداریکەرانە پێویستی بە پەرەپێدانی دیموکراسی لە رەوتی بەرهەمهێنانی شتوومەکەکان و خزمەت گوزارییەکان (بۆ وێنە، لە بواری فێرکردن وبارهێنان و، چاودێری بەسەر لەشساغی وخۆش بژیوی کۆمەڵایەتیدا) لە رێگەی سازدانی شێوازە گونجاوەکانی خۆبەرێوەبەرایەتی[25] و نوێنەرایەتی بەکارهێنەکانەوە، هەیە. ئەوە کە تا چ رادەیەک و لە چ رێگەگەلێکەوە دەکرێ ئەو ئامانجانە بپێکی یان لێیان نزیک بیەوە خۆی بابەتێکی دوورودرێژە کە لە چوارچێوەی ئەو کتێبە بەدەرە و هیوادارم بتوانم لە لێکۆڵینەوەیەکی جیاوازدا لێکی دەمەوە. هەر چۆنێک بێ روونە لە وڵاتە پێشکەوتوە پیشەسازییەکاندا بزوتنەوەگەلێکی بەهێز هاتوونەئاراوە کە لە لایەنە جۆربەجۆرەکانەوە بۆ هێنانەدی ئاڵوگۆری بنەرەتی لە ستروکتووری دەسەڵات، لە سەرجەم سیستمی کۆمەڵایەتیدا و نەک تەنیا لە پێکهاتەگەلی رواڵەتی دەسەڵاتدا خەبات دەکەن.



کەواتە، لە وڵاتە پێشکەوتووە پیشەسازییەکاندا __ و تارادەیەکیش لەوڵاتانی تردا__ رەوتگەلێکی بەرچاو دەگەڵ بیرۆکە و قوتابخانەی ئێلیتیستی لە دژایەتی دان و ئەو دژایەتییەش بەشێوەگەلی جۆراوجۆر خۆدەنوێنێ: واتە لە روخساری ئەو گەڵاڵەپێشنیارانەی کە بۆ چاکسازی بنیاتە سیاسییەکان، پەرەپێدانی دیموکراسی بۆ ناو بوارە نوێیەکانی ژیانی کۆمەڵاتیدا، یان پەرەسەندنی مافەکانی هاووڵاتی بە تایبەت لە بواری کۆمەڵایەتیدا. لەو گەڵاڵەپێشنیارانەدا جەخت دەکرێتە سەر پرێنسیپی بەرامبەری کە دەگەڵ سیستمی کۆمەڵایەتی چڕبوونەوەی زۆری دەسەڵات لە دەست گرووپ گەلێکی بچووک لە تاکەکان کە دەکرێ بە "ئێلیتەکان" یان بە وتەیەکی راستتر بە "چینە سەروترەکان" نێودێرکرێن، لە دژایەتی دایە. بەڵام لە لایەکی ترەوە، ئۆگرییەکی ئێلیتیستیانەی بەهێزیش هەن کە __ لە ئێلیتەکان و بە تایبەت ئەوانەی کە "چینی سیاسی "پێک دێنن سەرچاوەدەگرن و __ بە شێوازی جۆراوجۆر خۆ دەردەخەن: A/ گۆڕانی بەرەبەرەیی ململانێی هەڵبژاردنی پارتەکان و پەلکێش کردنی ئەو ململانێیە بۆ ناو گۆرەپانی شەری میدیاکان کە رۆڵی رێبەری پارت دەگەڵ رەنگ و لوعابێکی زۆر و "کەراماتی" ئەو لێک دەدرێن و هەروەها گرنگ نیشاندەدرێن؛ B/ بانگەوازی سیستماتیکی "دانیشتنەکانی رێبەران" کە بە پێی گریمانە، لەو دانیشتنانەدا رێبەرانی جیهان سەبارەت بە رێگەچارەی کێشەکانی جیهان دەکەونە بیرورا گۆرینەوەیەکی کاریگەر و جیددی بەڵام هەر لەو کاتەدا ئەوانە زۆرتر شتێک نین جگە لە رووداوەکانی میدیاکان؛ C/ ئۆگری بەرەو لای چربوونەوەی زۆری دەسەڵات لە زۆرێک لە پارتە سیاسییەکان دا کە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی رۆڵی رێبەر یان گرووپی رێبەرایەتی بە قیمەتی بەرتەسک بوونەوەی ئەو دەرفەتانەی کە سەرجەم ئەندامانی ئەو پارتە بۆ دەربرینی روانگە جیاوازەکانی خۆیان یان وەرێخستنی باسە بنەرەتییەکان سەبارەت بە سیاسەتی حیزب لە بەر دەستیان دا هەیە؛ D/ بەربەرەکانی هێندێک لە وڵاتەکان بە تایبەت بریتانیا لە هەمبەر چاکسازی لە سیستمەکانی هەڵبژاردندا و بەو ئاراستەی کە بوونی نوێنەرانی گرووپە سەرەکییەکانی کەمایەتی لە دەسەڵاتدا مەیسەر بێ؛ دوژمنایەتی گشتی دەگەڵ ئەو بزوتنەوە کۆمەڵایەتییانەی لە دەرەوەی بیاڤی سیاسەتی حیزبی دا چالاک و خاوەن دزەیەکی زۆرترن.

بەڵام ئەو ڕەوتە ئێلیتیستانە کەمتر لەو ڕادەیەی کە داهێنەرەکانیان دەیانویست کاریگەر بوونە. لەزۆربەی دیموکراسییە پێشکەوتووەکاندا، دڵساردی و ڕەشبینی یان کەمتەرخەمییەکی بەربڵاو لە بەرامبەر کردەوەکانی ئێلیتە سیاسیەکاندا لەئارادایە کە تا ڕادەیەک ئەو ڕەوشە لە ڕادەی خۆبواردنی تاکەکان لە دەنگدان (بە تایبەت لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا) خۆدەنوێنێ. بەڵام ڕوکارێکی تری ئەو بابەتە، هەم بە شێوەی پەرەسەندنی بەردەوامی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە تازەکانە کە ئامانجەکانیشیان لە پێداگری لە سەر بەرژەوەندییە ناوچەیی و خۆجێییەکانەوە تاکوو هەنگاوە ڕاستەوخۆکان لە دژی لەناوبردنی ژینگە لەخۆدەگرێ و هەمیش بە شێوەی ئەو چالاکیانەی کە بە تایبەت بزووتنەوەکانی لایەنگری ژینگە بۆ دۆزینەوەی شێوازێکی نوێی ڕێکخراوەی حیزبی کە کەمتر زنجیرە پلەیی، بروکراسیانە و ئێلیتیستیانە بێ دێنە ئەنجام. بە شێوەیەکی گشتی دەکرێ هاودەنگ دەگەڵ ئالبر توونی بەڵگە بێنینەوە کە "نێئو ئێلیتیسم"ی سەردەمی ئێمە _ واتە ئێلیتیسمی هاوسەنگ کراو دەگەڵ دەوڵەتی خۆش بژیوی و چەمکە لیبرال دیموکراتیک و سوسیالیستییەکان _ هەرچەند بە لێکۆڵینەوەی ئەزموونکراوی زۆر[٢٦] و هەروەها بە دارشتنەوەی دووبارەی تیۆری ئێلیتەکان[٢٧] گەیشتوون، بەڵام هەڵگری "پرسیارێکی چارەسەر نەکراون کە جگە لە لایەنی تێئوریک لایەنی ئیدئۆلۆژیکیشی هەیە: ئێلیتە نوێیەکان، ئەورۆکە لە چ بایەخگەلێکی ئەخلاقی و ئامانج گەلێکی پراکتیکیەوە کاریگەری وەردەگرن." ئالبر توونی لە درێژەدا دەڵێ "هێشتاش تیۆری سیاسی ڕوون و بێگرێ (بی ابهام) نەخراوەتە ڕوو" کە لەسەر بنەمای لێکدانەوە نێئۆ ئێلیتیستییەکان بێ و "لە بەستێنی دیموکراسی لەبنەڕەت ڕا بەشداریکەرانە و جەماوەری کۆمەڵگای ئەمڕۆدا بتوانرێ جێبەجێ بکرێ".[٢٨]

هەڵبەت لە دیموکراسییە کاپیتالیستییەکانی ئێستادا دەگەڵ ئەوەدا کە بزووتنەگەلێکی کۆمەڵایەتی زۆریان لە ناو دایە، دەکرێ ئەو پرسیارە بکرێ کە داخوا ئەو دیموکراسییانە بە واتای ڕاستی وشە "بەشداریکەرانە"ن و داخوا کێشەی سەرەکی بە ڕاستی کێشەی ڕوونکردنەوەی دووبارەی بایەخە ئەخلاقی و ئامانجە پراکتیکییەکانە و نەک دۆزینەوەی ڕێگەگەلێک بۆ بڵاوکردنەوەی هەرچی زیاتری کردەوە سەربەخۆ و



خۆبەڕێوەبەرایەتیەکانی هاووڵاتییان. ئەو ئاڵترناتیڤەی دووهەم هەروەک لە پێشتردا پیشانماندا پرسگەلێکی بەگرێوگۆڵ دەخاتە ڕوو کە لێرەدا ناتوانین بچینە ناخیانەوە بەڵام بەڕوونی دیارە کە لە هەر کۆمەڵگا یان ئەنجوومەنێکی گەورەدا، حکومەت یان بەڕێوەبەرایەتی دەبێ لە ڕێگەی نوێنەرانەوە بەڕێوەبچێ[٢٩] و، بێ شک چەمکی ڕێئالیستیانەی دیموکراسی بەشداریکەرانە دەبێ هێندێک لە تۆخمەکانی تیۆری لیبراڵ لەخۆبگرێ و هەر لەو کاتەشدا هەوڵ بدا لە ئاستی ئەو تیۆرییە سەرووتر بچێ. کەوایە پرسیاری سەرەکی دەگەڕێتەوە سەر "پشت ئەستوور بە نوێنەرایەتی" بوونی بەڕێوەبەرایەتی یان حکومەت کە نە تەنیا پێویستی بەو جۆرە چاکسازییانە لە بنیاتە سیاسیەکان دا کە پێشتر بە پوختی پرژاینە سەریان هەیە، بەڵکوو لەوەش زیاتر، پێویستی بە گشتگرکردنی بابەتی نوێنەرایەتی لە بواری کار و بەرهەمهێناندا هەیە. گشتگرکردنی دیموکراسی بەو شێوەیە یان پەرەگرتنی مافەکانی هاووڵاتی ئاماژەیە بۆ ڕوانگەیەکی زۆرتر دژەئێلیتانە و نەک نۆارینێکی نیئۆئێلیتیستیانە کە هەر وەک لە بەشی پێشتردا پیشانمدا جەختی زۆرتری لەسەر بەرامبەری مرۆڤەکانە.

دوایی هاتنی سەدەی بیستەمی زایینی نە کۆتایی مێژووە و نە دەسپێکیشی، بەڵکوو پێشاندەری قۆناغێکی نوێیە لە پرۆسەیەک دا کە دوو سەدە لە مەوبەر وێڕای پێشکەوتی خێرای زانست و دەکارهێنانی لە بواری بەرهەمهێناندا، بڵاوبوونەوەی جیهان داگری کاپیتالیسمی پیشەسازی و، سەرهەڵدانی بزووتنەوە سیاسیە بەرهەڵستکارەکان دەگەڵ باڵادەستی چینەکان، ئێلیتەلان، و وڵاتە تایبەتەکاندا دەستی پێکرد. زنجیرەیەک لە "شۆرشە پیشەسازییەکان" هاتوونە ئاراوە کە تایبەتمەندیی سەرەکی نوێترینیان _ شۆرسی کامپیوتێر/ زانیارییەکان/ ئۆتۆماسیۆن – سەرهەڵدانی جۆرێکی تایبەت لە کۆمەڵگایە کە بنەمای ئەو کۆمەڵگایە زانستە (هەر چەند کۆمەڵگای مرۆڤ سەرجەمیان بەشێوەیەک لە شێوەکان بنەماکەیان زانست بووە). ئەوەش هەر ئەو شتەیە کە مارکس نیزیکەی سەدوپەنجا ساڵ لەمەوبەر، لە یەکێک لە درەوشاوەترین بەشەکانی کتێبی *گرۆندریسە*دا پێشبینی کردبوو.[٣٠] لە گرنگترین ئاڵوگۆڕەکانی کە ئێستا لە ڕێگەی پێشکەوتنی خێرای زانست و تێکنۆلۆژییەوە خەریکە پێدەگرێ دەکرێ ئاماژە بەوانە بکەین: نرخاندنی دووبارە و

بنچینەیی سرووشت و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی کار، ئەگەری پەرەگرتنی بەرچاوی بواری کاتی حەسانەوە، پێویستی رووەوزیادبوونی بە جۆرێکی سیستماتیک تری رێکخراو و رێکوپێکی گشتی بەرهەمهێنان کە ئامانجی کۆمەڵایەتی وردی هەر دەبێ بریتی بێ لە بەرەورووبوونەوە دەگەڵ ئاستەنگی گەلی گەورەی وەک لەناوبردنی کەلێنی جیاکەرەوەی وڵاتانی ساماندار لە وڵاتانی نەدار، و هاوهەنگاوکردنی بەرهەم هێنان دەگەڵ پاراستن و لە راستیشدا بووژانەوەی ژینگەی سرووشتی. لەوانەیە وابێتە بەر چاو کە سازان دەگەڵ ئەو ئاڵوگۆرانە، ببێتە هۆی بەهێز بوونی ڕۆڵی ئێلیتە سیاسیەکان بەڵام وەها روانینێک سنووردار و رێونکەرە. ئەوەی بۆ دوا رۆژی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە سەرانسەری جیهاندا گرنگایەتێکی زۆری هەیە. بەشداری چالاکانەی ژمارەیەکی هەرچی زیاتری هاووڵاتییانی خوێندەوار و بەرپرسە کە کاتی حەسانەوەی زۆرتریان هەیە بۆ تەرخان کردن بە بابەتی رێکخستنی کەسێنی شێوازەکانی ژیانی خۆیان و لە چوارچێوە و دەرئەنجامەکانی بەربڵاوتری هەوڵەکانی خۆشیان ئاگادارن. لەو رەوتەدا لەوانەیە جۆرە جیاوازەکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بە جەخت کردن لەسەر پێویستی لەناوچوونی گەورەیی و رەمزاوی‌بوونی ئێلیتە سیاسیەکان و هەر لەو کاتەشدا لەرزۆک کردنی دەسەڵاتی راستەقینەی چینە سەرووترەکان کاریگەری (نفوذ) رووەوزیادبوونیان دەبێ.

## پەراوێزەکانی بەشی هەشتەم

1. Port Huron Statement
2.P.Jacobs and S.Landau (eds),*The New Radicals:* A Report With Documents,PP.146-62.
3.Students for Democratic Society
4. New Right

٨. بۆ باس لە سەر مۆدێلی چەرخە تیجارییەکانی شومپیتێر و ئەو رەخنانەی لێیگیراوە بروانە:

T.B.Bottomore, *Between Marginalism and Marxism:The economic Sociology of j,A.schumpeter(*Hemel Hempstead:Harvester Wheatsheaf, 1992),chap.5.

٩. هەروەک مارکس لە کاپیتالدا دەنوسێ: Karl Marx, *capital (1867),vol.I,* chap. 24, sect.3.
شومپیتێریش کە لە ژێر کاریگەری توندی هزری مارکسدا بوو کاپیتالیزمی بە جۆرە سیستمێکی چالاک و داهێنەر دەزانی کە پابەندی گەشە و پەرەسەندنی هەمیشەییە.

10.A.Maddision,*Phases of Capitalist Development,*pp.96-7.
11.Ettore A :Albertoni ,*Mosca and Theory of élitism.*
12. *Ibid.,*pp. 135-40.
13.Guglielmo Ferrero.

١٤. ئەو بۆچوونە وێکچوویەکی زۆری دەگەڵ راڤەکەی دوتوکۆیەڵدا هەیە. بروانە بەشی سێهەمی ئەو کتێبە.

15. Gaetano Mosca ,*storia delle dottrine politiche* .
16. Albertoni , *Mosca and Theory of élitism* ,pp:101

١٧. بروانە بەشی شەشەمی ئەو کتێبە.

18. T.H.Marshall,*Citizenship and Social Class.*
19. Ibid.,p.18.
20. Albertoni , *Mosca and Theory of élitism* ,pp.160-1.
21.Ibid.,p.163.



22.Ibid.,p.161.
23.functional élites

٢٤. بروانە بەشی دووهەمی ئەو کتێبە.

٢٥. بروانە بەشی چوارەمی ئە کتێبە و هەروەها ئەو لێکۆڵینەوانەی خوارەوە:

Andras Hegedus,*socialism and Bureaucracy,*chap.7.
G . Konràd and I. Szelényi,*The Intellectuals on the Road to Class Power,*chap.10.

منیش ئەو بابەتەم بە شێوەیەکی بەربڵاوتر لەم کتێبەی خوارەوەدا باسکردووە:

T.B. Bottomore (ed), *A Dictionary of Marxist Thought,*2nd edn. Chap.3.

٢٦. بۆ دیتنی شرۆڤەیەکی کورت لەمەر شێوازە جۆراوجۆرەکانی تیۆری و پراکتیکی لیبراڵ دێموکراسی، بروانە:

B.Holden, Understanding *Liberal Democracy*, chap.2.

لەمەر دێموکراسی بەشداریکەرانەدا بروانە:

C.Pateman, *participation and Democratic Theory.*
29.charter 88

٣١. لەمەر شێوازە جۆربەجۆرەکانی خۆبەرێوەبەرایەتییەوە (self-management) نووسراوەی زۆر لەبەر دەستدایە کە لەخۆگری لێکۆڵینەوەی چاوەدێر بەسەر سیستمی یۆگۆسلاویای پێشوو، بزووتنەوەی هەرەوەزییەکان و "ئەنجومەنەکانی کار"، شرۆڤەی سوسیالیزمی سێنفی (Guild socialism)، ئانارشیزم و هێندێک لەو وتانەی لەمەڕ مارکسیزمەوە گێردراونەوە و پێدادەگرن لەسەر رۆڵی ئەنجومونە کرێکارییەکان. بەڵام تا ئەو جێیەمن بیزانم هیچ بەرهەمێکی تەواو لەبەر دەست دا نییە کە سیاسەتەپێشنیار کراو و جێبەجێکراوەکان یان سرووشتی ئەو کێشە گەلەی لە دوارۆژ دا لەسەر رێگەن بەشێوازێکی مێتۆدیک لێک دابێتەوە. هەڵبەت ئەنسکلۆپیدیای چڕکراوەی بەشداری و هاوبەرێوەبەرایەتی *Concise Encyclopaedia of Participation and Co-Management)* زانیاری و شرۆڤەی زۆر بە نرخی لە مەر ئەو پرسگەلە لەخۆگرتووە.

٣٢. بەتایبەت بروانە:

M . Dogan (ed), *The Mandarins of Western Europe:The Political Role of Top Civil Servants, and E.N.Suleiman,élities in French Society* .

هەر وەها بروانە ئەو لێکۆڵینەوە بەربڵاوانەی لە مەر چینەکان و هەروەها ئێلیتیەکانەوە کە لە کتێبی خوارەوەدا هەن:

T.B.Bottomore and Robert J. Brym (eds),*The Capitalist Class:An Internatiomal Study.*

٣٣. بۆ وێنە بروانە:

---

Raymond Aron, “Social struture and the ruling class,”; and “Class sociale , classe politique, classe dirigeante”.

34. Albertion , Mosca and Theory of élitism, pp .162-3.

٣٥. کۆبوونەوەی گشتی چەند هەزار، سەدان هەزار، یان ملیۆنان کەس وەک تەنیا شێوەی گشتی بۆ دیاریکردنی سیاسەتەکان ناتوانن روونکەرەوە بن و ئاکامێکیشیان لێ ناکەوێتەوە. ئەو شێوازە تەنانەت بە پێودانێکی بچووکتریش کێشەگەلێک دێنێتەدی کە دەکرا بە روونی لە کۆبوونەوە گشتییە باوەکانی ناو خوێندکارانی رادیکاڵ لە دەیەی ١٩٦٠دا بەدی بکرێن. لەراستیدا سەرەکیترین دەسکەوتی بەکەڵکی ئەو خۆپیشاندانانە زۆربوونی ژمارەی نوێنەرانی خوێندکاران لە کۆمیتە جیاجیاکانی زانستگاکاندا بوو. ریفراندۆمیش وەک شێوازێکی تری رادەربرینی راستەوخۆ لەمەر بابەتەگرنگەکان، کێشەگەلی دژوار و ناسراوی خۆی هەیە.

36. Karl Marx, *Grundrisse,*pp.704-9.

# بەشی کۆتایی

**(ئەم بەشە هاوپێچی وەرگێڕی فارسی ئەم پەرتووکەیە)**

## پێشەکییەک لەسەر مێتۆدەکانی لێکۆڵینەوەی ئەزموونکراو سەبارەت بە ئێلیتەکان

دژوارییەکانی بەردەم تاقیکردنەوەی ئەو گریمانانەی کە یەکدەستی و یەکگرتوویی گرووپ یان گرووپ گەلی ئێلیتی باڵانشینی کۆمەڵگا لەخۆدەگرن بۆ ئەو لێکۆڵەرانەی تاوتوێی ئێلیتەکان دەکەن، ناسراون. زۆربەی ئەو دژوارییانە دەگەرێنەوە سەر بەکارهێنانی تاقیکارییەکان. هەر بڕیارێکی لە ئاستی نەتەوەیی دا دەدرێ دەرئەنجام و لق و پۆپی زۆری لێ دەبێتەوە و؛ خوێندنەوەی هێندێک لەو بریارانەی کە بۆ ڕاستی و دروستی ئەو گریمانانە پێویستە، هەم کارێکی دوورودرێژ و هەمیش پرخەرجە. ڕوون نییە کە بتوانرێ خەرجەکانی پێویست بۆ شرۆڤە و تاوتوێی بەراستی چڕوپڕ و تێروتەسەل دابین بکرێ. لەو لاشەوە، لە ئاستی نەتەوەیی دا دەست وێڕاگەیشتن بە بڕیاردەران و پرۆسەکانی بریاردان زۆربەی کات زۆر سنووردارە و لەهەر شوێنێکیش دا ئەو سنووردارێتییە لە ئارادانین، زۆرتر خودی زانایانی زانستە سیاسییەکان، بە پێی "بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان" بۆوێنە خۆبواردن لە گێرەوکێشەی سیاسی، یان لە سەر بنەمای نهێنیکاری فەرمی، لە بڵاوکردنەوەی سەرجەم سەرچاوەی زانیارییەکانی خۆیان و هەروەها دەرئەنجامە وەدەست هاتووەکان خۆدەپارێزن. ئەوەش دەبێتە هۆی تەنگەژەیەکی زۆر لە بەردەم کاری نرخاندن و ڕەخنەگرتن لە دەرئەنجامەکان لە لایەن



لێکۆڵەرەوانی تر و کۆمەڵانی خەڵکیش __ کە لێکۆڵەر دەبێ لێکۆلینەوەکانی پێشکەش بەوان بکا. هەرچەند کاری لێکۆڵەر زۆرتر سانسۆڕ بکرێ، ئەو بە هەمان ڕادە دەگەڵ ئەم مەترسییە ڕووبەڕوویيە کە هەڵوێستێک سەبارەت بە پشت راست کردنەوەی رەوشی هەنووکەیی بگرێ.

هەڵبەت مەبەست ئەوە نییە کە ئەو لێکۆڵینەوانەی کە چالاکییەکانی گرووپە ئێلیتەکان لەخۆدەگرێ لە ئاستی نەتەوەیی دا، لەپێش دا مەحکووم بە شکستە. لە پراکتیکیش دا تا ئێستا سەرکەوتنی بەرچاو لەو بوارە دا وەدەست هاتوون. دەگەڵ هەمووی ئەوانەش دا، ڕوو ڕاستانە دەبێ بڵێین کە زۆربەی لێکۆڵینەوە نەتەوەییەکان، لە جێگەی سەلماندنی بوونی ئێلیتە "ڕاستەقینە"کان کە کاریگەریی بەرچاو یان دیاریکەریان لە سەر زنجیرەیەک بڕیاری تایبەت دا هەیە، پرژاونەتە سەر لێکۆڵینەوە لە سەر ئێلیتە "شاراوەکان (بالقوە)". هەتا دەیان ساڵ یان زۆرتریش بەسەر ڕووداوێکدا تێنەپەڕێ زانیاری تەواو لەمەڕ ئەو ڕووداوە ئاشکرا ناکرێ؛ هەڵبەت زۆرتری ئەو بەڵگانەی وەدەست دەکەون ئیزنمان پێدەدەن کە تەنانەت ئەگەریش نەتوانین شرۆڤەیەکی یەکدەست و پتەومان هەبێ، لانیکەم دەتوانین شرۆڤەیەکی مەرجدار و کاتی بخەێنە ڕوو.

پێویستی بوونی فۆرماسیۆنی گریمانەیەک کە شیاوی لێکۆڵینەوە و بڵاوکردنەوە بێ، بەکەڵک وەرگرتن لەو سەرچاوانەی لە ئارادان، زۆرێک لەو کەسانەی هۆگرییان بە پرسەکانی بڕیاردانەوە هەیە، بۆ موتالای کۆمەڵگا بچووکترەکان (واتە شارەکان، شارۆچکە یان گوندەکان) ڕێنوێنی کردوە. تەنانەت لەو ئاستەشدا دەگەڵ گرفتی دەست وێڕاگەیشتن بە زانیارییە تەواوەکان رووبەڕوو دەبینەوە کە هەڵبەتە توندی و گوژمەکەی کەمترە. بەڵام هەرچەندی دەست وێڕاگەیشتن بە زانیارییەکان ساکارتر بێ، زۆرتر لە کەم بایەختربوونی بڕیارەکانەوە سەرچاوە دەگرێ. سەرەڕای ئەوەش، ئێستاش ڕوون نییە کە کاتی تاوتوێکردنی پرسی بڕیاردان، جیاوازی پێوانە تا چەند دەبێتە هۆی جیاوازی چۆنایەتی. لە ئاستی

کۆمەڵگا بچووکەکان دا، بەدەگمەن دەتوانین کێشەگەلێک بدۆزینەوە کە خاوەن کارتێکەری بەربڵاو بن و گرنگایەتیان لە ئاستی "مردن یان ژیان دا" بێ. دەگەڵ هەمووی ئەو گرفتە جۆراوجۆرانە دا، ئەو لێکۆڵینەوانەی سەبارەت بە شێوازی دابەشینی دەسەڵات لە کۆمەڵگا بچووکەکان لەو ساڵانەی دوایی دان، دەریدەخەن کە گەشەیەکی خێرا و بەرچاوی کردووە. ئەو لێکۆڵینەوانە بەتایبەت لە ئەمریکا دا بوونە گۆرەپانێک کە لە ناو ئەودا باس و گفتوگۆی پێوەندیدار بە دەسەڵات و پێوەندیی گرووپە ئێلیتەکان، بەرێوەدەچێ. لەو بوارەدا دوو بۆچوونی گرینگ، واتە شێوەی دۆزینەوەی ناوبانگ و شێوەی بڕیاردان، خراونەتە ڕوو. لێکۆڵەرەوان، بە داهێنان و بەربڵاوییەکی سرنج ڕاکێشەوە کەڵکیان لە هەر دووکی ئەو بۆچوونانە وەرگرتووە. هەروەها ئەو مشتومڕانەی ئەو دوو بۆچوونە ورووژاندوویانە، لە ئاستی مشتومڕی مێتۆدۆلۆژیکی تێپەریون. ئەوە بەشێک بوو لەو بابەتانەی کە لە باس لە سەر مێتۆدەوە گۆراوە بۆ باس لە مەڕ ناوەرۆکی سیستمە سیاسییە دێموکراتیکەکان، و تەنانەت لە ویش سەرووتر بۆ باس لە سەر ناوەرۆکی خودی سیاسەت.

### A/ لێڕوانینی "دۆزینەوەی ناوبانگ"

بۆچوونی دۆزینەوەی ناوبانگ زۆرتر بە کتێبی فلۆید هانتێر بە ناوی ستروکتووری دەسەڵات لە کۆمەڵگای خۆجێیی (محلی)دا دەناسرێ.[1] شێوەکەی هانتێر بریتییە لە زنجیرە قۆناغێک کە هەر کام بۆ کۆنترۆڵی قۆناغی پێش خۆی دارێژراوە. هانتێر لە یەکەم قۆناغدا، لیستەیەکی سەرەتایی "رێبەران" لە "ریجیناڵ سیتی[2]"دا وەدەست دێنێ کە لە کۆکردنەوەیاندا رێکخراوە مەدەنییەکانی وەک ژووری بازرگانی و کۆمەڵەی ژنانی دەنگدەر، و سەرنووسەرانی رۆژنامەکان و "رێبەرانی تری مەدەنی" بەشداریان هەبووە[3]. ئەو لیستەیە ناوی 175 تێداکردوە. لیستەی نێوبراو تا رادەیەک بە سرنجدان بە جێگەی فەرمی تاکەکان لە سیاسەتدا، چالاکییەتا رادەیەک گەورە تیجارییەکان، وەهەروەها رێکخراوە مەدەنییەکان ئامادە کراوە و تا رادەیەکیش لە سەر بنەمای "ناوبانگ"ی



رێبەران لە لای ئەو کەسانەیە کە ئەوانیان کاندید کردووە. جابۆیە پێوانەکانی ئەو هەڵبژاردنە سەرەتاییە لە لایەنی گرنگەوە دەگەڵ یەکتر دا جیاوازیان هەیە.

قۆناغی دواتر کە بریتیە لە هەڵبژاردنی لێژنەیەکی پێکهاتو لە چواردە "پسپۆر" یان "چاودێر" کە لە رواڵەتدا "نوێنەری " تاکە ئایینیەکان، خاوەن سەرمایەکان و خاوەن پیشەگەلی متمانەپێکراوی وەک پارێزەری و دوکتوورین. ئەو لێژنەیە لە بواری لە بەر چاو گرتنی هاو سەنگی لە نێوان تاکە جوان و بە ساڵدا چۆکان، ژنەکان و پیاوەکان، سپی پێست و رەنگین پێستدا لێژنەیەکی هاوسەنگە. چاودێران بە هەڵبژاردنەکانی خۆیان، ژمارەی رێبەران لە 175 کەسەوە دا دەبەزێننە سەر 40 کەس. لە نێو چادێرانیشدا، لە سەر سەرووترین تاکی هەر بۆستێک رێککەوتنێکی رێژەیی لە ئارادایە. لەو قۆناغە دا، لە روانگەی چاودێرانەوە گرێدانی دەسەڵات، لە سەر بنەمای "ناوبانگی" رێبەرانەوە راوەستاوە.

دواتر لە گەڵ 27 کەس لە پاشماوەی 40 رێبەرەکاندا کەوتۆتە وتووێژ کردن و لێیان داوا دەکا کە لە و لیستە 40 کەسییەدا ناوی ١٠ رێبەری پلە بەرز دیاری کەن. لێرەشدا دیسان لە نێوان ئەو کەسانەی وتووێژیان دەگەڵدا کراوە رێککەوتنێک لەئارادایە. هەروەها هانتێر بە هێنانە گۆری زنجیرە پرسیارگەلێکی تەواوکەر ، وەڵامگەلێک لەو کەسانەی وتووێژیان لە گەڵدا دەکات دەردەکێشێ لە مەر ئەوە کە کام یەک لە رێبەران دەتوانن بریاری خۆیان مسۆگەر کەن و کام یەک "گەورەترین تاکی شار" دێتە ژمار. هەروەها بۆروونکردنەوەی رادەی یەکریزی نێوان ئەو رێبەرانە، لەهەر یەک لەو رێبەرانە پرسیار دەکرێ کە تا چەندە رێبەرانی تر دەناسێ، داخۆا دەگەڵیاندا خزمایەتی هەیە، و چەند جار دەگەڵیاندا لە کۆمیتە جیاوازەکاندا هاریکاری کردووە.

ئەو پرسیارانە بەڵگە گەلێک ئاشکرا دەکەن کە دەکرێ بڵێن جەختکەری ئەو ئیدعایەی مۆسکان کە کەمایەتی بە هۆی کەمایەتی بوونیەوە، هەردەم لە زۆرینە رێکخراوترە. پلە بەرزترین رێبەران زۆرتر گووتویانە کە یەکتریان بە باشی دەناسی و لە کۆمیتەکاندا زیاتر لە هەموان پێکەوە کاریان کردووە. هەروەها، گرووپێکی

ناوخۆیی پێکهاتووله 12 کەس لەو ڕێبەرانە ، لە چاو ڕێبەرانی تردا وەک دۆست ، ئاشنا و هاوکار لە کۆمیتەکاندا باس لە خۆیان دەکەن . کاتێک گرووپێک فەرمانبەری پرۆفیشناڵ و مەدەنی لە بەر چاو دەگرین کە لە بواری پلە و پایەدا دوا بە دوای ڕێبەران ناوی ئەوان دێ لە باری کردەوە و دژ کردەوەی نێوان ڕێبەراندا، داکەوتنێکی زۆر بەدی دەکرێ. ئەوەش لە ڕوانگەی هانتێرەوە بەڵگەیەکە کە باس لە بوونی دابرانێکی ڕاستەقینە لە نێوان ڕیبەران و مودیرە پرۆفیشناڵەکاندا دەکات. شتێکی لۆژیکییە ئەگەر واگریمانە بکەین کە لە نێوان ڕێبەران وسەرجەم کۆمەڵانی خەڵکدا تەنانەت کردەوە ودژکردەوەیەکی کەمتر لە ئارادایە. هانتێر لەو لێکۆڵینانەوە وە دەگاتە ئەو ئەنجامە کە گرووپێکی بە تەواوی دیاریکراو لە بڕیاردەران، لە دەرەوەی بازنەی تایبەتدا سەردەستیان هەیە بە سەر ژیانی "ڕیجیناڵ سیتی"دا. هەر چەند ئەو ڕێبەرانە لە ناو خۆشیاندا تاقم تاقمن بەڵام دەگەڵ ئەوەشدا، پاڵپشتی ئەوان بۆ پەسەندی هەر گەڵاڵەیەکی سەرەکی، پرسێکی دیاریکەرە.

لانیکەم نیوەی ڕێبەرانی هانتێر پێکدێن لە خاوەن پیشەسازییەکان و هەر وەها تاجرەکان. لەو گرووپە دا، بەڕێوەبەرایەتی کۆو دەباڵ یەکدا،بابەتێکی ئاساییە. هانتێر ئەو شێوە بەڕێوەبەرایەتییە بە واتای بوونی "سازییەکی ئابووری" یەکدەست لە "ڕیجیناڵ سیتی" دا دێنێتەوە کە ئەندامانی زۆرترین دزەیان لە سەر پێوەندییەکانی دەسەڵات لەو کۆمەڵگای خۆجێیدا هەیە[٤]. بەپێی دەسکەوتەکانی هانتێر، ئەو ڕێبەرە ئابووریانە لە بڕیاردان لەمەڕ هێندێک لەو سیاسەتانە چالاک بوون کە خۆی لێکۆڵینەوەی لە سەریان هەبووە بۆ وێنە ئاوەدانی شار، کۆنترۆڵی ترافیک، و دانانی ماڵیات لە سەر فرۆشتن. پلە بەرزترینی ڕێبەران، لەوەها کێشەگەلێکدا "سیاسەتی گشتی" دادەڕێژن، و ئەرکی بە ئەنجام گەیاندنی ئەو سیاسەتانە زۆرتر دەخەنە سەر شانی دیمە بچووکترەکان کە خاوەن پیشەی پرۆفیشناڵی (وەک پارێزەران) و یان خاوەن سەرمایە کەمەکانن. هانتێر ڕێبەرانی پلە بەرزی ناو کۆمیتەکە بە نوێنەری خاوەن سەرمایە سیاسەتدانەرەکان دەزانێ.



کۆی لێکۆڵینەوە کانی هانتێر بە ئاشکرا باس لەوە دەکات کە "ڕیجیناڵ سیتی" لە ژێر دەسەڵاتی گرووپێک ئێلیتی یەکدەست، ئاگادار و هاو دەستی خاوەن سەرمایەکاندایە. تەنانەت ئەگەر ئەندامانی ئەو گرووپە ئێلیتە بە شێوەیەکی ئاشکراش دەست نەخەنە ناو کارو باری شار دیسانیش سیاسەتی سەرەکی کە دواتر لە لایەن شارەوە پێڕەو دەکرێ هەر لە لایەن ئەو گرووپە وە دادەڕێژرێ. بەپێی باوەری هانتێر، ئەو گرووپە ئێلیتە لە زۆربەی بەشەکانی ژیانی "ڕیجیناڵ سیتی"دا کە لە دەرەوەی بازنەی تایبەتدان سێنسۆرگەلێکی هەیە. سیاسەتڤانانی ئەندامی هێزی یاسادانەر زۆر جار خۆیان، تاک گەلێکی ساماندارن کە یان لە ژێر کۆنترۆڵی ئەو گرووپە ئێلیتە ئابوورییەدان یان دان بە سەروەری ئەو گرووپە دا دەنێن. لە کۆی ئەو باسەدا دەگەینە ئەوە کە، سەردەستی بە "سازییە ئابوورییەکانە" و هەروەک هانتێر پیشاندەدات ئەو سازییە، بۆ چاوێری گشتی بە سەر هەموو بەشەکانی سیاسەتدانەریدا __ لە پێوەندی نێوان سیاسەتی شارو سیاسەتی نەتەوەی را بگرە تا کێشەگەلی خۆجێی وەک ئاوەدانی شار و دانانی ماڵیات لە سەر فرۆشتن __ دەوە پسپۆرانێک لە ناو خۆیدا و بە نوێنەرایەتی خۆی هەڵدەبژێرێ.

زۆر کەس، بە بێ ئەوە بە پێویستیان زانی بێ کە لە دەرئەنجامەکانی هانتێر لە "ڕیجیناڵ سیتی" دا بە گوومان بن ڕەخنە لەو مێتۆدانە دەگرن کە لە کتێبی *ستروکتووری دەسەڵات لە کۆمەڵگای خۆجێیدا* کەڵکیان لێ وەرگیراوە. دوو ڕەخنەی سەرەکی لە سەر ئەو بابەتانە لە ئارادان، کە یەکیان دەگەڕێتەوە سەر "پانتای" ئەو بڕیارانەی کە هانتێر لێکۆڵینەوەی لە سەر کردوون و ئەوە یتریشیان دەگەڕێتەوە سەر پێگەی کۆمەڵایەتی ئەو "چاودێرە" پسپۆرانەی کە لیستەی ڕێبەرانی بە ناو بانگیان ئامادە کردوە. بەتایبەت ڕێرەوانی بۆچوونی "بڕیاردان" کە هاورکی بۆچوونی هانتێر دێنە ئەژمار دەڵێن کە ڕاست بە پێچەوانەی مێتۆدی ئەوان، مێتۆدی هانتێر ناتوانێ بوار گەلێک دیاری بکا کە لەواندا، چەندین کەس لە ڕێبەرانی کۆمەڵگای خۆجێی دەسەڵات بەڕێوە دەبەن. هانتێر بەو پرسیارانەی خستوویەتیە بەردەم چاودێران لێیان

دەخوازێ کە کەس گەلێک بناسێنن کە ڕێبەر یان بریاردەری پلە بەرزی کۆمەڵن. لە چاودێران نەخوازراوە کە بڵێن هەر کام لەو تاکانەی ناسێندراون، لە چ بوار گەلێک لە چالاکییدا، دەسەڵات بەڕێوەدەبەن یان بەربەندییەکانی سەر ڕێگەی دزەی هەرکامیان چییە، یان ئەوە کە ئایا تاکی ناسێنراو لە هیندێک لە گۆرەپانەکاندا دەسەلاتدارە و لە هیندێکی تر یشدا بێ دەسەڵاتە. بەڵام ئەگەر بواری دەسەڵاتی تاکێک دیاری نەکرابێ پێوەلکاندنی دەسەڵات بەو تاکە  واتایەکی ئەو تۆی نابێ. هەڵبەت هانتیر لە درێژەدا، لە پرۆسە تایبەتەکانی بریاردانی کۆڵیوەتەوە ودەست تێوەردانی ئێلیتەکانی لەو پرۆسانەدا لێکداوەتەوە. بەڵام بەگشتی کەمتر سەرنج دراوەتە ئەو خاڵە کە لەو بابەتانەشدا هانتێر تەنیا پرژاوەتە سەر ئەو بابەتانەی کە ئەندامانی گرووپی ئێلیتی ئابووری، لەلایەن خۆیانەوە وەک بابەت گەلێک کە ئۆگریان پێیانەوە هەیە باسیان لێوە کردوون[٥]. وەها شێوەیەک جۆرە خولێک بەدی دێنێ چوونکە رادەی دەست تێوەردانی گرووپی ئێلیت تەنیا لەو بابەتانەدا دەپێوێ کە پێشتر، دەست تێوەردانی گرووپی نێو براو لەو بابەتانەدا، سەڵمێنرابێ. ئەو بابەتانە، بە ئاشکرا هەر ئەو بابەتانەن کە کاریگەریان لەسەر بەرژەوەندییە تیجارییەکاندا هەیە. لە پرسە نائابوورییەکانیشدا هانتێر پیشاندەدات کە ڕێبەران تووشی تاقم و دەستە بوون هاتوون ویان ناخۆازن یانیش ناتوانن ڕۆڵی ڕێبەرایەتی بگێرن[٦].لەسەر ئەو بنەمایە ، ئەو بوارە هەیە کە لە دەرەوەی کێشەگەلی کاریگەر لە سەر تیجارەت و کێشەگەلی ماڵی، تاقمێکی تری ڕێبەران، خاوەن دزەبن.

ئاشکرایە کە شێوازی دۆزینەوەی ناوبانگ هەر لە سەرەتای کارەوە بە توندی گرێدراوی هەڵبژاردنی چادێرانە و هەر دەمیش ئەو ڕەخنەیە خراوەتە روو کە دەگەڵ گۆرانی چاودێران، ئەگەری ئەوە لە ئارادایە کە لێکۆڵینەوە بەرەو ڕەهەندی تەواو جیاواز هاندەدرێ. لێکۆڵینەوە هەراوەکان روونیان کردۆتەوە کە لە نێوان ناساندنی کەسەکان لە ڕێگەی ئەو چاودێرانەی لە کۆمەڵدا چالاکن و ئەو چاودێرانەی بەشدارێکی ئەوتۆیان نییە جیاوازییەکی بەر چاو لە ئارادایە. ئەو "چادێرانەی" لە باری



سیاسیدا هەڵسوورن لە چاو ئەو کەسانەی نا هەڵسوورن ئەگەری زۆرتر هەیە کە تاکەکانی "پشت پەردە " بناسێنین نەک ئەو کەسانەی لە پۆستە بەرزەکانی دەوڵەتیدا جێ گیرن. دەگەڵ ئەوەشدا، لێکۆڵەرەوانی تر بۆیان دەرکەوتووە کە گۆرانی گرووپی ناسێنەری ڕێبەران، گۆرانێکی ئەتۆ لە ئاکامەکانی لێکۆڵینەوەدا بەدی ناهێنێ[٧]. ئەوە بەو واتایە نییە کە یەک لە شێوازەکانی دیاریکردنی ڕێبەران ناراستە بەڵکو هێمایە بۆئەو جیاوازییە بنەرەتییەی کە لەوانەیە بە هۆی هەڵبژاردنی شێوە جۆربەجۆرەکانی لێکۆڵینەوە بێنەدیی.

هەروەها لەوانەیە پشت ڕاستکەرەوەیەکی دەرەکی لەئارادا نەبێ بۆشێوەکەی هانتێر کە باس لە بەربەندکردنی هێوری ڕادەی ڕێبەران لە هەریەک لە قۆناغەکانی وتووێژەکاندا، دەکات. هانتێر کارەکەی بە لیستەیەکی کاتی لە کاندیداکانی ڕێبەرایەتی دەست پێدەکات. دواتر لە ١٤کەس لەچاودێران داوا دەکات کە خاوەن دزەترین تاکەکان لەو لیستە سەرەتاییەی ١٧٥ کەسییە دا هەڵبژێرن. لەقۆناغی، دواتردا، هانتێر دەپرژێتە سەر لێکۆڵینەوەیەکی وردتری ٤٠  کەس لە تاکە سەروەکانی ئەو لیستە کەم کرایەوە. هەڵبەت هەر وەک نیلسۆن پۆلسبی وەبیر دینێتەوە، لەڕواڵەتدا هیچ بەڵگەیەکی روون بۆ هەڵبژاردنی ژمارەی ٤٠ کەسی لە ئارادا نییە[٨]. لەقۆناغی وتووێژیشدا، تەنیا لە ٢٧ کەس  لەو ٤٠ کەسە پرسیار دەکات و نرخاندنەکانی دواتری گرووپی ڕێبەران سەبارەت بە دزەی بەراوەردی هەرکام لە ڕێبەران، لەسەر بنەمای ئەو ٢٧ وتووێژە راوەستاوە. دیسانیش نە هۆی ئەوە کە بۆچ دەگەڵ ٢٧ کەس چاوپێکەوتن ئەنجام دراوە روونە و نەپێوانەیەکیش کە ئەو تاکانە لەسەر ئەو بنەمایە هەڵبژێراون. وە لە کۆتاییدا، هەر چەند ئەو تاکانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە باس لە ٦٤ کەسی تریش دەکەن کە هەر دزەی ئەو ٤٠ کاندیدایەی تریان هەیە[٩] بەڵام ئەو ٦٤ کەسە بەتێروتەسەلی لێکۆڵینەوەیان لەسەر نەکراوە.

## B/ لێڕوانینی "بڕیاردان"

بەرهەمەکانی رابێرت داڵ، بەتایبەت کتێبی *کێ حکومەت دەکات؟*[10] وێنەیەکی زەقی بۆچوونی بڕیاردانە. داڵ رادەگەیەنی کە مەبەستی تاقیکردنەوەی هیندێک لەو گریمانانەیە کە سەبارەت بەو تاکانە خراوەتە روو کە لە دێموکراسییە نوێیەکاندا حکومەت دەکەن. داڵ، راڤەی ئێلیتیستیانە کە خۆشی بەشێکی زۆری سەرنجی بەلای ئەودا دەشکایەوە وەک روانگەیەک دەناسێنێ کە باوەڕی وایە دەسەڵات، لە ئاکامی دابەشینی نابەرامبەری سەرچاوەکانی دزە (نفوذ) لە کۆمەڵگا خۆجێیەکاندا شێوازێکی چڕبۆوەی وەرگرتووە. دەسەڵات بە دەست ئەو کەسانەوەیە کە زۆرترین سامانەکان، باڵاترین ستاتۆی کۆمەڵایەتی، یان هیندێک لە پێگە گرنگە تیجارییەکانیان لە دەست دابێ. داڵ هەروەها وەبیردێنێتەوە کە بەپێی ئەم راڤانە، سیاسەتڤانان رۆڵێکی کەمیان لە بڕیاردان دا هەیە و ئەوەش، خاڵێکە کە کتێبەکەی هانتێریش روونی دەکاتەوە.

بە باوەڕی داڵ تەنیا رێگەی تاقیکردنەوەی ئەو جۆرە ئیددعایانە لێکۆڵینەوەیەکی ورد و بەربڵاوی هیندێک لە بڕیارە گرنگە سیاسییەکانە لە کۆمەڵگایەکی خۆجێیدا. ئەو بڕیارانەی کە بۆ لێکۆڵینەوە هەڵدەبژێرێن دەبێ لە باری ناوەرۆکەوە جۆراوجۆر بن تا لە رێگەی لێکۆڵینەوەیانەوە دەرکەوێ کە داخوا گرووپێک، تەنیا لە یەک لانەوە لە کاروباری کۆمەڵگادا بڕیار دەدات، یان لە لایەنە جۆربەجۆرەکانی پرسە کۆمەڵایەتییەکاندا. لێکۆڵینەوە لەسەر زنجیرە بڕیارگەلێک هەروەها ئاشکرای دەکەن کە بڕیاردەران تا چ رادەیەک وەک گرووپێکی ئاگادار، یەکدەست و یەکگرتوو کار دەکەن و دەسەڵاتیان تا چ رادەیەک "دوو قات"ە، واتە تا چ رادەیەک دەسەڵاتی سیاسییان لە سامان و ستاتۆی کۆمەڵایەتییانەوە سەرچاوە دەگرێ. داڵ مەبەستی لە لێکۆڵینەوە لەسەر پرسە سیاسیەکانی شاری نیوهیون[11] لە سەدەی هەژدەوە تا دەیەی ١٩٥٠ ئەوە بو کە پێشاندا رادەی ئالوگۆری ستروکتووری دەسەڵات لە وڵامدانەوە بە ئالوگۆرەکانی پێکهاتووی ناو کۆمەڵگا دایە، هەروەها لایەنێکی مێژوویشی داوەتە لێکۆڵینەوەکەی خۆی. لە راپۆرتێک لەمەر بڕیاردان لە شاری



نیوهیوندا ناتوانین بگەینە ئەو ئاکامە کە سەرجەمی کۆمەڵگاکانی تریش هەر ئەو مۆدێلەیان لە بڕیاردان هەبێ. بەڵام دەکرێ ئەو شارە لە باری دابەشینی جۆراوجۆری سەرچاوە سیاسییەکان و بەرامبەری مافی دەنگدان کە لە بواری کۆنترۆڵی ساماندا دەگەڵ نابەرامبەری گەلێکی بێ ژمار هاوڕێیە، وەک کۆمەڵگایەکی تا رادەیەک وێنەی ئەمریکایی بێنینە ژمار.

دال سێ "بابەتی" لێکجیا بۆ لێکۆڵینەوە هەڵدەبژێرێ کە دەکرێ لەواندا رادەی هەر جۆرە دزەیەکی فەرزکراوی ئێلیتەکان تاقیبکرێتەوە. ئەو بوارانە بریتین لە بڕیارەکانی پێوەندیدار بە ئاوەدانی شار، بڕیارەکانی پێوەندیدار بە قوتابخانە دەوڵەتیەکان و، بڕیارەکانی پێوەندیدار بە کاندیداتۆری تاکەکان لە لایەن رێکخراوە سیاسییەکانەوە بە تایبەت بۆ پۆستی شارەوانی شار. داڵ لەناو هەرکام لەو بوارانەدا لە هیندێک لە بڕیارەکانی کۆڵیوەتەوە. وەک لێکۆڵینەوەکەی هانتێر، ئەوانە، ئەو بڕیارانەن کە لە لایەن خودی بەشداران لە رەوتی بڕیارداندا وەک گرنگترین بڕیارەکان دەناسرێن. ئەو جاریش لەوانەیە ئەو رەخنەیەی لە سەر بێ کە ئەو سیاسەتانەی لە لایەن رێبەرانەوە بە گرنگ وەرناگیرێن بەڵام لەلایەن جەماوەری کۆمەڵگا خۆجێییەکانەوە گرنگایەتیان پێدەدرێ لەوانەیە لەو لێکۆڵینەوەیەدا سرنجی پێ نەدرابێ.

داڵ هەروەها سێ چین لە رێبەرانی شاراوە (بالقوە)، واتە سیاسەتڤانان (بەرپرسانی هیندێ پۆستی دەوڵەتی)، "گەورە کەسایەتییەکانی کۆمەڵایەتی" و "گەورە کەسایەتییە ئابوورییەکان" دیاری دەکا. مەبەست، ئەوەیە کە بزانین داخوا هەر چینێک، لە بڕیارەکانی پێوەندیدار بە هەر کام لەو بوارانەدا یان لە هەر سێک بواردا، بەشداریان هەیە یان نا. دال رادەی ئەو جارانەی کە تاکێک، دەگەڵ بوونی نەیاریشدا، سیاسەتێکی گرنگ بەرێوە دەبا یان دەتوانێ ئەو سیاسەتانەی لە لایەن ئەوانی ترەوە خراوەتە روو ویتۆ بکا، یان سیاسەتێک بە بێ بوونی نەیاری بەرێوەببا، وەک ئیندێکس (Index) دزە (نفوذ)ی تاک لەبەرچاو دەگرێ[12]. بێتو پۆستە دەوڵەتییەکان بەرێکەوت دابەشکرابن ئەوسا گەورە کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکان لە

چاو هیندێک لە پۆستانەی کە لەوانەیە لە سەر بنەمای رادەی کەمی تاکەکانی کاریگەر پێشبینی بکرێن، پۆستێکی دەولەتی زۆرتر بۆ خۆیان تەرخان دەکەن. تەنانەت لەو دۆخەشدا، رێژەی پۆستەکانی کە لە ژێر دەسەڵاتی ئەندامانی "کۆمەڵگای پلەبەرزەکان" دایە، کەمە. تەنانەت لە ناو ئەوانیشدا ئەو تاکانەی بە داهێنان یان ویتۆکردنی سیاسەتەکان، بەراستی دزە دەکەنە ئەو کۆمەڵگایەوە، زۆر نین[13]. کەم وا هەیە لە یەک کاتدا، گەورە کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکان هەر هەمان گەورە کەسایەتییە ئابوورییەکان بن. ئەندامانی بنەماڵە جێکەوتوەکان، لە جیاتی تیجارەت و چالاکییەماڵییەکان، ڕوودەکەنە پیشە پرێستیژدارە ئۆفیسییەکان. گۆرەپانی تیجارەت و چالاکییە ماڵییەکانی تر، جێگەی سەرەکیی ئەو کەسانەیە کە لە دەرەوەی شار را هاتوون یان خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتی خوارووترن.

بەڵام لێکۆڵینەوەکەی داڵ پیشاندەدات کە گەورە کەسایەتییە ئابوورییەکانی نیوهیون هەڵسوورترن. چالاکییەکانیان تا رادەیەکی زۆر بە لای ئەو پرسانەدا دەشکایەوە کە پێوەندیان بە ئاوەدانی شارەوە هەبوو و ئەوەش تەنیا بواریک بوو کە راستەوخۆ کارتێکەری دەکردە سەر بەرژەوەندییەکانیان. هیچکام لە گەورە کەسایەتییەکانی ئابووری پێوەندیان بە پرسی فێرکردن و راهێنانی دەوڵەتییەوە نەبوو و تەنیا ژمارەیەکی کەمیان خاوەن پلەی حیزبی بوون. هۆی ئەو بابەتەش تا رادەیەکی زۆر ئەوە بوو کە رادەیەکی کەمیان لە ناو خودی نیوهیون دا دەژیان و ئەوەش بە واتای نەبوونی یەک لە تایبەتمەندییەکانی بە دەستەوەگرتنی ئەو پۆستانە لەو جۆرە کاروبارانەدا بوو. ئەو راستییەش پیشاندەری ئەوەیە کە هەڵبژاردنی ئەو دوو بوارە بۆ بە تاقیکردنەوەی گریمانەی ئێلیتیستییەکان گونجاو نەبووە. بێ شک، رێبەرانی ئابووری نیوهیون چالاکی خۆیان بە بوونی سەروەرییەکی سیاسی بەرچاو دەست پێکردبوو. ئەوان خاوەنی سامان، ستاتۆی دیاریکراوی کۆمەڵایەتی، دەسەڵاتی تیجاری و ماڵی، و هەروەها ئەو تازیاری (مزیت)یانەی کە تەنیا کەمایەتییەکان کەڵکی لێ وەردەگرن و ئەو رەواییەی کە هەر چەند نەک لە هەموو کۆمەڵگاکانی تردا بەڵام



لە ئەمریکادا بۆ تیجارەت و بازرگانی لەبەرچاوی دەگرن[14]. بەڵام ئەو جۆرە سەرچاوانە خۆبەخۆ، رێبەرانی تیجاری تەنیا بۆ گرووپێک ئێلیتی کردەکی (بالفعل) دەگۆرن و نەک گرووپێک ئێلیتی بەکردەوە. داڵ دەگاتە ئەو دەرئەنجامە کە ئەو سەرچاوانە هیچکات بە شێوەیەکی کاریگەر کەڵکیان لێ وەرناگیرێ. گەورەکەسایەتییە ئابوورییەکان تەنانەت لە بواری ئاوەدانی شاریشدا لە نێوان خۆیاندا تووشی ناکۆکی هاتبوون و لەو بوارەدا، شارەوانی هەڵبژێراو، توانای دەست پێشخەری هەبوو. چالاکییەکانیان تەنیا سنووردار بوو بە یەکێک لەو بوارانەی لێکۆڵینەوەیان لە سەر ئەنجام درابوو و کەم بوونی رادەیان، خۆی بەو واتایە بوو کە دەنگیان لە کاتی هەڵبژاردندا بە هێند وەرناگیرێ.

داڵ لە سەر بنەمای ئەو زانیارییە چروپڕانەی کۆی کردبوونەوە دەخۆی رادەی کە بریارە سەرەکییەکان لەو سێ بوارەدا لە نێوان ساڵانی ١٩٥٩-١٩٥٠دا (و لەمەر کاندیداتۆری تاکەکان لە لایەن پارتە سیاسییەکانەوە لە نێوان ساڵانی ١٩٥٧-١٩٤١دا) تا رادەیەک بە هەموو وردەکارییەکانییەوە بنیات بنێتەوە. هەڵبەت ئەو بنیات نانەوەیە لە رێگەی چاودێرە دەرەکییەکانەوە ئەنجام درا. بەڵام کتێبی کێ حکومەت دەکا؟ پرۆسەی بریاردان تا رادەیەکی زۆر لە روانگەی بەشدارانی سەرەکییەوە شرۆڤە دەکا. دواتر داڵ ئەو روانگە جۆراوجۆر و رکەبەرانە لە ناو پارادایمێکدا جێ دەکاتەوە کە هیچ وێناچێ هیچکام لە بریاردەران، ئەو پارادایمەیان بە تەواوی لە بەرچاو گرتبێ. لە شرۆڤەکەی داڵدا دەردەکەوەێ کە پرسەکان، لە روانگەی بەشدارانەوە چۆن هاتۆتە بەرچاو، تێگەیشتنی لایەنگران و دژبەران لە روانگەی ئەوانەوە چی بووە، سیاسەتە ئاڵترناتیڤەکان لە روانگەی ئەوانەوە چی بوون، و داهێنانەکانیان سەبارەت بە سیاسەتدانان چۆن راڤە و لێکدەدایەوە.

خاڵێکی سەرەکی کە داڵ جەختی لە سەر دەکا ئەوەیە کە راڤەی چالاکڤانان لەسەر دژکردەوە سیاسییەکانی دیتران، لە هۆکارە گرنگەکانی دیاریکەری ولامی خودی ئەوان و، سەرەنجام هۆکاری سەرەکی بۆ هەر چەشنە لێکدانەوەیەکی رووداوە

سیاسیەکانە. ئەم راڤەی — راست یان هەڵەی — شارەوانی نیوهیون بوو لەسەر سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنەکاندا کە دنەی دا تا ململانێیەکی چڕتر بکا لە سەر پلانی نوێ کردنەوەی شاردا. بەپێی بەڵگەهێنانەوەکانی داڵ و هەروەها هاوکارانیشی لێکۆڵەر تەنیا دەتوانێ کارەکەی بە نرخاندنە زەینییەکانی بەشداران لە سیاسەتە ئاڵترناتیڤەکان دەست پێ بکا و نابێ ئەو نرخاندنانە بەو راڤەیەی کە خۆی لە رووداوەکان دەیکا، چەواشە بکا.

ئەو بەڵگانەی داڵ کۆی کردبوونەوە، پیشاندەری ئەوە بوون کە ستروکتووری بریاردان لە نیوهیوندا دەکرێ وەک جۆرە پلۆرالیزمێک بێنینەژمار. ئەو ستروکتوورە نزیک دەبێتەوە لەوەی کە داڵ لە نووسراوەکانی تریدا بە "پۆلیارشی"[١٥] ناودێری کردووە. لە پۆلیارشییەکدا، سەرجەم جەماوەر دابەش دەبنە سەر ژمارەیەکی زۆری گرووپی کەمایەتی کە لەوانەیە لە هیندێک لایەنەوە لێک دابراو و لە هیندێک لایەنی تریشدا دەگەڵ یەکتردا خاوەن خاڵی هاوبەش بن. لە لێکدانەوەی ئیدەئالی پۆلیارشیدا، سەرجەمی ئەو جۆرە گرووپانە خاوەنی زانیارییەکی بەرامبەر لە مەر سیاسەتە گونجاوەکان، لە سەرچاوە سیاسیەکانی بەرامبەر بۆ کارتێکەری لە سەر ئەنجامەکاندا و، هەروەها هەلی بەرامبەر بۆ بەشداری سیاسی بە شێوەی خستنە رووی ویست و داخوازییەکانیان هەیە. بەڵام لە هەر کۆمەڵگایەکی راستەقینەدا ناکرێ پەیسەری سەرجەمی ئەو بەرامبەریانە بین[١٦]. هیچ سیستمێکی سیاسی لە ئارادا نییە کە لەودا، سەرچاوە سیاسییەکان بە شێوەیەکی بەرامبەر دابەشکرابێ. هەردەم هیندێک لە بەشەکانی خەڵک لە چاو ئەوانی تردا خاوەن سەرچاوە و دزەی زۆرترن. شێوەی دابەشینی سەرچاوەکانیش لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر جیاوازی هەیە. لەوانەیە سەرچاوەی سیاسی سەرەکی لە وڵاتێکدا سامان بێ و، لە وڵاتێکی تردا رەگەز و لە ولاتێکی تریشدا خوێندەواری بێ.

لە کاتێکدا ئێلیتیستەکان باوەریان وایە کە کۆنترۆڵی ئەو جۆرە سەرچاوانە بەردەوام لە دەستی گرووپێکی یەکدەست (واحد) دایە، بەڵام داڵ ئەو وتەیە لەمەر



پۆلیارشییەکان بەراست نازانێ. نە سامان بە تەنیایی دەبێتە دەسەڵاتی سیاسی و نە ستاتۆی کۆمەڵایەتیش دەبێتە دەسەڵاتی ئابووری لێدەکەوێتە، وە ئەوەش ئەو خاڵەیە کە لە لێکۆڵینەوەکانی داڵدا سەبارەت بە نیوهیون پشت راست کراوەتەوە. دەگەڵ ئەو نابەرامبەریانەی لە باری بوونی سەرچاوەکانەوە لە ئارادایە لە پۆلیارشیدا هیچ گرووپێک بە تەواوی لێیان بێبەش نییە. هەر گرووپێکی کەمایەتی، لانیکەم خاوەنی دەسەڵاتی دەنگدانە چوونکە یەک لە هەلومەرجەکانی پۆلیارشی ئەوەیە کە لە روانگەی حقووقییەوە هیچ تاکێک لە مافی دەنگدان بێبەش نییە. لەوانەیە دەگەڵ ئەوەشدا، گرووپی ناوبراو خاوەن سامانێکیش بێ کە بۆ راکێشانی سرنجی کۆمەڵانی خەڵک بۆ لای روانگەکانی خۆی، یان ناساندنی کاندیدا سیاسییەکانی کەڵکی لێ وەرگرێ، یان هەرەشەی ئەوە بکا کە بێتوو سیاسەتەکانی رەد کرێنەوە ئەوا تەنەخی لە هێزی کاری خۆی دەکا. ئەو جۆرە ماف و ئازادییە "لیبراڵ دێموکرات"ەکانیش بۆ سیستمی پۆلیارشی گرنگییەکی بنەرەتی هەیە. دەگەڵ ئەوەشدا، هەرچەند لەوانەیە نابەرامبەری گەلێک لە باری دابەشینی سەرچاوەکانەوە لە ئارادابێ، بەڵام راست وەک تاکێک، ئەگەری ئەوە هەیە کە گرووپێکی کەمایەتی هەرچەندیش خاوەن دزەیەکی شاراوە (بالقوە) زۆرتر بێ، بەڵام لە باری دەکارهێنانی کاریگەری سەرچاوەکانی ژێر دەستی خۆیدا، لەچاو گرووپێکی تردا کە سەرچاوەی کەمتری لە بەردەستدایە، سەرکەوتنی کەمتر وەدەست بێنێ یان کەمتر هەڵسوور بێ.

کەوابوو لە پۆلیارشییەکدا، کۆمەڵگا برییتیە لە ژمارەیەکی زۆر لە گرووپە کەمایەتییەکان کە بە سەرچاوەگەلی سیاسی جۆراوجۆر تەیارن کە لە نێوانیاندا بەشێوەیەکی نابەرامبەر دابەشکراون و بە پلە گەلێکی جیاواز لە توندی و کارایی کەڵکیان لێ وەردەگیرێ. سەرجەم ئەندامانی کۆمەڵگا، خاوەن مافی سیاسی وەک یەکن، بەڵام تەنیا بەشێکی بچووک لە هەر گرووپێک، لە باری سیاسیدا چالاکە. لەوانەیە وەک رەوشی رێبەرانی یەکێتییە کرێکارییەکان، رێبەر لە لایەن خودی گرووپەوە هەڵبژێردرێ. نەبوونی چالاکی بەدەنەی گرووپ لەوانەیە بە هۆی بێ

ئۆگریان لە بەشداری راستەوخۆ لە بابەتی بەرەوپێش بردنی ئامانجەکانی گرووپ دا بێ. بەو پێیە دەگەینە یەو ئاکامە کە بریاردانی کۆمەڵایەتی دەکەوێتە دەست ژکارەیەک لە ئێلیتەکان. هەڵبەت هەروەک چۆن دانراوە کە، گرووپی لاوەکی رێبەرایەتی بە رووی دیتران دا داخراو نییە و ئەو گرووپە ئەوە بە پێویست نازانێ کە هاتنی ئەندامانی نوێ بۆ ناو گرووپ ویتۆ بکا، هەر بۆیە داڵ ئەو گرووپە بە گرووپێکی ئێلیت ناودێر ناکا. زۆرێک لەو رێبەرە کەمایەتییانە، وەک رێبەرانی یەکێتیەکان پێگەکانی دزەیان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە دەستدا دایە. ئەوانی تر لە ماوەی زەمانی دیاریکراودا دەگۆڕێ. هیندێک لە چالاکڤانانی بەرچاو لە نیوهیوندا، یەکەم جار لە کاتی سەرهەڵدانی مەسەلەیەک کە راستەوخۆ کاریگەری لەسەر ئەوان داناوە هاتنە ناو گۆرەپانی کاروبارە گشتیەکانەوە پاش سەرکەوتن، لە چوارچێوەی چالاکی سیستماتیک لە کۆمیتەکاندا بەرەو گۆرەپانی کێشە گشتییەکان پەلکێش کرا بوون. ئەوانی تر بۆ پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەستیان لە کاروبارە گشتییەکان وەر دابوو بەڵام دەگەڵ سەرکەوتنیان لە هەوڵەکانیان دا، جارێکی تر گەرابوونەوە سەر مەسەلە تایبەتەکانیان. سەرجەمی ئەو جۆرە رێبەرانە لە بواری کێشەکانی خۆیاندا هەروا بە پسپۆری دەمانەوە.

لە پۆلیارشییەکدا، سیاسەتڤانان، خۆیان گرووپێکی کەمایەتین کە بە دوو یان چەند پارتی رکەبەر دابەشدەبن. رکەبەرایەتیان بۆ ئەو دەستە لە پۆستە دەوڵەتییەکانە کە لە رێگەی وەدەست هێنانی زۆرینەی دەنگەکان لە هەڵبژاردنێکدا شیاوی دەست وێرا گەیشتنن. لە پۆلیاشییەکدا، بۆ وەدەست هێنانی زۆرینەی دەنگەکان پێویستە لیستەیەک لە پلاتفۆرمەکان دارێژرێ کە سەرنجی ژمارەیەکی زۆری کەمایەتییەکانی ناو کۆمەڵگا بۆ لای خۆی راکێشێت. لەوانەیە هیندێک لە کەمایەتییەکان پێوەندییەکی قورس و پتەوتریان دەگەڵ پارتێکی تایبەتدا هەبێ، بەڵام ژمارەیەکی بەرچاویان ئامادەن ئەمەگداری بۆ حیزبەکەی خۆیان بە قازانجی حیزبێکی تر بگۆڕن کە بانگەوازی سیاسەتەکانی دڵخوازی ئەوان دەکا. لە ئاکامدا،



هیچ رێبەرێکی سیاسی لە درێژخایەندا ناتوانێ ویستەکانی هیچ یەک لە کەمایەتییە سەرەکییەکان لە بەرچاو نەگرێ، چونکە لەوە دەترسێ کە کەمایەتی ناوبراو بە زیادکردنی قورسایی خۆی لە سەر تای رکەبەرەکەی، ببێتە هۆی پەسندکردنی زیاتری ئەو لایەنە. ئەو رێبەرە و رکەبەرە سیاسییەکانی، بۆ راکێشانی پاڵپشتی پەراوێزخراوترین کەمایەتییەکان، رووەدەکەنە هاوسەنگ کردن (تعدیل)ی سیاسەتەکانیان و لە هەڵوێست یان بنەما ئایدۆلۆژیکییەکان خۆدەبوێرن. ئامانجی سەرەکی سەرجەم رێکخراوە سیاسییەکان، دارشتنی کۆمەڵێک لە پلاتفۆرمەکانە کە لە بازاری هەڵبژاردنەکاندا، زۆرترین ژمارەی کەمایەتییەکان- کە لە راستیدا رێبەرەکانیان نوێنەری ئەوانن- خۆشحاڵ بکا. ئەو رەوشە، دەتوانین بڵێین تا رادەیەکی زۆر نزیکترین حاڵەتی خەملاو لە یەک هاودەنگییە.

لە پۆلیارشیشدا بەشداری سیاسی بەرامبەر لە ئارادا نییە بەڵام گرووپێکی ئێلیتی تاقانەش دەسەڵاتدار نییە. کەمایەتییەکان و هەروەها رێبەرانیان ئۆگریان بۆ ئەوە دەبێ کە لە بوارە تایبەتەکانی خۆیاندا پسپۆری وەدەست بێنن. ئەو سیاسەتڤانانەی کە ئامانجیان دەست وێراگەیشتن بەو پێگەیانەیە کە روانگەیەکی ئاواڵەتریان لە خەبات بداتێ، لەراستیدا خۆیان، بەستراوە بە پاڵپشتی زۆربەی چاوگەکانن. ئەگەر ئەوان کۆمەڵە سیاسەتێک دارێژن کە نەتوانێ لە کاتی هەڵبژاردندا رادەیەکی زۆر لە کەمایەتییەکان خۆشحاڵ بکا لە پۆستی خۆیان وەلادەندرێن. بەشداری زۆرینەی خەڵک لە سیاسەتدا، زۆر کەمە بەڵام داڵ بە پێچەوانەی ئێلیتیستەکان ئەو زۆرینەیە بە جەمارەرێکی سست و بێکردەوە نازانێ. دزەی خەڵک، شێوەی ناراستەوخۆی هەیە و لە رێگەی هێزی شاراوەی دەنگدانەوە خۆدەنوێنێ. نرخاندنی سیاسەتڤانان لە چۆنیەتی کەڵک وەرگرتنی لێژنە دەنگدەران لە دواڕۆژدا لەو دەسەڵاتە، دەبێتە هۆی ئەوە لە سیاسەتەکانیاندا ریفۆرم پێک بێنن، یان ئەو سیاسەتانە وەلانێن و سیاسەتگەلێکی تر کە هێزی راکێشانی خەڵکێکی زۆرتریان هەبێ لە جێگەی ئەواندا دانێن.

وێنەی "بڕیاردەرانێک" کە زۆرتر لە بوارێکی تایبەتدا چالاکن و لە هەمبەر هەڵوێست و گووشارەکانی ئەوانی تردا هەستیارن، وێنەیەکی زۆر پاژبینانە لە بڕیاردان لە پۆلیارشییە کە داڵ سەرەڕای لایەنگری لە پلۆرالیسمیش، تارادەیەک ئەو وێنەیە ڕاست دەکاتەوە. ئەو وێنەیەی تا ئێرە خرایەروو پیشان نادا کە تاکە دەست ڕۆیشتوەکان، ناکۆکییەکانی نێوانیان چۆن چۆنی چارەسەر دەکەن، یان سەبارەت بە ئەولەوییەتەکان چۆناوچۆن دەگەنە ڕێککەوتنێک. داڵ هێندێک لەو گریمانانەی تاقی کردۆتەوە کە شێوەی یەکدەست کردنی سیاسەتەکان لەخۆدەگرن و چەند مۆدێلی یەکدەست کردنی سیاسەتەکان لە نیوهیوندا دەدۆزرێتەوە[17].

لەوانەیە ئەو جۆرە مۆدێلانەی یەکدەست کردنەوە لە ڕواڵەتدا جەخت بکەنە سەر پۆلێن کردنی تاکەکان بە ڕێبەران و تاکەکانی ژێردەستی ڕێبەرایەتیدا، بەلام ئیددیعای داڵ ئەوەیە کە سەرجەمی ئەو جۆرە مۆدێلانە زۆرتر دەرخەری لێهاتوویی لە چەنە لێدان دان هەتا ئەوەی لە خۆگری کەڵک وەرگرتنی زانایانە و پیلاناویانە لە هێزی ویتۆ کە لایەنی بەرچاوی گرووپێکی ئێلیتە. بەتایبەت، ئەو جۆرە ڕێبەرانە سەرجەمیان ئاگادارن کە چارەنووسیان گرێدراوی هەڵبژاردنی کۆمەڵگایە. بە باوەڕی داڵ هەر ئەو زانیارییە کە دەستەبەری ئەوە دەکا ڕێبەران لانیکەم گوێ بگرن لەو ویستانەی لەلایەن هەر گرووپێکی کەمایەتییەوە خراوەتەڕوو؛ هەڵبەت هیچ شتێک ناتوانێ ئەوە دەستەبەر بکا کە سەرجەم ویستەکان پەسەند بکرێن و بە پێی ئەوان هەڵسوکەوت بکرێ.

### C/ کارگەلی تێکەڵاو

لەوەتەی بەرهەمەکانی هانتێر و داڵ بڵاوکراونەتەوە، هێندێک لێکۆڵینەوە لەسەر کۆمەڵگا خۆجێیەکان کراوە کە بە ئاشکرا قەرزداری ئەو پێشکەوتنانەن کە لە ڕێگەی ئەو دووانەوە، وەدەست هاتوون، و هەروەها قەرزداری ئەو ڕەخنە بێ ژمارانەن کە لەو دوو پێشرەوەی لێکۆڵینەوەی ئەزموونکراوی ئێلیتەکان گیراون. بەرهەمەکانی دواتر



لەسەر چۆنیەتی دابەشینی دەسەڵات لە کۆمەڵگا خۆجێیەکاندا، بۆ کێشانەوەی وێنەیەکی گشتگرتر لەو دەست ڕۆییانەی کارتێکەریان هەیە بەسەر بڕیارەکانی کۆمەڵگاوە و ویستویانە شێوازەکانی دۆزینەوەی ناوبانگ و بڕیاردان لێکدەن. یەکێک لە بەربڵاوترین وێنەکانی ئەو شێوازە تێکەڵاوە، کتێبی دەسەڵاتداران و دەسەڵاتبەران نووسراوەی "ڕابێرت ئاگێر" و هاوکارانییەتی[18] کە لە ڕاستیدا لێکۆڵینەوەیەکی گشتگری دوو کۆمەڵگای خۆجێیی لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی وڵاتە یەکگرتۆکاندایە. کتێبی دووهەم بەرهەمی ڕابێرت پرێستوسە بەناوی باڵانشینەکان کە لێکۆڵینەوەیەکە لەسەر دوو کۆمەڵگای خۆجێی بچووک لە وێلایەتی نیویۆرکدا[19].

یەکێک لە ئامانجە سەرەتاییەکانی ئاگێر و هەروەها پرێستوسیش لێکۆڵینەوەی وێناندنی هاووڵاتیان بوو لەمەڕ ستروکتووری دەسەڵات کە لەوانەیە کارتێکەری هەبووبێ لەسەر چییەتی و ڕادەی بەشداری سیاسیاندا. یەکێک لەو خاڵانەی کە زۆر گرنگە ئەوەیە کە داخوا ستروکتووری دەسەڵات لە ڕوانگەی هەرکام لەو هاووڵاتییانەی بۆ بەشداری کردن هەوڵ دەدەن ئاوالەیە یان نا و داخوا ئەگەری ئەوە لەئارادایە کە دەست ڕۆیشتوەکان ئۆگریان هەبێ بۆ کێشەگەلی تایبەت لەو کۆمولگایەدا کە لە ڕوانگەی ئەو جۆرە هاووڵاتییانەوە گرنگە. "وێنا"ی هاووڵاتییان لە ستروکتووری دەسەڵاتدا، هۆکارێکە کە هەر گرووپێکی ئێلیتی سیاسی دەبێ لە کاتی خەملاندنی دەست ڕۆیشتوویی و ئازادی کردەوەی خۆیدا لەبەرچاوی بگرێ. لەئاکامدا ئەو هەڵسەنگاندنە دوولایەنانەی کە ئێلیتەکان و هاووڵاتییان یان " جەماوەر" لەسەر یەکتر هەیانە خۆی، هۆکارێکە کە لێکۆڵەرەوەی گرووپە ئێلیتەکان دەبێ لە دەرئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکەیدا گرنگی تایبەتیان پێ بدا. دەگەڵ ئەوەشدا، هۆکاری باسکراو هۆکارێکە کە بە وتەی زۆربەی ڕەخنەگران، لە لێڕوانینی بڕیارداندا لەبەرچاو ناگیرێ چونکە ئەو بۆچوونە، سرنجی ئێمە تەنیا بەلای ڕۆلێکدا ڕادەکێشی کە تاکەکان و گرووپگەلی ڕێبەران لە بڕیارە دیاریکراوەکاندا دەیگێڕن و، ناپرژێنە سەر هەڵسەنگاندنی ئەو چوارچێوە ئیدئۆلۆژیکەی کە بڕیاری باسکراوی تێدا گیراوە.

ئاگێر لە دوو گرووپی سەربەخۆی رادەربڕەکان کە لە ناو رێبەرانی رێکخراوە دڵخوازەکان و بەرپرسانی دانراوی حکومەتی خۆجێی هەڵبژێراون دەخوازێ کە گرووپی یەکەم بەبڕشت ترین تاکەکانی ناو ئەو کۆمەڵگا خۆجێیە دیاری بکا و گرووپی دووهەمیش ژمارەی تاکە ناسێندراوەکان دابەزێنێتە سەر ٢٥ کەس. ئاگێر لەو رێگەیەوە رێبەرانی شاراوە دەدۆزێتەوە[٢٠]. هەڵبژێری بەشێک لەو بریارانەی کە بۆ لێکۆڵینەوە هەڵدەبژێردرێن گرووپە رادەربڕەکانن و بەشەکەی تریش ئاگێر و هاوکارەکانیین. دەگەڵ تاکە ناسێندراوەکاندا چاوپێکەوتن دەکرێ تا دەرکەوێ چییەتی بەشداریان، هەڵوێستیان سەبارەت بەو بریارە جیاوازانەی کە گیراون و، هەروەها روانگەکانیان لەمەر رۆڵی بەشدارانی تر، بەتایبەت ئەوە کە داخوا گرووپگەلێک لە رێبەران هاتوونە ئاراوە یان نا، روون بکرێتەوە. و لە ئاکامدا، ئاگێر کورتە مێژووی هەر کام لە بریارەکان سەر لە نوێ بنیات دەنێتەوە هەتا بە پاڵپشتی ئەو لەوە بکۆڵێتەوە کە داخوا رێبەرانی شاراوە بە راستی بەشداریان هەبووە لەو بریارە دیاریکراوەدا و هەروەها لەو قۆناخە دیاریکەرەی کە گەڵاڵەی لەبەرچاوگیراو لەو قۆناخەدا پشت راست دەکراوە یان نا. ئەم لێڕوانینی بریاردانە هەروەها دەریدەخات کە داخوا رێبەران بە وتەی داڵ لە بوارێکی تایبەتدا خاوەن پسپۆڕین یان ئەو جۆرە کە هانتێر لە "ریجیناڵ سیتی" دا دۆزیویەتەوە لە هەموو بوارەکاندا بەشداریان هەیە.

دەرئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکەی ئاگێر بەربڵاوتر و هەمەلایەنەتر لەوەیە کە ئێمە لەو ماوە کەمەدا بیانخەینە روو. بەڵام یەک لە سەرەکیترینیان ئەوەیە کە کۆمەڵە خۆجێییەکان لەباری سترکتووری دەسەڵاتەوە بەشێوەیەکی ئاشکرا دەگەڵ یەک جیاوازیان هەیە: هێندێک پلۆرالیستن و هێندێکی تریش بۆچوونی ئێلیتیستیان هەیە. جیا لەوەی هەر دووکی ئەو لێڕوانینە واتە دۆزینەوەی ناوبانگ و بریاردان کە بە شێوەیەکی جیا لە یەک پێویست بێ بگەنە ئەنجامەکانی ئێلیتیستی یان پلۆرالیستی و یان نەگەنە ئەو ئەنجامانە، لە رواڵەتدا ئەو دوو لێڕوانینە لە تێکەڵاوی



دەگەڵ یەکتردا، شێوەیەکی ناچالاک (خنثی) پێکدێنن کە دەکرێ دەرئەنجامی جۆراوجۆری لێ وەدەست بێ.

پرێستوس بە کەڵک وەرگرتن لە هەر دووکی ئەو شێوازانە لە کتێبی باڵانشینەکان دا هەر بەو ئاکامە دەگات. لەو کتێبەدا لەهەر کام لەو دوو شێوازە باسکراوەدا بە راشکاوی وەک هۆکاری کۆنترۆڵکەری تر کەڵک وەردەگیرێ. پرێستوس دان بەوەدا دەنێ کە سەرەتا لێڕوانینی بریاردان وەک لێڕوانینێکی "ئابژێکتیڤ تر" لە لا گرنگتر بووە بەڵام زۆر زوو تێگەیشتووە کە شێوەی دۆزینەوەی ناوبانگ سرنجی ئێمە بەرەو لایەنگەلێک دەبا کە لێکۆڵینەوەی بابەت بە بابەتی بریارەکان ناتوانێ دەریانخات. بەباوەری پرێستوس لێڕوانینی بریاردان، گرنگی ئەو کەسانەی لە پێگە رواڵەتییەکانی دەسەڵاتدان، بە تایبەت گرنگی رێبەرانی سیاسی، لەوە زۆرتر پیشاندەدات کە هەیانە. لە یەک لەو کۆمەڵگایانەی لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە، یەک لەو تاکانەی کە لە ٤ بریار لە ٥ بریاری جیاوازدا بەشداری هەبووە نە لەلایەن گرووپی نموونەی ئەو هاووڵاتییانەی چاوپێکەوتنیان لە گەڵدا کراوە وەک تاکی "دەست رۆیشتوو" ناسێندرا و نە لە لایەن دەسرۆیشتووەکانی ترەوە. جیاوازی گشتی دەرئەنجامەکانی هەر کام لەو دووشێوەیە، ئاماژەیە بەو راستییە کە تاکی ناوبراو تەنیا رۆڵی "یارمەتیدەر"ێکی لە بواری بەرێوەبردنی بریارە جۆراوجۆرەکاندا هەیە، بەڵام داهێنەری هیچ گەڵاڵەیەک نییە. هەر بەو پێیە، لەوانەیە رێبەرێک تەنیا بە هۆی ئەوە کە پۆستەکەی بەشێوەیەکی فەرمی، هەڵدەگرێ کە ئەو دەرئەنجامانەی کە کەسانی تر پێشتر دەستیان وێیان راگەیشتووە "پەسند" بکا، لە زنجیرەیەک لە بریارەکاندا وەک بەشدارێکی سەرەکی خۆبنوێنێ.

بە پێچەوانەوە، لەوانەیە لێڕوانینی بریاردان نەتوانێ ئەو کەسانە بناسێ کە لە لیستی دۆزینەوەی ناوبانگدا دەناسێندرێن. ئەو بابەتە لە وانەیە گرنگی کاندیداکانی شێوەی دۆزینەوەی ناوبانگ کەمتر لەرادەی راست بخاتە روو. هەروەها لەوانەیە لێڕوانینی بریاردان پیشان بدا کە سەرجەمی ئەو کەسانەی سەرچاوەکانی پێویست بۆ

دەکارهێنانی دەسەڵاتیان لە بەر دەستدایە و زۆرتر لە لێڕوانینی دۆزینەوەی ناوبانگدا دیاری دەکرێن، لە راستیدا ناپرژێنە سەر دەکارهێنانی دەسەڵات. هەروەک داڵ وەبیر دێنێتەوە لەوانەیە ئەو جۆرە کەسانە تەنیا کات یان ئۆگری پێویست بۆ بەشداریان نەبێ یان هەروەک داڵ و هەروەها پرێستوسیش لەمەر زۆرێک لە رێبەرانی ئابووری ئەوە بە راست دەزانن کە لەوانەیە ئۆگریان بە گۆڕەپانی سیاسەتەوە نەبێ. لە لایەکی ترەوە، هەروەک پرێستوس تێگەیشتووە کاتێک ئەو تاکانەی کە بریاردەربوونیان سەلمێنراوە، ئەوسا تاکگەکێکی تر وەک تاکی دەست رۆیشتوو دەناسێنن کە لێکۆڵینەوەی هیج کام لە بریارە راستەقینەکان، بەگرنگیان پیشان نادات، لەو کاتەدا باشتر وایە چاو لە پشت پەردەی بریارە ڕواڵەتیەکان بکەین. لەئاکامدا، پرێستوس ئەوتاکانە دەدۆزێتەوە کە زۆر دەست رۆیشتوون و دەست رۆیشتوویی‌یەکەشیان زۆرتر لە سامانەکەیانەوە، پێگەی ڕواڵەتیان لە دامەزراوەگەلی وەک بانکەکان، یان پرێستیژ و پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیان سەرچاوەدەگرێ، بەڵام راستەوخۆ لە بریارێکدا بەشداریان نەکردووە. دزەیان بەشێوەگەلی جۆراوجۆر سەلمێنراوە. بریاردەران و دەسرۆیشتووەکانی‌تر دانیان بەوە داناوە کە بەر لە دارشتنی گەڵاڵەیەک، دەگەڵ فلانە کەس پرس و رایان کردووە. لەو جۆرە بابەتانەدا وەدەست هێنانی بیرورای ئەو تاکە لەمەر پراکتیکی بوون و پێویستی سیاسەتێک، بەر لە وەی ئەو سیاسەتە بۆ دەست رۆیشتووەکانی‌تر یان بۆ کۆمەڵانی خەڵک بخرێتە روو، بە پێویست دەزانرا. کاتێک دەبوو هیندێ پارە دابین بکرێ رای پۆزەتیڤی ئەو تاکە بە کاریگەر دەژمێردرا و ناچار ئەو تاکە لەو یەکەم کەسانە بووە کە دەبوو پرسیان پێ بکردرێ. لە شاری "ئێجوود"[21] دا یەکێک لە تاکە دەست رۆیشتووەکان بەناوی ویەن رایت[22] کە پیاوچاک، سەرۆکی بنیاتێکی ئابووری بنەماڵەیی و، خاوەن سەربردەیەکی دوورودرێژ لە خزمەتی بێ هەڵاوهەنگەمە بە کۆمەڵگادا بوو بەدانی یارمەتی خۆی لە رادەیەکی ئەوتۆدا کە یارمەتی کەسانی تریشی دەستەبەر دەکرد کێشەی دابین کردنی بووجەی پێویست بۆ سازکردنی نەخۆشخانەیەکی نوێی چارەسەر کرد. ئەو جۆرە کەسایەتییانە بە تایبەت



لە قۆناخی "سەرهەڵدانی" بەرنامەیەک دایە کە ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێرن. بەڵام ویەن رایت هیچکات ئیزنی بە خۆی نەدەدا کە راستەوخۆ دەست لە هەوڵدان بۆ پلانی ناوبراو یان پێش خستنی وەر بدا. ویەن رایت و ئەو تاکانەی وەک ئەو، چ بە شێوەیەکی شاراوە و چ بە شێوەیەکی راشکاوانە، ئەو تاکانەی تر بۆ بەشداری لە بریارداندا هەڵدەبژێرن کە لە بەر دەستیان دان. ئەو جۆرە "بەردەستانە" کە هانتێریش دۆزیبوونیەوە تەنیا بە پاڵپشتی شێوەی بریاردان دەکرێ بناسرێن. بەڵام لە شێوەی دۆزینەوەی ناوبانگدا بەدەگمەن وەک تاکگەلی خاوەن دزە باسیان لێوە دەکرێ.

وەها دزەیەکی لە "پشت پەردە"وە جارێ هێمای هیچ جۆرە پیلانێکی شاراوە نییە، بەڵام بەراشکاوی، هۆکارێکی زۆر گرنگە لە باری کارتێکەری لە سەر رەوتی رووداوەکان لە کۆمەڵگایەکی خۆجێییدا. ئەو شێوە تێکەڵاوە و هەروەها شێوەی سەرەوە رێگەی بە پرێستوس دا تا بەشێوەیەکی زانستی و بە بێکەوتنە ناو ئەو گێژاوی هەڵەیەی کە داڵ لە زۆربەی کاتدا هوژداری دەدا واتە بەبێ قبووڵ کردنی ئەو گریمانە کە لە پشت سەری هەر گرووپێکی ئاشکرای بریادەرانەوە، گرووپێکی شاراوەی تر لە ئارادایە، کە هەم قۆناخە گشتییەکان و هەمیش قۆناخە تایبەتەکانی بریاردان دیاری دەکا.

بەڵام پرێستوس پیشاندەدا کە لە نێوان ئەو کەسانەی لە رێگەی شێوەی دۆزینەوەی ناوبانگەوە دیاری دەکرێن و ئەوانەی بە پاڵپشتی شێوەی بریاردانەوە دیاری دەکرێن جیاوازییەکی بەرچاو لە ئارادایە. ئەو بابەتە تا رادەیەک بە هۆی کەم و کورتییەکانی ناسراوی شێوەی دۆزینەوەی ناوبانگە. ئەو شێوەیە زۆرتر کەسانێک وەک دەسەڵاتدارانی راستەقینە دیاری دەکا کە سەرچاوەکانی بەردەستیان "بەهرەیەکی" بەرزیان بۆ دەکار هێنانی دەسەڵات دەداتێ. ئەو کەسانەش کەوا چاو پێکەوتنیان لە گەڵدا کراوە کەسانێک — بەتایبەت ئەندامان گەلێک لە پارتەکەی خۆیان — کە بە باوەری خۆیان "دەبێ" خاوەن دزە بن وەک تاکگەلی خاوەن دزە دەناسێنن و لە هەمبەریشدا ڕۆڵی رکەبەرەکانیان کەم دەنوێنن. بەو هۆیانە،

پرێستوس لە دەکارهێنانی بە جیای شێوەی دۆزینەوەی ناوبانگ دووری دەکا و تێدەگا کە کەڵک وەرگرتنی تەواوکەرانە لەهەر دوو شێوە، ئاکامەکەی تێگەیشتنی قووڵتر لە رێگا جۆراوجۆرەکانی دزەکردنی لێدەکەوێتەوە.

یەکێک لە ئامانجەکانی لێکۆڵینەوەکەی پرێستوس ئەوە بوو کە تەیفێکی بەردەوام لە شێوازەکانی ئێلیتیستی تا پلۆرالیستی رێکخات هەتا بەدیاریکردنی جێگەی کۆمەڵگا جۆربەجۆرەکان لە سەر ئەو تەیفە، ئامرازێک بۆ بەراوردکردنی خێرای نێوانیان دابین بکرێ. بۆ گەیشتن بەو مەبەستە، نەتەنیا پێویست بوو ئەو بریارانەی کە یەکتر دادەپۆشن لە ناو رێبەراندا، لێکۆڵینەوەی لە سەر بکرێ بەڵکو ئەو بابەتە، هەڵیدەگرت کە لێکۆڵینەوە بکرێ لە سەر رادەی بەشداری گشت هاووڵاتیان لە بریاردانە گرنگەکاندا، هەروەها رادەی پەیوەست بوونی هاووڵاتییان بە رێکخراوە دڵخوازەکان و، رادەی دەستێوەردانی خودی ئەو ریکخراوانە لە بریاردانەدا. پرێستوس بۆی دەرکەوتووە کە هەرچەند هەر دووکی ئەو کۆمەڵگایانەی لێکۆڵینەوەی لە سەر کردوون زۆرتر لەو وێنەیەی داڵ لە کۆمەڵگای نیوهیون خستیە روو، ئێلیتیستین، بەڵام دەگەڵ ئەوەشدا شاری " ئێجوود " لە شاری "ریوێر ویوو " کەمتر ئێلیتیستییە. لە شاری "ئێجوود"دا بریاردان بەشێوەیەک لەنێوان گەورە کەسایەتیە ئابوورییەکان و سیاسەتڤاناندا دابەشکرابوو کە ئێلیتە ئابوورییەکان سەر دەستتر بوون. لە شاری "ریوێر ویوو"دا داهێنانی بەکردەوە لە دەستی دوو سیاسەتڤاندا بوو. بەو پێیە پرێستوسیش وەک ئاگێر، جەخت دەکاتە سەر جۆراوجۆری سترۆکتووری دەسەڵات و دەگەڵ هەر جۆرە هێمایەکی شاراوەی هانتێر یان داڵ لەسەر ئەوە کە مۆدێلی ئێلیتیستی یان پلۆرالیستی مۆدێلێکی گشتگرە بەربەرەکانی دەکا.

رادەی بەشداری راستەوخۆ یان ناراستەوخۆی هاووڵاتییان لە هەر دووکی ئەو کۆمەڵگایانەدا کەم بوو. لێکۆڵینەوەی پرێستوس لەوەدا پشت راستی بەشێکی بەرچاوی لێکۆڵینەوەکانی تر دەکا، کە بەشداری "تاکە ئاساییەکان" لە بریاردانەدا لە رادەی هەرە خوارەوەی خۆی دایە. تەنیا لەسەدا دەی خەڵکی شاری "ریوێر ویوو" و



لە سەدا بیست و شەشی خەڵکی شاری "ئێجوود" بە شێوەیەک لە شێوەکان لە بریارداندا بەشداریان بووە. ئەوە لە کاتێکدایە کە ئەو ژمارانەش بە هۆی حەساوکردنی رادەی ئەو کەسانەی کە تەنیا لە راپرسییەکاندا دەنگدەدەن زێدەرۆیانەیە. کۆمەڵانی خەلک لە هەر دووکی ئەو کۆمەڵگایانەدا ئەندامی هیچکام لە رێکخراوە دڵخوازەکان نەبوون و هەرچەند لەسەدا پەنجاودووی رێکخراوەکانی شاری "ئێجوود"و لە سەدا بیست و پێنجیش لە رێکخراوەکانی شاری " ریوێر ویوو " لە بریارەکاندا بەشداریان کردووە بەڵام ئەو رێکخراوانە بە دەگمەن لە زۆرتر لە بابەتێکدا بەشداریان دەکرد. بەو پێیە زۆرینەی هەراوی هاووڵاتییان بەشداریان نەکردووە و لە راستیدا رێکخراوەکانیش کە بە پێی وتەی پلۆرالیستەکان ئەو رۆڵە پێوەندیدەرانەی کە دەیگێرن یان دەبێ بیگێرن بەرێوە نەدەبرد.

پرێستوسیش هەروەک ئاگێر و رۆز بۆ روونکردنەوەی ئەو بارودۆخە دەستەوداوێنی تێگەیشتنەکانی هاووڵاتییان لە سیستمی سیاسیدا دەبێ، واتە هەمان لایەنی ئیدئۆلۆژیکی کە لێروانینی بریادان سرنجێکی ئەوتۆی پێنەداوە. بەپێی تێگەیشتنەکانی ئاگێر و رۆز، ئێلیتیسم پێ بە پێی "بێزاری" سیاسی هەنگاو دەنێ، دیارە بێزاری سیاسیش هەستێکە کە باس لە نەبوونی کارتێکەری سیاسی تاک دەکا و لەئاکامدا دوور کەوتنەوەی تاک لە بابەتە گشتییەکانی لێ دەکەوێتەوە. هەرچەند رێبەرانی هەردووکی ئەو کۆمەڵگایانەی باسیان لێوەدەکرێ، بە توندی باوەریان وابوو کە هەر تاکێک لە تاکەکانی شار بێتو بیهەوێ لە کێشە گرنگەکاندا بیروړای خۆی دەربرێ دەتوانێ ئەو کارە بکا بەڵام هاووڵا تییان بە گشتی بەگومان تر لەوە بوون کە رێبەران بیریان لێ دەکردەوە و کەمایەتییەکی بەرچاویان ئەو ئیدعایە و ئیدعاکانی تری وەک ئەوەیان، بە درۆ دەزانی. بەشێوەیەکی گشتی ئەو جۆرە بێزارییە، پێوەندی هەبوو بە پێگەی کۆمەڵایەتی چینەکانی خواروو و خوێندەواری کەمترەوە. ئاشکرایە کە هەستی کارتێکەری سیاسی یەکێک لە هاندەرەکانی بەشدارییە. کاتێک وەها هەستێک لە بەرەو رووبوونەوە دەگەڵ ئێلیتیسمی راستەقینە یان رواڵەتیدا لە ناو

چوو، ئۆگرییەک بەرەو لای دوور کەوتنەوە لە کێشەگەلی سیاسی خۆ دەردەخا و ئەوەش تەنیا پشت راستی زیاتری سترۆکتووری ئێلیتیستی لێدەکەویتەوە. بەو پێیە خاوبوونەوەی سیاسی خەڵک ناکرێ بە هێمای رازی بوونیان لە رێبەرایەتی بزانین.

## ئاکام بەندی

هەروەک لە بەرایی ئەو بەشەدا وتمان ئەرکی لێکۆڵەران لەمەر گرووپە ئێلیتەکان، دیاریکردنی رادەی یەکریزی، ئاگایی و هاوڕایی هەر گرووپێکی رێبەرییە. لێکۆڵینەوە ئەزموونکراوە تێکەڵاوەکان لەسەر کۆمەڵگاکانی "شیاوی لێکۆڵینەوە"، شێوەگەلی جێ متمانەتریان بۆ پێوانی ئەو هۆکارانە ئامادەکردووە و هەروەها خستویانەتە روو. لە رواڵەتدا، ئەو بابەتە بە تایبەت سەبارەت بە بەرهەمەکانی کەسانێکی وەک ئاگێر و پرێستوس راستە کە لە هەڵسوکەوتێکی تێکەڵاودا بەئاشکرا، شێوە جیاوازەکان لە لێکۆڵینەوەکانیاندا دەکار دێنن هەتا لەو شێوانە وەک پێوانەی راستی یەکتری و هەروەها ئامرازی تاقیکارییە سەلمێنراوەکانی کە بە شێوەی ئەزموونکراو وەدەست هاتووە، کەڵک وەرگرن. ئاگر و پرێستوس بە مەبەستی بەراوردکردنی تایبەتمەندییەکانی گرووپی بەناو "جەماوەر" دەگەڵ تایبەتمەندییەکانی گرووپی ئێلیتی فەرزکراو و، بە ئامانجی تاوتوێی جیاوازییەکانی نێوان ئەو دوو گرووپە لەباری چالاکی، توانایی داهێنان، بێ ئۆگری، رادەی خوێندەواری و، ستاتۆی کۆمەڵایەتی، کە ئێلیتیستەکان زۆر بە توندی لەمەر پێکانی ئەو ئامانجە پێداگری دەکەن، هەنگاوی گرنگیان هەڵێناوەتەوە. بێ گومان هەرچی کات تێدەپەرێ ئەو جۆرە لێکۆڵینەوانە زیاتر روون دەبنەوە بەڵام دیسانیش کێشەی راڤەی دەرئەنجامەکانی ئەوجۆرە لێکۆڵینەوانە لە جێ خۆیاندا دەمێننەوە. تاکی راڤەکار لە کام خاڵدا لەو تەیفە بەردەوامەی ئێلیتیستی — پلۆرالیستی راوەستاوە و بە چ هۆیەک بریاردەدا کە کۆمەڵگایەک ناو بنێ پلۆرالیستی، نەک ئێلیتیستی؟ داخوا تەنیا ئەوە بەسە کە کۆمەڵگا لەژێر دەسەڵاتی گرووپە ئێلیتەکانی رکابەردا بێ یان لەو دا، رادەی بەشداری سیاسی تاکیش سەرنجی پێ بدرێ؟

## پەراوێزەکانی بەشی نۆیەم

**1.Floyd Hunter,***Community Power Structure,* **University of North Carolina Press. Anchor Books, Garden City, New York, 1963.**

چاپی یەکەمی ئەو کتێبە لە ساڵی 1953دا بڵاو بۆتەوە .

**2.Regional City.**
**3.Ibid.,pp.62 and 261.**
**4.Ibid., pp. 81-2**
**5. Ibid.,pp.222**
**6. Ibid.,pp.217 ff**

٧. لەمەر ئەو پرسانە بڕوانە بۆ:

**R.O.Schulze and L.U.Blumberg,"The Determination of Local Power Elites",***American Journal of Sociology,* **Nov. 1957, pp290-6.**
**G. Belknap and R. Smuckler, " political Power Relation in a Mid-West City ",** *Public Opinion Quarterly,* **Spring 1956, pp. 73-81.**
**8. Nelson W. Polsby,** *Community Power and Political Theory,* **Yale, University press 1963,pp. 48-9 .**
**9. Hunter, Op. cit.p.65.**
**10. Robert A. Dahl,** *Who Governs?,* **Yale University Press, New Haven, 1961.**
**11. New haven**
**12. Ibid., p. 66.**
**13. Ibid., pp. 64-6.**
**14. Ibid., pp 75-6.**
**15 - Poliarchy**
**16. Dahl,** *A Preface to democratic Theory,* **Phoenix edition, Chicago, 1963,ch.3.**
**17. Dahl,** *Who Governs?* **Op. cit. pp.164 ff.**



**18. R. Agger, D. Goldrich and B. Swanson,***The Rullers and Ruled, wiley,* **New York, 1964.**
**19. Robert Presthus,** *Men at the Top,* **Oxford university press, new york, 1964.**

٢٠. ئاگر شێوەکەی کە خۆی کەڵکی لێ وەر گرتووە بە کورتی لە لاپەرە ٧٠٧ بەدواوەی کتێبەکەیدا شیی دەکاتەوە .

**21. Edgewood**
**22. Wain Wright**

## فەرهەنگۆک

### آ

آموزه: بنەماکانی بیروبۆچوون، تیۆری

آرایش: ریزبەندی

### ا

ادّعا: وتە، بانگەشە، ئیدعا

استثناء: هەڵکەوتە، ریز پەر، جگەلە، دەرهاویشتە، هەڵاوارده

استعداد: بەهرە

اقتدار طلب: دەسەڵات ویست

انحصار طلب: پاوانخۆاز

انحصاری شدن: بەپاوان بوون (کران)

اندیشمند: هزرڤان

اختیار: سەربەستی

اصطلاح: زاراوە

افول: هەرەس هێنان

امتیاز: مافی [ تایبەت ]

انجمن: کۆمەڵە ، کۆڕ

اندیشه: هزر، بیرۆکە

انطباق: ڕێکهاتنەوە، وەک یەک هاتنەوە

انگیزه: هاندەر



استدلال کردن: بەڵگە هێنانەوە

انفعال: بێ کردەوە

انگیزش: هێزی هاندەر

القاء کردن: وەبەر نان

### ب

برآورد کردن: خەملاندن

بالقوه: شاراوە

بقایا: پاشماوەکان

برانگیختن: ورووژاندن

### پ

پذیرفتن: پەژراندن

پژوهش: توێژینەوە

پنداشت: گریمانە

پویایی: دینامیزم

### ت

تصور: وێنا (ندن)

تفسیر: راڤە، لێکدانەوە

تمرکز: چڕ بوونەوە

تبیین کردن: روونکردنەوە

تعریف کردن: واتە کردن، ثیناسةکردن

### ث

ثبات سیاسی: سەقامگیری سیاسی

ثابت: نەگۆر

### ج

جامعه توده ای: کۆمەڵگای جەماوەری

جزءنگر: **پاژ بین**

**ح**

حجم: **بارستایی، قەوارە**

**خ**

خط مشی: **پلاتفۆرم، ڕێباز**

**د**

دانشمند: **بیرمەند، زانا**

**ذ**

ذخایر ثابت: **پاشەکەوتە نەگۆرەکان/ بەردەوامەکان**

**س**

ساختار: **سترۆکتوور، پێکهاتە**

سلسله مراتب: **زنجیرە پلە**

**ش**

شکل بندی: **فۆرماسیۆن**

شاخص: **ئیندێکس**

شأن: **ستاتۆ**

شخصی: **کەسێنی، کەسەکی**

**ص**

صورت بندی: **فۆرماسیۆن**

**ف**

فایده گرایی: **یوتالیتاریانیزم**

**ل**

لغو شدن: **فەشەڵ هێنان، هەڵوەشانەوە**

**م**

مالکیت عمومی: **خاوەندارێتی گشتی**

مقررات کلی: **یاسا (ریسا) گشتییەکان**



مالکیت خصوصی: **خاوەندارێتی تایبەتی**

متفکر: **بیریار، خودان هزر**

مدیر: **کارگێڕ، بەڕێوەبەر**

**ن**

نظریه: **تیۆری، بیردۆزی**

نظریەپرداز: **بیردۆز، تیۆریسیێن، تیۆرزان**

نفوذ: **دزەکردن، دەست ڕۆیشتن، بڕشت، کاریگەری**

نیمه افرازمند: **نیمچە وەستایانە**

# بیبلۆگرافی

لەو لیستەی خواروودا لەو جێگایانەی کە پێویست بووە دوای هێنانەوەی بەرواری چاپی یەکەمی هەر بەرهەمێک، بەرواری بڵاوکردنەوەی چاپی دواتری ئەو بەرهەمە یان وێنەی ئەو وەرگێراوەی کە لە ناو دەقەکەدا هاتووە هێناومانەتەوە لەمەڕ بەرهەمەکانی مارکس و ئەنگێڵزیش دا زۆرتر باسمان لە تایبەتمەندییەکانی بەرهەمەکان نەکردووە، چوونکە وەرگێردراوی جۆراوجۆر لە بەرهەمەکانی مارکس و ئینگڵز هەنە کە لەوانەیە دەست وێڕاگەیشتنیان بۆ خوێنەر هاسانتر بێ.




Abercrombie, N. and Urry, J. 1983 Capital, Labour and the Middle Classes (London: Allen & Unwin)

Albertoni, Ettore A. 1987 Mosca and the Theory of Elitism(Oxford:Blackwell).

Armstrong, J.A. 1959 The Sovite Bureaucratic Elite: A Case.Study of the Ukrainian Appaaratus (London: Stevens & Sons).

Aron, Raymond 1950 " Social structure and the ruling class" (Reprinted in Aron 1988).

Aron, Raymond 1957 The Opium of the Intellectuals (London: Secker & Warburg).

Aron, Raymond 1960 " Classe sociale, classe politique, classe dirigeante" (Translated in Aron 1988).

Aron, Raymond 1966 Peace and War: A Theory of International Relations (New York: Doubleday).

Aron, Raymond 1988 Power, Modernity and Sociology (Aldershot: Edward Elgar).

Baltzell, D. 1962 An American Business Aristocracy (New York : Collier Books).

Barry, B. 1970 Sociologists, Economists and Democracy (London: Collier- Macmillan).

Beetham, D 1981 " Michels and his critics " , European Journal of Sociology, 22,1.

Bell, Clive 1928 Civilization: An Essay (London: Chatto & Windus).

Bendix, R. 1949 Higher Civil Servants in American Society (Boulder:University of Colorado Press).

Berle, A.A. and Means, G.C.1933 The Modern Corporation and Private Property 9 New York: Macmillan).

Bloch, Marc 1939-40 ( 1961) Feudal Society (London: Routledge & Kegan Paul).

Bottomore, Tom 1952 " La mobilité sociale dans la haute administration française",Cahiers Internationaux de Sociologie,XIII.

Bottomore, Tom 1967 Critics of society ( London: Allen & Unwin).

Bottomore, Tom 1991a Classes in Modern Society (2nd edn. London: Harper Collins).

Bottomore, Tom (ed.) 1991b A Dictionary of Marxist Thought ( 2nd edn.oxford:Blackwell).

Bottomore, Tom 1992 Between Marginalism and Marxism:The Economic Sociology of J.A. Schumpeter (Hemel Hempstead;Harvester Wheatsheaf).

Bottomore, Tom and Brym, Robert J. (eds) 1989 The Capitalist Class: An International study (Hemel Hempstead:Harvester Wheasheaf).

Brinton, C. 1957 The Anatomy of Revolution ( Englewood Cliffs: Prentice-Hall).

Brym, R. 1980 Intellectuals and Politics (London : Allen & Unwin).

Burnham, James 1943 The Machiavellians: Defenders of Freedom (London:Putnam).

Concise Encyclopaedia of Participation and Co- Management (ed.G.Széll)1992(Berlin and New York:Walter de Gruyter).

Copeman,G.H.1955 leaders of British Industry: A studyof the Careers of More than a Thousand Public Company Directors (London: Gee & co.).



Croce, Benedetto 1913 Historical Materialism and the Economics of Karl Marx ( London:Howard Latimer).

De Huzar, G,B. (ed.)1960 The Intellectuals: A Controversial Portrait (Glencoe:Free Press).

Dent,J.1973 Crisis in Finance:Crown, Financiers and society in Seventeenth Century France (Newton Abbot: David & Hudson).

Dogan, M. 1961 " Political ascent in a class society: French Deputies 1870-1958", in Marvick 1961.

Dogan, M. (ed.) 1975 The Mandarins of Western Europe: The Political Role of Top Civil Servants
(London:Sage).

Downs, A. 1975 An Economic Theory of Democracy(New York:Harper).

Dreitzel, H.P. 1962 Elitebegriff und Sozialstruktur (Stuttgart: Ferdinand Enke).

Eliot, T.S. 1948 Notes Towards the Definition of Culture (London:Faber & Faber).

Field, F. (ed.)1983 The Wealth report 2 ( London: Routledge & Kegan Paul).

Finer, S.E. 1962 The Man on Horseback:The Rple of the Military in Politics( London: Pall Mall Press).

Florence, P. Sargant 1953 The Logic of British and American Industry (London;Routledge & Kegan Paul).

Friedmann, Georges 1956 The anatomy of Work (London: Heinemann).

Friedrich, C.J. 1950 The New Image of the Common Man (Boston:Beacon Press).

Gerth, H.H. and Mills, C. Wright (eds) 1947 From Max Weber:Essays in Sociology ( London: Kegan Paul).

Ginsberg, M. 1936(1947)" The sociology of Pareto", in Reason and Unreason in Society (London: Longmans, Green).

Girard, Alain (ed.) 1961 La réussite sociale en France: ses caractères,ses lois, ses effets (paris: Presses Universitaires de France).

Garmsci, Antonio 1964a " La classe politica", in Quaderni del Carcerre, vol. 4 ( Milan: Einaudi).

Gramsci, Antonio 1964b : Per una storia degli intellettuali " , in Quaderni del Carcere, vol. 2 ( Milan: Einaudi).

Guttsman, W.L. 1963 The British Political élite (London: MacGibbon & Kee).

Hancock, G. 1991 Lords of Poverty (London: Mandarin Paperbacks).

Heath, A. 1981 Social Mobility (London: Fontana).

Hegedus, Andras 1976 Socialism and Bureaucracy (London: Allison & Busby).

Hodgkin, T. 1961 African Political Parties: An Introductory Guide (Harmondsworth: Penguin Books).

Holden, B. 1988 Understanding Liberal Democracy (London: Philip Allan).

Jacobs, P. and Landau, S. (eds.) 1966 The New radicals: AReport With Documents( New York: random house).

Jaher, F.C. (ed.) 1973 The Rich, the Well Born and the Powerful (Urbana: University of Illinois press).

Janowitz, M. 1964 The Military in the Political Development of new Nations( Chicago:University of Chicago press).



Kay, C. 1991" Marxism in Latin America" , in Bottomore 1991b.

Kelsall, R.K. 1955 Higher Civil Servants in Britain (London:Routledge & Kegan Paul).

Kerr, Clark, Dunlop, john T, Harbison, Frederick H. and Myers, Charles A. 1960 Industrialism and Industrial Man (Cambridge, Mass.: Harvard University press).

Kingsley, J.D.1944 Representatine Bureaucracy ( Yellow Springs: Antioch Press).

Kolabinska, Marie 1912 La circulation des élites en FranceM étude historique depuis la fin du XIe: siècle jusqùà la Grande Révolution (Lausanne:Imprimeries Réunies).

Konràd; G, and Szelényi,I.1979 The Intellectuals on the Road to Class Power ( Brighton: Harvester).

Lasswell, H.D.,Lemer, D. and Rothwell, C.E. 1952 The comparative Study of élites( Stanford: Hoover Institute).

Le Goff, J. 1957 Les intellectuals au Moyen Age ( Parise : éditions du Seuil).

Lieuwen, E. 1961 Arms and Politics in Latin America ( New York: Praeger).

Lukàcs, G.1954 ( 1974) The Destruction of Reason (London: Merlin Press).

Luthy, H. 1955 The State of France ( London: Secker & Warburg ).

Machajski, Waclaw 1905 The Intellectual Worker (Summarized in Nomad 1932).

McHugh,F.1991 " Liberation theology " , in Bottomore 1991b.

Maddison, A. 1982 Phases of Capitalist Development (oxford: oxford University Press).

Mannheim, Karl 1936 Ideology and Utopia ( London: Kegan Paul).

Mannheim, Karl 1940 Man and Society in an Age of Reconstruction ( London: Kegan Paul).

Mannheim, Karl 1956 Essays on the Sociology of Culture (London: Routledge & Kegan Paul).

Marsh, R.M. 1961 The Mandarins: The Circulation of élites in China, 1600-1900 ( Glencoe: Free press).

Marshall, Alfred 1873 ( 1925) " The future of the working classes " ( Reprinted in A.C. Pigou (ed.) , Memorials of Alfred Marshall. London: Machmillan).

Marshall, G. 1982 In Search of the Spirit of Capitalism: An Essay on Max Webers Protestant Ethic Thesis ( London: Hutchinson).

Marshall, T.H. 1950 Citizenship and Social Class (Cambridge: Cambridge University Press).

Marvick, D. ( ed.) 1961 Political Decision- Makers (Glencoe: Free Press).

Marx, Karl 1844 Economic and philosophical Manuscripts.

Marx, Karl 1852 " The Chartists ", New York Daily Tribune, 25 August.

Marx, Karl 1857-8 (1973) Grundrisse ( Harmondsworth: penguin Books).

Marx, Karl 1861-3 ( 1905-10) Theories of surplus Value (3 vols ed. Karl Kautsky. Stuttgart, J.H.W.Dietz Nachf.)

Marx, Karl 1867, 1885,1894 Capital ( vols I, II and III).

Marx, Karl 1871 The Civil War in France.

Marx, Karl 1875 ( 1891) Critique of the Gotha programme.

Marx, Karl and Angels, Friedrich 1845-6 ( 1932) German Ideology.



Meisel, J.H. 1958 The Myth of the Ruling Class: Gaetano Mosca and the élite ( Ann Arbor: University of Michigan press).

Mercier, P.1956 " Evolution of Senegalese élites" , International social Science Bulletin, VIII, 3.

Michels, R. 1911 ( 1966) Political Parties ( New York: Free press).

Miller, S.M. 1960 " Comparative social mobility " , Current Sociology , IX,1.

Miller, William (ed.) 1962 Men in Business: Essays on the Historical Role of the Entrepreneur (New York: Harper & Row).

Mills, C. Wright 1956 The Power élite ( New York: oxford University press).

Misra, B.B. 1961 The Indian Middle Classes ( London: oxford University press).

Mosca, Gaetano 1884 Sulla Teorica dei governi e sul governo parlamentare: studi storici e sociali ( Turin: Loescher).

Mosca, Gaetano 1896 Elementi di scienza politica ( 2nd revised and enlarged edn 1923 . English version conflating the two editions in Mosca 1939).

Mosca, Gaetano 1937 storia delle dottrine politiche ( Bari: Laterza).

Mosca, gaetano 1939 The Ruling Class ( New York: McGraw-Hill).

Nadel, S.F. 1956 " The concept of social elite ", International Social Science Bulletin, VIII, 3.

Nomad, Max 1932 Rebels and Renegades ( New York: Macmillan).

Ortega y Gasset, J.1930 ( 1961) The Revolt of the Masses (London: Allen & Unwin).

Ossowski, S. 1963 Class Struture in the Social Consciousness (London: Routledge & Kegan Paul).

Pareto, Vilfredo 1896-7 Cours d économie politique (Lausanne: Librairie de 1,Université).

Pareto, vilfredo 1902 Les systemes socialistes (2 vols. Paris: Marcel Giard).

Pareto, vilfredo 1915-19 ( 1963) A Treatise on General Sociology (New York:Dover).

Pateman, C.1970 Participation and Democratic Theory (Cambridge: Cambridge University press).

Pirenne, H. 1914 " Periods in the social history of capitalism ", American Historical Review, April.

Playford, C. and Pond , C. 1983 " The right to be unequality in incomes",in Field 1983.

Pond, C. 1983 " Wealth and the two nations ", in Field 1983.

Pye, L.W. 1961 : Armies in the process of political modernization " , European Journal of Sociology, II,1.

Rousseau, Jean-Jacques 1755 ( 1913) A Dissertation on the Origin and Foundation of the Inequality of Mankind (In the Everyman Library edn of The Social Contract and Discourses. London: Dent).

Sampson, A. 1962 Anatomy of Britain (London: Hodder & Stoughton).

Schumpeter, J.A. 1927 ( 1951) " Social classes in an ethnically homogeneous environment" (In English in paul M. Sweezy (ed.), Imperialism and Social Classes. Oxford: Blackwell).



Schumpeter, J.A. 1939 Business Cycles: A Theoretical, Historical and Statistical Analysis of the Capitalist Process (New York: McGraw- Hill).

Schumpeter, J.A. 1942 ( 1987) Capitalism, Socialism and Democracy ( London: Allen & Unwin).

Scott, John 1979 Corporations, Classes and Capitalism (London: Hutchinson).

Scott, John 1982 The Upper Classes: Property and Privilege in Britain ( London: Macmillan).

Scott, John 1991 Who Rules Britain? (oxford: Blackwell/ Polity).

Sereno, Renzo 1938 " The anti-Aristotelianism of Gaetano Mosca and its fate" , ethics, XLVIII,4.

Siegfried, Andre 1957 de la IIIémeà la IVéme République (Paris: Grasset).

Skocpol, T. 1979 States and Social Revolutions (Cambridge: Cambridge University press).

Smythe, H.H. and Smythe , M.M. 1960 The New Nigerian élite (Stanford: Stanford University press).

Steward,J.H. ( ed.)1955 Irrigation Civilizations: A Comparative study (pan- American Union).

Suleiman,E.N. 1978 élites in French Society ( Princeton University press).

Tawney, R.H.1952 Equality ( London: Allen & Unwin).

Titmuss, R.1962 Income Distribution and social Change (London: Allen & Unwin).

Toynbee, Arnold J, 1934-61 A Study of History ( 12 vols. London: oxford University press).

Van Niel, R.1960 The Emergence of the Modern Indonesian élite (The Hague: W.Van Hoeve).

Veblen, Thorstein 1921 The Engineers and Price System (New York: Viking press).

Weber,Max 1904 " Objectivity" in social science and social policy, in weber 1949.

Weber, Max 1904-5 ( 1976) The Protestant Ethic and the Spirit of Capitalism ( London: Allen & Unwin).

Weber, Max 1919 " Politics as a vocation " , in Gerth and Mills 1947.

Weber, Max 1920 " The Chinese Literati " , in Gerth and Mills 1947.

Weber, Max 1921 " Bureaucracy ", in Weber 1921 ( 1968 ) and in Gerth and Mills 1947.

Weber, Max 1921 ( 1968) Economy and Society ( New York: Bedminster press).

Weber, Max 1923 ( 1961) General Economic History ( New York: Collier Books).

Weber, Max 1949 The Methodology of the Social Sciences (New York: Free press).

White, G., Murray, R. and White, C. (eds.) 1983 Revolutionary Socialist Development in the Third World (Brighton: Wheatsheaf).

Williams, Raymond 1958 Culture and Society (Harmondsworth: penguin books).

Wittfogel, Karl 1957 Oriental Despotism ( New Haven: Yale University press).